کتێبی ١

ڕۆمان



# مانگەشەو

نەبەز گۆران

# پیاوێکی خەمگین لێرەییە

# ١

تاریک تاریک بوو.

خۆم کرد بەناو ژاوەژاوی چایخانەکەدا.

کاماشی هاورێم، لە تەنیشت ئەو پیاوە پیرەوە دانیشتبوو، کە هەموو شەوێک لە هەمان شوێن دەمبینی. لە بەردەم دەرگاکەوە دەستێکم بۆ بەرزکردەوە و ئەویش لە شوێنی خۆییەوە، بە دەست ئاماژەی پێدام بچم لە تەنیشتی دانیشم. ئەمبەرو ئەو بەری کەپری چایخانەکە پڕبوو لە خەڵک. لە ناوەراستیشیدا دوو مێزیی دۆمینە کردن دانرابوو. سێ گەنج یەکی دەستەیەک دۆمینە بەدەستیانەوە بوو، ڕۆ چووبوونە ناو یارییەکەوە و بە دەستێکیان دۆمینەکانیان گرتبوو، بە دەستەکەی تریشیان یەکی جگەرەیەک بە دەستیانەوە. دەنگی رادیۆی چایچییەکەش کە لای جاخەکەوە دانرابوو، گۆرانییەکی کۆنی گەرمیانی بەناو شەوەکەدا دەبژان.

سڵاوێکم لە چایچییەکە کرد و خۆم گەیاندە تەنیشت هاورێکەم.

پاش چۆنی و چاکییەک سەرێکم وەرسوراند و سڵاوێکیشم لە پیاوە پیرەکەی تەنیشتم کرد. بەدەم خواردنی چایەکەوە بەخێرهاتنی کردم. ئیتر من روم وەرگێرا و لەگەڵ کاماشی هاورێم کەوتینە باسکردنی ئەو رۆژە. تاوێک سەری خۆمان گەرمکرد بە باسکردنی رۆژگار و دووبارەبوونەوەی ژیانمان لەم نەفرەتییەدا، باسکردنی چۆن خۆمان رزگاربکەین لەم ژیانە تۆز و خۆڵاوییە. چیبکەین باشەو چی نەکەین باشە.

وامدانابوو پاش تەواوکردنی خوێندنەکەم لە یەکێ لە شارەکاندا بیر لەکارێک بکەمەوە. کارەکە بایی ئەوە پارەی تێدابێت بەشی خۆم و نەنکم و باپیرم بکات و، بەتەقە تەقێک ژیانی پێ بەرێوە ببەین. لێرە ژیان هەناسەی تەنگ بوو بوو! ریزەخانووە کۆنەکان شانیان دابوو بە شانی یەکترییەوە، کۆڵان و جادە خۆڵاوییەکان و ڕەشەبا بەردەوامەکەی، ڕوخساری مرۆڤی دەکردە مردوو شۆڕ. زستانانیش تا ئەژنۆمان بە قوڕ هەڵدەماڵدرا. نە بازارێک، نە شوێنێک بۆ حەوانەوە، جێگایەکی تێدا نەبوو دڵی مرۆڤ رابگرێت. کاماشیش دەیووت: گەر تۆ کارت دەستکەوێت و لەم ئۆردوگایە دوربکەویتەوە، بەتەواوەتی تەنیا، تەنیا دەمێنمەوە. ناشتوانم بەرەو شار بڕۆم و هۆدەیەک بۆ خۆم و نەنکم و باپیرم بگرم، ناچار دەبێ رایکێشم. حەزدەکەم بڕۆیت و حەزیشدەکەم نەڕۆیت.

ناو چایخانەکە جمەی دەهات. باشی ئەوەبوو لە وەرزی هاویندابووین. ئەملاو ئەوملای کەپرەکە هیچی پێوە نەبوو، بایەکی گەرم لەو دەشتەوە دەهات ، دوکەڵ و هەناسەکانی لەگەڵ خۆی دەبرد.

لە دەوری کەپرەکە، بە بەردی بچکۆلە جۆگەیەک دروستکرابوو بۆ چاندنی گوڵ و ڕێحانە، کەچی شێڵەی گەرمای ئەو هاوینە وایکردبوو تەنها چەند چڵە ڕێحانەیەک و لاولاوێک، کە خۆی بە کۆڵەکەکانیدا هەڵواسیبوو هێزیان تیامابوو. چونکە خۆشم جگەرکێش نەبووم، دایم لە کاتی زستانناندا کێشەیەکی گەورەم لەگەڵ چایخانەکە هەبوو. هێندە جگەرەکێشی لێ کۆدەبوونەوە قانگیان دەدایێ. هاوینان زۆر تەنگەتاو نەدەبووم، ئەما زستانان دادم بوو بەدەست جگەرە کێشان و بۆنی هەناسەی گەرمی ژێر کەپرە لایلۆنییەکە. کەسێک لەناو ژیانێکی وادا نەژیابێت نازانێت

باسی چ هێلانەیەکی خنکێنەر دەکەم.

چارەش نەبوو، لە ئۆردوگاکەی ئێمە جگە لەو چایخانەیە هیچی دیکەی لێ نەبوو کۆمانبکاتەوە.

دەبایە بەیانیان زوو لە خەو هەڵسم و بەرەو تاقە گەراجەکە بچم، تا ئەو جێبانەی دەیانگەیاندینە شارەکەی نزیک ئۆردوگاکە جێم نەهێڵن و، خۆم بگەیەنمە یەکەم کلاسی زانکۆ. تا درەنگانێکی ئێوارە بە خوێندنەوە خەریک دەبووم و، پاشان بەرەو گەراج و دیسان گەرانەوە بۆ ناو ئۆردوگا. هاوینان رێگاکەمان هێندە خۆڵ و تۆزبوو، لەمسەرەوە دەچووین، لەناو دەستشۆرییەکانی زانکۆ، نیوکاتژمێر خەریکی خۆم دەبوو تا سەرو گوێلاکە تۆزاوییەکەم پاک بکەمەوە، لەو سەریشەوە بە هەمان شێوە لە ماڵەوە خۆم پاکدەکردەوە جا دەهاتمە دەرەوە. زستانانیش بەدیوەکەی تردا، سەرتاپام دەبوو بە قور و لیتە و نەنکە داماوەکەم هاواری بوو بە دەستمەوە.

کە خۆم پاکدەکردەوە و نانێکم دەخوارد تاریکی دەکرد، لەگەڵ تاریک بووندا لێدە بۆ چایخانەی شەوان. چایخانەکە ناوی چایخانەی شەوانبوو. بیرمنایەت بە رۆژ هاتبمە ئەم شوێنە تا بزانم هەیە یان نا. کورت و پوخت، تاقە شوێن بوو بتوانم هاورێکانم و خەڵکی ناو ئۆردوگاکەی تێدا ببینم. جارێکیش روینەداوە بێم و هەمان ئەو پیاوە پیرەی ئێستا لە دەستە راستمەوە دانیشتووە لێرە نەبێت. بەردەوام لە شوێنێک دادەنیشت و دەستیدەکرد بە چاخواردن و جگەرە کێشان. یەک لەسەر یەک جگەرە و چای دەکرد بەشوێنی یەکتریدا.

روخسارێکی باریکی بەرزی پێوە بوو. لۆچەکانی دەموچاوی و قوپانی گۆناکانی روخساری خەمگینتر کردبوو. دوو قات جلی

لەبەردەکرد. قاتێکی کوردی خاکی بە شێوەی کۆن دورابوو. قاتێکی رەش بە هەمان شێوە. پشتێنێکی رەشی گوڵ مۆری دەبەست. کراسێکی شینی لەژێر قاتە کوردییەکەیەوە دەکردە بەر. زستانان قەمسەڵەیەکی سەوزی سەربازی لەبەردەکرد. لە لادێکان پێیاندەوت قەمسەڵەی ئەمریکی. جامانەیەکی رەشی دەبەست و سمێڵە سپی و مەیلەو زەردەکەی، لە دورەوە نیشانیدەدات شەوان ناخەوێت تا بە جگەرە هۆدەکەی بناوسێنێت.

چوار وەرزە، پووتی لەبەر دەکرد! نازانم چۆن دەیتوانی بەو گەرماییە خۆی دەگرێت بەو پووتە قەپاتانەوە. لە رێکی دوو کوونە لوتییەوە و، بەینی پەنجەکانی دەستی چەپی، بە دوکەڵی جگەرە زەرد زەرد هەڵگەڕابوون. کە دەمیدەکردەوە کلسی چایی و جگەرە لە بەینی ددانەکانییەوە، رەشی دەنواند.

لە یەکەم بینینەوە جێگای سەرنجم بوو. وا سەرنجم دابوو عادەتەکانییم دەزانی. عادەتی وابوو تەنها قسەی لەگەڵ ئەو کەسە دەکرد لە تەنیشتیەوە دانیشتووە. بە چاوی خۆم نەمدیووە رۆژێک لەوبەری چایخانەوە بۆ ئەمبەر، یان لە سەرەوە بۆ خوار، یان بە پێچەوانەکەی دەنگی بەرزبکاتەوە و قسە لەگەڵ یەکێک بکات. هەمووان دەیانزانی بۆ ئەوەی گوێت لە دەنگی بێت، دەبێ لە تەنیشتییەوە دانیشی.

کاتێک لە تەنیشتی دانیشتم، لێم دیاربوو دوای کەمێک رووم تێدەکات و قسەم لەگەڵ دەکات. خەریکی تواندنەوەی چایەکەم بووم. لەناو ژاوە ژاوی دۆمینە و، پێکەنینی گەنجەکاندا گوێم لە دەنگێک بوو. یەکەمجار بە باشی تێنەگەیشتم دەنگەکە پرسیارلی لە منکرد یان نا. جاری دووهەم دیسانەوە دەنگەکە وتی:

-خوێندکاریت کوڕم؟

یەکسەرە روم تێکرد و پێم وت: تۆ بووی مامە؟
-بەڵێ من بووم
بەڵێ خوێندکارم
-دە زۆر باشـە، هەرچەنـدە ڕێگاکەتـان دورە، بەڵام ڕێگایەکی تاریک نیە. هیوادارم بەردەوام بیت وشـتێکی زیادە بخەیتە سـەر ئـەم دونیا بەتاڵــەوە. گوێ بەوە مەدە ڕۆژانە سـەرتاپای گیانت دەبێت بە خۆڵ، یان قور، ڕۆژێک دێت رزگارت دەبێت لەم ڕێگاییەو بە تەواوەتی خۆت لەم مەینەتیە دەتەکێنیت.
شـتە باشـەکان بەبێ ماندوو بوون نابیەن بەدەستەوە. شتێک بـە ئاسـانی هات بە دەسـتەوە، جێـگای بایەخ نابێـت و زوو لە دەسـت بەردەبێتەوە. تەنها ئەو شتانە لای مرۆڤ چێژییان هەیە بە ماندووبوون بە دەستییان دەهێنێت. ئەوانەی بە ماندوو نەبوون بە دەست دێن، چێژ ناخەنە ناو دەرونی مرۆڤەوە.
قسەکانی لەلام تازەبوون. زۆر تازەبوون. هەرلە خۆوە سامێک دایگرتـم. بـروام نەدەکرد پیرەپیاوێکی بێدەنگ کاتێک کە قسـە دەکات، ئاوا بەو شێوەیە قسە بکات. راستیانکردووە بێدەنگەکان قسە ناکەن، کە قسەیانکرد بەجۆرێک دەیکەن چنگ دەخەنە ناو بیرکردنەوەتــەوە. بەو کەمە قسـەیە بیرکردنەوەمی جوڵاند. ئەو چەند ساڵە لەو ڕێگایەدا هاتووچۆم کردووە، خۆم نەمزانیووە بەو جۆرە باسی ڕێگاکەم بکەم. هێزم دایە بەرخۆم و رووەمتێکردەوە و پرسیارێکی زۆر گێلانەمکرد. بەڵێ زۆر گێلانە! لێم پرسی:
مامە خوێندەواریت هەیە؟
– پیاڵە چایەکەی بە دەسـتەوەبوو. کە گوێی لە پرسـیارەکەم بوو، لەسـەر مێزەکە پیاڵەکەی دانا و، کەمێک لێم وردبوویەوە. بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت، زەردەخەنەیەکی تێگرتم. یەکسـەر زانیم

شتێکم شکاندووە. تۆزێک بەخۆما چوومـەوە و منیش بێدەنگ سەری خۆم دانەواند. مرۆڤ زۆرجار قسەیەک دەکات، قسەکەی ئەوەنـدە هەڵەیـە بەس بـە تەریق بوونەوەیی خـۆی وەڵامەکەی دەدرێتـەوە. منیش لـەو کاتەدا بەو جۆرەبووم. ویسـتم خۆم بە چایەکـەوە خەریـک بکەم سـودی نەبوو، دەسـتەکانی خۆم لە بەینـی ڕانەکانم گووشـی و سـەرم نەویکردەوە، لـە هەوڵدابووم تەریقبوونەوەکەی خۆم بشارمەوە. لێ ئەو لەوە زیرتربوو نەزانێت تەریقیەکەم ببینێت.

کە زانی زۆر بەخۆمدا چوومەتەوە. دەستێکی خستە سەرشانم و بە هەمان شێوەی پێشوو، بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

-تۆ کۆماکاردار دەناسیت؟

نا

-بۆ مەگەر تۆ لە کوێ دەخوێنیت؟ مەبەستم لە چ بەشێک؟

بەشی ڕاگەیاندن دەخوێنم!

-سەیرە! کێشە نییە کوڕم، بەڵێ من خوێندەواریم هەیە.

دوای ئەو وەڵامەی، وەک بڵێیت چیدیکە بۆی گرنگ نیم. خۆی سـەرقاڵکرد بە جگەرە و چایەکەیەوە. شەرمیشم لە خۆم دەکرد پرسیاری لێبکەمەوە. تومەس لەم کەین و بەینە، کاماشی هاورێم بە باشـی گوێی گرتووە. بیرم لەوە دەکردەوە بۆ خۆم تووشکرد و ئەو پرسیارەم کرد. لەوساتەدا کە بیرم لە هەڵەکەم دەکردەوە، کاماش سەری هێنایە بناگوێم و بە چرپەوە پێی وتم:

نەگبەت دەبێت لە هەموو شوێنێک خۆت دەرخەیت کە گەمژەیت. ئاخـر تۆ چیتداوە لە قسـەکردن لەگەڵ هەمووکـەس. پێم بڵێ، لەزانکۆ کاولەکەتان فێری چیتان دەکەن؟ بۆ جارێک نەناسـێکت نەناسـی و ڕێکوپێک قسـەی لەگەڵ بکەیـت و، گەمژەیەتیەکەی

خـۆت دەرنەخەیت. چوونەکانت بـۆ زانکۆ ئەمەی فێرکردیت؟ دە پێم بڵێ چی فێربوویت؟
فێرییانکردویـت دەم نەکەیتەوە، کە دەمـت کردەوە قلّبەیەک بدەیـت. مەمنوونی خۆمم نەهاتـم لەگەڵت و نەبوومە یەکێک لەو خوێندکارانەی زانکـۆ! بهاتمایە وەک تۆم لێدەهات. دەی فەرموو قسە بکە، فێری ئەمەیانکردییت؟
هیچ، ئەو شتانەشی کە فێری بووم لەوێ هەموویم بیرچوویەوە. بروابکە کاتێک چوومە زانکۆ هەستمدەکرت سەرم وەک کاسەیەکە نیـوە نـا، کەمێـک لە نیـوە کەمتر شـتی تیاییە. ئەمسـاڵ کە دواسـاڵمەوە و خەریکـە تەواویدەکەم، ئـەو نیوەیەش نامێنێت و رێک بە بەتاڵی دەیهێنمە دەرەوە. ها وردببەوە لە سـەرم. سەرم بردە پێشـییەوە و خسـتمە سەر سـنگی. دەی دەبینی؟ هیچی تیـا دەبینی؟ خاڵـی نیە؟ لەگەڵ ئـەم قسـەیەمدا هەردووکمان دەستمانکرد بە پێکەنین...
چایەکەم تەواو نەکردبوو، پیاوە پیرەی تەنیشتم هەڵسا رۆیی. نە خواحافیزی کرد و نە هیچ. کە لە دەرگای کەپری چایخانەکەوە وەدەرکەوت. یەکسـەر رووم کردە کاماش و پرسـیم، ئەرێ ئەوە چی بوو؟
-زەهری ماربوو. ئەوە کۆماکاردار بوو؟
ئێ باشە، کۆماکاردار کێیە؟
-لەفە فرۆشە!
دەتخوا ئیتر کاتی گاڵتە نیە. دەسـت لەم گاڵتەکردنە هەڵگرە و راستیەکەم پێ بڵێ.
-باشە دەیڵێم. بەمەرجێک یەک چایی خەلیسی باشم بۆ بانگ بکەیت. پاشـان جارێکی کە لە خۆتـەوە خۆت هەڵنەقورتێنی لە

مەسەلەیەک کە هیچی لێ نازانییت. ئینجا ئەو زانکۆیەش کە تۆی لێیت، هەر بۆ نەبوو باشە. خۆسەردەمی ماڵبەکۆڵیش نیە بڵێی کێ ئاگای لە کێیە و کەس ناتوانێت هەواڵی کەسێکی کە بزانێت. دونیاکە وا بچوک بووەتەوە، لە ماڵەکەی خۆتەوە ئاگات لە بچوکترین جوڵەی مرۆڤەکانی ئەوسەری دونیا دەبێت. پێویست ناکات کۆڵانە و کۆڵان و شار بەشار بگەڕێیت. دەتوانی لە هۆدەکەی خۆتەوە هەموو ئەوانە بناسیت، کە پێویستە بیان ناسیت.

ئەرێ کاکە بۆ کردت بە ڕۆژی خۆت. شتێکمان نەزانی، نەزانین عەیب نیە. من جوزانم کێ کێ یە. بەیانی لەم ئۆردوگایە دەچمە دەر، شەو دێمەوە. جگە لە تۆ و یەک دوو کەس و ماڵی خۆمان و ئەو چایچیە کەس نابینم. کە کەس نەبینم حەتمەن کەسیش ناناسم. بۆچی کەسێک هەڵەیەکی کرد، ئیتر دەوروبەرەکەی وەک مێشولە تێیبەردەبن و خوێنی تیا ناهێڵن. کوفرمان نەکرد. نەمناسی و تەواو.

-نەگبەت بوەستە. ئەوە باوکی کەیان و کالان و کاردانە.

چی! بەراستە؟

-نا گاڵتە ئەکەم، بەڵێ بەراستمە. ئەی نابینی کە لە شوێنێک دانیشت بە بێدەنگ و خەمبار دادەنیشێت و لەتەک هیچ کەسدا تێکەڵ نابێت. خۆ هەر سەیری روخسارە خەمبارەکەی بکە، دەزانی ئەو پیاوە چ برینێکی گەورە لەسەر گیانیەتی. جەنابیشت خوێندکاری ڕاگەیاندنی، هێشتا پیاوێک ناناسی برینەکانی وشەن. وشە برینی گەورەی ئەو پیاوەییە. وشە ئەو موسیبەتەیە کە هەموو شتی لەو پیاوە سەندەوە. خۆت بخەرە شوێنی ئەو، ئەو هەموو ساڵە خەریکی وشەبیت و، سێ کتێبی گەورە بنووسیت و

لە شەوێکدا هەرسێکیان بسوتێنن لەبەر چاوت، چیت بەسەردێت؟ ئاخر کوفرە تۆ ئەو پیاوەت نەناسی. بەراستی سەرکۆنەی خۆت بکە. هەم گلەیی لە خۆت بکە هێندە خەمساردبوویت، هەم گلەیی لەو شوێنەشت بکە نەیانتوانیوە هیچ نەبێت ئەوانەت پێ بناسن حەقی ناسینیانە. کەس نەیناسێت دەبێ تۆ بیناسیت. بەشەکەی تۆ پەیوەندی بە ژیان و کارەکانی ئەوە هەیە. بۆیە سەرکۆنەت دەکەم، نابێت تۆ ئەو خەڵکانە نەناسیت.

ڕۆژنامەو کەناڵ نیە قسەکانی و ئازارەکانی بڵاو نەکردبێتەوە. بە دەموچاوە پیر و ڕوخسارە ڕوخاوەکەیەوە، خۆیکردووە بەناو سەرتاپای ماڵەکاندا. لە هەرکەس بپرسی چی ئابڕوی ئەم ڕژێمەی برد؟ یەکسەر دەڵێت: کوشتنی سێ کوڕەکە و ڕوخسارە خەماوییەکەی باوکیان. جەنابیشت گەمژە گەمژ لە پاڵییا دانیشتویت و پرسیاری خۆ ناساندنی لێدەکەیت!

تۆ ڕاستدەکەیت. قسەکانت تەواون. خۆتدەزانی تۆزێک گەمژەم، ئەوەش دەزانی بۆ ئەوە نەچوومەتە زانکۆ شتێک فێربم. هەرکەسێک تۆزێک ژیربێت بۆ فێربوون ڕوو لەم زانکۆیانە ناکات. بۆ ئەوە چووم پارچە تیانووسێک کە وێنەی خۆمی پێوەیە بەدەستمەوەبێت و، سبەی لە شوێنێک خۆم دامەزرێنم و سەری مانگان ئەم گیرفانە ساردەم گەرم بکەمەوە. زانکۆ بۆ من ئەمەیە. بۆ هەندێکی کەش ئارایشگایەکە خۆیانی تیا نمایش دەکەن. هەندێکی کەش لەلایان بوەتە گاراجی ئۆتۆمبێل دێن لەوێ مامەڵەکانی خۆیان دەکەن. ئەو زانکۆیەی کە باڵەخانەیەکی گەورەی هەیە و خەڵک لە دورەوە بەشوێنێکی سەرەنج ڕاکێشی دەزانێت، بروات هەبێت شوێنی هەمووشتێکە جگە لە شوێنی فێربوون. تەنەکەیەکی بەتاڵ بخەبەرچاوت، لای من زانکۆ تەنەکەیەکی بەتاڵە، هەرچۆنێک

دەستی لێدەیت دەنگ دەداتەوە. دەنگدانەوەکەشی بۆ پیسکردنی سروشتی بێدەنگییە.

لە قۆناغی یەکەم پێمخستە ناوییەوە، سەرسام و ترساو بووم. لای خەڵکی دەرەوەش سنگی خۆم دەردەپەڕاند گوایە لە زانکۆم! ئەوەندەی نەبرد سەرسامییەکەم و ترس و غرورەکەم کاتاییان هات. شوێنەکە، شوێنێک نەبوو چاوەڕێی ئەو بێ کەڵکییەی لێبکەم. لە بەر باپیرم و نەنکم و دامەزراندن نەبوایە، چۆن شەقێک لە تۆپێک هەڵدەدەیت، یەک شەقم تێهەڵدەدا بەحەیاتی لێم نزیک نەکەوتایەتەوە.

-باشە.. باشە... بیبرەوە.

ئەم قسانە تەنها بۆنەوەن خۆت لە تەرایی جۆگە ئاوەکە بپارێزیت و بازدەی بەسەر مەسەلەکەدا. با دوو چای دیکە بخۆینەوە و بچین لە قەراغ ئاوەکە تۆزێک دانیشین و، فێنکمان بێتەوە. بڕواناکەی ئەمڕۆ چەند ماندوو بووم. بەیانی تانیوەڕۆکەی هەرخەریکی پاککردنەوەی رەفەکان بووم. نیوەڕۆکەش بەپێوە نانێکم خواردەوە دوای ئەوە چی پەیکەر لەناو مۆنیمێنتەکە بووە، هەر هەموویان پێ پاککردوومەتەوە. ئەزانی هەندێکجار تۆش قسەی راست دەکەیت.

منیش گەر زانکۆم تەواو بکردایە ئێستا وەک خوێندەوارێک سەیریاندەکردم! چونکە ئەو پارچە تیانووسەم نیە ناوی بڕوا نامەیە و تۆ باسی دەکەیت، دەبێت رۆژ تا ئێوارە پاشماوەی ئەو نەخوێندەوارانە پاک بکەمەوە، خۆیان بە خوێندەوار دەزانن! لە کاتێکدا لە هەموویان زیاتر ئەخوێنمەوە و زۆرجاریش کە شتێک نازانن لەمنی دەپرسن! دونیا هەروایە، دایم ئەوانە دەیخۆن لەگەڵ خواستی زۆرینەدا هەنگاو دەنێن.

بەدبەختێکی وەک مـن، لەباتی خـۆ خەریککـردن بە کتێب خوێندنەوەوە خۆم بەو شتە قەڵبەی ئێوەوە خەریک بکردایە، ئێستا منیش وانەبووم. نازانم هونەر لە چیدایە بە پارچە تیانووسـێکی بێکەڵکەوە لە حەوشەی زانکۆ بێیتە دەر بە خوێندەوارت دەزانن، بەڵام دەساڵ لەگەڵ کتێبدا بژی بە شێتت دەزانن. من تێگەیشتنی ئەم خەڵکە دەمکوژێت. راسـتیانکردوە لەناو هەموو کۆمەڵگەیەدا زۆرینــە بــێ ئاگاو خەوتوون. بێ ئاگایــی نەبێت خوێندەواری بە بڕوانامە نە دەچێوێنرا. چێواندنی خوێندەواریی بە بڕوا نامە، وەک ئەوەیە ئاو بە کیلۆ بفرۆشیت!

کتوپڕ لەم خەم هەڵرشتنە وەستاو هاواریکرد:

دابرا دووچای جوانمان بۆبێنە.

دوای کەمێک چایەکان هاتن، هێندە پەلەی بوو هەڵسایە سەرپێ و بە دەستێکی چایەکەی بەدەستەوەبوو ، بە دەستەکەی تریشی شانی منی گرتبوو رایدەوەشاند تا بەزوی چایەکەم بخۆم و بڕۆین. هەمیشــە ئەوە یەکێک لە شێوازەکانی بوو، گەر بیویستایە بچێت بۆ شوێنێک، یان کەسێک چاوەڕێماندەکات، دونیای لێ دەهاتەوە یەک. وایدەزانی خەیاڵی رۆیشـتن کەوتە سـەرت، دەبێ بەزوترین کات ئەو شوێنە جێبهێڵیت و بڕۆیت. بەردەوام پەلەی بوو. خەڵکی ئێرە زۆربەیان وان، پەلەیانە و کەس نازانێت پەلەپەکەیان بۆچییە و دەیانەوێـت بگـەن بەکوێ. بەم پەلەپەلەشــەوە دایمە بۆ دواوە دەگەڕێنــەوە. خۆزگــە دەمزانی بۆچی وا بەپەلەن و ناشــگەن بە هیچ.

خۆی ئاســا، دەیــووت: دۆزەخ ئەو شــوێنەیە بەناچاری تێیدا بمێنیتــەوە. منیــش دەبایە لەبــەر دڵی پەلەپەل بکــەم. نیوەی چایەکــەم نەخواردبووییەوە لەبەر دەرگاکە بینیم پارەی چایەکان

هاواریکرد: هەڵسە شلە
بۆم و بەتانەوە
و لایەکی کردەوە
دەدات
پێدەچێت، خۆ سەروپێیک بخۆیت
شاری. بۆچاخواردنێک ئەمەنەت
وەرزێکت پێ دەچێت. زەردەخەنەیەکم کردوو کەوتمە شوێنی.
نێوانـی چایخانەکە و روبارەکـە زۆر نەبوو. چونکە چایخانەکە
کەوتبوویـە کەنـار ئۆردوگاکـەوە. هەرتۆزێـک دور کەوتینـەوە
ئەستێرەکانی ئاسمان روناکییەکەیان زیاتر دەبوو. دەنگی بۆقەکانی
ناو قامیشەڵانەکان، رەنگێکی تری دەدا بەجرییوەی ئەستێرەکان
بەسـەر ئاوەکەوە دەهاتن و دەچوون. کاتێک بۆقەکان بەشـوێن
یەکتریدا گۆرانیان بۆیەکتر دەچڕیی، هەسـتێکی خۆشی پێدەدام.
بەدەم رۆیشتنی تولە رێگاکەوە بۆ سەر روبارەکە، یەک دووجارێک
بێ ئەوەی خۆم بمەوێت، دوو کۆپلە گۆرانی ئایی.. ئایی.م وت.
ئـەو گۆرانیەی کە یەکەمجـار لەناو گۆلە تەماتەکاندا لە باوکمەوە
گوێم لێی بوو. بەڵام رۆیشتنی ئاوەکە یادەوەریمی تێکدەدا.

من و کامـاش، هەردووکمان کوڕی دوو پیاوی ئەنفاکراوبووین.
پاش ئەوەی لە گوندەکەی خۆمان، گوندی کەپران، هەموو شتێکمان
لە دەسـتدا. ئاخری کەوتینە ناو ئەم ئۆردوگاییەوە. گوندەکەمان
کەوتبوویـە نزیـک کێوێکی پڕ لە داربەروو. ناوەراسـتی گوندەکە
کانییەکی لێبوو. دەمەو بەیان هەرچی گیانلەبەری ئەو گوندەبوو،
ئیتر بە مرۆڤ و ئەوانی ترەوە، لە جێگای خۆی نەدەما و هەریەکە
و بەلای ئیشـی خۆی دەچـوو. دەمەو ئێوارانیش سـەر رێگاکان
وەک بڵێیت: کاروانێک بەرێوەییە، تاقم تاقم خۆماندەکردەوە بەناو
گوندەکـەدا. چاک لەبیرمە جارەگەنمـەکان و، جارە پەمۆکان و،
گۆلـە توتن و گۆلە تەماتەکان، ژیانـی ئێمەیان تێدا بوو. دەنگی
مەڕەکان و دەنگی کەڵەشێر و مانگاکان بە شـێوەیەک تێکەڵی
سروشـت و کێڵگەکانـی لا پاڵەکان دەبوو، جوتیـارەکان خۆیان

نەدەگرت و بەدەم گۆرانی وتنەوە بژاریاندەکرد و زەوییان دەکێڵا.

تازە یەکێک لە ماڵەکانی خوار مزگەوتەکە کرابوو بە مەکتەب. دوو مامۆستامان لە شارەوە بۆ هاتبوو، ئێمەیان نارده ئەو مەکتەبە و،خەریکی خوێندن بووین. مەکتەبەکەمان سێ هۆدە و هەیوانێک بوو. هۆدەیەکی بۆ خوێندن و هۆدەیەکی بۆ خەوتنی مامۆستاکان و هۆدەیەکیشی بۆ ئیدارەبوو. لە ناوەراستی هەیوانەکە کۆڵەکەیەکی لێبوو. ناوی خوێندکارە زیرەک و عاقڵەکان بەو کۆڵەکەیەدا هەڵدەواسرا. بەڵام ناوی منی پیا هەڵنەواسرا. لەو تەلەبانە بووم لە دوای دواوە دادەنیشتم و درەنگ وانەکان دەچوون بە مێشکمدا. مامۆستاکان دایم گلەییان لێدەکردم بۆچی مێشکم بە خاویی دەروات و درەنگ وانە وەردەگرم. پەنجەرەی هۆدەی خوێندنەکەمان نزمبوو. لە شوێنی دانیشتنەکانمانەوە دەرەوەمان لێدیاربوو.

نزیکەی نیوەرۆیانێک، دوو مامۆستاکە هەموومانیان کۆکردەوە و بردینیان بۆ گەشتێک بۆ کێوەکەی ئەوبەر. رۆژێک پێش سەیرانەکەمان داوایانلێکردین هەر کەسە و خواردن لەگەڵ خۆی بهێنێت. لەگەڵ کاماش رێککەوتین من یاپراخ بهێنم و ئەویش قوبڵییەکی رەش بهێنێت. دوو مەنجەڵی باش خواردنمان پێبوو، لەگەڵ تەرمۆزێک دۆ.

رۆیشتین بۆ سەیرانەکە. هەتاوێکی گەرمی خۆشی دەمەو بەهار بوو. دانیشتبووین خەریکی ئاگرکردنەوە و نانگەرمکردنەوە و گۆشت برژاندنبووین، رێگا خۆڵەکەی سەر گوندەکە لە دورەوە دیاربوو. ئەوەندەی نەبرد سەرتاپای رێگاکە بوو بە تەپوتۆز. ئێمە لە کێوەکەی ئەوبەرەوە دەمانبینی کە چ قافڵەیەک سەرباز هاتن. مامۆستاکانمان پەلەپەل ئاگرەکەیان پێکوژاندینەوە و، هەر

هەموومانیان لەژێر داربەرووێک گرمۆڵەکرد و، هەرەشەیان لێکردین لە شوێنی خۆمان نەجولێین.

زۆری پێنەچوو قافڵەی سەربازەکان گەیشتنە ناو گوندەکە. چی لەو دەورو بەرە هەبوو کۆیانکردەوە و هەر لەبەر چاوی ئێمەدا، سواری ئۆتۆمبێلەکانیانکردن و بردنیان. هەرچەندە یەک دوو لە منداڵەکان دەستیانخستبوویە سەردەمییان و دەگریان. بەڵام من هیچ گریانم نەدەهات و بڕواشم نەدەکرد، دایک و باوکم هەروا لە دوورەوە لەبەر چاوم ونببن و جارێکی کە نەیان بینمەوە. لە شوێنی خۆمەوە ورد دەبوومەوە لە سەربازەکان و بردنی شتەکان. دوکەڵ لە دوو ماڵ بەرزبوویەوە، نازانم بۆچی ئاگریاندا. هەر لە شوێنی خۆمانبووین تا قافڵەکە لە بەرچاومان ونبوون و گوندەکەیان بە سوتاوی و چۆڵی جێهێشت.

لە دورەوە دوکەڵی ماڵە سوتاوەکان و، دەنگی کەڵەشێر و مەڕە جێماوەکان، دیمەنی گوندەکەی شێواندبوو. جگە لە مەلای مزگەوتەکە بە هۆی مێزەرە سپییەکەی سەرییەوە، کەسم بۆ جیا نەدەکراییەوە. بەڵام مەلاکە بە مێزەرە سپییەکەیەوە دیاربوو بە دەست دوو کەسەوە بوو، لە دەرگای مزگەوتەکەوە هێنایانە دەرەوە و سوراییانکرد. کاتی سوارکردنی مێزەرەکەی بەر بوویەوە.

کە مێزەرەکەی بەربوویەوە و خۆی تێکەڵ بە خەڵکەکە بوو، ئەویش نەدەناسراییەوە. هەتاکو دەمەو تاریک هەرکات سەیری گوندەکەم دەکرد، مێزەرە سپییەکە وەکو خاڵێکی سپی لە بەردەم گۆڕەپانی مزگەوتەکە سەرنجی چاوی بۆ خۆی رادەکێشا.

# ٢

-گوێت لێیە کوڕی باش؟
لەچی؟
-لەچی؟ لەو دەنگە خۆشە. لە هاژەی ئەو ئاوە. لە شنەی باکە. لە قیرەی بۆقەکان. ئەزانی ئێمەش زۆر گێلین. لەناو گەرمای ئەو چایخانەیە و تەقەتەی دۆمینە و بۆڵە بۆڵی ئەو پیاو گەنجانە دانیشتووین. بێ ئەوەی هەست بکەین شوێنێکی نالەبارە. کەچی هەر لە خوار خۆمانەوە ئەم هەموو شوێنە خۆشە هەیە ئاوەزمان نیە، جاربەجار هیچ نەبێت بۆ گۆرینی هەناسەمان سەرێک لێرە بدەین. یان تۆ سەیری گێلییەتی چایچییەکە بکە. باشە بۆچی چایخانەکەی لە قەراغ ئەم ئاوە خۆشە دروستنەکرد؟ هەم فێنکتر و هەم خۆشتردەبوو. دەشمانتوانی دوای چایەک خۆمان بژەنین بە ئاوەکەدا.
هەڵساوە چووە لەسەر تەپۆڵکەیەکی وشکی مارو مێرو، کە تەنکەر ئاوی بۆ دەهێنێت چایخانەی داناوە! وا دەزانێت سەر تەپۆڵکەکە بەردەمی پڕە لە دیمەنی سروشتی جوان تا سەیریانکەیت. لێی تێکچووە ئەو ئۆردوگا خۆڵاوییەی کە خانووەکانی لە شقارتەی کۆندەچن، کەی هی ئەوەیە سەیریان بکەیت. بۆ نەهاتووە لەم کەنار ئاوا چایخانە بکاتەوە. مێشک کە نەبوو نیە و تەواو.
راستدەکەیت. ئەرێ کاماش من کە دێمە ئەم شوێنانە هیچ حاڵم باش نیە!

-بۆچی؟
-که ئاو دەبینم دەروات، بیری باوکم و دایکم لێت ناشارمەوە، ئەو ڕۆژانەم بیردێتەوە جۆگە ئاواکانمان هەڵدەکرد تا گوڵە دەکەم. ئەو ڕۆژانەم بیردێتەوە جۆگە ئاواکانمان هەڵدەکرد تا گوڵە توتنەکان ئاویدەین. نازانم ئولفەتێکی خراپم گرتووە بە ئاوەوە. هێشتا بڕواناکەم ئەوان ڕۆشیتبن و نەمابن. ڕۆیشتنی ئاوەکە یادەوەریم لەگەڵ خۆی دەهێنێتەوە. کە دەچووین بۆ ئاودانی توتنەکە و تەماتەکان، لەو سەری گۆلەکەوە باوکم ئاوەکەی هەڵدەکر، لەگەڵ هەڵکردنی ئاوەکە تا ئەمسەری گۆلەکە ئەچووم و باوکیشم پێمپێدەکەنی. ئەو ڕۆژانەت بیرە؟
-ئا..ئا.. بیرمە، هیچ پێم خۆش نیە، شتە ناخۆشەکان بهێنیتەوە بیرم. بۆیە هاتووین بۆ ئێرە تۆزێک ئەم ناخە پیسەمان بەم هەوا پاکە، پاک بکەینەوە. تۆم نەهێناوە دڵتەنگترم بکەیت. وانەزانی کوڕێکی دڵڕەقم. بەس پێمخۆشە کاتە دڵتەنگەکانم، ئەو کاتانەی دەمەوێت بگریم، تەنیابم. تا بتوانم بە دڵی خۆم بگریم. بیکە بە عادەت، هەوڵبدە لە کاتە خۆشەکاندا خۆشی ببینیت و لە کاتە تەنیاکانتدا. ئەو کاتانەی بەس خۆتی، چی دەکەیت بیکە. دڵتەنگی و هێنانەوە بیری سەردەمی ناخۆش مرۆڤ تەنیا دەکات و لە خۆشییەکان دایدەبڕێت. با دڵتەنگیەکانت لە کاتی تەنیایدابن، بۆ ئەوەی بزانیت خۆت لە کوێدا دەبینیتەوە. لەناو خەڵک و لە شوێنە خۆشەکان، ڕابردووت هاتەوە بیر، یا لە بیری خۆتی بەرەوە، یا بچۆ لە شوێنێکی تەنیا دانیشە. تەنیایی باشترین شوێنە بۆ خاڵیکردنەوەی دڵی تەنگ.

گریان دەبێت لە تەنیایدا بیرژێنیت. تەنیایی شوێنێکە بۆ گریانێکی ڕاستەقینە. ناتوانم لێرەدا نە دڵم تەنگ بێت، نە بگریم. چیبکەم بەدەست خۆم نیە. من وام. تۆش ناخۆشتکردووە،

نەمبردیت بۆ شـوێنێک دەست نەکەیتەوە بە گلەیی و باسی کۆن و گەمژەیەتی. بەراسـتی گەمژەیەتییە پێ بخەیتە هەر شـوێنێک، شوێنەکە شتی ناخۆشت بیربخاتەوە نەک شتی خۆش.

نا خۆ من نەموتووە دڵرەقیت. شتی واش ناڵێم. ئەوەش دەزانم دوو کەسین زۆر شتمان وەک یەکە. تەنها شتێک من و تۆ جیابکاتەوە ئەوەیە، بەداخم تۆ لە نیوەی رێی خوێندندا جیابوویتەوە و نەهاتی لەگەڵـم. لەوانەشـە ئـەوەی تۆش خراپ نەبێت و باشـبێت، ئەما لەگەڵ من بوویتایە شتێکی گەورت لێدەردەچوو.

-ئەرێ تۆ زۆر سـەیریت. خۆ منداڵ نیم. شـتێک کە بروام پێی نەبێت نایکەم. جارێ ئەو پێڵاوە گەنیوانەت داکەنە و تۆزێک قاچت بخە ناو ئەو ئاوەوە. با ئەو مێشـکە گەرمەت سارد بێتەوە. دوایی قسە دەکەین. پێشت ناخۆش نەبێت، تازە فێری جگەرە کێشانیش بـووم. لەبـەر نەنکم و باپیرم ناوێرم لە ماڵــەوە بیخۆم. ناچار لە دەرەوە دەیخـۆم. ئەشـزانم شـتێکی باش نیە، کەچی سـوکنایم دەداتــێ! ئارامم دەکاتــەوە. تامێکی تاڵی هەیـە، دوکەڵەکەی بە هێواشی بەناو دەمار و خوێنمدا دەروات و سڕ سڕ و هێمن دەبمەوە.

دیسـان دەسـتتکردەوە بە کارە بەدەکانت. نەنکم راستدەکات. بەخـوا زۆر راسـتدەکات. هەندێکجـار پێـم دەڵێـت: کـوڕم بڕێ تەسەروفی هاورێکەتم بەدڵ نیە. منیش دەڵێم وەک چی؟ سەرێک بادەدات و دەڵێیت: ئیتر...

یـەک قاقای لێـدا. قاقاکەی هێندە بەرز بـوو، لەگەڵ خوورەی ئاوەکەدا ئاوێزان بوو. راسـتدەکات. نەنکت راستدەکات. بۆ نمونە تاقەتی زۆر بڵێیم نیە. بۆ نمونە حەزم لەوەنیە دانیشم لەسەر شتی بێمانا سەری خۆم بهێشێنم. کە کتێبێکیش دەبینێت بەدەستمەوە، ئیتـر وا دەزانێـت ئیمـان لەکەلەمـا نیە! ئێ خـۆت نازانیت، لەم

سەردەمەدا لەم مەملەکەتەی ئێمەدا، دوو کتێب بگرە بەدەستەوە، یا وەک شێت سەیرت دەکەن، یان وەک کافرێک. کارەبەدەکانی من لای ئەنکت و خەڵکی ئەمانەن. کەس جگەرەی بەدەست منەوە نەدیووە. کەس منی نەدیووە شوێن کچی خەڵک بکەوم. کەس منی لە شوێنێکی خراپ نەدیووە. ئیتر بەدی چی. بەدییەکەم هەر ئەوەیە، کەمدووم و کتێب بەدەستمەوەیە. لەوە زیاتر نیە. بێ منەتم! بۆ خۆم دەژیم. کێ پێیخۆشە نزیک بکەوێتەوە رێزی دەگرم. کێش پێی خۆش نیە چی زۆرە خەڵک. نامەوێ لەبەر خاتری ئەم و ئەو، خۆم بکەم بە کوڕی باش و ناخیشم بەتاڵ بێت.

-سەیرکە کوری باش...

خەڵک چۆن فێرکراوە. چۆن کراوە بە دوژمنی کتێب. دوێنێی کتێبێکم خوێندەوە، هی کۆمەڵناسێکی عێراقی بوو. لەو کتێبەدا زۆر بەباشی باسی ئەم پەروەردە خراپەی کۆمەڵگە دەکات. خۆزگە تۆش دەتخوێندەوە. ئاخر تێناگەم بۆچی کە بوونە خوێندکاری زانکۆ، ئەوەی لێتانەوە دوربێت کتێبە؟ کۆمەڵناسەکانی ئێمە لە خەڵکە بێ ئاگاکە بێ ئاگاترن. لەناو کۆمەڵگەیەکی وادا یەکێکیان خاوەنی عەقڵێک نیە کتێبێک لەسەر ناسینی کۆمەڵگەکەی بنووسێت. لەوانەشە خۆشیان خۆیان نەناسن بۆیە ئەوە حاڵمانە. زۆرکەس دەڵێن: بۆچی کۆمەڵگەکەی ئێمە بەم شێوەیە دواکەوتوو و خێڵەکیە. لای من پەیوەندی بە خوێندنەوەوە هەیە. حەقە ئەو مامۆستایانەی مرۆڤی لەم جۆرەیان خستە ناو کۆمەڵگەوە یەک یەک لە کارەکانیان دوربخرێتەوە. ئەمە بەرهەمی ئەوانە. سەبەی بەرهەمی زانکۆکەی تۆش، جەنابتی، جا قوربەسەری من کۆمەڵگە چۆندەگۆرێت بەرهەمەکەی تۆبێت. کۆمەڵگەی باش، لە خوێندنگە و زانکۆی باش بەرهەم دێت. کە زانکۆ و خوێندنگە وێران بوون،

کۆمەڵگەش وێران دەبێت.

واز لـەوە بێنـە. نە تۆ ئەتوانی وا لە من بکەیت بخوێنمەوە، نە منیش ئەتوانم وا لەتۆ بکەم بگەڕێیتەوە سەر خوێندن. بۆچی لەم ناوە گۆمێک دروست نەکەین بۆ ئەم هاوینە بۆ خۆمان مەلە بکەین و جاربەجارەش فێنکییەک بخەینە ناو ناخە گەرمەکەمانەوە؟

-بـۆ جەنابـت و جەنابم بە رۆژا لێرە کەوتووین؟ ئەی ناڵێم ئەو مێشـکەی تۆ وەک گۆزەیەکی خاڵییە. تـۆ بەیانی ئەرۆیت دەمەو مەغریـب دەگەڕێیتـەوە. منیش هەر وەک تـۆ. ئیتر گۆمی چیی. مەگەر بۆ شـەوان. شـەوانیش بیسـتومە تەنها یا جنۆکەکان یان شـێتەکان مەلـە دەکەن. هەر ئـەوە ماوە وامـان لێبکەی منداڵان بکەونــە دوامان جنۆکە جنۆکەمان لێبگرنەوە. ئەرێ پارەو شـتت پێیە؟

کەمێکم پێیە.

-ها بگرە، ئەوە پارەی ئەم مانگەم ئەمڕۆ وەرمگرت. با تۆزێکی بۆتۆ بێت.

نا.. سوپاس.. بەخوا پێمە.

-دە لۆژە لۆژ. بگرە. ڕۆژێک دێت هەموویت لێدەسـەنمەوە و لە کوونە لەتتدا دەری دەهێنم. لەگەڵ وەرگرتنی پارەکە هەردووکمان پێکەوە دەستمانکرد بە پێکەنین.

راسـتیەکەی پارەی کەمیشـم پێبوو. گیانم بە باپیرم بوو. لە کۆڵانەکـەی خۆمـان، هەر لەم سـەرەوە کە دەهاتییـە ناوییەوە، دوکانێکی بچکۆلەی هەبوو. ئەو دوکانە بچکۆلەیە بووبوویە ڕۆشنایی بۆ ژیانی من. دوکانەکەی گەورە نەبوو، بەس خەرجی من و خۆی و نەنکمی دەردەهێنا.

نازانم ئەو ڕۆژە چ کوفرێک بوو کە من ئاوا بەتاقی تەنیا جێمام.

بۆچـی لەکاتی هاتنی سـەربازەکان بەرەو گوندەکـە رامنەکرد تا لـەم دۆزەخـە جێ نەمێنم و رزگارم بێـت. یان بۆچی ئەو نەنک و باپیرە بەستەزمانەم مانەوە تا رۆژ بەرۆژ ئازار ببینن. چەندینجار حەزمکردووە واز لە خوێندن بهێنم و سەری خۆم هەڵبگرم و بڕۆم. کاتێک چوومەتەوە ماڵەوە و نەنکم بینیوە بە کزۆڵەیی دانیشتووە و باپیـرم بینیـوە لـە دوکانەکە بـەو گەرمایە بەیانی تـا ئێوارە دانیشتووە. خەریکبووە قرچە لەگیانم بێت. نە کوڕێک، نە کچێک، نە کچە زایەک، نە بوکێک نەماوەتەوە بۆیان. لە دارای دونیا هەیانە و نیانە بەس منم. منیش خەمباری و بێ کەسی ئەوان دەستووپێی بەسـتبووم. جا بمەوێت شتێک بکەم چیدەکەم؟ ها چی دەکەم؟ بێ دەسـەڵاترین و لاوازتریین کەسـم و دەرگایەک نەماوە بەروومدا بکرێتەوە.

نەنە و باپیرم بەو هەموو ئازارەوە دەیکێشن، کە من دەردەکەوم، روخساریان دەگەشـێتەوە. رۆژی سەدجار بەساقەم دەبن. شەوی هەزارجار دەسـتدەکەنە ملم و دەمێـک ماچم دەکەن و دەمێک بە بێدەنگـی فرمێسـک لەچاویان دێتـە خوار. ئـاخ خودایە.. بۆچی کەسانێکت دروستکردووە تەنها بۆ ئەوەی دڵێکی تەنگی پڕگریان و؛ گیانێکی پڕ برینیان هەبێت. بۆچی جارێک لایەک ناکەیتەوە بزانی گوناهی ئەوانە چیە، بەشـیان تەنها ئازارە. بۆدەبێت دەسـتەیەک لایەکی ژیان بخۆن و دەسـتەیەکی کـەش لە لایەکی ئازاردا بژین. ژیان کەی شوێنی تاقیکردنەوەی کەسەکانە. مرۆڤ بۆ ئەوە نایەتە نـاو ژیانـەوە تاقی بکرێتـەوە، بۆ ئەوە دێت ژیـان ببینێت. بەڵام داخەکـەم بۆ هەندێک ژیان دەبێتـە تاقیکردنەوە و بۆ هەندێکیش دەبێتە ژیانکردن.

بریا ئەو رۆژە منیش چووبام. بریا ئەو رۆژە لەبری سـەیرانەکە

لەگـەڵ ئەو قافڵەیــە بوومایە. بەم چاوانەی خــۆم لە دوورەوە ئەو هەموو خزم و کەسەم نەدیبایە بە زۆر سواریان دەکەن و دەیانبەن. یەکێـک دەیقژیاند، یەکێک هاواری دەکرد. یەکێک لێدەدرا یەکێک پاڵــی پێوەدەنرا. ئێمەش لەمبەرەوە هــەر هەموومان وەک بێچوە چۆلەکە چاومان زیتکردبوویەوە و سەیرمان دەکردن.

دەبێــت لەکوێ بن؟ دەبێت چیان لێکردبــن؟ خۆزگەم بەوانەی ئازیزێکیــان دەمرێت، بەچاوی خۆیان تەرمی ئازیزەکەیان دەبینن. هیچ شــتێک وەک ئەوە ســەخت نیە، کەســێکت ببەن جارێکی تر نەیەتەوە. کاتێ بیر لە باپیرم و نەنکم ئەکەمەوە، خەریکە مێشکم دەتەقێت.

تــۆ بیهێنە بەرچاوی خۆت، کچێکی نــازدارت، کورێکی نازدارت ببــەن. نە بزانی بۆ کوێی دەبــن. نەبزانیت چی لێهاتووە و هەموو رۆژێکیــش چاوەڕێبیت بێتەوە. نەنکم ملیۆنجار بەدەم گۆرانی لای ..لایەوە دەڵێت:

(بەس تەرمەکانیشتان ببینم، سوکناییە بۆ من. خودایە بەزەیت بەم دڵە پیرەمدا بێتەوە، تەرمی نەوەکانم بۆ بنێرەوە.)

راسـتدەکات، زۆر راســتدەکات. هەتا گەورەتر دەبم، برینەکانم گەورەتر دەبن. منداڵی ئەوەی خۆشە، برینەکانت لە هەموو شوێنێکت بن، لەسەر دڵت نین. گەورەیش خراپیەکەی لەوەیە، هەموو گیانت برین بێت، هێندەی برینێکی ســەر دڵت ئازارت پێناگەیەنێت. ئەو کاتانــەی کە منداڵبــووم، نەنکم و باپیرم دەبینــی دەگرین، لەوە تێنەدەگەیشــتم بۆچــی دەگرین. لەگــەڵ وردە وردە گەورەبوونما، گریانەکانــی ئەوان و خەمبارییەکەیان هات بۆ من. دڵنیام تا بەرە و رووی گەورەیی بچم، خراپتر دەبم. کە دەچمە ناو ئەو جیهانەی خۆمی تیادەژیم، هۆشــم هیچی تێدانامێنێــت جگە لە چاوەڕوانی،

گریان، خەم. بێکەسی. بۆنابێت تەنانەت حەقی ئەوەمان بدەنێ
تەرمی باوک و دایکی خۆمان ببینین. خودا لە کوێیە کاتێک
مرۆڤەکان ئەم هەموو خراپەیە بەرامبەر یەکتر دەکەن؟ بۆ خودا
قسەیەک، جوڵەیەک ناکات؟ بۆ دەبێت چاوەڕوانبکات تا بکەونەوە
بەردەستی؟ بۆ دەبێت وابێت؟...

هەستم بە تەزینی قاچەکانم دەکرد لەناو ئاوەکەدا. دەستمبرد
دوو شڵپ ئاومکرد بە دەموچاومدا. بینیم کاماش لە ناوەراستی
ئاوەکە پاڵکەوتووە. نەرم نەرم ئاو بەسەر هەموو گیانیدا دەڕوات.
قاچێکم تێ ژەنی و سەری دەرهێنا.

-ها... چیت دەوێت؟

درەنگی کرد، باشترە بڕۆین. هەردووکمان ماندووین. بچینەوە
ماڵ ئیسراحەتێک بکەین باشترە. خۆتدەزانی بەیانی دەبێت زوو
لە خەو هەڵسم و بڕۆم. ئەم کاولبووە، هەرگیز ڕۆژێک نایەت لە
کۆڵمان ببێتەوە. لە بێزاریدا بەس گلەیم لە دەست دێت. بچین
باشە، تاقەتی ئێرەم نیە و ڕۆیشتنی ئاوەکەی خراپ، دەمباتەوە
بۆلای رابردووم.

-من خەریکە ماندوویەتیم دەحەسێتەوە. ئاو هەر مرۆڤ پاک
ناکاتەوە، ماندویەتیش لەبیر مرۆڤ دەباتەوە.

دە قسەی هەلەق و مەلەق مەکە. دوو کتێبت خوێندوتەوە، ئیتر
خەریکی فەلسەفە لێدانی بۆ من. هەڵسە بڕۆین، دڵنیام ئێستا
نەنکەکانمان و باپیرمان، هەر چاوەڕێن. خۆت نازانیت چۆنن بۆمان.

-ڕۆڵە فەلسەفەی چی و کتێبی چی. بڕواش ناکەیت تاقی
بکەرەوە. جابەس نیە ئەو کتێب و فەلسەفەیی تۆ گاڵتەی
پێدەکەیت شتێکی فێری منکردووە. ئەی پێم ناڵێیت جەنابتان،
لەو زانکۆ و مانکۆیە، چی فێربوون. ئاو وایە. نەتبیستووە دەڵێن

کە تورەیت، خۆت بشۆ. گەر ماندوویت خۆت بشۆ. مەسەلەکە لە ئارامییەکەدایە نەک لە خۆشۆردنەکە. ئاو تەنها ئاوەدانی نییە بۆ سەر زەوی، ئاو ئارامکەرەوەی رۆحە ماندووەکانە. ئاو ئاسوودەییە بۆ مرۆڤ. من لە کتێبەکان ئەمە فێربووم تۆش بۆمانباسکە لە زانکۆکان چی فێربوویت؟

بەسەرچاو پێتدەلێم، بۆ نمونە فێربووین. زۆر قسە بکەین و کەم بیربکەینەوە. هەقمان بەسەر ناخی خۆمانەوە نەبێت و باسی ناخی خەڵکی بکەین. روخسارمان جوان بکەین و چش لە ناخمان. جل و بەرگەکانمان بەلاوە گرنگتربێت لە عەقڵمان... قسەکانم تەواو نەکردبوو وەک گاڵتە پێکردنێک یەک مشت ئاوی کرد بەسەرو چاوما و دەستمانکرد بەشەرە ئاو. هەتا باش نەیخوساندم وازی نەهێنا.

کە هەردووکمان جوان جوان تەربووین و ماندوو بووین. تاوێک پاڵکەوتین و چاومان برییە ئەستێرەکانی ئاسمان. وردە وردە مانگیش هەڵهات و ئەو ناوەی رۆشنکردەوە. بێ ئەوەی کەسمان بەوی تر بڵێت: هەڵسە برۆین. هەریەکە و لە شوێنی خۆمان هەڵساینەوە و کراسە تەرەکانمان دابەشانی خۆماندا و کەوتینەوە رێ. تاگەیشتنەوە نزیک ئۆردوگا بە دەنگی بەرز گۆرانیمان وت. لەگەڵ گەیشتین، یەکی دەستێکمان بۆ یەکتر بەرزکردەوە و هەرکەسە و بەرە و ماڵی خۆمان.

لە ئۆردوگا عادەت بوو، تا درەنگانێک ژنە بێ کەسەکان، کە زۆربەیان نەنک بوون و لە پیرەکان بوون. لە بەردەرگا کۆدەبوونەوە ئاخ و کەسەری رابردووی خۆیان بۆ یەکتری هەڵدەرشت. ماندوو نەدەبوون لە دانیشتنی شەوانی بەردەگاو باسکردنی لە دەستدانی ئازیزەکانیان و گریانە بەردەوامەکانیان. لە شوێنێک بووین

ئاشنابوو بە دەنگی گریان و پڕ بوو لە پیری، ئەوانەشی وەک من گەنج بوون. ئەوانەبوون بە منداڵی جێمابوون و کەوتبوونە لای باو باپیرانیان.ئومێدی باو باپیران تەنها ئەو تاقە نەوانەبوون بۆیان جێمابوون. هەرکە نزیک بوومەوە لە ماڵی خۆمان، لە دورەوە نەکم لەناو هەموو پیرەژنەکان هەڵساییەوە بەرە و رووم هات. بەشێوەیەک باوەشی پیاکردم، واتدەزانی یەکەمجارە دەمبینێت. کە دەستی لێدام گشت گیانم تەرە، هەڵوەستەیەکی کرد و وتی:

-ئەی رۆ، ئەوە لە کوێ بویت؟ ناشێت بەم شەوە جووبیت بۆ مەلە؟

نا... نا. مەلە نەبوو. شەرە ئاومانکرد، ئیتر بۆ خۆی تەربووم.

-دەخێراکە وەرە لەگەڵم. خوا ئەزانێت ئێستا لەم کاولبووە چەند نەخۆشی هەبێت. تازوە جلەکانت داکەنە با نەخۆش نەکەویت. نەخۆش بکەویت قوری کوێ بکەین بەسەرمانا. بۆچی تۆزێک خەمی خۆت و ئێمەش ناخۆیت. خۆ ماشەڵات لێبێت و دوربیت لە چاوی پیس گەورەبوویت و شت دەزانیت. رۆڵە گیان بەزەییەکت بەم دڵە سیسەی من و باپیرتدابێتەوە. ئەوەنە سەرە رۆ مەبە. بەم نیوەشەوە کەی وەختی شەرە ئاوە. ئاو لە شەواندا باش نیە. هەزاران پیاوی کەتە و بە هەیبەتی لەناو بردووە. تەماشا تەماشا، بەنی وشکت پێوە نەماوە. زوکە دەی با تووشی دەردێک نەبیت. دەستیگرتم و بەشوێن خۆیدا رایکێشام بۆ ژورەوە.

مووەکانی گیانم راستبوو بوونەوە. کراس و شەرواڵە تەڕەکەم داکەند و، کراس و شەرواڵێکی وشکم کردە بەرم. جێگاکەی خۆم پێچایەوە و هێنامە هەیوانەکە. قاچم ئازاری دەهات بە هۆی نقد سەرم. بە ئازاری قاچمەوە پاڵکەوتم. نەمدەوێرا بە نەنکم بڵێم، دونیایی دەهێنایە سەرم.

# ڕێگا خۆڵاوییەکەی ژیان

# ٣

بەیانی زوو هاتمە گەراجەکە.

ئەو جێبە بێ کەڵک و کۆنانەی لەم گەراجەدان، لە مرۆڤی ئەم سەردەمە ئەچن، ناوەستن بەدیار کەسەوە. دەبێ بەیانیان زوو بێیت فریابکەویت لەگەڵیان بچیت بۆ شار و، ئێوارانیش بەهەمان شێوە لەگەڵیان بگەڕێیتەوە. یەکجار ئەرۆن و یەکجار دێنەوە. لەکاتی خۆشیان لایاندا، بەبێ گوێدانە جێهێشتنی کەسێک دەرۆن. داماو بۆکەسێک دوابکەوێت و ئیشێکی هەبێت، مەگەر بۆخۆی بکێشێت بەرانی خۆیدا. لە ترسی جێهێشتن لەو نەفەرانە بووم، پێش کاتی دەرچوونی قافڵەی جێبەکان لەوێ دەبووم.

لە ڕێگاش ئەوەندە هەڵتیک هەڵتیکت پێدەکەن، هیچ لەسکتا نامێنێت. ئەوە بۆ چوار ساڵ دەچێت، لەم ئۆردوگایەوە دەچم بۆ ئەو شارەی تەنیشتمان کە زانکۆکەی لێیە، هێشتا هەستم بەوە نەکردووە یەکێک لەو شۆفێرانە ڕۆژێک لە ڕۆژان وەک دۆستێک، ناسراوێک سەیرت بکات. ئەوان بەس ئیشی خۆیان دەکەن، چاکیش ئەزانن تۆ خوێندکاری، یا ئەوی تر مامۆستاییە، فەرمانبەرە، سەوزە فرۆشە، دەستگێرە، قەت ناوەستن بە دیار کەسێکەوە بڵێن: بۆ دواکەوت. وانەبێت نەناسبین و خەڵک نەناسن. سەدجار سواری جێبێک ببە، بۆ سەد و یەکەمجار شۆفێرەکەی وا خۆی دەردەخات ناوناسێت.

کە سەرەی خۆی هات و نەفەرەکانی هاتن، باری خۆی دەکات و

دەڕوات. ڕۆیشتنەکانی خۆیان کردبوو بە کات. لەو کاتەدا چی فریبیا بکەوتایە باریاندەکرد، چیش فریبیا نەکەوتایە جێیان دەهێشت. جێبی وها هەبوو بە خاڵی دووجار چووبوو هاتبوویەوە. نەفەرەکان لێیان پرسیبوو بۆ وادەکات. بە گوێ نەدانێکەوە وەڵامیدابوویەوە، کاتم نەماوە و نامەوێت لەبەر خاتری نەفەرێک سەر لە کاتەکان تێک بدەم.

لەناو گەراجەکەبووم تا نەفەر بێت و بڕوا. بە پێوە لەسەر عەرەبانەی قاورمە فرۆشەکە، قاورمەیەکم کڕیی و دەستمکرد بە خواردنی. بروسکەیەک هات بەسەرما، بیرم کەوتەوە کە من دواهەمین ساڵمە. لەم ئاخرییەوە دەبێت باسێک بنووسم. جا لەوە باشتر نیە، باسەکەم لەسەر کۆماکاردار بێت. هەم خۆی ماوە بارمەتیم دەدات، هەم کاماشی هاوڕێشم شتێکی لێدەزانێت و بەبێ سەر ئێشە و خۆشی تەواوی دەکەم و نەجاتم دەبێت.

بەخوا هیچ مردوێک وەک ئەمە بەپاکی نەشۆراوە. لەگەڵ گەرانەوەم یەکسەر لەگەڵ کاماش باسی دەکەم و، شتێکی لێدەکەین. ئەم بیرکردنەوەیم دڵی خۆشکردم. زەحمەتی زۆریشی ناوێت. چیم بوێت لە دەورو بەرم هەیە. ئۆردوگا ئەو خەیرەی تیاییە، خەڵکی هەموو شوێنێکت پێ دەناسێنێت. هێلانەیەکە گشت باڵدارێک رویتێدەکات.

مامۆستای کۆمەڵناسیمان بە باشی باسی ئۆردەگاکانی نەدەکرد. بڕوای وابوو: دروستکردنی ئۆردوگا پرۆژەییەکە ڕژێمەکان ئەنجامی دەدەن. بۆ شێواندن و هەڵوەشاندنەوەی کلتور و ئاکاری کۆمەڵگە. قەلێ من، بە پرۆژەییەکم دەبینی، بۆ ناسینی مرۆڤی جیاواز. ناو ئۆردوگا شوێنێکە ڕەنگی جیاواز و مرۆڤی جیاواز پێکەوە کۆدەکاتەوە. بتەوێت ڕەنگە جیاوازەکان و مرۆڤە جیاوازەکانی

کۆمەڵگەیەک بناسـیت. ماوەیەک لەناو ئۆردوگا دروستکراوەکاندا بژی، وەک ئەوە وایە لەناو سەرتاپای کۆمەڵگەکە ژیابیت.

لەفـەی قاورمەکە بەدەممەوە بوو، تەواوم نەکردبوو شـۆفێری جێبەکـە بانگـی کردم بڕۆیـن. کەوتینە ڕێ. هەمیشـە لە دواوە سواردەبووم، چونکە ئۆردوگاکە هێندە پیر و پەککەوتەی تیابوو، پێشـەوە بەر گەنجـەکان نەدەکەوت و شـورەیی بوو ڕێ بەخۆت بدەیت بچیتە پێشـەوە. لە تەنیشـتم پیرەژنێکی سەرتاپا ڕەشی دەموچاو ماندوو دانیشتبوو. کەمجار بووە لەو ڕێگایە پیرە ژنێک، یـان پیرە پیاوێک لەگەڵمان نەبێت. هەندێکیان بۆ دەستفرۆشـی کۆڵانەو کۆڵان دەهاتنە ناو شارەکە، هەندێکی کەشیان خزمەتکاری ماڵان بوون و، ئەوانی کەش سەوزە فرۆشەکانی سەر شەقامەکان. کە بەیانیان زوو بە خۆیان و یەک دوو تێشـوی پڕ لە سـەوزەوە ڕویاندەکردە گەراجەکە، ئیتر ناو گەراج و ئۆتۆمبێلەکە پڕ دەبوو لە بۆنی سەوزەی تەڕ، هێندە بۆنەکەی تیژبوو سەری موسافیرەکانی پڕدەکرد لە بەهار. پەنجەرەی دواوەم دەکردەوە و، لەتەک باکەدا بۆنی کەوەر و کەرەوز و توور دەهاتە بەسەرمدا.

هێندە دورنەکەوتبووینەوە، پیرەژنەکە چەنجارێک سەیری کردم و، لەگەڵ هەر سەیرکردنێکدا هەناسەیەکی هەڵدەکێشا و دەیکێشا بەدەسـتی خۆیـدا. وا چـاوی دەبرییە ناوچاوانـم، چاوە بچوک و پێڵـوە لۆچەکانـی چنگیان لـە دڵم گیردەکرد. بۆئـەوەی واخۆم پیشـانبدەم زۆر ئاگام لەو هەموو نیگا ورد و تیژانەی نیە، چاوی خۆمم دەخسـتە سـەر دەسـتە لۆچ و زبرەکانی، کـە وردە وردە تونێکڵی سپیان هەڵدابوو. دەمزانی ئەو سەیرکردنانەی کەسێک لە ڕوخساری منـدا دەبینێت. پاش تاوێک خۆی نەگرتووە لێی پرسیم:

-ئەڕێ کوڕە گیان، خەیرە؟ بۆ کوێ ئەچیت؟

دایە گیان، دەچم دەرسم هەیە.

-دەک دایە بەساقەو بێت، خۆ هەر دەڵێی خۆیەتی! قوربانی خوابم ئیشەکانی چەن جوانن. سێویک ئەکا بە دولەتەوە و لەتێکی دەباتەوە بۆ خۆی و، لەتەکەیتریشی لە شوێنێکی تر فرێدەدات. ئیشەکانی هەروابوون. ناهێڵێت زەوی بەلەتێکەوە جێبهێڵێت و لە تێکی جێدەهێڵێت بۆ ئەوانەی وێڵی بیننەوەین. چاوم گەش بوییەوە بە بیبینی تۆ. کتومت لەو دەچیت!

کێ دەڵێیت دایە؟

-چ بڵێم ڕۆڵە، شوکور گەورەیت و دەزانی کوێم دێشێت. کەس هەیە لەم ئۆردوگایە دانیشێت و، ئازیزێکی لەدەست نەدابێت. ئەمە ئۆردوگای ئازیزە لە دەست چووەکانە. هەموو ئێوارەیەک چی پیرەژن و پیرەپیاوی بەستەزمان هەیە روو ئەکەنە ئەو بیابانە و چاوەڕێی هاتنی هەواڵێکن.ئەوەندە کروزایینەوە و کەسێک نەبوو گوێ لە کروزانەوەکەمان بگرێت، دەنگیشمان نووساوە. بۆ چەند ساڵ دەچێت ئێوارە نیە کەسمان بە دڵێکی پڕەوە سەر نەنێینەوە. بەچاوەکانت، کەم شەو هەیە خەونی پێوە نەبینم. تاقە جەرگێکم هەبوو، ڕۆیشت.... ڕۆیشت... ئەو ڕۆیشتنەی ڕۆیشت نەگەڕایەوە.

جەرگت کە ڕۆیشت، بە تەنیا ناڕوات، بە خۆیەوە هۆش و هەستی دایک و باوکیش دەبات. بەهەزار فەلاکەت منداڵێک بەخێو دەکەیت، دەستێکی ڕەش دێت لە چاو تروکانێدا لێت دەسەنێتەوە. چۆن نەسوتێم... چۆن جەرگم لەت لەت نەبێت؟...

لەم قسانەدا بوو دەستێکی هێنا و کەمێ پەنجە زبرەکانی خستە ناو قژم. پاشان وردە وردە زۆر بەنەرمی دەستی هێنا بەروخسارمدا. ناو لەپی دەستی ئەوەندە زبربوون گیردەبوون لە روخسارم. بۆ ئەوەی دڵیخۆشیبکەم زەردەخەنەیەکم بۆ کرد و

چەمامەوە بۆ دەستەکەی تریی و ماچێکم کرد.

-بەساقەو بم، سەرت بێنە پێشەوە با ماچێکت بکەم.

چی وت وامکرد. نەشمدەویست برینەکەی هەڵدەمەوە و بپرسم ئازیزە تاقانەکەت کێییە و، چۆن رۆیشـت. چونکە چیرۆکەکانمان زۆربەیـان لەیـەک دەچوون. یانـی، هەمووکەس لـە ماڵی خۆی بووە، کتوپڕ دەمەو بەیانێک، یان ئێوارەیەک داوییانە بەسەریاندا و بـە زۆر سـواریانکردوون و بردونیـان. لەگـەڵ بردنەکەدا کەس نەگەراوەتـەوە. نەگەرانـەوە و چاوەروانیکـردن، ژیانـی دوای کارەساتەکەی داگیرکردبوو. لەوانەیە مردن خۆی سەخت نەبێت بۆ کەسی مردوو. مردن سەختیەکەی بۆ کەسانێکە چاوەروان نەبوون کەسە مردووەکە لە دەست بدەن. لە مردن و لە هەموو دەردەکان، قورسـتر چاوەروانییکردنە بەدیار کەسێکەوە، دڵنیا نیت دێیتەوە یان نایەتەوە. چاوەڕوانی چرکەیەک تەمەن دەکات بە سەدەیەک.

-لە دەورت گەرێم. تازە ژنم بۆ هێنابوو. رێک لە سنعی ئێستای تۆدابوو. ئەو سا دور لە ئێستا حەوشوو بانێکی گەورەی خۆشمان هەبـوو. شـوێنەکەمان ئەوەندە فەریـح و گەورەبوو، جێی نیوەی گوندەکـە ئەبوویيـەوە. وەک ئێسـتا بەدبەخت و دەسـت کورت نەبووین، چیت بوویستایە هەمانبوو. وەجاخی منیش لەم دونیاییە بەو تاقە کورە و رۆشن بووبوویيەوە. بەڵام خوا شوکر نەبێ، هەر زوو لێـی سـاندمەوە! بەچاوەکانت، حەوشـە و بانێکمان هەبوو، دڵـی دێوانەی چـاک دەکردەوە. بـە ئاواتەوەبـووم نەمرم و بەم چـاوە بچوکانـەی خۆم، نەوەی نەوەکەم ببینـم. بەڵام نەمبینی. نەیانهێشـت ببینم. خودا لێی سـەندمەوە. بـردی و نەمزانی بۆ کوێی دەبات.

ئافاتێـک هات، ئافاتی بردنەوەی جوانییەکان بوو. رۆڵە مەرگ

بـێ ڕەحمە. مەرگ جارێ بە دەسـتی مرۆڤـەکان دێ و، جارێک بە دەستی فریشـتەکان. مەرگێک بە دەستی مرۆڤەکان هاتبێت، ئازاری زۆرە.

ئینجا هەر خۆی وەڵامی خۆی دەدایەوە. کورە خوای چی، ئەو عەرەبە پێ پەتی و ڕەشماڵ لە کۆڵانە لێیان ساندمەوە. حەزەکەم کوێریم عەرەبێک نەبینم. دوای بردنی کوڕەکەم حەشا تا ئێستاش ڕومنەکردوەتەوە قیبلە. قیبلەیەک هی ئەوانە بێت بۆچیمە. خۆزگە قیبلـە لە خاکی عـەرەب نەبوایە، با ڕۆژی دەجار ڕووم تێکردایە. کاتێکیش دوعا ئەکەم و لە خودا ئەپاڕێمەوە، پشت ئەکەمە قیبلە و ڕووئەکەمـە کێـوەکان. ڕەنگە بڵێیت: ئەم پیرەژنە بەم ئاخری عومـرەوە بۆچی ناشـوکریی دەکات . حەقـی خۆمە ڕۆڵە حەقی خۆمە.

تۆش لە شـوێنی من بویتایە هەر ئەوەتدەکرد، کەمن دەیکەم. ناشـوکر نیم، نە چاوم بەرایدەدا نە دڵم، ئیتر شـتێکیش بە دڵ نەکرێـت هەر نەکرێت باشـە. مادام دڵم بەرایـی نادات ڕووبکەمە خاکی عەرەبان، بۆچی درۆیکەم. قوربانی خوابم، زمانەکەی ئێمە و زەوییەکەی ئێمە چیەتی، خۆ پیس نیە. خۆ زەوی خۆیەتی، ئیتر بۆ ڕووبکەمە خاکە پیسـەی عەرەبان. چی ئاژاوە و بێ ئابرووبی هەیە لە خاکی عەرەبانە. دڵم پێم ئەڵێت، خوا لە هەرشوێنێک بێت لە خاکی عەرەبان نیە.

ئەوە ماوەیەکیشـە لەم بازاری شـارەدام، شـتی زۆر ئەبیستم. ئـەو تۆزە ئیمانەش کە پێشـتر هەمبوو، ئەویشـم لەبیرکردەوە. خەڵک وادەڵێن: گوایە کاتی خۆشی هەر وەک ئێستا، خراپتریش، لـەو بیابانـەوە بەنـاوی خوداوە هاتـوون، کچەکانیـان بردوین و پیاوەکانیـان کوشـتووین. جا توخوا کـوڕم، خوایەک بەو هەموو

گەورەیەی خۆیەوە، چ حاجەی بەم ئیشـانەیە. خودا ئەگەر خودا بێت خۆشـی بۆ خەڵک دەهێنێت، نەک کوشتن و تاڵانکردن. ئەم دەمووچاو رەش و قولباریکانە خۆیانکردوە بە میراتگرەوەی خوا. بەناوی ئەوە چی تاڵانی و برۆهەیە دەیکەن. خواش قسـە ناکات. خۆ شێت نەبووم رووبکەمە قیبلەی ئەوان. خاکێک ئەوەندە پیس بێت پڕبێ لە پیاو کوژ و کچ ڕفێن، قابیلی روو تێکردن نیە. کەی خودا ڕێگا بە خۆی دەدات لەسەر خاکێکی پیسی وا دانیشێت.

نەفرەتیـان لێبێـت بۆ خۆیان و کردەوەکانیـان. چاوم بەرایی نادات یەکێکیان ببینم. لەم ماوەیە لە عانی سـەوزە فرۆشـتندا، سـەرم بەرزکردەوە یەکێکیان بە خۆی و دیزداشـەیەکی سـپی و بێ دەرپێوە لەبەردەمم وەسـتابوو، سـەوزەی دەویست. نەمکردە نامـەردی هەتـا هێـزم تیابوو چەپکێک تورم کێشـا بـە تەوقی سـەریدا. پێم وت: پێ پەتی بە چ روییەکیتەوە هاتوویت سـەوزە لەمن بکڕیت. کوا کوڕەکەم؟ کوا بوکەکەم. بەخوا خەڵکی ئەو ناوە لێمگەرانایە دامدەپلۆسی.

یەواش یەواش ئەم قسانەی دەکرد و دەستیکرد بە گیرفانی لای چەپی کەواکەیدا، کیسەیەک توتن و سیغاری دەرهێنا. کیسەکەی کردەوە و سەری پەنجەی تەرکرد و، پەڕە سیغارێکی لە دەفتەری سیغارەکە جیاکردە و، کیسەکەی خستە سەرکۆشی و لەزرە لەرز و هەڵتەک هەڵتەکی ڕێگاکا، سەریان لێ تێک نەدام و دەسیتکرد بە پێچانەوەی سـیغارەکەی. بەڵام تا سـیغارەکەی پێچاییەوە، کەوشـی پڕبوو لـەو وردە توتنانـەی لە دەسـتی بەردەبوونەوە. هەرلەگەڵ پێچانەوەی سـیغارەکە، کۆشی هەڵتەکاند و کیسەکەی لولکرد و خستیەوە گیرفانی. یەک شقارتەی لێداو دایگیرساند و خستیە نێوان لێوی و دەسـتیکردەوە بە هەڵدانەوەی برینەکانی

خۆی. ئەو پیرە پیاوەی لەوبەری ئێمەوە دانیشتبوو، هێندە ماندوو دیاربوو، هەر فریای ئەوە دەکەوت وەنەوز بدات و بە تاسەی ڕێگاکە خەبەری ببێتەوە. بروانا کەم ئاگای لەیەک قسەی بەینی من و پیرەژن بووبێت.

لەگەڵ یەکەم نەفەسی سیغارەکەی کۆکەیەکی کرد و، کەمێک کەوا و کراسەکەی خۆی کۆکردەوە و ڕوی تێکردم.

جا کوڕم سەرت نەیشێنم. تازە بوکم هێنابوویە ماڵەکەم، بتبینیمایە واتدەزانی هەموو دونیا هی منە. لە خۆشیی کوڕەکەم و بوکەکەم، لە ناو ئەو حەوش و ماڵەدا ڕێم نە دەبووییەوە. شەبەقی بەیانی خەبەرم ئەبووییەوە، ئەکەوتمە ئیشکردن و نان حازرکردن تا زاوا و بوکێ لەخەو هەڵسن و نانەکەیان بخۆن. دڵم نەدەهات خەبەریان بکەمەوە، تا خۆیان بە خەبەر دەبوونەوە. هەفتەی یەکەم بوکێ، لە کاروباری ماڵ تێگەیشت. حەزم نەدەکرد دەست بکات بە ئاودا. بەڵام خۆی زۆر بە سەلیقە و ژیربوو، دەست و پەنجەیەکی نەرم و نیانی پێوەبوو. دوای هەفتەیەک لە کون و قوژبنی ماڵەکە و ئیشەکان شارەزابوو. ئیتر تا من لە خەو هەڵدەستام ئەو نیوەی ئیشەکانی کردبوو. وای لێهات لە هەفتەی سێهەمدا، تەنانەت ئاوی دەکرد بە دەستی من و پیرە پیاوەکەما. گروجوگۆل حەوشەو بەرو بانەکەی گسک دەدا. نانەکەی حازر ئەکرد و خزمەتی هەرسێکمانی دەکرد. حەسابوومەوە لە بەردەستیان.

چ ژیانێکمان هەبوو، خۆش، ئارام.

خۆم ئەمزانی ئەو خۆشییە کورتە و ئاخریی خێربێت. ئێمە ڕانەهاتووین بە خۆشی بژین. کە خۆشییەک دێتە ڕێمان، دڵ کوتەمانە هاکا ڕۆیشت و ناخۆشییەکی لەگەڵ خۆی هێنا. مانگێکی پڕ نەکردەوە بەیانیەک بە گرمە گرم و دەنگە دەنگ

خەبەرمبوویەوە. لە جێکاکەم راست بوومەوە پەردەی پەنجەرەکەم لادا. پەنجەرەی هۆدەکەی من و پیرە پیاوەکەم زۆر نزم بوو. کە پەردەکـەم لادا چیـم بینی! چی دارو دیـواری ئەو گوندە هەبوو، تەنرابوو لە عەسکەر و جاش. بە راپسکانەوە هەڵسامەوە و هاتمە حەوشە. گیانم لەبەردا نەمابوو. دەست و پێم دەلەرزی.

بینیم چوار جاشی ورگزلی جامانە بەسەری سمێڵ رەش، لەبن دارتووەکە دانیشـتوون جگەرە دەکێشـن. خێرا سەرپۆشـەکەی سەرم پێچایەوە و بەرو رویان چووم و سڵاوێکم لێکردن.

بە لالوتێکەوە سەیرێکیان کردم و، یەکێکیان تۆزێک گەنج بوو بە شێواویەکەم زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

مەترسە نەنە، ئەمرمان بۆهاتووە بتانگوازینەوە بۆ شوێنێکی تر، تا وەزعەکە باشبێت. ئەم شوێنە بریارە تێک بدرێت و تێکدانەکەشی لەبەر شـەڕو شۆڕە. بیستوومانە شـەوان شاخاوییەکان دێن لێرە سـکی خۆیان تێردەکەن و، دوای تێری پەلامارێکی سەربازەکانی میریـی دەدەن. میریـش لـەوە زیاتـر قبوڵی نـاکات و هاتووین چارەسەرێکی ئەو سەر ئێشەیە بکەیت.

خەتـای میریـی نیـە واتـان لێـدەکات! خەتـای خۆتانـە. شـەوان ماڵەکانتـان دەکەنە شـوێنی حەوانـەوە و تێربوونیان و پێشـییاندەکەون ڕەبابیەکانیان پیشـاندەدەن و دەسـتی خۆیان دەوەشـێنن و دەچنەوە بۆ ناو ئەشـکەوتەکان. میریشـی قبوڵی ناکت، دەسـتی ناگاتە ئەوان و حەقی ئـەوان لە ئێوە دەکاتەوە. منیش لە شوێنی میریی بم، خراپترتان بەسەر دەهێنم. چیتانداوە لـەو شـاخاوییانە وادەزانن دونیاتان بـۆ ڕزگار دەکەن. ڕۆژگارێک دێت بە ئەژنۆ کاڵەک بکشێنن، کە چ هەڵەیەکتان کردووە.

–ئەیـرۆ بۆ کـویَ رۆڵە. ئەمە دێی ئـەژدادو ئاباومانە، خۆ نە

کەس دێت بەم ناوە و نە خەڵکی ئێرەش سەربە گوێبەنن. ئیتر بۆ کوێمان دەبەن؟

ئەوە ئەمرە نەنێ، ئیشی ئێمەش هەر ئەوەیە ئەمری سەرەوەی خۆمان جێبەجێکەین. قسەو پاکانە سودی نابێت. تا زوە خۆتان کۆبکەنـەوە. پێویستیش نـاکات کەلوپەلی زۆر لەگـەڵ خۆتان بهێنن. ئۆتۆمبێلی کەمان پێیەو جێی کەلوپەلەکانتان نابێتەوە.

خێرا گەرامەوە و پیرە پیاوەکەم خەریکی خۆ گورجکردنەوەبوو، خەبەرەکەم پێدا. تا لە هۆدەکەی خۆمان هاتمە دەرەوە، کوڕەکەم و بوکەکەشم هاتبوونە هەیوانەکە. هەرچوارمان ڕەنگ بزرکا و لەناو هەیوانەکە سەیری ئەو جەیش و جاشەمان دەکرد. یەکێک بەشوێن مریشـکا رایدەکـرد، یەکێک گوێرەکەی بەدەسـتەوە بوو، یەکێک جـل و بەرگ و بەتانـی. هەریەکەو خەریکی بردنی شـتێک بوو. ئێمەش رەنگ هەڵبزرکاو سەیری یەکتریماندەکرد. بوکەم راسپارد بە خێرایی تۆزێک جل و مل کۆبکاتەوە و، باعزێک پارەمان هەبوو لە پشت بۆفییەکە بوو بیخاتە ناو جلەکانەوە با بێ پارە رونەکەینە لایەک و برسیمان ببێت، هیچ نەبێت بەشی خەرجی چەند رۆژێک لەگەڵ خۆمان ببەین. تا دەروێکمان لێدەکرێتەوە.

وەڵا ئیتـر ئـاوا کوڕم، ئەوان تاڵانیاندەکرد و ئێمەش بێکەس و بێ دەسەڵات زاقەی جاومان دەهات.

خۆیانکـرد بەنـاو ماڵەکـەدا. هەرچـۆن لـە شـوێنی خۆمان وەسـتابووین، ئاوا پەلیانگرتین و سـواریانکردین! هاوارییاندەکرد بەسـەرماندا، لە هاوارەکان تێنەدەگەیشـتم، نازانم جنێوییاندەدا، یـان شـتێکی کەیـان دەوت. بەشـەق و لـەق و قۆناغـە تفەنگ تێمانبەربوون تا خستینیانە ناو زیلەکانەوە. پێش ئەوەی بگەینە سەر جادە قیرەکە، وەستان. هاتنە ناومان و چ گەنج هەبوو یەک

یەک و دوو دوو هەڵیانبژاردن. دەستیان نەپاراست لە هیچ شتێک، ئـەوەی گەنج بوایە، ئیتر کچ بێت یان کوڕ، جیایانکردەوە. دوای گەنجەکان دەستیانکرد بە جیاکردنەوەی منداڵەکان. ئێمەی پیریی بێکەڵکی کەنەفتیشیان گرمۆڵەکردن. ئەوە ئاخر جاربوو چاوم بە کوڕەکەم و بوکەکەم بکەوێتەوە.

دوای جیاکردنەوەمان، پیرەکان هەر بەشـی یەک زیلیاندەکرد، باریانکردیـن و هێنانیان بۆ ئەم ئۆردوگاییـە. ئەوکاتەی ئێمەیان هێنـا، تەنها بیابانێکی چۆڵـی پەرژینکراوبوو. هەرچواردەوری بە تەلی درکاوی تەلبەن بوو. لە سوچەکانیشـەوە قوڵەی پاسەوانی دانرابوو. یەک دەروازەشی بۆ کرابوو، بۆ هاتوو چۆی خۆیان. زیاد لە شـەش مانگ کەس بـۆی نەبوو لەو پەرژینـە بچێتە دەرەوە. ئەو تەنکیە گەورەی دەیبینی لە ناوەراسـتی ئۆردوگاکەییە، پاش دوومانگ دروستیانکرد.

بێ ئاو بێ نان، وەک پەڕۆییەکی زیادە سەیریاندەکردیین و لێرە فڕێیاندابن. هەفتەی جارێک زیلێک سـەمونی رەق و چەند دەبە ئاوێکی گەرمیان دەهێناو و هەڵیاندەڕشـت. ئەو نان و خۆراکەی هەمان بوو بەس ئەوە بوو. نەیانهێنابووین لێرە بژیین. هێنابوونیان بە نەرمی لەسەر خۆ بمریین. خەڵکی زۆر بەرگەی نەگرت و مرد.

ئـەو دوومانگە بـە دەبە ئاومان بۆ دەهات و، کەسـیش خۆی نەشـۆرد. هاوینەکەی بەو دەردە بردمانە سـەر و کە زسـتانیش هات یەکی خەیمە شرەیەکیان پێداین. حاڵێکمان هەبوو، لە حاڵی سـەگ خراپتـر. لەلایەک بـەو حاڵەوە دەتلاینـەوە، لە لایەک بە دیار چاوەڕوانی کوڕو بوکەکەمەوە دەتلاییینەوە. چارونووسیانمان نەدەزانی و چاوەڕوانبووین بیانهێێنن بۆ لای ئێمە.

هەرکەسـێکیش دەمرد رایاندەکێشایە دەرەوە کەس نەیدەزانی

بۆ کوێی دەبەن.

چاوم کوێربێ گەر ئەو کاتەم لە بیرچێت، کوڕ و بوکەکەیان لێجیاکردمەوە.

قسەکەی تەواو نەکرد، فرمێسک لە گۆنا لۆچن و وشکەوە بووەکانی هاتە خوارێ. بەسەرپۆشە رەشەکەی فرمێسکەکانی سڕیی و بەدڵێکی تەنگەوە دەستیکردەوە بە گێڕانەوە:

سەرم ئێشاندی، داخی زۆر لە سینەمایە بۆیە خۆم ناگرم. زۆر لە کوڕەکەم ئەچیت، رەحمەت لە دایک و باوکت، ئەمڕۆ بە بینینی تۆ کەمێک دڵم سوکنایی هات. هەرجارێکیش باسیانبکەم خەمەکەی سەردڵم کەمێک دەرەوەێتەوە. توچاوە جوانەکانت جاربەجار سەرێکم لێ بدە. ماڵمان لای تەنکی ئاوەکەوەیە. هەر بەدەستە چەپی تەنکیەکەدا وەرە، کۆڵانی یەکەم لە سەر سوچەکەی کەلاوەیەکی لێیە، لە خوار کەلاوەکەوە دوکانێکی سەوزە فرۆشتن و هەندێک چوکلێتی منداڵانی لێیە. ئەوە دوکانی پیرە پیاوەکەمەوە. خۆم بەیانیان سەوزە دێنم بۆ شار و دەیفرۆشم و پیرە پیاوەکەشم دوکانێکی خنجیلانەی داناوە، بە هەردووکمانەوە ئەوەی پەیایی ئەکەین ئەیخۆین.

دوکانەکەمان بۆ بێتاقەتی پیرە پیاوەکەیە. بەشی ئەوە خەرجی دەرناهێنێت نانێکی گەرمی پێ بخۆین. ناچار خۆم بەم تەمەنەوە خەریکی سەوزە فرۆشتنم. زمانم لاڵبێت گلەیی لە خەڵکی شارەکە بکەم. زۆر باشن لەگەڵمان. باشدەزانم هەندێکیان سەوزەیان پێویست نیە لەبەر خاتری دڵی ئێمە دەیکرن. ناهێڵن ئێواران بە دەستی بەتاڵ بگەڕێینەوە. خوا لەوە زیاتریان پێبدات.

ژیانی ئێمە ئاوایە کوڕم. تەنها شتێک وامان لێبکات هەوڵبدەین بژین، ئەوەیە چاوەڕوان دەبین تا هەواڵێکی کەسەکانمان بزانین.

ئەوە بۆ چەندین ساڵ ئەچێت، ئاهو ناڵەی ئەو هەموو پیرە ژن و پیرە پیاوە نەگەیشتوەتە مەنزڵ. گشت ئێوارەیەک هەموومان چاوەڕێین هەواڵێک ببیستین. نە هەواڵ هەیە و نە چاوەڕوانی ئێمەش تەواو دەبێت. ئەمانەوێت نەمرین تا چ بە زیندویەتی بێت یان مردویەتی، هەواڵی بوک و کوڕەکەمان بزانین.

ئەو گیانەم بە قوردا بچێت، بەس تەرمەکانیشان ببینم، دوای ئەوە گیانم هەرناوێت و با خودا بمباتەوە و لەوە زیاتر چاوەڕوانم نەکات. بە قسەکانیا، قسەکانی نەنکم بیر دەهاتەوە. تەنانەت رازیین بە بینینی تەرمەکانیشیان، کەچی خەمخۆرێک نیە ئاواتەکەیان بۆ بهێنێتە دی.

خۆم حاڵم زۆر باشبوو! ئەم خەمەشی هاتە سەر. نازانم بۆچی لەم مەملەکەتە قەت گوێت لە چیرۆکێکی خۆش، بەسەرهاتێکی خۆش نابێت؟! دەیانجار روویداوە لەگەڵ پیرە ژن و پیرە پیاوەکانی ئەم رێگایە پێکەوەبین، لەو دەیانجارە یەکێکیان نەبوو بەسەرهاتێکی خۆشی خۆی بگێڕێتەوە. دەڵێی لە دایک بووین بۆ ئەوەی چی ئازاری دونیا هەیە، لەم دڵە بچوکانەی ئێمەدا شوێنی خۆی بکاتەوە.

چی بەسەرهاتیان دەگێڕایەوە، دەبایە کۆتاییەکەی یەک گریانی قورسی لەگەڵ بوایە. هێندە ئازاریان چەشتبوو نەیاندەپرژایە سەر باسکردنی ساتێکی خۆشی ژیانیان. زۆر سەیربوو بەسەرهاتەکانی هەموویان لەو ساتەوە دەستی پێدەکرد، کە ئازیزەکانیان لە دەستدابوو. خۆ منیش وەک ئەوان بوو، لێ، چونکە زۆر باش لە ساتی لە دەستدانەکە تێنەدەگەیشتم تا گەورەش نەبووم، تامی ئەو لە دەستدانەم نەکرد. ئەما، ئەوان هەمیشە یادەوەریان پڕبوو لەو ساتانەی لەیەکتری جیاکرابوونەوە.

قسـەکانمان تەواو نەبوون، گەیشتینە جێ. بەشێوەیەک گوێم لێگرتبـوو، هەسـتم بـە تێپەڕینی ڕێگاکـە نەکـرد. کاتێکم زانی شۆفێرەکە فەرمویکرد دابەزیـن و کەلوپەلەکان دابگرین. چوومە سـەر چەمچەی جێبەکە و توێشـەکان و فەردەکانم داگرت و هی پیرەژنەکـەم جیاکـردەوە. داوام لێکرد یارمەتـی بدەم تا دەگاتە شوێنی خۆی. یەکێک لە توێشەکانی دا بەسەر شانیدا و کەواکەی هەڵکرد و ئەویتریشـی بە دەستەکەی دیکەی هەڵگرت. سەیرێکی کرد وتی:

- خەمـی منت نەبێت. ئەمە ئیشـی ڕۆژانەمە. تـۆ برۆ بەدیار ئیشـەکەی خۆتەوە، دەی بەسـاقە گورج و گۆڵ بە. ژیان بەدیار کەسەوە ناوەستێت.

ناچار خوداحافیزم لێکرد و بەڕێگای خۆمدا هاتم. تا گەیشتمە بـەردەرگای زانکـۆ، دڵم بە جۆرێک داگیرابـوو، هەنگاوەکانم زۆر بە قورسـی بـۆ هەڵدەهاتنەوە. زۆر خەفـەت دەخۆم بەم خەڵک و بـەم شـوێنە. ئەم گەرمیانە خۆی برینە، بـەس بە ناو هێنانی ئازارت پێدەگات. لەوانەیە هەرکەسێک دۆزەخی بێت لەم گەرمیانە زینـدووی بکەنـەوە. دۆزەخێک نابینم وەک ئێـرە چیرۆکی ژیانی مرۆڤەکانـی ئەوەندە سـەخت بن. لەوەتەی هەیـە ئازار دەدرێ و لەوەتەی هەشە هاوارێکی نەکردوە تا ئازارەکانی خۆی پیشانبدات. ئـەم گەرمییانـە چ شـکۆیەکی هەیە! هەرچەند لێـی دەروانم، لە پیاوێکـی برینداری بەشـکۆ ئەچێت. پیاوێک گـەر هەموو گیانی پارچە پارچە بکەیت، شکۆی ڕێگای نادات هاواربکات.

بـەم خەمانەوە خۆمکرد بە ژوردا. تـۆ لەباتی من بیت کاتێک بەم دۆخەوە روو لە خوێندن بکەیت، مێشـکت هیچ وەردەگرێت؟ کەچی ئەو کاماشـە بێ کەڵکە چاوی پێمدەکەوت سـەری زمان و

بنی زمانی گاڵتەکردن بوو  بە مێشکی من! مێشکی منیش پڕبوو لەم ئاخ و کەسەرە.

دەورم بە خەم پەرژینکرابوو. ساتێ لە تەمەنم نە دەڕۆیشت، ساتێک نەبێت بە خەمێکی نوێ بارنەکرێت. سەرم سوڕدەما لە کاماش، نەیدەهێشت خەمەکانی دەرەوە بچنە ناوییەوە. بە روخسارییەوە دیار نەبوو لە چ دۆخێکدایە. بە پێچەوانەی منەوە، لە نزیکەوە بتبینیمایە بە روخسارمدا دەتزانی چی لە ناخمدایە. ئەو ناخی خۆی شاردبوویەوە. روخساری شتێک بوو، ناخی شتێکی کە. ئامۆژگاری دەکردم، مرۆڤ دەبێ شتە تایبەتییەکانی، چ خۆشی بن، یان ئازار، بەس هی خۆیبن. ئاساییە لە خۆشییەکاندا بەشی یەکێکی کە بدەیت، بەڵام پێویست ناکاتد لە خەمدا بەشی کەس بدەیت. چونکە خەمەکان کەس نابێت بە شەریکیان و تەنها هی یەک کەسن.

# ٤

ئەو رۆژە نەمزانی چیمان خوێندووە. مێشکمماندوو بوو.

سەر لەبەیانیەکەی ژیانم، بە بەسەرهاتێکی خەماوی بارکرد، لە کاتی کۆرسەکانیشدا، کۆرسەکان هێندە دووبارە و سواو بوون، جگە لە ماندووکردنی مێشک، شتێکی نوێی نەدەخستە ناو کاسەی سەرەوە. مامۆستاکان لە پاش دەوری یەکەم، جگە لەسەر ئێشەیەک شتێکی زیادە ناخەنە ناو سەبەتەی زانستەکانەوە.

لەسەرەتادا مەلزەمەیەکی چەند هەزار وشەیی دەخەنە ناو دەستت، ئیتر ئەم مەلزەمەیە دەبێتە سەرەتاو کۆتایی زانستەکەت. لە کوێدا تەواوتکرد، دووبارە لەوێدا دەست پێبکەرەوە. زۆربەشیان ئەو مەلزەمەیە لەناو کتێبخانە بچوکەکانی نزیک چاپخانەکان دەکرن، کە ساڵانێک بەر لە خۆیان کەسانی کە نووسیوویانە. زانستەکەمان هەر ئەوەبوو! بڕواناکەم لە هیچ زانکۆیەکی دونیا ئەو رێسا و بنەما کۆنانە مابن، ئێمە دەیانخوێنین. لێ، لێرە چونکە زانست بریتیە لە چوون بۆ ناو باڵەخانەیە و هاتنەوە بۆ ماڵ، ئیدی هەر بە چوونەکە وادەزانن تۆ بوویتە کەسێکی زانستکار.

کاولبوەکە جێگای حەشەرات بوو نەک زانست. زانست لە کوێ دەبێت کاتێ، سەر و بنی وانەکانت بریتیبێت لە کۆمەڵێ رێسای کۆنی خوێندن. لەوانەیە ئەوەی ئێمە ئێستا دەیخوێنین لە زانکۆکانی دونیا باسی بکەیت، بە باسکردنی دەتبەنە ناو تاقیگەکە و بڵاوی دەکەنەوە مرۆڤێکی سەدە کۆنەکان گەڕاوەتەوە.

بـە ناخێری گیانمان چوار سـاڵ هاتووچۆم کرد بۆ شـوێنێک هیچـی تیانەبـوو. دوای چـوار سـاڵەکە وەک گەمژەیەکی بەرێز دەهاتینە دەرەوە. کاماش کە دەسـتەکات بە گاڵتەکردن دەڵێت: ئازیزم گەردەتەوێت تۆزێک مێشـکت پربکەیت، هەوڵبدە دووربیت لـەم زانکۆیانە. شـانازی بەخۆمـەوە دەکەم لەو دەسـتەیە نیم، لەنـاو زانکۆکانـەوە دێنە ناو خەڵک. تۆ سـەیری قاڵ و قیژەیان بکـە، یەکێکیان نابینی دەنگی بەرزبکاتـەوە داوای عەقڵ بکات. هەموویـان دەڵێی بێچوە چۆلەکەن داوای نانی باشـتر و خۆراکی باشتر دەکەن. شوێنێک وا بێت چاوەڕێی چی لێدەکەیت.

شـوێنەکەی تۆ، دوو سـوودی باشـی هەیە. یەکەمیان سەرت خاڵی دەکاتەوە و وات لێدەکات، کێشەکانی دونیا کارت تێنەکەن و بەلاتدا تێپەڕن. سوودی دووهەمیش ئەوەیە، بروانامەیەک دەخاتە گیرفانتەوە، لە کاتی بێکارییدا دەتوانی بەکاری بهێنیت و کارێکی پێ بدۆزییتەوە. لەم دوو سوودە بترازێت کەڵکی تری نییە.

لەگەڵ گەیشتنەوەم بۆ ماڵ، تەنها فریاری ئەوە کەوتم ماچێکی سەری نەنکم بکەم . نە نانم پێ خورا و نە حەوسەڵەی دانیشتم هەبوو. خۆم کوتایە ناو جێگاکەم و خەو بردمییەوە.

وەختێـک بـە خەبەر هاتـم گیانم لـە عارەقا خووسـابوو. لە جێگاکەمەوە سەرێکم کێشایە لای پەنجەرەکە و سەیرێکی ئاسمان بکـەم، بینیـم تاریک داهاتبوو. دەسـتێکم هێنا بـە عارەقەکەی ڕوخسـارمدا و لە جێگاکەم ڕاسـت بوومەوە. نەنکـم و باپیرم لە حەوشەکە حەسیرێکیان ڕاخستبوو خەریکی نان خواردنی ئێوارە بوون. منیش هەر بە چاوی خەواڵووەوە چوومە لای تەنکی ئاوەکە دەموچاوێکم شوشـت و بە بێدەنگی لە تەنیشـتیانەوە دانیشتم و دەستمکرد بە نانخواردن.

دوای خواردنـەوەی چایەک ئیجازەم لێخواسـتن کە من دەچمە دەرەوە. ئەنکم وتی:

ئـاگات لـە خـۆت بێـت. ئەچیـت بـۆ مەلەکردن، ئەخۆشـی مەلارییـا هاتـووە، دوێنێ دووسـێ جحێڵی وەک تۆیـان ڕەوانەی ئەخۆشـخانەکردووە. قورمەکـە بەسـەرماندا، کـەس لـە قەرەی خەستەخانە نایەت. ئەمن پێی خەستەخانەم هەیە، نە باپیرت.

منیش دڵنیامکردەوە دووبارەی ناکەمەوە.

کەوتمـە ڕێ بـۆ چایخانەکە. هێشـتا زووبوو، بـەس یەک دوو گەنج لەوێ بوون. لە تەنیشتیان دانیشتم و بە دەم چاخواردنەوە سەرنجم چوویە سەر یارییەکەیان. ئەوەندە بێ کارییان چەشتبوو، هەر خەریکی یاری بوون، لەگەڵ ڕاکێشانی دۆمینەکاندا، دەیانزانی دەستی یەکتر چی تێدایە. خەریکی ئەوەبوون یەکێکیان فێڵێک بکات تا ئەوی تریان هەڵەیەک بکات و دەستەکەی بگرێت. تەنها فێڵکردن دادی دەدان.

جاربەجاریش بەدەم گاڵتەکردنەوە یەکتری دەیانووت:

ژیان وەک دۆمینەکردن وایە، بە هەڵە یەک پول بخە پاڵ پولێکی تر، تا کۆتاییەکەی بە هەڵە دەڕوات. جا بۆ ئەوەی هەڵە نەکەیت، دەبێت وریابیت. تەنها وریایی بۆ ژیان بەس نییە، لەخشتەبردنی بەرامبەرەکت یەکێکە لە یارییە باشـەکانی ژیان. ئەوانەی ژیانیان بردوەتەوە، ئەوانەن خەڵکی تریان لە خشـتە بردووە! ئێمە کوڕە فەقیرین، لە ژیاندا نەمانتوانیوە کەس لە خشـتە ببەین، بۆیە لە یاریی دۆمینەدا یەکتری لە خشتە دەبەین.

باش لەوە تێنەدەگەیشـتم ئەو پارەییـان لە کوێ بوو، هەموو شـەوێک دوای نـان تا داخستنی چایخانەکە لـەوێ بمێننەوە و دۆمینە دەکەن. دەبێت لە لیسـتی قەرزەکاندا یەکی چەن قۆڕیی

چـا قەرزارین. لەم خۆ مەشـغوڵکردنەبووم، کۆماکاردار دەرکەت.
زۆر بەنەرمی خۆی کرد بەژووردا و لەگەڵ سـڵاوێکی لە هەمووان،
زەردەخەنەیەکـی بۆمـن کـردوو و چـوو لە سـەری سـەرەوە لە
سوچێکدا دانیشت.

زەردەخەنەکەی نیشـانەی ئەوەبوو، هێشـتا گاڵتەی بە عەقڵم
دێت و قسـەکانی دوێنێ شـەومی بیرنەچووەتـەوە. حەقی خۆی
بوو گاڵتەی پێم بێت. شـەوی پێشـو زۆر گێلانە قسـەم لەگەڵ
کرد. کە زەردەخەنەکەی تێگرتم، گەمژەیەتی قسەکانی خۆم وەک
شـریتێک لە مێشـکمدا لێدەدرانەوە. خراپیش نیـە زۆرجار وەک
گەمژەیـەک دەرکەویت. ئەما، خراپـی لەوەدایە خۆت گەمژەبیت
و گەمژەیەتـی خۆت نەبینیت. من یەکێکم لـەو گەمژانەی دەزانم
گەمژەم. خەیاڵم لەسـەر گەمژەیەتی خۆم و زەردەخەنەکەی ئەو
ڕۆچووبوو. کاماش دەرکەوت. هاتە تەنیشتمەوە و کەمێک گاڵتەو
گەپی کرد و دەستێکی خستە سەرشانم و وتی:

- سەیرکە ئەمشەویش حەیامان نەبەیتەوە!

دەتۆ واز لەوە بێنە، پێمخۆشە بچینە لایەوە دانیشین هەندێک
پرسـیاری لێبکەم. شتێک هاتووە بە مێشـکما دەمەوێت بیکەم.
لەوانەیە ئەوەی لە مێشکمدایە بەلاتەوە خراپ نەبێت.

- یـا ئەڵا... دیسـان دەماندەی بە بەردێکـدا. بابە بە دەردی
خۆتەوە دانیشـە. من نایـەم چونکە قسـەیەک دەکەیت، دەبێت
لەگەڵ تۆدا منیش شەرمەزار ببم. ئینجا تێمانگەیەنە قوربان بۆ تۆ
مێشکت هەیە، تاشتی تیابێت؟

وانیە. گوێبگرە: من ئەمساڵ دوا ساڵمە. لەم دوا ساڵەدا دەبێ
توێژینەوەیـەک بکەم و ئەو توێژینەوەیە دوا کارم و میراسـی من
دەبێت لـەو کاولبووە. هەفتەیەکی باش لەبەردەسـتمە، لەوانەیە

لەم یەک دوو ڕۆژەدا دەست پێبکەین. لەو هەفتەیەدا پێویستە توێژینەوەکەی خۆم لەسەر بابەتێک بنووسم. بە کورتی و پوختی بەنیازم توێژینەوەکەم لەسەر ئەو بێت. تۆ پێت چۆنە؟ پێتوایە سەرکەوتوویم؟ یان هەستدەکەیت یارمەتیمان بدات؟

-واو...

بە دڵمە، ئەمەیانم بە دڵە. خۆشم هاوکاریت دەکەم. ئەوەی دەیزانم پێتدەڵێم. بەڵام کێشەیەکمان هەیە، چۆن بتوانین ڕازی بکەین شتێکی وا بکەین؟ هەرچەند سەیری بێدەنگیەکەی و خەمبارییەکەی دەکەم، لەو جۆرە کەسانە ناچێت بیەوێت کاتی خۆی بە ئێمەوە بکوژێت لەسەر توێژینەوەیەک. فێڵ و شتیش نازانین تا فێڵی لێبکەین و ڕازی بکەین! تۆ سەیری منیش بکە ئەوەندە لەگەڵ تۆ گەڕاوم خەریکی گەمژە دەبم. گەمژە نەبم باسی فێڵ لە پیاوی وا دەکەم! بەم سەرو سەکوتەی خۆمانەوە هێشتا هیچمان نەدیوە چۆن دەتوانین فێڵی لێبکەین. بەخوا منیشت بەخۆتەوە بێمێشک کردووە!

نا وای مەبینە. ڕۆژێک لە ناو جێبەکان لە پیاوێکی پیرم بیست، هەموو کەسێکی گۆشەگیر، پێویستی بە گرنگی پێدانێک هەیە. ئەو وای وت. پاشان گەر بە دوو کەسەوە نەتوانین ڕازی بکەین، کەوایە هیچمان لە دەست نایەت. زۆریش زانیمان ڕازی نابێت، مەسەلەی بێ کەسی و هاوکاری دەکەینەوە، لەوانەیە هەستی بجوڵێت.

-بە خوا بێ مێشکی! ئاخر ڕۆڵە کەسێک خۆی لە ئەوجی بێ کەسی بێت، چ باکی لە بێ کەسی خەڵکی ترە. پاشان خەڵک بۆیە گۆشەگیری هەڵدەبژێرێت چونکە بێزارە لە گرنگی پێدان. کەسێک پێویستی بەگرنگی پێدانە، بێ کەس کرابێت، یان

فەرامۆشکرابێت. ئەو خۆی بە شوێن فەرامۆشکردندا دەگەڕێت، گرنگی پێدان بۆی چ مەسەلەیەکە.

پیرە ژن و پیرە پیاوەکانی ئێرە بێ کەس کراون، بۆییە حەز بە گرنگی پێدان دەکەن. کەسێک لە دۆخی چاوەڕوانیکردندا بێت، زۆر پێویستی بە گرنگی پێدا دەبێ. بەڵام کەسێکی وەک کۆکسار کە لە ژیانیدا شتێک نەماوە چاوڕوانی بکات، چ پێویستی بە گرنگی پێدانە.

کورە خۆت بێ مێشکی، تەنها بێکەسەکان لە بێکەسەکان تێدەگەن. شکو گومانم نیە و رازی دەبێت، دەیبینی.

- بە پێکەنینەوە... نا نا یەکجار ئەوەنەش بێمێشک نیت، شتێکی لێ دەزانیت. باشە با وا دانێین رازی بوو، چی دەکەی؟

هیچ، خۆ هەڵناپەڕم، هەفتەیەک زیاترم بە دەستەوەیە، لەو هەفتەیەدا ئەوەندە شت هەڵدەکرێنم، کارەکەی خۆم بە باشی بکەم. مردوێک نیە بەم پاکییە شۆرابێت. پێویستم بەوەنیە شوێناو شوێن بکەم و خۆم بکەم بەم کتێبخانە و بەو کتێبخانەدا، تا سەرچاوەم دەست کەوێت. هەمووی لە دەورو بەری خۆمە. نیازیشمە شتێکی نوێ بکەم، نامەوێت سەرچاوەکانم کتێبەکان بن، مرۆڤ بن باشترە لە کتێب. مرۆڤی زیندوو لە کتێبی مردوو باشترە.

- دیسانەوە گەمژەیەتی خۆتت دەرخستەوە. ئاخر رۆڵە ئەوە حەقی بە خەیاڵە پوچەکانی تۆوە نیە، ئەوە توێژینەوەیە، توێژینەوە بێ سەرچاوەی کتێب هەر نیە. شەو رۆژ لەو مەکتەبەیە کەوتم، تا ئێستا شتێکی وام نەبینوە تۆ باسی دەکەیت. پێدەچێت ئەم مێشکەت وات لێ بکات، چوارساڵەکەت بدەیت بە ئاودا و لەوسەرەوە بە دەستی بەتاڵ بگەڕێیتەوە. خۆ پێم وتی:

خەمت نەبێت دەیان سەرچاوە هەیە لەسەر ئەو پیاوە. تۆ رازی بکە و دەست پێبکە، لە کتێبخانەکەی ناو مۆنیمێنتەکەی لای خۆمان، سەرچاوەکانت بۆ دەدۆزمەوە و بۆشت شەن و کەو دەکەم. ئەوەیان هەڵگرە بۆ من. ئەزانی لەو مۆنیمێنتە تەنها بەشێک بۆنی مردنی لێنەیەت و بە زیندوویەتی مابێتەوە و هەناسە بدات، کتێبخانەکەیەتی. ناخۆشترین کار، کارێکە لە شوێنێک بێت بە مردوو دەورە درابێت. بڕوابکە بەیانیان کە دەچم بۆ ئەوێ، وادەزانم بۆ ناو گۆرستاندەچم. وێنەکان، پەیکەرەکان، نامە جێماوەکان، جلوبەرگە جێماوەکان، دیوارەکان، هەر هەمووی هاڵاوی مەرگی لێ هەڵدەستێت. وەختێک پاکیان دەکەمەوە، لە پێشچاوم لە پاککردنەوەی کێلی گۆرستانێک دەچێ.

شێت بووم بەدەست بێدەنگی شوێنەکەمەوە. دوو جۆر بێدەنگی هەیە، بێدەنگیەک هەیە خۆت هەڵیدەبژێری بێدەنگیەکی زۆر بە چێژ و تایبەتە و بیرکردنەوەشی تیایە. بێدەنگیەکە کە هەیە، بەناچاری بێدەنگ دەکرێیت، ئەمەیان ئازاردەرە. ئێمە لەوێ بێدەنگکراوین بۆیە پەرێشانبووم بەدەستییەوە. ئێواران کە دێمە دەرەوە و دەگەمەوە ماڵ، بە نەنکم دەڵێم:

نەنە وا کوڕەکەت لە مردوو شۆرەکە هاتەوە. تۆ قەت بۆنتکردووم؟ بۆنم لە بۆنی مردوێک ناچێت؟

ئەرێ واز لەو قسانە بێنە. من چی دەڵێم و تۆش چوویتەوە بۆ کوێ. بۆ کەس هەیە لەم وێرانەیەدا هەست بە مردن نەکات؟ سەیری یەک بەیەکی ئەوانەی دەورو بەرت بکە، بزانە ڕەنگی ژیانیان لێدیارە یان مردن؟ شوێنەکە خۆی لە گۆرستان دەچێت. گلەیی چی دەکەیت. ژیان ئەوە نیە هەناسە بدەیت، ژیان شتێکە دەبێ تامی بکەیت. دەبێت خۆتی تیا ببینی. ئێمە نە تامی

ژیانمـان کـردوە و نەخۆشـمانی تیایدا دەبینین. کـەس لە ئێمە نەچووەتە ناو ژیانەوە، لە دورەوە سەیری دەکەین. تەنها هەستی پێدەکەین. سـەیرکە لە دورەوە شتێک هەیە دەروات ناوی ژیانە. ئیتـر مـن چی بکەم. تۆ چی بکەیت؟ گلەیـی ناوێت، قبوڵت نیە سـەیری ئەو شتەمەکە لە دورەوە دەروات. گلەییەکانت ببە بۆلای یەکێک خۆی تامی ژیانی کردبێت. لای من هەڵیان مەرژێژە هێشتا نازانم ڕەنگی ژیان چۆنە.

هەڵسە با بچنە لایەوە...

-لێیگەڕێ بۆ برات. دەچینە لایەوە، سـەرەتا من قسە دەکەم. گەر رازی بوو ئەوە باشـە، زانیمان رازی نابێت، هەردووکمان لەم دیوو لەودیووە تەنگە تاوی دەکەین، هەڵناسینەوە تا رازی بکەین. هەڵسە دەی...

هەڵساین و بەرو لای چووین. لەبەردەمیدا وەستاین وەک رێزێک هەواڵمان پرسی و دوامان لێکرد کەمێک لەگەڵی دانیشین. ئەویش زۆر بە خەمسـاردییەوە فەرمـووی لێکردین. بە ناچاری ئەم دیوو ئەو دیومان لێگرت.

- مامۆستا دەنگوباس چۆنە؟

-بۆم گرنگ نیە. دونیا هەر چۆنێک بێ، خەمێکی سەر دڵی من کاڵ ناکاتەوە. دەنگو باسـی دونیا بۆ ئەوانە باشـە، خەمەکانیان ئەوەنـە بچوکن بەیەک دەنگوباس ئاڵوگۆڕێکیان بەسـەردا دێت. نەگبەتی خەڵک لەوەدایە- ژیانیان لە شـوێنی خۆیاندایە و کەچی گوێ لەو دەنگوباسـانە دەگرن، باسی رۆیشتنی ژیان ئەکەن! جا چ دەنگوباسـێک، تا گوێت لە راسـتیەک دەبێت، سەرت پرکراوە لە درۆ. هەرکەسـێک تۆزێک ژیربێت گوێ لە شـتێک ناگرێت، بۆ ژیانی پێویسـت نیە. دەنگوباس لای من چاوەروانیکردنی مردنە.

چاوەڕێـم بمرم و چاوم بەوانە بکەوێتـەوە چاوەڕوانییانم. خەڵک بـەدوای دەنگ و باسـدا دەگەڕێـن، منیش بـە دوای بێدەنگی و ئازاری برینەکانی ناخی خۆمدا دەگەڕێم. دەنگوباسـەکانی دونیا بۆ کەسێکی وەک من شایەنی گوێلێگرتن نین.

لە دڵی خۆمدا وتم:

دەک قورم بەسەر، جا ئەمە ئاوا سەیری دەنگوباس بکات، بەم مێشکەی من چۆن رازی دەکرێت؟! سەیرە! بروام نەدەکرد پیاوێکی پیری تەنیای گۆشەگیر، بەم شێوەیە سەیری دونیا و دەوروبەری بکات. تا زیاتر دەمی دەکاتەوە زیاتر توشی سەرقورسیم دەکات.

کاماشـی هاورێـم لەو دیوەیەوە دەسـتیکرد بـە گفتوگۆکردن لەگەڵی.

- مامۆستا، تۆ بەلاتەوە گرنگە مرۆڤە تەنیاکان، دەبێت گرنگیان پێبدرێت؟

-نەخێر... هیچ گرنگ نیە. مرۆڤ گەر بەراسـتی تەنیابێت، بۆ ئەوە تەنیایی هەڵبژاردوە تا گرنگی پێنەدەن. تەنیایی راکردنە لە گرنگی پێدان. هەقم بەسەر ئەوانەوە نیە هاوار هاواری تەنیاییانە تا یەکێک گرنگیان پێبدات. من باسی تەنیایی راستەقینە دەکەم. ئەو تەنیایەی کە لە ناخەوە لەگەڵتدایە، نەک لە دەرەوە دروستی بکەیت تا هەست بە تەنیاییەکەت بکەن. کورە گەنجەکان تەنیایی هەزار جۆری هەیە. نازانم مەبەستان کامەیە؟!

- باشە مامۆستا، با وا دانێین، وەک قسەکانی تۆ یەکێک هەیە بەراستی تەنیاییە، چی تێدایە یەکێکی تربێت باسی تەنیاییەکەی بکات، یان شتێکی لەگەڵ بکات؟

- ئەها تێگەیشتم... جا گەر یەکێک بەراستی تەنیابێت، چۆن رێگە دەدات کەسێکی تر بێت، سەر لە تەنیاییەکەی بشێوێنێت؟

ئێوە بە ناهەق خۆتان ماندوو دەکەن. بە قسەم بکەن، دەست بۆ هەموو شتێک ببەن، بەڵام دەست بۆ کەسێک مەبەن تەنیایە. کەسی تەنیا بەوە ئازار دەدرێت کەسێک بێت دەست وەربداتە تەنیایەکەی و پری بکات لە ژاوە ژاو. زۆر کەس هەن لە مێش دەچن، چوونە هەر شوێنێک شوێنەکە پڕدەکەن لە گیزە گیز. قەت هەوڵمەدەن لەو جۆرە کەسانە بن. کە دەزانن یەکێک تەنیاییە، لێیگەڕێن با تەنیابێت. تەنیایی جوانترین شوێنە مرۆڤ بچێتە ناوی. بۆچی دەتانەوێت مرۆڤ لەو شوێنە جوانە بێتە دەرەوە؟! لەوە تێناگەم خەڵک بۆ رقی لە تەنیاییە. بۆ کەسێکی تەنیای بینی بە شێوازێکی تایبەت سەیری دەکات؟ سەرم لەمە دەرناچێت.

-نا مەبەستی ئێمە ئەوەنیە. مەبەستی ئێمە ئەوەیە، کەسێک تەنیابێت دەتوانێت هاوکاری دەورو بەری خۆی بکات؟

- کەسی تەنیا، تەنها لە تەنیاییەکەی خۆیدا پێیدەکرێت هاوکاری دەورو بەری خۆی بکات. ئێوە بۆ ئەوە هاتوون شتێک لەسەر من بکەن. جارێ من تەنیا نیم، تەنیاکراوم. پێویستیشم بەوە نیە کەس شتم لەسەر بکات. وا تەنیا نەکراوم بگەڕێمەوە ناو خەڵک. وا تەنیاکراوم کەس نەتوانێت ئاوەدانی بکاتەوە. تەنیاییەکەی من لەو جۆرەیە بە مرۆڤەکانی سەر زەوی دەسکاری ناکات. ئەوانەی دەتوانن تەنیاییەکەم ئاوەدانبکەنەوە لێرەنین لە ئاسمانن.

- ببورە مامۆستا، راستییەکەی ئەو هاورێیەم دوا قۆناغی زانکۆیەتی. بەنیازە توێژینەوەی دوا قۆناغی خۆی لەسەر تۆبێت. هۆکاری خۆی هەیە وای لێبکات لەسەر تۆبێت. باشترین هۆکاریش ئەوەیە، کە خۆت یارمەتی دەری بیت. خۆشت دەزانیت هەموو بێکەسەکان کەوتوینەتە ئەم لایەی زەوییەوە. گەر بە پیر یەکترەوە نەچین، کەس بە پیرمانەوە نایەت. ئیشەکەشی جوانە، ئیشێکی

ورد و پوخت دەردەچێت. لەوانەشە بتوانێت زۆر لایەن رونبکاتەوە کە نەتوانرابێت رونبکرێتەوە.

لەم کاتانەدا، پیاڵەکەی قومێک چایی تیامابوو، دەستی بۆبردوو قومەکەی خواردەوە. دوای قومە چایەکە نەفەسێکی لە جگەرەکەی دا. هێندە بە قوڵی نەفەسی لە جگەرەکەی دا، کە دوکەڵەکەی هێنایە دەرەوە، دوکەڵ دەموچاوی داپۆشی. دوای بڵاوبوونەوەی دوکەڵەکە، لایەکی بۆ من کردەوە، بەجۆرێک لێمی روانی، وەک بڵێیت بەزەیی پێمدا بێتەوە کە چ گەمژەیەکی بەدبەختم. ئینجا وتی:

-قسەکانتان خۆشن کوڕەکانم. وەک وتم: پێویستم بەوە نیە، ئەم پارانەوە و خۆ زەلیلکردنەش نامجولێنێت. کەس هەیە بتوانێت بمگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ساتانەی سێ کوڕم هەبوو؟ کەس دەتوانێت ئەو سێ برینەی سەردڵم سارێژ بکات؟ گەر کەسێک هەیە ئەمەم بۆ بکات، با منیش هەموو شتێکی بۆ بکەم؟

هەردووکمان لەم دیوو لەو دیوویەوە دەمماں بوو بە تەڵەی تەقیو. کپ و بێدەنگ سەیری یەکتریمان دەکرد. گوشارێک لە ناخمەوە روی تێکردم، هەناسەم تەنگ بوو. تا دەهات ژاوە ژاوی ناو چایخانەکەش زیاتر دەبوو. ماوەیەکی زۆر هیچکامان قسەمان نەکرد و بە نائومێدییەوە، سەیری دەرور بەری خۆمان دەکرد. لەناو ئەو نا ئومێدی و بێدەنگیەی ئێمەدا، دەنگی هەڵبری و سێ چای بانگکرد. هێشتا چایەکان نەهاتبوون، روی لە منکردەوە و پرسی:

- دەتەوێت چی بکەیت؟

دەمەوێت توێژینەوەی دوا قۆناغم لەسەر تۆ و سێ کوڕەکەت بێت! بە وردی سەرنج لە ژیانتان و لە کارەکانتان و لەو بابەتانە

بدەم، کەمتر گرنگی پێ دراوە. دەمەوێت رونبێتەوە بۆم چ خەونێکتان هەبوو؟ چۆن بوون؟ بۆچی ویستیان ڕێگایەک بگرنە بەر، ڕێگاکە رون نەبوو؟ کوڕەکان بۆ ڕێگای تریان هەڵنەبژارد؟ بۆچی وایان بەسەر هات؟ ئیتر ئاوا... هەزاران بۆچی تر...

لەوانەیە بەمە بتوانم شتێک بکەم، بۆ هەمیشە وەک چیرۆکێک نەوە دوای نەوە بمێنێتەوە. ئەوەی بەلای منەوە گرنگە، هێشتنەوەی ئەو سێ چیرۆکەیە بە زیندوویەتی. بەڵێ هێشتنەوەیان بە زیندویی. خۆتدەزانی مەملەکەتەکەی ئێمە پرە لە چیرۆک، بەس نایەن بینانووسنەوە و بیکەنە میراسێک بۆ نەوەکانی پاش خۆیان. لانی کەم من دەمەوێت ئەوە بکەم.

هێشتا بە تەواوەتی قسەکانی خۆم نەکردبوو، زەردەخەنەیەکی بۆ کردم، دیسانەوە وا دەریدەخست گاڵتەم پێ بکات، نەوەستا تا هەموو قسەکانم بکەم و وتی:

- جا بمێنێتەوە یا نەمێنێتەوە چ سودی هەیە؟ کوڕم تۆ ئەڵێی لە دونیایەکی ترا دەژین. چیرۆکی زیندوو لەناو میلەتێکدا پێویستە بمێنێتەوە، میلەتەکە لەباتی گەدەی مێشکی گەورە بێت. چیرۆکی زیندو هی میلەتی زیندووە، نەک ملیەتی خەوتوو. میلەتێک گەدەی گەورە تر بوو لە مێشکی، هەرچی بۆبکەیت بێ سودە. لەوانەیە ئەوەی تۆ باسیدەکەیت سودی بۆ هەندێک کەس هەبێت، بەڵام بۆ باوکێکی جەرگ سوتاو ناو هێنانی منداڵە لە دەست چووەکانی، جگە لە تازەکردنەوەی برینەکەی هیچی تر نیە. تۆ هێشتا باوک نیت، تا نەبیتە باوک نازانی ترپەی دڵی باوک، بەستراوە بە ترپەی دڵی منداڵەکانیەوە. هەزارجار ئاواتە خوازبووم لە پێش مەرگی ئەوانەوە، مەرگی من بوایە. بەس چی بکەم، بە ئاوات نە لە ژیان دور دەکەوینەوە، نە لە ژیان نزیک دەکەوینەوە.

کەمێ لــە دەورو بــەرو کۆمەڵگەکەی خۆت ورد ببــەوە. بزانە خەریکن سـکیان تێردەکـەن یان عەقڵییـان. ئەم ڕاکــە ڕاکەی دەیبینی بۆ تێرکردنی گەدەییانە. لە کۆڵانەکەی خۆتانەوە دەست پێبکە و پاشـان برۆ بۆ ناو شـارەکان. ناوی دەکەسـم پێ بڵێ، لەگەڵ خەمخواردنی گەدەیان، خەمی عەقڵیشـیان بخۆن؟ کەوایە چی سودێکی هەیە ها؟

ڕاستەکەی مامۆستا. ڕاستەکەیت... هەموومان ئەوە دەزانین!

- لەکوێ دەیزانی؟! هەر تۆ نەبوویت دوێنێ شەو بەمنت دەوت ناوناسـم! خەیری هاوڕێکەت بنووسێت، کە دراوسێمانە و منی بە تۆ ناساند. ئێستا چی ڕوویداوە ئاوا هاتوویت دەتەوێت شتم لەسەر بکەیت؟! تۆش وەک ئەوانی تر، بۆ جێبەجێکردنی کارێکی خۆت، خەریکی کولانەوەی برینی خەڵکی تری. باشترە بەشوێن بابەتێکی کەدا بگەڕێیت. من تاقەتی ئەم سـەر ئێشـەیەم نیە، خۆم حاڵم باش نیە، ناشتوانم هەموو ڕۆژێک برینەکانم بکولێنمەوە.

بەسەرچاو چۆنت پێخۆشە وادەکم. بەڵام ئەوە بڕیارە داومە، خۆم کارەکە دەکەم. تۆ یارمەتیم بدەیت، سوپاسـتدەکەم، یارمەتیشم نەدەیت، دڵنیام دەسـتی لێ هەڵناگرم تا تەواوی دەکەم. ویستم لە زمانی خۆتەوە دەست پێبکەم، مادام پێتخۆش نیە، عەزیەتت نادەم.

- پێمخۆش نیە کەس باسـی من بکات. گەر ڕێزی ئەم ڕیشــە سپیەم دەگری، هەوڵدە باسم نەکەیت. بابەت زۆرە بچۆ شتێکی تر بکە. لانیکەم وامەکە بچیت لەم و لەو بپرسیت، من کێم و چی نیم. خەڵک زمانی پاک نیە. لە هەزار کەسـدا یەکێک نادۆزیتەوە زمان و ناخی لەیەک بچێت. زمانی خەڵکمان لێ مەکەرەوە، خۆم دۆخم باشنییە سەرەی زمانە خراپەکەی خەڵکیشە. ئەوانەی گولەیان نا

ساڕێژ نەبوویان خستە سەر سەر نەبوویان خستە سەر
به کوڕەکانمەوە، بە گوڵەکانیان برینی ساڕێژ نەبوویان خستە سەر
دڵی من. وەلێ، قسەی خەڵک زیاتر لەو گولانە برین دەخەنە سەر
دڵم. دەست لەوە هەڵگرە با بارەکەم قورستر نەبێت.

سوپاس مامۆستا گیان، ئیشی خۆم دەکەم، بە شێوەیەکیش
دەیکەم، ئاخری کە بینیت، دڵنیگەران نەبیت.

-یا حەولا وەلا...

بە کاماشم وت: هەڵسە با بڕۆین، لەوە زیاتر مامۆستا نیگەران
نەکەین. لەگەڵ هەڵسانەوەم دەستی چەپی گرتم و داینیشاندمەوە.

- دانیشە... ویستت کەسێک بناسی، نە بڕوا بە هەموو
قسەکانی خۆی بکە، نە بڕوا بە هەموو قسەکانی ئەوانە بکە
لەسەری دەیکەن. ئەو خەڵکەی تۆ دەتەوێت باسی منیان لێ
بپرسیت، تەنها ئەو دیوە ئەبینین خۆیان بینوییانە، ئەوەشی
دەتەوێت خۆم باسی خۆمت بۆ بکەم، تەنها ئەو دیوەت پێدەڵێم،
کە خۆم دەمەوێت پێت بڵێم. مرۆڤیش باسی خۆیکرد، باسی دیوە
باشەکانی خۆی دەکات، کەست دیوە باسی خراپەی خۆی بکات؟
کەواتە تۆ چی دەکەیت، تا لەم نێوانەدا ڕاستیت دەستکەوێت؟

هەردووکی دەکەم. کەوچکێک لە قسەی خەڵک تێکەڵ بە
کەوچکێک لە قسەی کەسەکە تێکەڵدەکەم، یەک کەوچکی ڕاستی
دێتە بەردەستم.

هەر ئەوەندە قسەکە لە دەمم کەوتە خوارەوە، دایە قاقای
پێکەنین. یەکەمجاری بوو بەدەنگی بەرز پێبکەنێت. کاتێ
قاقاکەی لێدا سەرتاپای چایخانەکە بێدەنگ بوو. وەک ڕووداوێک
ڕوویدابێت هەمووان سەیری ئێمەیان دەکرد. کە بینی چایخانەکە
کپ بووەتەوە و چاوەکان ڕوو لە ئێمەیە، سەیرێکی هەموومانیکرد
و بە دەنگی بەرز بۆ ئەوەی گوێیان لێبێت وتی:

-چیە؟ سەیرە پێکەنیووم؟! ئەزانن کورپینە لە ناخۆشترین کاتەکانی ژیاندا،قسەیەکی گەمژانە، مرۆڤ دەخاتە پێکەنینەوە. ئەوەی منیش هەروابوو. دەمێکە گوێم لە قسەی گەمژانەی وا نەبووە، بۆیە بمبورن خۆم نەگرت و پڕ بە دەمی خۆم پێکەنیم.

کە ناوی گەمژەی هێنا، پێکرا سەیری منیانکرد، منیش زۆر بە سەر خۆما نەشکامەوە و پێمخۆشبوو ئاوا سەیرم بکات، بەس وای لێهاتبێت رازی بێت. چیە با هەر بە گەمژەم بزانێت. وەختێک دێت بە هەڵسوکەوتم و وردیم لە ئیشەکەم بروای دەگۆڕێت.

-کورپینە، لە هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینە گەمژەیەک هەیە. بوونی گەمژەکانیش حیکمەتێکی تیاییە، تا گەمژە نەبێت عاقڵ نابێت. گەمژەیە وادەکات عاقڵ خەڵک بیناسێت. حیکمەتی گەمژەکان ئەوەنیە، عاقڵەکان سودی لێدەبینن، ئەوەیە دەتوانن بمانهێننە پێکەنین. دەتوانم وابکەن عاقڵەکان دەرکەون. مرۆڤەکان هەموویان عاقڵبوونایە گەمژەیەتی دەبوویە نمونە. بەڵام مرۆڤەکان زۆرینەیان گەمژەن، بۆیە عاقڵەکان دەبنە باسوخواستی خەڵک.

قسەکانیم پێ بریی و وەڵامدایەوە:

مامۆستا، دڵنیابە ئەوکەسەی تۆ بە گەمژەی دەزانیت، شتێک دەکات کەس نەیکردبێت.

- بێگومان... بێگومان... گەمژەکان هەمیشە شتێک دەکەن، کەسیتر نەیکردبێت. خۆ قابیلە چاوەڕێ ناکەین گەمژەیەک شتێک بکات، خەڵکی تریش بیکات. گەمژە بۆیە گەمژەیە، دەبێ شتێک بکات تایبەت بێت بە خۆی و کەسی تر نەیکات! جیاوازی نێوان گەمژە و عاقڵ لە کردەکەدا زۆر نییە. عاقڵ شتێک دەکات و دەیڵێت. نە بە گەمژە دەکرێت و دەوترێت. گەمژەش شتێک دەکات و دەیڵێت، بە عاقڵ ناکرێت و ناوترێت.

باشـه مامۆسـتا، با وا دانێین خوێندکاره گەمژەکەم، هیوادارم دوای کارەکەم سەرنجت لەسەرم بگۆڕێت. تۆ بەرێزیت بە قسەکانت توره نابم.

- نیگـەران نەبیـت کـورم. حیکمەتـی گەمژەیەتـی زیاتره لە حیکمەتی ژیریەتی. حیکمەتی گەمژەیەتی بێخەمی و ئاسودەییە، لە ژیریەتیان ئاسودەیی و بێخەمی دەست ناکەوێت. مادام کوڕێکی خۆش مەشـرەبوو و بەرێزی، مادام دەشـتوانی پێکەنین بخەیتە سـەر روخسارم، چیت ویسـت لێم بپرسە، بەپێی توانا یارمەتیت دەدەم. ئەما، بە دوو مەرج؟

چ مەرجێک؟

- یەکـەم: بـە هیچ شـێوەیەک نایەیتە ماڵمـان. دووهەمیش، جارێکی کە بە مامۆسـتا بانگم نەکەیت، من کۆماکاردارم... کۆما کاردار. بە کۆکسار ناسراوم. تیگەیشتی؟

بەڵێ، تێگەیشتم، بەسەرچاو تۆ چی دەڵێیت، وادەکەم. چاوێکم لـە کامـاش داگرت و بە بێدەنگی لە بن دەسـتییا خۆم ماتکرد و نوقەم لە خۆم بڕی. نەخشـەکەم سـەری گـرت! زەرەر ناکەیت لـە تەنیشـت عاقڵێک گەمژەیەتی خـۆت دەر بخەیت. چۆن لەناو گەمژەکانـدا بـەکار هێنانی عەقڵ بەنرخە. لە پاڵ عاقڵەکانیشـدا دەرخستنی گەمژەیەتی خراپ نیە!

# فەرشی بێدەنگیەکە بتەکێنە

# ٥

مامۆستای سەرپەرشتکار هاتە ژوورەوە داوایلێکردیین خۆمان ئامادە بکەین، بۆ توێژینەوەی کۆتایی ساڵ. وەک سونەتێکی خوێندن، دەبا هەر کەسە و ناونیشانی بابەتەکەی خۆی بخاتە ڕوو. لەوکاتەی خوێنکارەکان مقۆمقۆیان بوو باسی ناونیشیانیاندەکرد، دەستم بەرزکردەوە و داوام لە مامۆستاکەمانکرد، لە فرسەتێکدا ڕێگەم بدات کەمێک قسەی لەگەڵ بکەم. سەری خستبوویە سەر کتێبێکی بەرگ زەرد و بەبێ سەربەرزکردنەوە وەڵامی دامەوە:

باشە دوایی لە فرسەتێکدا سەردانی کافێکەمان بکە و لەوێ دەتبینم.

پاش تەواوبوونی کلاس، لە سەر عەرەبانەی لەفەفرۆشەکەی ناو حەوشەکە لەفەیەکم خوارد و چاوم لە دەرگای کافێکە لانەدەدا. بینیم رۆشتە ژورەوە، بە پێوە لەفەکەم تەواوکرد و چووم لەسەر مێزێک دانیشتبوو قاوەیەک لەبەردەمیدا بوو. پارچە تیانووسێکم خستە بەردەمی. چاوێکی پێداخشاند و بە سەر سورمانەوە سەیرێکی کردم.

-دەزانی پێمخۆشە شتێکی باشە. بەراستی شتێکی باشەکەیت. بەڵام تۆ کۆماکاردار، کە ناسراوە بە کۆکسار دەناسی؟

بەڵێ مامۆستا چۆن نایناسم. زۆر باش دەیناسم!

-یانی، دەزانی چیکردوە و چی نەکردووە؟

بێگومان زۆر شت دەزانم ،خەمی ئەوەت نەبێت. ماوەیەکی زۆرە

بە دوایەوەم، خەریکی شتکۆکردنەوەم لەسەری. دڵیشمخۆشە کە هەڵبژاردنەکەت پێ باشە. لەوە مەترسە بۆ ناسین و بابەت لەسەری، چونکە بەشی یەک کتێبی باش چیرۆکم لەسەری کۆکردوەتەوە. بایی ئەوە کون و قوژبنی تێدایە بە دەکەسی وەک من پرنەکرێنەوە.

- بە دڵی منە، خۆشم سەرپەرشتیت دەکەم.

بەسەرچاو مامۆستا. لە دڵی خۆمدا شەرمم لەخۆم دەکرد ئەو هەموو درۆیەم بۆکرد. خۆتاندەزانن قسەکانم راستییان تێدانەبوو! لە ژیانم دووجار بنیوومە و تازەش زانیوومە ئەو کێیە! ئەو شتانەشی لەسەری دەمزانی زۆر لەوە کەمتربوون بە کەڵکی توێژینەوەیەک بێت. ناچار دیسانەوە گەمژەیەتیەکەی خۆم خستەوە گەڕ و دەستمکرد بە درۆکردن تا ڕێگاکە بۆ خۆم پاکبکەمەوە. هەمیشە وابووم، ویستبێتم شتێک بکەم بە دڵی خۆمبێت، زۆر زانییەکەی خۆمم شاردوەتەوە و بە ڕێگای گەمژەیەتی کردوومە. لەوانەیە زۆرکەس وابزانن ئەوە زۆر زانییە، بەڵام لای من ئەو ڕێگایانەی راستیان تیانیە، ڕێگای گەمژەکانە. گەمژەیەتی ئەوە نیە شتێک نەزانیت، گەمژەیەتی ئەوەیە شتێک بزانیت و بیشاریتەوە و وەک نەزانێک خۆت دەرخەیت.

دەی با لەوە گەڕێم، سوپاسمکرد و هاتمە ناو حەوشەکە، کەمێک بەتەنیا پیاسەم کرد. بەهۆی نزیکبوونەوە لە کۆتایی ساڵ، وانەکان کەمبووبوونەوە. تاقەتم چوو لە مانەوە لە حەوشەکە. لە دەرگای زانکۆ دەرکەوتم و لەناو بازاری شارەکە خۆم بینییەوە. دەستمکرد بە گەران بەناو بازارەکەدا.

هەینێ هەر چەند هەنگاوێک دەرۆیشتم، لەسەر شەقامەکان کۆمەڵێک پیرەژنی سەرتاپا رەشم دەدی، لەو قرچەی گەرماییە

دانیشتبوون، یەکێ دەبەیەک ئاو لە تەنیشتیان بوو، ئاو پرژێنی سەوزە سیسبووەکەی بەردەمی خۆیاندەکرد، نەبادا وشک هەڵدێ. روخساری خۆیان لەبەردەم خۆرەکە رەش و وشک هەڵهاتبوو، کەچی خەمی سەوزەکەیان بوو وشک ببێتەوە. ئەها مرۆڤ ئاوایە، لە پێناو مانەوەی لە ژیان تەنانەت خۆشی لە بیردەکات. بە بەراوردێکی بچوکی نێوان سەوزەی بەردەم پیرەژنەکان و روخسارییاندا دەزانی، مرۆڤ لە پێناو پەیداکردنی لەتێک ناندا، وشکبوونەوەی روخساری خۆی پێ ئاساییە، بەس وشکبوونەوەی ئەو شتەی نانەکەی بۆ پەیدا دەکات بۆی قورسە.

جاروەجار تووشم دەبوو بە توشی، پیرە پیاوێکی خەمبارەوە، تێشوێک وەسەر شانیەوە و، تا قۆڵی تەزبیح و گوڵنگ و مێخەکی هەڵواسیبوو دوکانە و دوکان دەگەرا بیانفرۆشێت. ئەو دوو دیمەنە ئاشنایەی ناو بازارەکە، دیمەنی خەڵکی ناو ئۆردوگاکەی ئێمەبوون. باو بوو، لەو شارە کەسێکت بدیبایە دەستفرۆشبێت، سەوزە فرۆشی سەر شەقامەکان بێت، بەهاران نێرگزفرۆشبێت، پرس و رای نەدەویست، راستەوخۆ دەتزانی ئەو کەسە یەکێکە لەو کەسانەی لە ئەنفالەکان جێماوە.

جێماوەکانی ئەنفال تەنها لە ئازیزەکانییان جێ نەمابوون، لە ژیانیش جێمابوون. بە هێز و دەستوو پێی خۆیان خۆیان هەڵواسیوە بە ژیانەوە، ئەگینا ژیان ئەوانی فەرامۆشکردوە و خستونییەتە دەرەوەی خۆی و نایەوێت. گەر بمەوێت پەراوێزێک لە خواری خوارەوەی ژیان بنووسم، لە پەراوێزەکەدا باسی جێماوەکانی ئەنفال دەکەم. ژیان سەرەو خواری هەبێت خوارەکەی ئەوانن.

تا کاتی گەرانەوەی قافڵەی جێبەکان، بۆ خۆم دەسورامەوە

و تەماشای شتوومەکم دەکرد. وەختێ دەرچوونی قافڵەکان، هاتمەوە گەراج و سواربووم.

دەمەو زەردەپەڕ تێکەڵ بە تەپوتۆزی ئۆردوگاکە بوومەوە. نەچوومەوە ماڵ. ملی ڕێگام گرتە بەر بۆ لای ماڵی کاماش. سەروەختێ لە کۆڵانەکەیان دەچوومە خوار، بە دەستی ئەو بەری ماڵی وان، کەمێک سەروتر، پیاوێک لەسەر کورسییەک دانیشتبوو، نیگای چەقاندبوویە ناو ئاسمان و دوکەڵی جگەرەکەی تێکەڵبوو بوو بە سەرو چاویا. لە دورەوە دەوبینی هەم وەک وێنەیەکی کۆنی دۆزراوە دەهاتە بەرچاو، هەم وەک ئاشنایەک. کە نزیک بوومەوە و لێی وردبوومەوە، سەیرەکەم جەنابی کۆماکاردارە کە ناسراوە بە کۆکسار! سڵاوێکم لێکرد و بەلایدا تێپەڕیم. نازانم جوابی یامەوە یان نا. نازانم ناسیمی یان نا. لێوی جوڵاندەوە و بە تەواوەتی سەیری نەکردم.

لە دەرگامدا، کاماش هاتە دەر و دەرگاکەی بە نیوەکراوەیی کردەوە.

-یا ئەڵا!خەیرە؟ شتێک روییداوە؟

تاقەتم نەبوو بچمەوە ماڵ هاتم بۆ ئێرە. خۆ ئیش و شتت نیە، خۆت گورج کەوە و وەرە با بچینە دەرەوە. ئێوارەش لە ماڵی خۆمان دەبین و لەوێ دەچینە چایخانە. لەباتی گاڵتەکردن تۆزێک رژد بە، ئیشم پێیتە و واز لە سەرخستنە سەرم بهێنە.

- نەی بۆ لێرە نەبین؟ مادام هاتوویت با نانەکەش بخۆین پاشان برۆین؟

ئاخر نابێت. نەنەو باپیرم وادەزانن لە شار نەگەراومەتەوە، دڵیان شتێک دەکات. نازانن هاتوومەتەوە، برۆ ئیجازە بخوازەوە چاوەرێتم، زۆرت پێنەچێت.

- باش پەلە مەکە با خۆم بگۆڕم.

لەبەر دەرگاکە پاڵم بە دیوارەکەوە داو سەرنجم چوویەوە سەری. لەسەر کورسیەکە قاچێکی خستبووە سەر قاچەکەی تری و نەفەس دوای نەفەس مژی لە جگەرەکە دەدا. جار وەجار نیگای لە ئاسمان دەهێنایە خوارەوە و سەیرێکی دەورو بەری خۆی دەکرد. لەگەڵ سەربەرزکردنەوەی بۆ ئاسمان لێوەکانی دەجوڵاند. نازانم دوعای دەکرد، یان گلەیی لە حاڵی خۆی. دیواری حەوشی ماڵەکەشیان هێندە نزم بوو، لە کۆڵانەوە تەماشات بکردایە، تا ناو ماڵەکەت دەبینی. هەیوانەکەیان بچکۆلەبوو. دوو دەرگا دیاربوون. دەرگای هۆدەی ناوەراستکرابوویە و لە تەنیشت دەرگاکەش پەنجەرەیەکی نیوە شکاو. دەرگای هۆدەکەی دەستە چەپ داخرابوو. لە هەیوانەکەوە ڕێرەوەکە تا بەردەرگای حەوشە بە خشتی سوور دیاریکرابوو. بەڵام حەوشەکەیان وشکوبرنگ بوو. جگە لە کۆمەڵێک پوش و پەڵاشی زەرد هیچی لێنەبوو. لە حەوشەی ماڵیکی چۆڵکراو دەچوو.

بە تەقەی دەرکاکە راچڵەکیم. کاماش هاتە دەرەوە و، وەک هەمیشە بە گاڵتە پێکردنێکەوە دەستیکردەوە بە قسەکانی خۆی.

-پێم نەوتی مەبیە بۆ ئەم ناوە؟ نەتووت نایەم بە دەوری ماڵتاندا؟

سەیرێکی یەکتریمانکرد و کەمێک پێکەنین.

-گوێبگرە، دوای کوشتنی کوڕە بچوکەکەی، هەموو ئێوارەیەک کورسییەکەی دەهێنێتە هەمان شوێن، مەبەست ئەو شوێنەی کورسییەکەی لێیە و لەسەری دانیشتووە، شوێنی بکوژی کوڕە بچوکەکەیەتی. تا تاریک دانەکات ناڕرواتەوە ژور. ئەو شەوەی تەقەیان لە کوڕە بچوکەکەیان کرد، لەو شوێنەدا بوو. خۆتبینیوتە

دیواری حەوشەکەیان نزمە، لەم دیووی دیوارەکەوە بانگیانکردبوو، لەو سەر دەرگا چەپەکە دەبینی داخراوە، ئەوە هۆدەکەیەتی. کە هاتبوویە دەر، لێرەوە دەستڕێژی گولەیان لێکردبوو.

نازانم بۆچی هەموو ئێوارەیەک ئەو کورسییە دێنێ بۆ هەمان شوێن و تا کاتی تەقەکان ناروات! ئەزانی تا ئەو ساتەی بکوژی کوڕە بچوکەکەی دەست دەنێت بە تفەنگەکەیدا و گولە دەنێت بە کوڕە بچوکەکەیەوە، تا ئەو ساتە لە هەمان شوێنی بکوژ دادەنیشێت. ڕێک سەیری کاتژمێرەکەی دەستی دەکات، یەک چرکە نە دوادەکەوێت نە پێش. لەوانەیە بیەوێت خۆی بخاتە شوێنی بکوژەکە و، بیر لەوە بکاتەوە دەبێ لەو ساتەدا بکوژەکە بیری لەچی کردبێتەوە. لەوانەشە سزای خۆی بدات. چونکە، ئەو قسانەی لێمبیستووە دەڵێ:

دەبایە کوڕەکانم فێری شتێکی باشتریکەم. دەبایە نەهێڵم بەسەر ڕێگای وشە و ڕێگای وتنی ڕاستییەکاندا بڕۆن، ئەوە ڕێگایەکی سەخت و بێ چارەنووسە. لە وڵاتێکی وەک ئەم وڵاتەی ئێمەدا، مرۆڤ بۆ ئەوەی ئازاری خۆی بدات، پێویست ناکا چەقۆ لە خۆی بدات، تەنها دەست بکات بە وتنی ڕاستییەکان، زۆر ترین ئازار ڕووبەڕووی دەبێتەوە. کۆمەڵگەیەک گوێییەکانی بە درۆ گەورە بووبن، ڕاستی دەبێتە دوژمنی. ئەوانەی گولە بەسەر سنگی ڕاستییەوە دەنێن، تەنها وانەنین لەسەر کورسییەکان دانیشتوون، ئەوانەن پارێزەری کورسییەکانن. براکەم باوەڕت بەم برا بچوکەی خۆت هەبێت، لە دونیادا کۆمەڵگەیەک نیە، وەک ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە شەیدای کورسی و شەیدای بیستنی درۆبێت.

کۆمەڵگەیەکە ڕقی لە عەقڵ و ڕاستی وتنە. هەر دەستەو تاقمێک هاتبن دوو دۆڕیان بۆ کردبێت لە دەوری کۆبوونەتەوە و

چەپڵەیان بۆ لێداوە و، خۆیانکردوە بە دیواری پاراستنی دەستەو تاقمەکە. ئەوەشی باسی راستی و ژیریی کردبێت یان لە ناویان بردووە، یان شاربەدەرییانکردووە.

بەنەفرەتترین رێگا رێگای دەربڕینی راستییە بە وشە. گەنجەکان دڵپاکن، گەنجەکان سەرەتا بروا بە کتێبی نووسەرە گەورەکان دەکەن. بەڵام نازانن نووسەرە گەورەکان درۆزنە گەورەکانن. هیچ نووسەرێک نابێتە نووسەرێکی گەورە، گەر درۆزنێکی گەورە نەبێت. بۆیە پێش ئەوەی سەرسامبیت بە نووسینەکانی، پێویستە سەرسامبیت بە درۆکانی. ئەو دونیایەی لەناو نووسینەکاندا هەیە، دونیایەکی درۆزنانەیە. ئاخ لە گەنجەکان هەرگیز تێناگەن لەو دونیا درۆزنانەیە. بۆیە بە راستی تێدەگەن و وادەزانن دونیای نووسەرەکان وەک دونیاکەی خۆیان پاک و بێگەردە. ئیتر کاتێک بە خۆیاندەزانن کەوتوونەتە ناو بیرێکی تاریکەوە بە هیچ گوریسێک دەرنایەنەوە.

بەردەوام لەگەڵ گەنجان دادەنیشێت، لەم جۆرە قسانە دەکات. سەرکۆنەی خۆی دەکات، بەلایەوە گرنگ نیە مەرگی سێ کوڕەکەی چیانکرد و چۆن خەڵکی هەژاند. بەس برینەکانی خۆی بەلاوە گرنگە و بەس باس لە برینەکانی خۆی دەکات. گوێم لێبوو رۆژێک دەیووت:

کە باوکێک کوڕەکەی لە دەستدا، چ خەڵک هەیە بەم لە دەستدانە بریندارببێت، برینی ئەو هەموو خەڵکە، سوچی برینێکی باوکەکە نیە. خەڵک حەزدەکات کوڕی خۆی بپارێزێت و کوڕی خەڵک ببێت بەسوتەمەنی تا پیایدا هەڵبدات. ئەو خەڵکەی شیوەندەکات بۆ لەدەستدانی کوڕی خەڵک و دەیکاتە پاڵەوان و هانیدەدات، بزانێت کوڕەکەی خۆی هەمان چارەنووسی ئەوانەی دەبێت هانیاندەداو

پیایاندا هەڵدەدات، شێت دەبێت. خەڵک وایە، خۆشی بۆ خۆی دەوێت و ئازاری بۆ دەرەوەی خۆی دەوێت. بە پیاهەڵدانی خەڵک خۆتان مەکەن بە پاڵەوانی ناو شەرێکی دۆڕاو. ئەوەی دەیەوێت تۆ ببیتە پاڵەوان داوای لێبکە با کوڕ و براکەی خۆشی لەگەڵت بێن بین بە پاڵەوان. دڵنیابە رێت پێنادات. چونکە نایەوێ ژیانی کەسە نزیکەکانی بسوتێت و سوتانێکی دەوێت دوربێت لە خۆی.

ناحەقیشی ناگرم، بۆ باوکێک لەو تەمەنە هیچ شتێک برینەکانی سارێژ ناکات. بەو چی مەرگی کوڕەکانی دونیا بگۆرێت؟ لەکاتێکدا برینیان خستووتە سەر دڵی وی.

بێزەحمەت بووەستە، وەبیرم هاتەوە، تۆ لای من خۆت راوەشاند و وتت باش دەیناسم! کەچی دەرکەوت ناسینەکەی لەبەر وەیە، دراوسێتانە!

- وانییە، پێش ئەوەی دراوسێمانبێت دەمناسی. رۆڵە مەمکە بەشەریکی خۆت! خوێندەوارم نیوەی تەمەنم لەناو کتێبخانەکان بەسەر بردووە. راستە چەند ساڵێکە دراوسێمانە،هەرچەند تێکەڵی نۆریش ناکات و زەحمەتە بە نزیکی بیناسی. بەڵام برات لە رێگەی خوێندنەوەی رۆژنامە و گۆڤارەکانەوە ناسیوومە. نەک لە رێگای دراوسێیەتیەوە. لە دراوسێیەتیدا جگە لە سەلام و چۆنی و چاکی تێکەڵیم نەبووە لەگەڵی. قسەکانیشی کە دەبیستم لە چایخانەکان دەبیستم کاتێ قسە بۆ گەنجەکانی تەنیشت خۆی دەکات.

باش، بۆنمونە تۆ چی دەزانی لەبارەییەوە؟

- با یەکەمجار باست بۆبکەم. ساڵانێکە دراوسێین.پێش مەرگی کوڕەکانی لە چەندین رۆژنامە و گۆڤار ئیشی کردووە. خۆشی لە هەشت نۆ شوێن، رۆژنامەی بچوکی تایبەتی دەرکردووە. هەر یەکە و شتێکی لەسەر دەڵێت. شتی خراپیش لە بارەی

رابردووییەوە دەڵێن. بەڵام من بروام بەو قسە و قسەڵۆکانە نیە. ئەم پیاوە لەو جۆرە کەسـانەیە، بە گەنجیەوە تارمایی فەرهەنگ دەچێتە گیانیەوە. تارمایی فەرهەنگیش وەک چوونی جن وایە بۆناو گیـان. دوای ئـەوە بۆی گرنگ نەبووە لە کوێ خزمەتی فەرهەنگ دەکات، تەنها بۆی گرنگ بووە چۆن خزمەتەکە بکات. ئولفەتێکی شـێتانەی لەگەڵ رۆژنامـەدا هەبووە. چووەتە هەر شـوێنێک بۆ کارکردن، لەو شوێنە یەک رۆژنامەی قوت کردووەتەوە. بۆنمونە:

گەربتەوێت شـارۆچکەی قەڵا رەشەکە بناسی، پێویست ناکات بچیت گـوێ لە پیاوە بـە تەمەنەکان بگریت تا بزانیت پێشـوتر چـۆن بـووە و چـی روییـداوە. یەواشـێ بچـۆ رۆژنامەکەی وی بخوێنەوە، سەرو بنی شارۆچکەکەت پێدەناسێنێت. ئیشەکانی لە ئیشـی گەرییدەیەک دەچێت، سـادە و سـاکار ورد و پوخت. لە رۆژنامەکانی گرنگی بەشوێنەکان و خەڵکەکە و ژیانەکەیانی داوە. نەهاتوو لەناو رۆژنامەیەکی بچوکی شارۆچکەیەک باسی دونیات بۆ بکات. هاتووە باسی ژیانە راستەقینەکەی ئەو شوێنەت بۆ دەکات رۆژنامەکەی تیاییە.

خۆم زۆر ئاسـوودەم بەو جۆرە کارانە، گوێش لەو قسـەڵۆکانە ناگرم لە پشتەوە لەسەری دەیڵێن. خۆتدەزانی یەکێک لە نەخۆشییە گەورەکانی ئەم کۆمەڵگەیە، کە تا ئێسـتاش چارەسـەر نەکراوە، ئەوەیە بیرکردنەوە و بابەتەکانی کەسەکانیان بەلاوە مەبەست نیە، ژیانی کەسـەکەیان بەلاوە مەبەستە. کە بیرکردنەوەی کەسێکیان قبوڵ نەبوو، لەبری قسـەکردن لەسـەر بیرکردنەوەی، پەڕدەدەنە کەسایەتییەکەی.

دوری بۆ مەرۆ سەیری خۆمان بکە، بەم تەمەنە منداڵییەوە هیلاک بووین بەدەسـت نەخۆشـی قسەو قسـەڵۆکی دەورو بەرەکەمان.

جاوەرە کارێکی باش بکە، یا کارێک بکە یەکێکی کە پێی نەکرێت وەک تـۆ بیکات، دەبێت چەن قسـە بخەنـە دوات تا لە گەورەیی کارەکەت کەم بکەنەوە. بێزراوترین نەخۆشـی لای من، نەخۆشی دەسـتختنە ناو ژیانـی خەڵکییە. تا ئەم نەخۆشـییە لە رەگەوە دەرنەهێنرێت، مرۆڤی ناو ئەم کۆمەڵگەیە ناتوانێت بەباشی خۆی و دەوروبەری خۆی ببینێت. چەند لێی ورد دەبمەوە، لە زەلکاوێک دەچێت پرە لە مێشـی هەراسانکەر. تۆ وردبەرەوە، زەلکاوەکانی خوار ئۆردوگاکە فەرقیان چیە لە ناو بازار و شوێنەکانی تری ئەم مەملەکەتە؟ ئێ ئەو داماوەش لەناو ئەو زەلکاوەنە ویسـتوویەتی شـوێنێک پاک بکاتەوە، مێشـەکان تێیبەربـوون. کرێکارێک کە چڵکاویـک گەرەکێک پاک دەکاتەوە، مێشـەکان بێزاری ناکەت؟ رێک ئیشـەکانی ئەو لای من وەک ئیشـی کرێکارەکەیە و قسە و قسەڵۆکی خەڵکیش لەسەری، وەک مێشەکانە لام.

ئێ چیتر؟

-شـت زۆرە. لەوانەیە خۆی باشـتر رونیبکاتەوە بۆمان. جارێ بزانیـن خـۆی چیمان بۆ باسـدەکات، شـتێک خۆی نەیویسـت باسـیکات، خۆمان بۆیدەگەرێین دەیدۆزینەوە. لە بەیانییەوە کاتم هەیە تا یەک بیست رۆژی تر.

ئێ زۆر باشە، منیش هەفتەیەکم بە دەستەوەییە، لەم هەفتەیە دەتوانیـن پێکەوە شـتێکی لێ بکەیـن. هەرچەند هەسـتدەکەم پێیخۆشـبێت خۆی زۆر شت باسبکات، بەڵام نەشیکرد بەشی من شتێک پەیدا دەکەین.

-بە خوا خۆ پەرستی. هەر بە گەمژە گەمژە چیت ویسـتووە کردووتە. رۆڵە عەیبکە لە خۆت، نابێت لەبەر خاتری مەبەستێکی خۆت، وا سەیری خەڵک بکەیت. خووێکی بەدت هەیە، لە خووی

کۆمەڵگە دەچێت. دەزانی زۆرینەی ئەم کۆمەڵگەیە بە تۆشـەوە، کە ئیشـێکیان بەیەکێک دەبێت دەیکەنە بروا کەسـی خۆیان. کە ئیشـەکەیان پێنەما وەک نەناسێک تەماشای دەکەن. یان باکیان بـەوە نیە لەبـەر خاتری ئیشـێکی خۆیان، ژیانی کەسـێک چی بەسـەردێت. خۆزگا یەکێک دەهات ئـەم خووە بەدانەی دەکردە بابەتـی توێژینـەوەی خـۆی و بنجوبنەوانەکـەی دەردەهێنان تا بزانین، بنجوبنەوانی ئەم نەخۆشیانە لە چییەوە دێت.

جاخۆ هیچی خراپم نەوتووە!

- بـا وتووتـە. خراپ چیە؟ تـۆ بتەوێت لەبەر خـۆت، ئازار و مەینەتی کەسی کەت بۆ گرنگ نەبێت، لەو خراپتر چیە؟ لەمکاتەدا تۆ بەس ئەو خراپەیەت لەدەست دێت، فەرموو سڵی لێناکەیتەوە و دەیکەیـت. لەوانەیـە لە کاتێکـی تردا خراپەیەکـی گەورەترت لەدەسـت بێیت و ئەویش بکەیت. دەبێت لە ئەساسەوە خراپە لە بیرکردنـەوە و ژیانی خۆتدا بکوژێـت. چون خراپە بچوکبێت یان گەورە، کە کردت بەردەوام دەبیت لەسەری.

کـێ دەڵێـت بۆم گرنـگ نیە. ئێـوە فێربوون کەسـێک خۆی دەرنەخـات، وا دەزانـن بـەردە. بەرد نیـم، ناشـزانم وەک ئێوە دەریخـەم. مەبەستیشـم خراپ نیە. مەبەسـتم خراپـە بووایە لە سەرەتاوە بیرم لەوە نەدەکردەوە کارەکە بکەم.

-ئێمە کێین. سـەرزل، خۆم و خۆتین، من باسی خۆم و خۆت دەکەم. وادەزانیت ناوناسم.

باشە بابە سەری بنێرەوە، تاوێک بێدەنگی دایگرتین و بە شوێن یەکدا بە تولە ڕێگاکە دەڕۆیشتین.

گوێبگرە. یارمەتیم دەدەیت؟ بە بروای تۆ چۆن دەست پێبکەم؟

- خـۆی لـە کوێوە دەسـتپێکرد با دەسـت پێبـکات. منیش

چیم پێکرا دەیکەم. باسەکەی خۆی بکە بە کلیلی بابەتەکەت. توێژینەوەیەکی بچکۆلەشمان لێ مەکە بە کێشەی دونیا. چوار دێر لەملا و چوار لەولا و دوو لە ناوەڕاست تەوادەبێت. چیتر سەرمان مەیێشێنە! خۆنەهاتووی کتێبی گەڕان بە دونیادامان بۆ بنووسی. توێژینەوەیەکی گەڕو گولە بۆ زانکۆیەکی بێکەڵک. لەوە زیاتر نیە. رقم هەڵسێنی لە چایخانەییەک دادەنیسم، ناجوڵێم تا دە توێژینەوە بنووسم. کێ بە کێ یە؟ حەزدەکەی بنووسە (ئەحمەد موختار بەگی جاف) بە حەیاتی خەونی نەبینووە! بۆ کەسێک هەیە بپرسێت بۆ نەینبیووە؟ ماڵتئاوابێت بیبرەوە.

باشە، بابە، باشە...

ڕێگای چوونە ماڵەوەمان، هێندەی ڕێگاکەی ژیانی من باریک و تاریک بوو. درکەکانی قەراغ ڕێگاکە باوەشیانکردبوو بەیەکتریدا، لەگەڵ جوڵانی پێ یەکان بۆ هەنگاو نان، پەلامارێکی قولاپە پێ یان دەدایت و بریسکەی لە شوێنێکت هەڵدەستاند. تا گەیشتنیە ماڵ، بەدەم قسە کردنەوە، ئاخ و ئۆفی قولاپەی پێمان دەهات. کەس نەیدەتوانی لەم ڕێگا باریکانەوە بۆ ساتێک خەیاڵ بیباتەوە، دڕکەکان نەیاندەهێشت و لەو سەری دونیابوویتاییە بەیەک جز و دەیانهێنایتەوە شوێنی خۆت.

دەرگای ماڵەکەمان کرابوویەوە. خۆمانکرد بە حەوشەکەدا. نەنکم لای تەنکیەکەوە خەریکی شۆردنەوە سوزگێک سەوزەبوو. سەرێکی بۆ لارکردینەوە و بە دەموچاوە لۆچاویی و ئەسمەرەکەیدا دیاربوو، پێی خۆش نیە زۆر لەگەڵ کاماش بگەڕێم. دووسێ جار نیگەرانی خۆی دەرخستبوو لە زۆر تێکەڵبوونمان. نازانم لە کێی بیستبوو ئەوانەی زۆر کتێب دەخوێننەوە ئاقیبەتیان باش نیە. دەترسا منیش خووەکەی ئەو بگرم و ئاقیبەتم خراپ بێت.

بەڵام وا خۆی دەرنەخست نیگەرانە. لەگەڵ دانیشتنماندا بانگیکردم لەناو تەپە دۆرەکە جامێک ئاو بۆ میوانەکە ببەم. جامە ئاوەکەم هێنا بۆی و لە تەنیشت نەنە دانیشتم.

نەنە دەزانی ئەمڕۆ لە زانکۆ پێیان وتم: دوا هەفتەی خوێندنە. دەبێت لەم هەفتەیە بابەتێک حازربکەم و دوای بابەتەکە ئیتر شەهادەکەم وەردەگرم. دەستێکم کێشا بەسەر شانی کاماشدا و وتم:

ئەم کوڕە قۆزەشم بۆییە هێناوە، دەیەوێت لە بابەتەکەدا یارمەتیم بدات.

نەنکم نە قسەیەکی کرد و نە خۆشییەکی دەربڕی. لەبری قسەکردن دوو فرمێسک بەچاوی هاتنەخوارەوە و بە سوچێکی فەقیانەکەی فرمێسکەکانی سڕی. سەرپۆشی بێدەنگیەک باڵی بەسەر دانیشتنەکەماندا کێشا. هەرسێکمان سەرمان داخستبوو دەنگی ئەلاو ئەگبەریی مزگەوتەکەی خوارەوە، هێندەی کە بێدەنگیەکەی قوڵتر دەکردەوە لە ناخماندا. دانیشتنەکە زیاتر لە پرسەیەک دەچوو، نەک دانیشتنێک بۆ نانخواردن. کتوپڕ دەنگی دەرگاکە و هاتنەوەی باپیرم لە مزگەوت بێدەنگیەکەی شکاند.

دوای نانخواردن هەڵساین و چاییەکەمان بردە چایخانەکە. کە خۆمانکرد بە ژووردا، کۆکسار لە سوچەکەی ئەو سەر بە تەنیا دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشا. بەرەو رویی ڕۆیشتین و وەک هەمان شەوی رابردوو لەملاو ئەولایەوە دانیشتین. هێشتا چاییەکەمان بۆ نەهاتبوو، دەستیکرد بە قسەکردن.

– لە کوێوە دەتەوێت دەست پێبکەم؟ تۆ چیت دەوێت کوڕی باش؟

لە هەرکوێوە خۆت پێتخۆشە دەست پێبکە. من نامەوێت

راستی چیرۆکەکان دەرخەم، چونکە چیرۆکەکان خۆیان راستن، دەمەوێت چیرۆکەکان بە زیندویەتی بهێڵمەوە. ئیشەکەی من جگە لەوەی بەرهەمی چوار ساڵ ماندوو بوونمە، لەگەڵیشیدا زیندوو هێشتنەوەی سێ چیرۆکە. خۆت ئەزموونێکت هەیە ئەزموونەکەت بخە گەڕ و یارمەتی من بدە، بتوانم شتێکی باش و رێکوپێک بکەم.

- کەوایە گوێبگرە، چیمپێخۆش بوو باسی دەکەم، کە پرسیارێکیشت بۆ دروست بوو دەتوانی پرسیار بکەیت، بەڵام پرسیاری زۆر نا.

بەسەر چاو، چۆن دەڵێیت با وابێت.

قومێکی لە جگەرەکە دا و، قومێک چایشی کرد بەشوێنیدا. سەری بەرزکردەوە و تاوێ لە گەڵا وشکەکانی کەپرەکەی روانی. پاشان زۆر بە نەرمی دەستیکرد بە قسەکردن.

- خوێندکار بووم لە بەغداد. ساڵانی سەردەمی ئێمە، وەک ساڵانی ئێوە نەبوو. ساڵانی ئێمە ساڵانی هەوڵدانبوو بۆ فێربوون. کەچی ئێوە بەردەوام لە هەوڵی راکردنەدان لە فێربوون. کاتێک لێرەوە چووم بۆ بەغداد، یەکەمجارم بوو شار ببینم. شاری لەو جۆرە گەورە و جەنجاڵم نەبینیبوو. بەیانییەکی زوو گەیشتینە ئەوێ. تا ئێوارەکەی بە سەر سورمانەوە گەرام و لە باڵەخانە و شەقامەکان و خەڵکەکەیم روانی. چاوم لەم شوێنەوە بۆ ئەو شوێن، لەم کەناری ئاوەوە بۆ ئەو کەناری ئاو، لەم شەقامەوە بۆ ئەو شەقام دەگێرا. تێرنەدەبووم لە بینینی ئەو دیمەنە غەریبانەی یەکەمجار بوو دەهاتنە ناو چاومەوە. جلوبەرگەکەم نامۆبوو بە شارییەکان. بۆ هەرجێک بچومایە بەلامدا تێدەپەڕیین و بە زەردەخەنەوە سەیریاندەکردم. سەیرکردنەکەی وان رەوتی

ڕۆیشتنی من و سەرسامی منی تێکنەدەدا. من لە دونیایەکی تربووم و ئەوانیش لە دونیایەکی تر. بەزمانەکەی خۆیان کە سەرەتامبوو لێی تێنەدەگەیشتم قسەیاندەکرد. قسەکانیان یا تانە لێدانبوو لێم، یا گاڵتەکردن. هەرچی بووبێت بەلامەوە ئاسایی بوو.

ئێوارەکەی کاتێک زەردەپەر نیشت بەسەر شارەکەوە، ماندوو بووم. لەگەڵ خۆم ناونیشانی هوتێلێکم بردبوو. سواری ئۆتۆمبێلێک بووم و، ناونیشانەکەم دایە و گەیاندمییە بەردەم هوتێلەکە. لە بەشی بەخێرهاتنی گەنجێکی سەرو سمێڵ تاشراو بە پێوە وەستابوو. سڵاوێکم لێکرد و بە کوردی جوابی دامەوە. بە زمانێکی خۆش چۆنی چاکی لێکردم و لێی پرسیم:

- تەلەبەم؟ منیش سەرێکم بۆ لەقاند و بەڵێکم بۆ کرد.

ناسنامە و شتەکانی لێورگرتم و لە پەراوێک کە لەسەر مێزەکەی بەردەمی دانرابوو، ناوی نووسیم و لەپشت سەری سندوقێکی خانە خانەی قاوەیی پڕ لە کلیل هەڵواسرابوو. دەستیبرد کلیلێکی دەرهێنا و ناسنامەکانی دایەوە دەستم. پاشان فەرمووی لیکردم دوای بکەوم. بە قادرمەکاندا دوای کەوتم لە نهۆمی دووهەم ژورێکی کردەوە. چووینە ناو ژورەکە قەرەوێڵەیەک بە خامی سپی داپۆشرا لە ناوەراستی ژورەکە بوو. پانکەیەکیش بە سەقفەکە و شوێنی دەستشۆریش لە تەنیشت دەرگای هاتنە ژورەوە. باسێکی ژورەکەی بۆکرد و کلیلەکەی دایە دەستم کە ئەوە شوێنی منە. پێش ئەوەی بچێتە دەرەوە وتی:

چیت پێویستبوو داوا بکە لە خزمەتتم. بەڵام ئەم شارە پڕە لە جرج. جرجەکانی ئەم شارە خۆراکیان لەسەر گیرفانی غەریبەکانە. ئاگات لە گیرفانەکانت بێت، لێرە کەس بۆت کەس نیە. لێرە گیرفانەکانت هەمووکەسن بۆت. هەتا گیرفانت پڕبێت

میوانی ئازیزی ئەم شاریەت. کە گیرفانەکانت خاڵی بوونەوە شار نەفرەتێکت لێدەکات و فرێتدەداتە دەرەوە. کاتێ هاتییە ژوورەوە لە دوورەوە دیاربوو غەریبەیت. غەریبەکانیش دڵیان پاکە. چەند ساڵە لێرەم. بە قسەی ئەم برایەت بکە، پێش چوونە دەرەوەت دڵە پاکەکەت لە ماڵەوە جێ بهێڵە. شار رەحم بەکەس ناکات. توند دەستەکانت بە گیرفانەکانتەوە بگرە، با سەرگەردان نەبیت. واشدانێ برایەکت لێرەیە، چ کات لێت قەوما وەرە لام، قسەکانم بکە بە گوارەیەک و بیانکەرە گوێت. خراپ ناڵێم. باسی دەردێکت بۆ دەکەم رۆژانێک بوو خۆم پێیەوە تلامەوە.

منیش وەک تۆ غەریبە بووم. بە هاتنم بۆ شارەکە حەپەسابووم. گیرفانەکانم پربوون لە پارە. کتوپڕ لە سوچی بازارێک دوو جرج لەو جرجانەم بۆ پەیدابوون. گیرفانەکانیان خاڵیکردمەوە. بە خاڵی بوونەوەی گیرفانەکانم هەموو دەرگاکان بەسەرما داخران. تاقە دەرگایەک بۆم مابوویەوە سکە برسیەکەمی پێ تێربکەم. دەرگای مەرقەدەکەی غەوزیی گیلانی بوو. رۆژانە دەچوومە وێ خۆم تێردەکرد و دەهاتم لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکان دەسورامەوە، شەوانەش لە سوچێکی حەوشەکەی گەیلانی مقەبایەک و بەتانییەکم دەدا بەخۆمە تا رۆژ دەبوویەوە یا دەلەریزم یان عارەقم دەسری. تا شارەزابووم و ئیشێکم دۆزییەوە، نیوەی ژیانم گەنی. بەیانی بەو جلانەی خۆتەوە مەچۆ دەرەوە. لە دوورەوە هاڵاوی غەریبیت لێهەڵدەستێت لە جلە کانی خۆم دەستێک جلت دەدەمی، تا خۆت جلی مۆدەی شارەکە دەکرێت. نامەوێت وەک گای چار لە دوورەوە دیاربیت نامۆی بە جل و بەرگی شارەکە.

قسەکانی نیگەرانی کردم. رۆژەکەی چیم بینیبوو، چەند سەرسام بوو بووم، هەمووی هێنایەوە بەلاڵیوما. منێکی غەریبی

سەراسیمە، بروام نەدەکرد ئەو هەموو جوانیەی ئەمڕۆ بینیومە، لە پشتیەوە بێ ڕەحمیەک خۆی مەڵاس داوە. دوای چوونە دەرەوەی، دەرگاکەم داخست و لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵکەوتم. قسەکانی لە مێشکما زرنگەیاندەهات. دەمێ دونیایان لەبەرچاوم تەنگ دەکرد، دەمێ دڵی خۆمم دەدایەوە بەوجۆرە نیە و هەر ویستی کەمێک هۆشی خۆم کۆبکەمەوە. ئۆقرەم لێ برا. خۆم نەگرت و هاتمە خوارەوە بۆلای.

حەقی خۆشم بوو، زمانم نە دەزانی، غەریب و هیچ نەدیدکە بووم. لە ژیانم ئەوەندە لە ماڵ دورنەکەوتبوومەوە تاریک دابێت لە ماڵەوە نەبم. لە ڕێگا کەمێک دڵم تەنگ بوو. سەرسامی شەقام و باڵەخانەکان و درەختەکان و باخچەکان، دڵتەنگیەکەی بیربردبومەوە، کەچی قسەکانی ئەوگەنجە سمێڵ تاشراوە جارێکی کە بردمییەوە ناو دڵتەنگی یەکەم.

لە تەنیشتی وەستام و بە خەمبارییەوە سەیرێکم کرد. بەڕوییەکی خۆشەوە تیلە چاوێکی تێگرتم و دەستیکردەوە بە دڵدانەوەم.

لەوە مەترسە چی ڕوودەدات. لەم شارە گەورانەدا تەنها شتێک وابکات لە غەریبایەتی بترسیت، نەناسینی کەسە. تۆ ئێستا من دەناسی. کەم نیم ها...

وا سەیرم مەکە سەرو گوێلاکم لاواز و باریکەلە و گەروگولم. نیوەی ئەم شارە دەناسم. کوری ناو شەقام و کۆڵانەکانیم. کاتی خۆشی منیش وەک تۆ غەریبەبووم. ئێستا ئاشنام. دەزانم تامی غەریبی چۆنە و بۆیە دایم کە یەکێکی غەریب دەبینم خۆمم بیردەکەوێتەوە و بە پیرییەوە دەچم. چیرۆکەکەی خۆم بۆ هەزاران غەریبەی وەک تۆ گێڕاوەتەوە. نامەوێت چی بەسەر مندا هاتووە بەسەر یەکێکی تردا بێت. هەرکەسێک گوێم بۆ دەگرێت بۆخۆی

هەرکەسێکیش گوێم بۆ ناگرێت با بچێت تاڵاوە بێرەحمەکەی باشە، شار بچەشێت. شارەکان لە هیچ شتێکدا لە گوندەکان ناچن. گوندەکان هێشتا دڵیان هەیە، بەڵام شار بێ دڵە. براکەم شار دڵی نیە. کاتی خۆی دایکم پێیدەوتم کوڕم:

چاکە بکەو بیدە بە ئاوا.

لەوەتەی هۆشمکردوەتەوە، خەریکی جێبەجێکردنی ئەو قسەیەم. شوکور چیشم کردوە خراپە نەهاتوەتە شوێنەکەی. دوژمنەکەشت چاکەی لەگەڵ بکە، دەبێت بە دۆستت. بۆیە لە ژورەکە ئەو قسانەشم بۆ کردیت، ویستم لەسەرەتاوە بزانیت لە کوێیت و بۆ کوێ هاتوویت. سبەی دێم لەگەڵت بۆ ئیشەکانت. تۆ جارێ زمان نازانیت، چ ئیشوکاری زانکۆت هەبوو بۆت تەواو دەکەم و شوێنەکەی خۆشتت بۆ وەردەگرم و جێت دەهێڵم. دوای ئەوەی شوێنی خۆت هەبوو، گەر پێویستت پێمبوو ڕۆژانە لێرەم وەرە بۆلام. پێویستیشت پێم نەبوو، موشکیلە نیە.

کەمێک ئاسودەیی هاتەوە بەبەرما. قسەکانیشی لەخۆی گەورەتر بوون. وەک دونیا دیدەیەک قسەی دەکرد. لێشم نەپرسی خەڵکی کوێیت و چیت تەواوکردوە. زوو بوو تا بەتەواوەتی بیناسم. بەڵام بروام بە هەموو قسەکانی کرد. نازانم گەنجێک بوو ئەوەندە بە دڵێکی پاکەوە قسەی دەکرد، نەتدەتوانی بروای پێنەکەیت. مرۆڤ کە قسەکانی لە دڵی چوون، دیلت دەکات. قسەیەک لە دڵەوە بە پاکی بێتە دەرەوە، بەهێزترە لە گولەیەک کە دەنرێت بەسەر سنگەوە. دووشتی جوانم لەم دونیاییە بینی، قسەیەک لە دڵەوە بێت، دڵێک لە قسەکانەوە بیبینی.

هەرچەند ڕۆژەکەی هیچم نەخواردبوو، ئاوهەوای شارەکە وایلێکردبووم دڵم هیچی نەدەبرم بیخۆم. خواحافیزیم لێکرد و

چوومەوە ژوورەکەی خۆم، قاچ و قولم شۆرد و ئاوێکم کرد بەسەرو چاوما. جانتاکە و کەلوپەلەکانم هەڵرشت و ئەوەی پێویستم بوو بۆ بەیانی دامنا. ئەوەشی پێویستم نەبوو لەناو جانتاکە و بۆفییەیەکی تێدابوو، خستنمە ئەوێ. بە ئیسراحەت لەسەر قەرەوێڵەکە پاڵ کەوتم و خەو بردمییەوە.

لە خەومدا دایکم لەبەردەم هەیوانەکە دانیشتبوو، خەریکی پێچانەوەی یاپراخ بوو. سەرپۆشەکەی سەر سەری بەربوو بوویەوە و خەریکبوو دەکەوتە ناو مەنجەڵی یاپراخەکەوە. بانگیکردم کۆکسار... کۆکسار.. بەڵێکم بۆ کرد. وتی وەرە ئەو سەرپۆشە چاکبکە، دەستم گیراوە و ناتوانم دەستی لێدەم. رۆیشتم سەرپۆشەکەم بۆ چاککرد. سەیرێکی کردم و بە پێکەنینەوە پێی وتم:

خوا ئاگای لێتبێت کورم، خەم نەخۆیت. خەڵکی زۆر باش لەم سەرزەمینە ماون. دڵێکی خراپت نیە و توشت نابێت بە تووشی خەڵکی خراپەوە. دونیا ئاخیر نابیەت تا سەرزەمین خاڵی نەبێتەوە لە خەڵکی باش. کە خودا دڵنیا بوییەوە لەوەی سەرزەوی خەڵکی باشی تیا نەماوە، دەستدەکات بە تێکدانی. بەڵام خەم مەخۆ کورم ئومێدت هەبێت پەکت ناکەوێت و خەڵکی باش دەدۆزییەوە.

بەدەم قسەکانی خەم مەخۆ کورم پەکت ناکەوێت. خەبەرم بوویەوە. بیرم لەوەکردەوە ئەکرێ دایکم لە دوورەوە ئاگای لێم بێت. لەوانەشە دوعای بۆ کردبم و دڵنیا بێت خەڵکی باشم ناسیوە. بۆیە خەوەکەم ئارامتری کردەمەوە و لەناو سەلاجە بچوکەکە سوراحییەک ئاوی تیابوو. دەرم هێناو هەڵم قوڕاند. ئەو شارە جوانە گەرماکەی بێ حەد بوو. بە نیوەڕۆیانی هاویین بچویتایەتە دەرەوە، دەبرژایت. هەمووجار بە خۆمم دەوت: باشە

پێش دروستبوونی کارەبا و ئامێری فێرکردنەوە دەبێ خەڵکی ئەم شارە هاوینان چ ژیانێکیان هەبوو بێت. بە زستانان دەتوانی بە کراسێکەوە بگەڕێیت، لە هاوینی لای خۆمان دەچوو. بە هاوینان حەقی زستانەکەی لێدەکردییەوە.

تینوێتیم بە ئاوی ناو سەلاجەکە شکاند و چوومەوە سەر قەرەوێڵەکە و پانکەکەش بە خڕە خڕ هەوایەکی نیوە گەرم و نیوە فێنێکی دەهێنا بەسەرما و خەوم لێکەوتەوە.

# ٦

بەیانییەکـەی لەگەڵـم هـات چ کارێکی پێویسـتم هەبوو بۆی جێبەجێکردم. بێ گلەیی و بێ دەربڕینی نارەزایەتیەک، کوناوکون لێم نەدەبوویەوە. تا باش دڵنیا نەبوویەوە چی پێویستیم هەیە هەمووی جێبەجێکراوە، جێی نەهێشتم.

ئیتر ئاوابوو.. ژیانی تەلەبایەتی چۆنە، منیش وەک تەلەبەکانی تردەستم پێکرد..

جگەرەکەی تەواو بوو، دەستی برد لە پاکەتە ڕۆزمەنەکەی سەر مێزەکـە جگەرەیەکی دیکەی دەرهێنا و دایگیرسـاند. بە بێدەنگ دەستیکرد بە خواردنەوەی چایەکە و بە شوێنیشدا جگەرە کێشان. لە ترسـی وەی پەرێشـانی نەکەم، خۆمخەریکرد بە سـەیرکردنی یـاری دۆمینـەی دوو گەنجەکـەی تەنیشـتم. قژە زۆر و سـمێڵە رەشەکانیان بە دیار سەرنجی دۆمینەکانی دەستیانەوە، شێوەیانی سـەرنج راکێش کردبوو. ئەوەیان رویی لە منبوو، زانی سـەرنجم لە دەسـتی بەرامبەرەکەی داوە، بە برۆ هەڵتەکاندنەوە ئیشارەی بۆ دەکردم چی لە دەستی بەرامبەرەکەیدایەتی پێی بڵێم. منیش خۆم لێ تێنەگەیاند و سـەرنجم چوویە ناو یارییەکەیانەوە. لەم کاتانەدا وتی:

-کوڕە لاو خۆ نەمووت هیچ پرسـیار مەکە و با هەمووشـت بە دڵی من بێت!

بەم قسەیەی لە یاریی دوو گەنجەکە دابرام و رووم تێکردەوە.

به حەپەساوییەوە سەیرێکم کرد و دڵم خۆشبوو بە قسەکەی. ئەو پیاوە نەبوو کە حەز بە گێرانەوەی چیرۆکەکانی خۆی نەکات. ئەویش وەک هەموومان پێیخۆشبوو ئاگرەکەی ناخی لە ڕێگەی زمانیەوە برژێنێتە دەرەوە. بەڵام کەمێ خۆگیر تر و چاوەڕوانبوو تا کەسێک بێت سوچی ڕەفەکەی ژیانی هەڵبداتەوە و پاشان دەست پێبکات.

جەنابی کاک کۆکسار چی ڕوویدا دوای ئەوە؟

-شتی گەورە لە ژیانی تەلەبایەتی ڕوونادات. ژیانێکی سونەتیە. تەنها بۆ ئەوانە شتێکی گەورە ڕوودەدات، کتوپڕ لە ناو خوێندنا دەست بکەن بە خۆشەویستییەکی قوڵ. من خۆشەویستیەکەم لە زانکۆوە دەستی پێنەکرد، لە دەرەوەی زانکۆ بوو. سەردەمی ئێمە سەردەمی شەڕی فەرهەنگ بوو!

یانی چۆن شەڕی فەرهەنگ بوو؟

-ئێمە نەوەیەک بووین ناسنامەکەمان زۆر بە توندنی گەمارۆ درابوو. بۆ پاراستنی ناسنامەکەمان بووین بە دوو دەستەوە، دەستەیەک تفنەگیان هەڵبژراد تا بەرگری لە ناسنامە بکەن. دەستەکەی ئێمەش پشتمان لە تفەنگ کرد و لە ڕێگەی کتێب و نووسین و خوێندنە و پاککردنەوەی زمانەوە دەستمان پێکرد. پێشموایە دەستەکەی ئێمە چارەنووسێکی روناکتری هەبوو. بەهەرمی ئێمە بەرهەمێکی باشتربوو. چ قسەی ڕەق و ناخۆش هەبوو، چ سوکایەتی و خراپەیەک هەبوو، ڕووبەڕووی ئێمە دەبوویەوە و مێژووەکەشمانیان بەنەفرەت دەکرد. بێباکانە لەم هەموو شتانە کەوتینە جۆماڵکردنی جۆگە پیسەکە.

پیاو کاتێ دەیەوێت بە ڕژدی لەسەر مەسەلەیەک کار بکات، گوێ بە بۆڵە بۆڵ و قسەو قسەلۆکی دەورو بەر نادات. خۆێ

کوڕە جوتیاری، جوتیارێک کە سەر قاڵی کیلانی زەوییە، گوێ بەو مێشولانە نادا لە دەوری خڕبوونەتەوە و بێزاری دەکەن. ئێمەش وامانکرد. گوێمان بەو مێشولانە نەدەدا خەریکی قسەو قسەلۆک بوون، لەباتی وەڵامدانەوەیان خۆمان لە ئیشەکەدا قاڵتر دەکردەوە.

لەناو زانکۆ دەستەیەکمان پێکهێنا، ئیشی ئەم دەستەیە خوێندنەوەی زۆر و نووسینی کەم بوو. شەڕی زمان و کلتورمان دەکرد لەگەڵ ئەو دەسەڵات و کلتورە بەهێزەی خەریکی خنکاندنمان بوون. بە هۆی سەرقاڵیمان لەم دەستەیە زۆری نەبرد هۆگری ئەو شارەبووم کە خۆمم تێدا بە غەریب دەبینی. وردە وردە زمانەکەشیان فێربووم. تا وام لێهات دورکەوتنەوە لە شار بۆم، بوویە کارێکی قورس. دەستەکانمان و ململانێی خوێندنەوە و نووسین، بەستبومییان بە خۆیان و شارەکەوە.

بەشێوەیەک تێکەڵبووم و خەڵکم ناسی، بیرم دەچوو شەش مانگ، حەوت مانگ جارێک سەرێک لە ماڵی خۆمان بدەمەوە. لەم کاتانەدا ڕۆژێک دەرکم بە بێرەحمی خۆم کرد و خۆم سەرکۆنەکرد کە چۆن دەتوانم ئاوا دوریم لە ماڵ. بۆییە جانتاکەم پێچایەوە و کەوتمە ڕێ. کاتێ گەیشتمەوە ماڵ ئەوەندە درەنگ هاتبوومەوە، ماڵەوەمان وەک هاتنەوەی سەربازێک لەناو شەڕەکان بوبێت بەرە و پیرمەوە هاتن. دایکم و خوشکەکانم و براکانم، لێم ئاڵابوون ماچیاندەکردم، شەرمم لەخۆم دەهات ئەو ماوە زۆرە توانیومە بێ ئەوان بژیم.

هەفتەیەک یان زیاتر بوو لە ماڵ مامەوە. لەو هەفتەیە ساتی زۆر خۆش و شیرینم بەڕێکرد. هەفتەیەک بوو ڕووداوی گەورە لە ژیانی من ڕوویدا. چاوەڕێمنەدەکرد لە شارەوە بگەڕێمەوە بۆ گوند و

لەوێ هۆگریم بە کەسێکەوە تا کۆتایی تەمەنم لێم دورنەکەوێتەوە.

ساتەکان لەگەڵماڵەوە شیرن بوون، تا ئەو رادەیەی دڵم پڕ دەبوو لەو هەموو خۆشییەی لە ماڵەوە هەیە. سەختیشبوو بۆم، سەختیەکەی نازانم چۆن باسبکەم.

مەبەستت چیە؟ من باش تێناگەم؟

- لێمگەرێ با باسیکەم. لەو هەفتەیەدا رۆژێک لە ماڵ چوومە دەرە، بە پیاسە بەرە و کانی فریشتەکان کەوتمە رێ. کانییەکە لەلای دەستە چەپی گوندەکەمان بوو. چۆمێک بەناو گوندەکەدا تێدەپەری، بەڵام کانیەکە زۆر لەسەروی چۆمەکەوە بوو. چووم بۆ ئەوێ کەمێک بەتەنیا پاڵکەوم و سەیری دەشت و دەر بکەم. دوو داری بەروو لەم دیوو لەو دیووی کانیەکەوە سێبەرێکی خۆشیان دروستکردبوو. لەژێر سێبەرکەش بەردە نوێژێکی لێبوو.

بەو ئاوە فێنکە خۆم فێنک کردەوە و لەسەر بەردە نوێژەکە پاڵکەوتم و دەستەسرە تەرکراوەکەم دا بەسەرو چاوما.

خەریکبوو شیرین خەوێک بچێتە ناو چاوم، گوێم لە دەنگێک بوو. سەرەتا نەمدەزانی دەنگەکە لە خەودابوو یان راستی. لەناو خەیاڵمدا هۆشم بۆ حیکایەتە کۆنەکە رۆیشت. ئەو حیکایەتەی دەیانووت: ئەم کانیە فریشتەی هەیە و زۆرجار دەردەکەون. لەبەر خۆمەوە وتم : لەوانەیە فریشتەکان بن و ئەوە راست بێت.

نەخێر، هەڵەبووم. تا دەهات دەنگەکە نزیکتر دەبوویەوە. چاومکردەوە و بەرەو لای دەنگەکە چاوێکم گێرا. لەسەر رێی کانیەکە، کراسێکی شینی تۆخ، هەورییەکی سوری ئاڵندبوو لە ملی، وردە وردە بەدەم گۆرانی وتنەوە بەرەو کانیەکە دەهات. هەڵسام و بە پەلە دەستێکم هێنا بەسەرو قژما و لەسەر بەردە نوێژەکە رێک بەرەو رووی ئەو دانیشتم.

کە هاتە پێشەوە، کراسێکی شینی گوڵی ڕەشی لەبەر بوو. هەوریەکەی ملیشی لەناو سوورییەکەدا گوڵی سپی بچکۆلەی لەسەر بوو. گۆزەیەکی شینی کاڵبووەوە بە دەستیەوە. وردە وردە بە قاچە سپی و پێڵاوە ڕەشەکانی هەنگاوی دەنا بەسەر وردە بەردەکانی سەر ڕێگاکەدا و بە دەنگێکی ناسک گۆرانی گۆزە لە شانی دەوت.

بە بینینی ئەم دیمەنە، پێش خەیاڵم، دڵم لە جێی خۆی نەما. یەکەمجارمبوو لە ژیانم هەست بە لەدەستدانی قورسی خۆم بکەم لەسەر زەوی. هەرچۆن _با_ دێت گەڵایەک لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و دەروات ئاوا وەک گەڵایەک لەگەڵ خۆی بردمی. هێشتا بەهۆی گژوگیاکەوە چاوی بەمن نەکەوتبوو. لە دونیا ناسک وجوانەکەی خۆیدا بای باڵیدەدا و گۆرانی دەچری. لەوە ترسام بە بینینی من کتوپڕی بترسێت و سەری لێتێکچێت. لەو ساتانەدا وەک کەروێشکێکی بچکۆلە دەهاتە بەرچاوم و خۆشم وەک مارێک ئاڵابێت لە کولانەکەی.دەبێ کاتێک دەمبینێت چۆن بترسێت و دەست بکات بە بازدان. بۆ ئەوەی ئەو ساتەی بیرم لێدەکردەوە ڕوونەدا، لە جێی خۆم بە هێواشی دەستمکرد بە نوزە نوزی گۆرانی وتن.

کە گوێی لە دەنگەکەم بوو لە جێی خۆی هەڵوەستەیەکی کرد وبێدەنگ بوو. منیش لە نێوان گژو گیاکاندا سەرنجیم دەدا و گۆرانییەکەم نەدەبرییەوە. دوای هەڵوەستەکە گۆرانیەکەی برییەوە وبەرە و کانیەکە هات. دڵنیابوو کەسێک لێرەیە. هەرچۆنێک بێت شتێکم کرد نەسڵەمێتەوە. هاتە سەر کانیەکە، نە سڵاویکرد و نە سەیری کردم. بە جامە مسەکەی دەستیکرد بە پڕکردنی گۆزەکەی. دوای پڕکردنی گۆزەکە، ئاوێکی کرد بە دەموچاویدا

و تنۆکە ئاوەکان بەسـەر گۆناکانیـەوە بەنەرمی بەرە و لای ملی دەکشـان و هەوڵیاندەدا بچنە ئەو شـوێنەی کە من حەزم دەکرد بیبینن. یەخەی کراسەکەی کرابوویەوە. لە سوچێکی یەخەکەیەوە گومەزییە سپیەکان خۆیان گرمۆڵەکردبوو. سپییەتی گومەزییەکە چاومییان ڕوو بە خۆیان رادەکێشا.

چەشنی نەدی و بدییەک چاوم تێبرییبوو. لە نوکی پەنجەکانی قاچییەوە تا تەوقە سەریم پشکنی. بەم چاو تێبرینەی من پەشۆکا. دەستیبرد یەخەی کراسەکەی سەرسنگی پێچایەوە و، خوار پوزیی کەوتبوویـە دەرەوە داپیۆشـی. بەنیاز بوو هەموو ئەو شـوێنانەم لێبشـارێتەوە گریان بەردەدایە ناخم. کەسـیش لـەو ناوە نەبوو. سەیرێکی دەورو بەری کرد و زیاتر پەشۆکا. دوای بۆی گێرامەوە لەوە ترساوە هەڵسم و پەلاماری بدەم.

خواکردی لە ترسانا، هێندە پەلەپەی کرد، هەورییەکەی جێما. ئەو هەورییە بۆ من ڕۆشـنایەک بوو لە ناخم ئاڵا. دەرگایەک بوو بەرە و خۆشـییەکی دەبرم خۆشـم نەمدەزانی ئەو خۆشییە چیە. نازانم بۆ لەو کاتانەدا دەموپلم بەسترا و هیچم پێنەوترا. نەنانەت نەشمتوانی بڵێم:

خانم هەورییەکەت جێماوە.

کـە لە چاو ونبوو، دەسـتم برد هەورییەکـەم هێنا و تێر بۆنم کـرد. وای چ بۆنێکی هەبوو. هەر مەپرسـە، ئێسـتاش ئەو بۆنە لەسـەرمایە. هەورییەکەم دا بەسـەرما و لەسـەر بەردە نوێژەکە خەو بردمییەوە.

لـە خەوما، بـەدەم گۆرانی وتنەوە هات، هەورییەکەی لەسـەر چاوم لابرد و داوای لێکردم هەڵسم چایی بۆ هێناوم چایەک بخۆم. لەم خەوەدابووم بە دەنگی بەرزی پۆلێک ژن کە هاتبوون بۆسەر

کانیەکە خەبەرم بوویەوە. لەناو ژنەکاندا ئامۆژنمی لێبوو. بانگم کردوو چی رویدابوو لە نوکەوە بۆم گێرایەوە. بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

- جا بەساقە و بم بۆ وا شێواویی. ئەوە کەماوی باجی سێوانە. یەکێکە لە کچە نازدارەکانی دێیەکەمان. ناشێت دەستی لێوەشاندبێت و سەرگەردانی کردبێت! خۆ رەنگت پێوە نەماوە. دوێنێ تۆ وانەبوویت. ئەمرۆ خراپ شێواویت. هەروا زوو تێکیدایت. ئەو رووەت چاڵە چی کوڕی گوندەکەیە شێت و شەیدای کردووە. کوڕ نەماوە لەم دەورو بەرە لە داخی ئەو فێری گۆرانی وتن نەبێت.

-چ بڵێم ئامۆژن! لە ژیانم شتی وا جوانم نەدیووە. هات چ ئازارێک لەناخمابوو تیماری کرد. هەستدەکەم تەنها قابلۆغەکەم لێرە ماوە و خۆمی برد. ئەم کورەی قسەت بۆ دەکات بەس دەست و پلی ماوە، دڵم بەم تولە رێگایەدا بەشوێنیدا رۆشتووە، نازانم گیربووە لە درکی سەر رێگاکە یان لەناو گۆزە ئاوەکەیدایە.

- خەمت نەبێت بە ساقە. خوا گەورەییە. تۆ هەورییەکەم بەرێ با بۆی ببەمەوە. دوایش بزانین چۆنەبێت. جوان نیە هەوریی ئەوت لابێت.

- هەوریەکەم پێدا، بەڵام بۆنەکەی لەسەرمابوو. خراپ لاواز بووم. کورە پڕ جموجوڵ و بە غرورەکەی زانکۆ نەمام. بووم بە باڵندەیەکی پەرووباڵ شکاو. رەشەبایەک هات، چی لق و پۆپم هەبوو شکاندی و کردمی بە یەک تۆپەڵە چڵ و چێو. بە قسەکەی ئامۆژنم ئاسودییەکم بۆ هات. وام لێهاتبووم بە یەک قسە دەفریم و بە یەک قسە ئەژنۆکانم ئەشکان. کە لە دورەوە ئامۆژنم دەبینی تا هەواڵێکی بزانم، گشت گیانم دەلەرزیی.

کەماوی باجی سێوان، بەبێ ئەوەی تەنانەت قسەیەک،

سەیرکردنێک بکات، دەستوپێی شکاندم و کردمی بە دیلی خۆی.
ئێوارەکەی بە خەمبارییەوە گەڕامەوە ماڵ. هیچ شتێکی ئەم دونیاییە دڵی نەدەدامەوە، تاقە شتێک ئاشتی ئەکردمەوە لەگەڵ ژیان، قسەیەک، هەواڵێکی کەماو بوو. دونیام لێ هاتبوویە یەک. دەچوومە سەربان، دەهاتمە خوار. لە حەوشەکە گوڵەکانم ئاودەدا، یاریم لەگەڵ کەڵەشێرو مریشکەکان دەکرد، دەهاتم و دەچووم. لە خۆمەوە گۆرانیم دەوت، سەرم دەخستە سەری سەری دایکم و خوشکەکانم. بوو بوومە شێتێکی تەواو.

نەمدەزانی عەشق چیە! تەنها لەو ساتانەدا وامدەزانی عەشق، شنەبایەکی لە خۆتدا دەرت دەهێنێت و دەوبا بۆ شوێنێک پێشتر نەتدیووە. لە یەکەم ساتی بینینیەوە، چاوەکانم تازە بوونەوە. کوڕەکە گاڵتەت لێنەیەت لەم قسانەم. چاوەکانم تەنانەت بەردەکانیشی بە جوانی دەبینی. پێش بینینی ئەو، نە کانیەکە، نە گوندەکە، وەک ئەوە جوان بوون، کە پاش بینینی ئەو لام جوان بوون. چاوی پیاو تەنها بە ژنێک پاک دەبێتەوە، ژنەکە چوبێتە دڵیەوە. ژن کە چوییە دڵی پیاوەوە، پیاو ئیتر هەموو شتێک بەجوانی و بە پاکی دەبینێت.

ئەو شەوە خەو نەچووە چاوم. ئێوارەکەی جێگاکەی خۆم بردە سەر کەپرە بچوکەکەی لای جۆگە ڕێحانەکە و بە پشتا بۆی کەوتم. تا بەیانی سەیری ئەستێرەکانم کرد و بیرم لێدەکردەوە. هەزار و یەک ڕێگام دانا بۆخۆم چۆن بیبینم؟ چی بڵێم؟ چی باشە بیکەم؟ لە هەموو ڕێگاکانیشدا خۆم بە تێکشاوی دەبینیەوە. خەیاڵ و بیرکردنەوەکانم نەیاندەتوانی بروا بە خۆم بهێنم قبوڵم بکات. ڕۆژی دواتر، دەوری چێشتانگان ئامۆژنم دەرکەوت. بە دەرکەوتنی کۆڵێک خۆشی ڕووی تێکردم.

نابێت راستی نەڵێم، پێشوتر قەت وا چاوەڕێی کەسم نەکردوە و قەتیش وا تامەزۆری بینینی کەسێکی نزیکی خۆم نەبووم. کەچی بە هاتنی ئامۆژنم لە ناخما ئومێدێک هەڵدەهات. راستیەکەی ئەوەیە، یەکەم ژن لە دەرگای دڵی دایت، تا چوونە ناو گۆڕەکەت دەنگی لێدانەکەی دەزرنگێتەوە. لە ئێستادا بەم تەمەنەوە کە ئەم شتە تایبەتیانەی خۆم دەگێڕمەوە، دڵەکەم هەر دڵەکەی جارانە. گوێم لە زرینگانەوەی لێدانەکەیەتی بە دەستی کەماو.

دڵی عاشق دڵێکە نە پیردەبێت، نە گوێ بە سەختی زەمانە دەدات. لەوانەیە عەشق ئاشوبێک بێت، روخساری عاشق تێک بشکێنێت. بەڵام دڵێ وەک خۆی دەمێنێتەوە و زەمانە هەموو شتێک بگۆڕێت، دڵی عاشقی راستەقینەی پێناگۆڕێت. عەشق هیچت لێنەکات واتلێدەکات هوشیاربیتەوە و بێ ئاگا نەبیت. عەشقێک هوشیارت نەکاتەوە عەشق نیە.

ئامۆژنم لە هەیوانەکە دانیشتبوو. بە لاپلارێکەوە زەردەخەنەیەکی تێگرتم. خۆم نەگرتوو چوومە لایەوە دانیشتم. بە چرپەوە پێی وتم:

- بینیم، هەوریەکەم پێدایەوە. شتێکیشم بۆ باسکرد. ئەمرۆ دوای عەسر دەچێت بۆ سەر کانییەکە، حەزدەکات بووبینێت!

ئەوە خۆشترین هەواڵبوو بیبیستم. هەڵسام چووم کەمێک ئاومکرد بەخۆمدا. دەستم هێنا بە سەرو چاوما و قشە خاو تێکەڵ و پێکەڵەکەمم شانەیەک کرد و، کراسێکی سپی یەخە گەورەم هەبوو، لەبەرم کرد. لە بەردەم ئاوێنە تەڵخەکەدا دوو سێجار خۆم ئەمدیو ئەودیوو کرد، تا بزانم بە کەڵکی دیدارەکە دێم.

چاک لە بیرم نیە، نازانم نیوەڕۆکەی لە خۆشیدا نانم خوارد یان نا. وەلێ بیرمە زۆر زووتر لە کاتەکە چووم بۆ سەر کانیەکە.

لە وێ دانیشـتم هەر سـاتێک لە چاوەڕوانی تێدەپەڕیی تەمەنێک بوو لەلام. ئاگرێک لە ناخما هەڵگیرسابوو، تەنها بە هاتنی کەماو ئارام دەبوویەوە.

دەمەو عەسـران دەرکەوت. بە هەمان کراسـی شـین و هەمان هـەوری لەملەوە. لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەر هەنگاوێکی، هۆشـی من خاوتر دەبوویەوە، لێدانی دڵم زیاتر دەبوو. هەستم ئەکرد دڵم لە سینەما جێی نابێتەوە.

سڵاوێکی کرد. لەگەڵ سڵاوەکەی بەرزە پێ هەڵسامە سەر پێ و بەخێرهاتنم کرد. پێکەنینی بە شێواوییەکەم دەهات. دەستم، دڵم، زمانم، وەک شـەق شـەقە دەلەرزین. ئەویش بە جامە مسـەکەی نـەرم نـەرم، خەریکی پڕکردنـی گۆزەکەی بوو. قژە ڕەشـەکانی بەردابوویـەوە و بـە نازێکەوە سـەیری دەکردم. خـۆم بۆ ئارام نەدەکرایەوە. بەگاڵتە پێکردنەوە وتی:

- دەی قسەکانت چیبوون با بزانین؟!

- چ بڵێـم! تـۆ چیـت دەوێت و چی دەڵێت من ئـەوە دەکەم. دەزانم شـێواوم، وانەبێ ئەمە یەکەمجارم بێت قسـە لەگەڵ کچدا بکـەم. بـەڵام بەو ئاوە پاکـەی ناو کانیەکـە، یەکەمجارە کچێک دەچێتە ناو دڵم. دەمەوێت بۆ هەمیشە لەو شوێنە بیت و کەسی تر نەیەتە شوێنەکەت. دڵەکەی من تا بینینی تۆ کەسی تیانەبووە. شـوێنێکی پاک و پوختە. با هەر بۆ خۆت بێت و تیایدا بمێنەوە و ئاوەدانی بکەرەوە.

- بزانین وایە یان نا. جارێ زووە بۆ بڕیاردان. بۆم باسـکە لە بەغداد خەریکی چیت؟

- لەسـەرەوە تا خـوارەوە، چـۆن ڕۆیشـتبووم، چیمکردبوو، بەنیازبـووم چیتـر بکەم، هەموویم بۆ باسـکرد. قسـەکانم تەواو

نەکردبوو هەڵسا و گۆزەکەی خستە سەر شانی و بە دەم ڕۆیشتنەوە وتی:

– ئاگامان لەیەک دەبێت. هیچ بە کەس مەڵێ. پەنجەرەی هۆدەکەی من کەوتوەتە سەر کۆڵانە تەسکەکە. لەبەردەم پەنجەرەکە گوڵدانێکی شینی پڕ لە گوڵی وەنەوشەی لێیە. هەرکاتێک پێتخۆشبوو یەک ببینین، یان قسەیەک بکەین. نامەیەک لەناو گوڵدانەکە جێبهێڵە، ئیتر دوای خۆم خەبەرت ئەدەمەوە. با من بڕۆم درەنگە، خوا حافیز.

– چەند بەبەخت بووم. ئەوەندەم پێکرا ئەوپەڕی خۆشحاڵی خۆم دەربڕم. تا لە تولە ڕێگاکە ونبوو، سەرنجیمدا. لە ماسیگرێک دەچووم تۆڕەکەی پڕبێت لە ماسی. باوەشم بە گیاکاندا دەکرد و بۆنی گژو گیاکەم دەکرد. لە خۆشییا سەرم چەقاندە ناو کانیەکەوە، تا ساردی ئاوەکەی سەرمی نەلەرزاند دەرم نەهێنایەوە.

سوتووی جگەرەکەی نەرم نەرم دەورەیە کۆشییەوە. چایەکەی بەردەمی هێزی تیانەمابوو. بە دەستە زبرو پڕ لە دەمارە شینەکانی، سوتووەکەی سەر کۆشی تەکاند و داوای چایەکی تری کرد. پاشان جگەرەیەکی کەی داگیر ساند و دەستیکردەوە بە قسەکردن.

–دڵخۆشییەکانم بەسەر ڕوخسارمەوە، بەسەر زمانمەوە، بە سەر دەستو پەنجەکانمە، چک چک دەرژان. هەرکەسێک لەو ساتانەدا منی ببینیبایە دەیزانی خراپ دڵخۆشم. خۆم نەدەگرت و دەمەویست هاوارکەم زۆر دڵخۆشم. زۆر ئاسوودەم. سێبەری کەپرەکەی خۆمم دۆزییەوە. خەریکە دەگەمە شوێنێک، تاقە شوێنی ژیانی منە. دڵە چۆڵەکەم ئاوەدان بوویەوە. دڵ لە غەریبە دەچێت، نازانێت دوا مەنزڵی کوێیە. کاتێک بە خۆی دەزانێک لە

مەنزڵێک خۆی دەبینێتەوە و بووەتە دواشوێنی ژیانی.

بەدەم گۆرانـی وتنەوە چووم بۆ ماڵی مامم. لە سـەر دیواری حەوشەکەوە سـەریمکرد ئامۆژنم، سـینیەک برنج لەبەردەمیدایە خەریکـی چنینیەتـی. چوومـە لای و سـەریم ماچکـرد. ئەویش دەیزانی مەسەلە چیە. بە غرورێکەوە پێی وتم:

- ئەوەی ناوێت بەسـاقە، کێ تۆی دەستدەکەوێت. مەمنونیش نەبێت ناهێڵین تامت بکات. ماشەڵا کوڕێکی ڕێکوپێک و قشت و خوێنەوار. هەزاران کەس خواخوایەتی لایەکیان بۆ بکەیتەوە.

قسەکەی غروری منی زیاد نەکرد. خۆشەویستی کە هەڵیکرد، یەکەمجـار درەختـی غرور هەڵدەکەنێت. لای مـن وایە، ئیتر لای خەڵکی تر وانیە کەیفی خۆیانە. شەوی پێشو ئازار و بیرکردنەوە نەیانهێشـت بخەوم. شـەوی دوایش خۆشـی و بەیەک گەیشـتن نەیانهێشت بخەوم. ها کوڕە تۆ پێم بڵێ: خۆشەویستی بۆ ئەوەندە دوژمنی خەوە؟

راستی من نازانم کاک کۆکسار، نەمکردوە و نازانم چۆنە!

- هەی بەدبەخت خۆت. کوڕە دڵ تەنها یەک ئیشی جوانی هەیە، ئەویش ئەوەیە پڕبێت لە خۆشەویستی. دڵ بە بێ خۆشەویستی، لە کاولەیەک دەچێت مرۆڤ بێزار دەکات. لەوانەشە وا فێرکرابین ئێمە یەکسـەر بڵێین: عەشق! بەڵام عەشق لە هەستەکانم گەورە تـرە و لـە دەردەکانی دڵمان گەورە ترە. کە وردە وردە هوشـیار دەبیت، لەوە تێدەگەیت عەشق ئەوە نییە ئێمە ناومان ناوە عەشق. عەشـق چرایەکە کە داگیرسا خۆشەویستیش خۆی ناگرێت لەبەر روناکیەکەی. با واز لەوە بێنین.

نا، نا، بۆ وازی لێدێنی. با بزانم جیاوازییەکە چیە؟

- جیاوازییەکـە زۆرە. هەموومـان سـەرەتا کەسـێک دڵمـان

داگیردەکات. بەم هاتنە ناو دڵەوە وادەزانین، عاشق بووین. لێ، دوای تێەڕیوونی کاتەکان و وردە وردە بیرکردنەوە، بۆمان ڕووندەبێتەوە عەشق ئەوە نەبووە، ئەو دۆخەی ئێمەی تیابووین، خۆشەویستی بووە. عەشق لە شوێنێکی ترە. لە ناو هوشیاریدابیە، یان باشتر بڵێم: خۆی هوشیارییەکی باڵایە.

پەروانەیەک بهێنە بەرچاوت، لە هەوڵی روناکی شەمعێک، باکی بە سوتان نیە. دەشزانێ دەسوتێ، کەچی هێندە تامەزۆری روناکییەکەیە سوتانەکەی خۆی بیردەچێتەوە. رازییە خۆی بسوتێت، بەس بە مەرجێک بگات بە روناکییەکە. لای من عەشق ئەوەیە. گەیشتنە بە روناکیەکە. روناکیەکەش هوشیارییە نەک مرۆڤ. کە گەیشتیتە شوێنێکی هوشیار، باکت بە هیچ نیە، چونکە دەزانی هیچ شتێک بە بێ هوشیاریت بەسەرتا تێناپەڕێت. عەشق ئەوەیە کورم. دەبێت بگەیتە ئەو ئاستەی هوشیاری، پاشان باس لەوە بکەیت عاشق بوویت. بە بێ گەیشتن بەو هوشیارییە، باسکردنی عەشق باسکردنی دەردە دڵەکانی خۆتە. نە دەردەدڵ عەشقە و، نە عەشق دەردە دڵە.

مەبەستت گەیشتنە بە یارەکەت؟

-نا، هەرگیز مەبەستم ئەوە نیە. گەیشتن بە یار کوژانەوەی عەشقە. گەیشتن بە هوشیاری گەشیتنە بە عەشق. لێم مەبرە با بچمەوە سەر باسەکەی خۆم.

خەجاڵەتم، ببوورە.

- لەو هەفتەیە سێجار کەماوم بینی. چیرۆکی دڵەکانمان دەستی پێکرد و تا دەهات قوڵتر دەبوویەوە. شەوان نامەم بۆ دەنووسی و چاوەڕێم دەکرد، تا خەڵکی گوندەکە بنوون. دەچووم نامەکەم دەخستە ناو گوڵدانەکەوە و دەگەرامەوە سەر جێگاکەی

خۆم. یەکەم نامەم بۆم خستە ناو گوڵدانەکە لە شەوێکی مانگە شەودا بوو. ئەو شەوە گوڵدانەکە و پەنجەرەکە یەک دیمەنیان هەبوو، هەتا حەز بکەیت جوان. بۆ ڕۆژی دوماهی وەڵامەکەیم لەناو گوڵدانەکە وەردەگرتەوە. گوڵدانەکە بوویە سندوقی کەین و بەینی ئێمە. تەنها گوڵدانەکە دەیزانی چ هەستێک، چ وشەیەک، چ خۆشەویستییەک لە نێوان ئێمەدا هەبوو. ئێستاش گەر ڕۆژێک ڕێت کەوتە لای ماڵی ئێمە، لەسەر دیواری حەوشەکەوە سەیرێک بکە، هەمان گوڵدان بەس بە کاڵترەوە، لەسەر تاقی پەنجەرەی هۆدەکەی ناوەراست دانراوە، هەمان گوڵدانە.

لەم دونیایەدا تاقە دوو شت بۆمن جێمابێت، دڵێکی شکاوی بریندار و گوڵدانێکی کاڵبووەوەی کەماوە.

ڕۆژێک پێش ڕۆیشتنەوەم بۆ خوێندن. داوام لە ئامۆژنم کرد لەگەڵ باجی سێوانی دایکی قسەیەک بکات و خۆشم شتێکم بە دایکم وت.

لێرەوە و لە وێش، خەڵک ئێمەی بینیبوو پێکەوە، باسیانکردبوو و باوکم بە چیرۆکەکەی زانیبوو. وای لێهات زۆر بە زوویی هەردوو لا ئاگادارکرانەوە و باجی سێوان وتبووی:

- لە دارای دونیا من بەس کەماوم هەیە. خۆی چی پێخۆشبوو بە دڵی وی دەکەم.هیچم ناوێت جگە لە ئاواتەکانی کەماو. بەهەتیوی و سەرگەردانی گەورەم کردووە، خوابکات بچێتە ماڵی خۆی و ئاسودەبێت، ئیتر دوای ئەوە بشمرم مردنێکی خۆش دەمرم. کچەکەم تا بڵێیت کچێکی جوان و قورسە. هێشتا نە کەسم دیوە شتێکی لەسەر بڵێت، نە کەسم دیوە گلەییەک بکات. خوازبێنی کەریشی زۆرن. زۆرجار وام لێدێت خۆم گلەیی لێبکەم و بڵێم: کچم باش نیە ئەم هەموو خوازبێنی کەرە ڕەد دەکەیتەوە.

بـەڵام ئەو دەڵێ: دایە کەسێک بە دڵی خـۆم نەبێت بۆ ژیانمی لەگەڵ بسوتێنم. راستیش دەکات. با بەدڵی خۆی شوبکات. گەر خۆی کوڕەی قبوڵە من دەیانخەمە سەرچاوانم.

بۆ رۆژی ئاخر نەمتوانی بیبینم. نامەیەکم نووسی و لە شەوێکی دەرنگدا بردم لەناو گوڵدانەکە جێم هێشـت. بەیانیەکەی کەوتمە رێ بـەرە و بەغـداد. خۆم لە بەغدا و دڵیشـم لـە گوندەکەمان جێمابوو. ئەو شارەی حەزم لێبوو تێیدا بمێنمەوە، خۆمم لێبوو بە غەریبەکەی یەکەم ڕۆژ. تازە تێگەیشتم مرۆڤ دڵی لە هەرشوێنێک بێت، ئەو شـوێنە ژیانییەتی. ڕۆژەکانم و سـاتەکانم دەژماردن تا زوو تـەواو ببم و بگەڕێمەوە بـۆ گوند، چاوم بە دڵە جێماوەکەی خۆم بکەوێتەوە. ئـازاری دوریی لە کەماو تەنگی پێهەڵچنیبووم. ئێستاش ئـەوە چەندیـن سـاڵە لێمـەوە دورەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ، بیرکردنـم لێی گەورە تردەبێـت و بەردەوام چاوەڕوانم مەرگ بێت بمگەیەنێتە لای.

بەغدادەکـەی جـاران لەبەرچاوم نەمـا. هاورێکانـم هەوڵێکی زۆریاندا کەمێک ئارام ببمەوە و بگەڕێمەوە سەر ڕەوتەکەی جارانم. هەوڵەکانیان بێسـودبوو. تازە من لە شوێنێکی کەبووم. کتێب و خوێندنەوەشـی لێ حەرامکردم. ناچار دوای خوێندن دەچووم بۆ کەنار ئاوەکە لەگەڵ ماسـیگرە پیرەکانی شـارەکە، دادەنیشـتم. ماسیاندەگرت و عارەقیاندەهێنا. من ماسـییەکانم بۆ دەبرژاندن و ئەوانیش عارەقیان دەخوارد. لەگەڵیان دادەنیشـتم تا مەسـت دەبوون. کە مەست دەبوون دەستیاندەکرد بە گۆرانی وتن.

جا ئەو ماسیگرە پیرانە دەنگیان زۆر غەریب و خۆشە. جیهانێکی تایبەتی خۆیان هەیە. هەمووشیان دڵشکاوەکانی سەر ئەم زەوییەن. گۆرانییـە کۆنەکان لە دەمـی ئەوانەوە تایبەتمەندی خۆیی هەیە.

ئەوەنـدە چووبوومە لایانەوە لە دورەوە دەردەکەوتم هەر گروپە و لە شوێنی خۆیەوە بانگی دەکردم بچمە لایان. سەرجەمیان بوونە ئاشـنام. کاتێ دەستمدەکرد بە برژاندنی ماسییەکان. خۆمم وەک ماسییەکە دەهاتە بەرچاو لەبەردەم ئاگری جوانیەکەی کەماوە لەم دورەوە خەریکە ببرژێم. حاڵم پەرێشـانبوو بۆی. تا گەیشـتمەوە لای، لەبەردێکـی هەڵکەنراو دەچووم لە لاپاڵێک بەربوویبێتەوە ناو چەمێک و لەخوارەوە ئاواتە خوازی گەڕانەوەی شـوێنەکەی خۆی بێت.

وانەبێت من لە ماسیگرەکان باشتربم و ئەوان لە من باشترین. ئەوانیش حاڵیان لە حاڵی من خراپتربوو. ماسیگرو مەیخۆرەکانی کەنار رووبارەکان و دەریاکان، دڵشکاوترین کەسی سەر زەویین. جیاوازییەکەمـان لـەوەدا بـوو، ئـەوان دڵشـکاو بـوون. بە دەم خواردنەوەی مەییەوە دەستیاندەکرد بە وتنی گۆرانییە کۆنەکان. گۆرانییەکانیـان بریتیبوون لەوانەی یـادگاری زۆرییان لەگەڵیاندا هەیە. گۆرانی یەکێکە لە جوانییەکانی مرۆڤ. چۆن خۆشەویستی لـە دڵ و یـادەوەری دەئاڵێـت، گۆرانیش وایە. هـەر گۆرانییەک نەبوویە یادەوەری، ناشبێتە گۆرانی.

من دڵشـکاو نەبووم، دوربووم لە ئازیزەکەمەوە. جیاوازییەکەم لەگەڵ ئەوان ئەوە بوو، ئەوان جگە لەوەی دوربوون دڵشـکاویش بـوون. ئاوێنەکەی من دڵی نەدەهات دڵم برەنجێنێت. ئاوێنەکەی من ئەو کەسە بوو بە ئێستاشەوە هەرجارێک سەیرم دەکرد دونیام تێدا دەبینی. دورییەکەی کردبوومی بە هاوڕێی ماسیگر و مەیخۆرە دڵشکاوەکان.

# کولانەوەی برینە کۆنەکان

# ٧

ڕۆژانی بندارەکەم بیرهاتەوە.

سەرجەم منداڵەکانی قوتابخانەکە لەبن دارێک وەک بێچوە چۆلەکە بەچاوێکی ترساوەوە، گرمۆڵە بووبووین و لە دورەوە سەیری پەلاماری سەربازەکانمان دەکرد. چۆن دایک و باوک و کەسە نزیکەکانم بە زۆر سواری ئۆتۆمبێلەکان دەکەن و لێمان دوردەخەنەوە.

ڕۆژەکە تا ئێوارە مامۆستاکان نەیانهێشت لە شوێنی خۆمان بجوڵێین. دەترسان نەکا پێمان بزانن و بێن بدەن بەسەرماندا و ئێمەش ببەن. خۆزگە جەسارەتم دەبوو لەوساتانەدا هاوڕێک بکەم و بێن ئێمەش لەگەڵ خۆیان ببەن. چیمدابوو لەم ژیانە نەفرەتییە لەم مەملەکەتە تۆزاویی و تاریکەدا.

کە خۆر ئاوابوو. مامۆستای بیرکاری پشتێنەکەی خۆی کردەوە و بە پێشتێنەکەی هەڵقە هەڵقە یەکی دەستێکی منداڵەکانی پێبەست، تا لە کاتی ڕۆیشتندا بەدوای یەکدا برۆین و کەسمان پەرتەوازە نەبێت. خۆی پێشمانکەوت و مامۆستاکەی تریش لە دوامانەوە و بەرییز بە شوێن یەکتریدا کەوتینە ڕێ.

ڕێگایەکی زۆرمان بری. شەوەکەش تاریک بوو. دوای برینی ڕێگایەکی زۆر، مانگ دەرکەوت و ڕێگاکەی بۆ ڕوناک کردینەوە. لە گردێک سەرکەوتین لە دورەوە چەند ڕوناکیەک دەرکەوتن. بەرە و ڕوناکییەکە ڕۆیشتین. دەنگی سەگەکانی گوندەکە ڕوو بە ڕوو ئێمە

دەوەڕین. نزیکبووینەوە لە گوندەکە، لەگەڵ نزیک بوونەوەمان، لە بن دارێک دایان نیشاندین. پشتێنەکەی لە دەستمانکردەوە و خۆی بەرەو گوندەکە ڕۆیشت.

زۆری پێنەچوو مامۆستاکە و چەند پیاوێکی چرا بەدەست هاتنەوە بۆ لامان. بە چراکانەوە سەیری یەک بەیەکمانیان کرد و دڵنیابوونەوە کەسمان لێ بەجێنەماوە. پێش خۆیانداین و بەرەو گوندەکە چووین. بردینیان بۆ ماڵێک لە تەنیشت مزگەوتێک بوو. حەوشەیەکی گەورە و خانوێکی یەک نهۆمی لەسەروی حەوشەکەوە دەیروانی بەسەر حەوشەکەدا.

لە هەیوانەکە بە ژور دەکەوتیت، لە دەستەراستیدا هۆدەیەکی درێژی فەرشکراو، کە چوار پێنج وێنەی تێدا هەڵواسراوبوو، ئێمەیان لەو هۆدەیە دانا. وێنەکان بە دیوارەکەوە دیمەنی هۆدەکەیان خەیاڵاوی دەکرد. دوو پیاوی پیری میشکی بەسەر لەسەر دیمەکێکی درێژ قاچییان خستبوویە سەر قاچ و دانیشتبوون. لە پشتیانەوە خانووێکی هەڵنچراو بە وشکە کەڵەک دەردەکەوت. وێنەکەی تەنیشتی ئەویش، پیاوێکی ریشنی تفەنگ بە دەست لە لاپاڵێک بە پێوە وەستابوو. منداڵێکیش لەبەردەمیدا.

دوای تۆزێک دانیشتن و وردبوونەوە لە وێنەکان، پیاوێکی پیر بە قیافەتێکی بەرزەوە هاتە ژوور.روخساری لە یەکێک لەو دوو پیاوە پیرە دەچوو لە وێنەکەدا دانیشتبوون. بە ڕوویەکی خۆش و بە دەم پێکەنینەوە بەخێر هاتنی کردین. پاشان وتی:

ئەمشەو لای مامی خۆتانن. سبەی ئەتانبەمەوە بۆ ماڵی خۆتان. خەمی هیچتان نەبێت.

سێ چوار سینی نانیان بۆ هێناین. دوو دوو و، سێ سێ، لە دەوری سینیە نانەکان کە تەماتە و هێلکە و ڕۆن و ، پیازی تەر

و نانی تەنووری تیابوو، دەستمانکرد بە نانخواردن.

هەندێک لە هاورێکانم دڵیان پڕبوو، هەندێکی کەشیان گوێیان پێنەدەدا. من و کاماش لەوانە بووین زۆر دڵمان پڕبوو. بەڵام لە شەرماندا نە دەگرییان. پاروەکان بە زۆر لە قورگمان دەچوونە خوارەوە.

تێنەدەگەیشتین چی روودەدات. تەنها دەمانزانی ترسێک لە دڵماندایە و نازانین ئەو ترسە چییە! ترسەکە بە جۆرێک زۆربوو، بە قسەی مامۆستاکان و پیاوەی ناو ماڵەکە نە دەرەواییەوە.

بۆ بەیانییەکەی دایکێکی سەرپۆش سپی هات و یەک یەک لە خەوی هەڵساندین و پیشانیداین لە تەنکیەکەی خوارەوە کە لە سوچی حەوشەکە بوو، لەوێ دەموچاومان بشۆیین و بێین نانەکەمان بخۆین. لە هەیوانی ماڵەکەوە سەیرتدەکرد نیوەی گوندەکە دیاربوو. خانوەکەیان بەرز بوو دەیروانی بەسەر بەشێکی ماڵەکاندا. گوندەکە دوو بەرەبوو، بەرەیەک لەمبەر چۆمەکەوە بەرەیەک لەو بەر چۆمەکەوە. ئەو ماڵەی ئێمەی لێبووین کەتبوویە بەرەی نسارەوە. تا چاو بریدەکرد پارچە زەوی کێڵاو وەک پەڵەی خوێن بەسەر کراسی سپیەوە سوور سوورییان دەنواند.

مامۆستاکانمان ڕەنگی رویان رەش هەڵگەڕابوو. لەناو حەوشەکە هاتووچۆیان بوو، دەستیان لەیەکتری رادەوەشاند و قسەیاندەکرد. نەمانزانی باسی چیدەکەن. لەگەڵ هاورێکانم، سەرمان بردبوویە لای پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەمان دەکرد. هەتاوێکی خۆش، خۆیدەکێشا بە ئاوی ناو حەوزەکە و دەدرەوشاییەوە. لە ناوەراستی حەوشەکە، حەوزێکی بچوکی شینی تێدابوو. لە قەراغی حەوەزەکە گوڵدانی بچوکی پڕ لە گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ ریزکرابوون. ڕێرەوێکیش بە بەردی بچوک، لە پاڵیەکدا بە رێکوپێکی دانرابوون، ڕێگایەکی

بەردینیان لە هەیوانەکەوە بۆ بەردەرگای حەوشــە دروستکردبوو. ریزێــک دراتووش لە لای چەپی حەوشــەکە لەیەکتری ئاڵابوون و سێبەرەکەیان خۆیدەکێشا بە تۆپەڵە چیمەنەکەی دەستە چەپدا و درێژ بوو بووییەوە تا قەراغی حەوزەکە. هەردەتووت سـێبەرەکان تینویانەوە و دەیانەوێت خۆیان بگەیەننە ئاوەکە.

مامۆستاکان لە دەست راوەشاندن و قسەکردن بوونەوە و هاتنە ژورەوە. هەرچەندە دەیانوویســت وا دەریخەن هیچ روویندەداوە و، زەردەخەنەیان دەخستە سەر رووی خۆیان،بەڵام پێیانەوە دیاربوو حاڵی ئێمە هیچ باش نیە. نەشیاندەوت چیمان بەسەر هاتووە و بۆ کوێ دەچین و چیمان لێدەکەن. ئەوەندە نەبێت یەکێکیان وتی:

لێرە بمێننەوە و نەچنە دەرەوە، تا دەگەڕێینەوە لاتان.

دوای چوونە دەرەوەی ئەوان، پیاوە پیرو روخشــەکەی ماڵەکە هات بۆلامان. باوەشیکردەوە و وتی:

دەی لە دەورم کۆببنەوە. پێتانخۆشە حیکایەتێکی خۆشتان بۆ بگێرمەوە؟

چۆن کلۆیەک شــەکر دادەنێیت، مێروولە لە دەوری کۆدەبنەوە و تێیبەردەبــن، ئێمەش ئاوا لــە دەوری کۆبووینەوە و وتمان زۆر پێمانخۆشە. دەی بۆمان بگێرەوە. دەستێکی بە ریشە سپییەکەیدا هێنــا و تۆزێــک کۆکە کۆکی بۆ کرد و دەســتیکرد بە گێرانەوەی حیکایەتەکە.

– هەبــوو نەبوو، کوڕێکــی بچکۆلەی جوان هەبــوو. ئەم کوڕە کوڕی ئاســنگەرێکی شــارێکی بچکۆلەبوو. بە منداڵی خەپەیەکی جوانکیلەبوو. کە پێیگرت و دەســتیکرد بە قســەکردن، ناردیانە حوجرەیەک و وردە وردە فێری خوێندەواری بوو. باوکی ئاسنگەری دەکرد و، دایکیشــی تەشــی رێســی دەکرد، تا کوڕە جوانکیلە و

نازدارەکەیان، بە باشی گەورە بکەن.

هێشتا نەبوو بوویە جاحێڵێکی پێگەیشتوو، کتوپڕ باوکی مرد. هەفتەیەک پاش باوکی، دایکیشــی مرد. کوڕە بێ کەس و کار و ســەرگەردان مابیەوە. دەســتی لە دوکانەکــەی باوکی هەڵگرت و لەگەڵ تاقمێک لە کوڕی خراپی شارەکە دەستی تێکەڵکرد.

شەوان دزییان دەکرد و بە ڕۆژیش، خوێری خوێری، بەناو کۆڵان و بازارەکاندا دەسوڕانەوە، تەشقەڵەیان بە هەژار و دەستکورتەکانی دەوروبەرەکە دەکرد. چ ســەگی برســی شارەکە بوون، لە دەست ئەم تاقمە زەلزەلەیان بوو. ڕۆژێک کوڕەی ئاسنگەرەکە لە کۆڵانێک ســەگێکی بینی، سەری خستبوویە ناو کۆمەڵێک زبڵوخاشاکەوە، سکە برسییەکەی پێ تێربکات. بەرەو ڕووی سەگەکە ڕۆیشت تا بیکوژێت، سەگە لە دەستی هەڵهات. ئەمیش کەوتە شوێن سەگە تا خۆیکرد بە دەروازەی باڵەخانەیەکدا.

کاتێــک چوویــە ژورەوە بۆ کوشــتنی ســەگەکە، چــی بینی؟ داڵانێکی گەورەی درێژ، لەمبەرو ئەو بەری داڵانەکە تا بنمیچەکەی بە کتێب هەڵدرابوویــەوە. لە بەردەم دەرگای داڵانەکەش، مێزێک دانرابوو، پیاوێکی پیری چاویلکە لە چاو لە پشتیەوە دانیشتبوو. کە پیاوەکەی بینی، چەقۆکەی دەســتی خســتە پشت خۆیەوە و شاردییەوە.

پیاوە پیرەش بە زەردەخەنەیەکەوە نیگایەکی بۆ کرد و بانگی کردە لای خۆییەوە. لێی پرسی:

- خوێندەواریت هەیە؟

کــوڕەش لە وەڵامــدا وتی: زۆر نا، ماوەیەک تــا دایک و باوکم مابــوون دەچووم لە حوجرە دەمخوێند. پاش مردنی ئەوان، ئیتر نەچوومــەوە. نازانم ئەوەی خوێندومــە بەکەڵک دێت یان نایەت.

بەڵام کە لەگەڵ هاوڕێکانم دەچین بۆ شوێنێک پێم دەڵێن لەسەر ئەو دوکانە، یان ئەو پارچە تەختەیە چی نووسراوە بیخوێنەوە. منیش بۆیاندەخوێنمەوە و ئیتر دەزانین لە کوێیین.

لێی پرسییەوە، یانی دەتوانی بخوێنیتەوە؟

کوڕە بە نازانم وەڵامی دایەوە.

پیاوە پیرەکە هەڵسا لەناو یەکێک لە ڕەفەکاندا، کتێبێکی بچکۆلەی دەرهێنا و دایە دەستیەوە. شانی کوڕەی گرت و هێنای لای خۆییەوە دای نیشاند. ئینجا چوو چایەکی بۆ هێناو داوای لێکرد تا چاییەکەی تەواو دەبێت بیخوێنێتەوە.

کوڕە بچکۆلی ئاسنگەرەکە، دەستیکرد بە خوێندنەوەی کتێبەکە و لەگەڵیشی جاربەجار، قومێکی لە چایەکە دەدا. بەجۆرێک چوویە ناو کتێبەکەوە، تا زەردەپەری ئێوارە لە شوێنی خۆی هەڵنەستایەوە. کە خەریکبوو بەرەو تاریکی بچن، پیرە دەستیکرد بە کۆکردنەوەی شتەکان و، کوڕەی ئاگادارکردەوە کاتی ڕۆیشتنەوەیە. ئەما، کوڕە حەزینەدەکرد بڕوا، تا کتێبەکە تەواو بکات.

پیرەش دەیزانی مەسەلەکە چیە، پێی وت:

- ئەمڕۆ زۆر ماندووبوویت، تا ئێرە بەسە. بڕۆ سبەی وەرەوە و لە کوێدا پچراویت لەوێوە دەست پێبکەرەوە. کوڕەش لێی پرسی: بۆم هەیە بێمەوە ئێرە و ئەم کتێبە تەواو بکەم؟

پیرەی ژیریش، سەری ڕازیبوونی بۆ لەقاند و پاشان پێی وت: بێگومان بۆت هەیە هەموو ڕۆژێک بێیت.

کوڕەی ئاسنگەر دەستی لە کوشتنی سەگەکە هەڵگرت و شەوەکەشی نەگەڕایەوە لای هاوڕێ خراپەکانی. ڕۆشتەوە بۆ ماڵە چۆڵ و خۆمۆشەکەی خۆیان و بە خەیاڵی چیرۆکی ناو کتێبەکەوە

خەوبردییەوە.

ڕۆژی دوایی، لەگەڵ بێداربوونی بەرە و کتێبخانەکە کەوتە ڕێ. ئەمجارە نە چەقۆی پێبوو، نە کەوتبوویە شوێن سەگێک تا بیکوژێت. بەڵکو ئەمجارە ڕۆیشت تا چیرۆکی ناو کتێبەکەی دوێنی بە تەواوەتی هەمووی بخوێنێتەوە.

خۆیکرد بە کتێبخانەکەدا و دەستیکردەوە بە خوێندنەوەی کتێبەکە.

هێشتا نەگەیشتبوویە لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە، پیرەی ژیر کتێبێکی تری خستە بەردەمی و، پێی وت:

دوای ئەوە، ئەمەش بخوێنەوە بزانە چۆنە!

وردە وردە کوڕی ئاسنگەرەکە وای لێهات بوو بە میوانی هەمیشەی ناو کتێبخانەکە و پشتی لە هاوڕێ خراپەکانی جارانی کرد. ڕۆژانەش پیرە نانی دووکەسی دەهێنا لەگەڵ خۆی و پێکەوە نانیان دەخوارد و ئێوارانیش خواحافیزیان لەیەک دەکرد.

ساڵ هات و ساڵ ڕۆیی، کوڕەی ئاسنگەر بە هۆی زۆری کتێب خوێندنەوە، شارەزاییەکی باشی پەیداکرد. بوو بە نووسەرێکی دیاری شارەکە. دەستیکرد بە نووسینی بەسەرهاتەکانی ژیانی خۆی و لەو بەسەر هاتانەدا، دوو کتێبی نووسی بەناوی "سەگەکەی هاوڕێم، پیرەی زانا و ئاسنگەری ژیانم."

ئەم دوو کتێبە لە سەرتاپای شارەکەدا بڵاو بوونەوە. هێندە کتێبی باشبوون دەست بە دەست گەیشتنە شارانی تر و بە هەزاران خەڵک بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانی شەونخونیان دەچەشت. ژیریی و وردی پیرەی ناو کتێبخانەکە و سیحری کتێبەکان کوڕەی ئاسنگەری سەگ کوژییانکرد بە یەکێک لە نووسەرە باشەکان کە ئێستا من لەم کوێرە دێیەدا بیناسم و بۆ ئێوەی باسکەم. جا

رۆڵەکانم... لە کتێبەکانەوە نزیک ببنەوە، با ژیانەکەتان تاریک نەبێت.

منیش هاتمەوە کەس نوقڵێکی پێنەدام.

چیرۆکەکە زۆر سەرنج ڕاکێش بوو. هەموومان بە سەرسامییەوە دەممان داچەقاندبوو. دڵنیام هاورێکیانیشم وەک من، حەزیاندەکرد بینە کوڕی ئاسنگەرەکە. کە کۆتایی چیرۆکەهات، حەزمدەکرد سەرلەنوێ باسیبکاتەوە.

ماوەیەک لەو ماڵە ماینەوە. ڕۆژانە کاتی چێشتانگان پیرەی روو خۆشی ماڵەکە دەهاتە لامان و حیکایەتی جوان، جوانی بۆ دەگێڕاینەوە. ماوەی ناماوەیەکیش، سەرو سەکوتی مامۆستاکانمان دەردەکەوتن و یەک دوو هاورێیان لەگەڵ خۆیان دەبرد و، پاشان دەهاتنەوە بە هەمان شێوە یەک دووانێکی کەیان دەبرد. تا وای لێهات، ئاخری بەس من و کاماش ماینەوە.

ئێوارەیەک بوم و لێڵ، مامۆستاکان دەرکەوتنەوە. نەیانهێشت نانەکەمان بخۆین، پێیان وتین، خۆمان کۆبکەینەوە و دەچینەوە بۆ ماڵ. لە لایەک پێمخۆشبوو دەچینەوە ماڵ، لە لایەکیش لە بەر حیکایەتە خۆشەکانی پیرەی رووخۆشی خاوەنماڵ حەزمدەکرد بمێنمەوە.

کە بە تەواوەتی تاریکیکرد،جێبێک هاتە بەردەرگای ماڵەکە و دوو هۆڕێنی لێدا. لەگەڵ هۆڕێنەکاندا، هەر مامۆستایەک و دەستی یەکێکمانیان گرت و خواحافیزیمان لە خاوەن ماڵەکە کردو ڕۆیشتین.

ڕێگاکە زۆر دوربوو. لەگەڵ کاماش و یەکێک لە مامۆستاکان، لە دواوەی جێبەکە دانیشتبووین، بە دەم ڕۆیشتنەوە سەیری تارمای درەختەکان و کێوەکانماندەکرد، کە بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕیین.

پەنجەرەکـەم کردەوە و سـەرم دەرهێنـا . هەوایەکی فێنک دەیدا لەسـەرو چاوم و لە کەنار رێگاکەش تاق و تراق درەختی لێبوو، کاتێکمدەزانی شـڵپ لقی درەختێک دەیکێشـا بەسـەرو چاوما و دەیکزاندەوە .

هەر رۆیشـتین... رۆیشـتین... تا شـەو نیوە بوو. هێواشێک بـە دەم رێـوە، مانگ لەو دیو کۆیوەکانەوە سـەری دەرهێنا و لە شوشەی جێبەکەوە روناکییەکەی خۆی کرد بەناوماندا .

رێگاکە نەبرایەوە، تا مانگ هاتە ناوەراسـتی ئاسمان. دیسانەوە لە شوشـەکەوە سـەرم دەرهێنابوو، سەیری مانگە شەوەکە بکەم بـە ناوەراسـتی ئاسـمانەوە تەماشـای ئێمەی دەکـرد. جێبەکە یەواشـیکردەوە و مامۆستاکە پەلی گرتم و شوشەکەی داخست و هێنامییە ژورەوە .

مامۆسـتای بیرکاری لە پێشەوە دانیشتبوو. دەستێکی خستە سەر کورسییەکەوە لایەکی کردەوە بۆمان و پێی وتین:

سـەرتان بخەنە باوەشـی مامۆسـتا و وا خۆتان پیشـانبدەن خەوتـوون. گەر خەبەریشـیانکردنەوە پێیان بڵێن ئەوە باوکتانە! سـەیرێکی مامۆسـتاکەم کـرد هیچ لـە باوکم نەدەچوو. ناچار هەردووکمان سەرمان خستە باوەشی و خۆمانکرد بە خەوتوو.

لەبەردەم بازگەیەک وەستاین پربوو لە عەسکەری کڵاو بەسەر. لـەو لای بازگەکـەوە کۆمەڵێک چەک بەدەسـت جلـی کوردییان لەبەردابـوو گرمۆڵەیانکردبـوو خەریکی پێکەنین بـوون . ئەوەندە بـە دەنگی بەرز پێدەکەینـن، قاقاکەیان لە جامی ئۆتۆمبێلەکەوە دەهاتە ژورەوە . بە لاچاوێکەوە سەیری دەورووبەرەکەم کرد .

عەسـکەرێکی کڵاو بەسەر، دیارنەبوو شێوەی چۆنە . سەری لە جامەکـەوە هێنایە ژورو یەک دوو پرسـیاری لە سـایەقەکە کرد .

پاشـان هاتە دواوە و دەرگاکەی کردەوە و چاوێکی بە ژێرپێماندا گێرا و دەرگاکەی پێوەدا و توند پیایا کێشا یانی برۆن.
لەم کەین و بەینە من لە لاچاوێکەوە سەیری هەموویم دەکرد. دیسانەوە کەوتینە رێ. کاتێک مانگ گەیشتە لای چەپی ئاسمان و بەرەو ئەودیبوی کێوەکان ئەچوو، خۆمان لەناو شەقامێکی چۆڵی شـارێکدا بینیەوە. شـەقامەکان کش و مات بوون. جگە لە یەک دوو عەرەبانەی بە لایلۆن داپۆشراو لە قەراغ شەقامەکان و، یەک دوو چەکدار کە لە فولکەیەکدا لەناو تەنەکەیە ئاگریانکردبوویەوە و خۆیانیان پێ گەرم دەکردەوە، کەسم نەبینی.
بە شـەقامەکاندا رۆیشـتە ناو کۆڵانێک. دوای کۆڵانە فروانەکە خۆمانکـرد بە کۆڵانێکـی تەنگەبەردا ،لە کۆڵانــە تەنگە بەبەرکە تێپەریـن و چووینە ماڵێک. نازانـم ماڵەکە ماڵی کێ بوو. لەگەڵ چوونــە ژوورەوەمـان، ژنەکە دەسـتی هەردووکمانیگـرت و بەرەو خۆشـۆرییەکە بردینی. لەناو سـاردی خۆشـۆرییەکە دوو دەستە جـل دانرابـوون، دیاربوو هـی منداڵەکانی خۆیبـوو. پێی وتین: دوای خۆشـۆردنمان، ئەو جلانە لەبەر بکەین و جلە کانی خۆمان جێبهێڵین.
پـاش وەی خۆمـان شوشـت، جلـە کانمـان لەبـەر کـرد. خۆشۆرییەکەیان زۆر خۆشبوو. دیوارەکانی تا سەروی باڵای ئێمە، بە کاشـی سوور داپۆشرابوو. کە ئاوەکەت بەردەدایەوە،هەڵمێکی گـەرم بەرز دەبوویەوە. لەگەڵ کاماش باش یەکتریمان شوشـت. جلـی تازەمـان لەبەرکـرد. هاتینە نـاو هـۆدەی میوانەکەیان و لەگەڵیان دانیشیتن. مامۆستای بیرکاریەکەمان پێی وتین: سبەی نوو لـە خـەو هەڵتاندەسـێنم. دەچین بۆ ماڵـی باپیرتان. بەڵام دەبێـت لەناو سـەوزەکاندا خۆتان بشـارنەوە تـا دەگەنە ئەوێ.

بیرتـــان نەچێت، جموجوڵ نەکەن، چیم پێوتوون وابکەن! بەیەک جموجوڵ، یان یەک دەنگ بەرزکردنەوە توشـــی بەڵادەبن. عاقڵبن تا بگەنە شوێنی خۆتان. ڕێگاکە زۆر دورنیە، تۆزێک خۆتان بگرن هەمووشت باشدەبێت.

نابێت هاروهاجی بکەن. نابێ دەنگە دەنگ بکەن. گەر بەلایەکدا کەوتـــن و ئەو لایەتان ســـڕ بوو، بکەون بەلایەکـــی تردا. نامەوێت غەڵەت بکەن. تا ئێرە بە باشی هێناومانە، لێرەشەوە لیمان تێک مەدەن. مەپرسن بۆ چی وایە! دوایی خۆتان دەزانن بۆ وابووە.

تێنەدەگەیشـــتم بۆچـــی دەبێت خۆمان بشـــارییینەوە. بۆ دەبێ نەچینەوە ماڵی خۆمان، ئەی دایک و باوکمان لە کوێن. ئەی نەنەو باپیرم لە کوێن؟ قسەکانی مامۆستا و ئەم هەموو خۆشاردنەوەیە، نەدەچوونە ناو مێشکە بچوکەکەمەوە. لە یەکەم ساتی بندارەکەوە، ترسێک چووبوویە گیانمەوە، بە هیچ شتێک نەدەهاتە دەرەوە. باشە بەم منداڵیەوە من و کاماش چیمانکردبوو دەیانشاردینەوە؟ ئەی کێ بە شـــوێن ئێمەدا دەگەڕێ. خۆ ئێمە هیچمان نەکردبوو، چووین بۆ سەیران، لە سەیرانەکە عەسکەرەکانمان بینی خەڵکیان برد. لەوە زیاتر شتێکی خراپمان نەکردبوو بۆ ئێستا ماڵ بە ماڵ دەمانشاردنەوە و دەمانگەڕێنن. تێنەدەگەیشتم.

شـــەبەق هەڵیانســـاندین و جێبێک لەبەر دەرگاکە چاوەڕوانمان بـــوو. لـــە دواوەی جێبکـــە فەرشـــێکی بچکۆلـــە و دۆشـــەکێکیان ڕاخستبوو. مامۆستاکان یەکی ماچێکیانکردین و لەسەر دۆشەکەکە پاڵیانخســـتین. ئەملاو ئەولامان و ســـەرمانیان بە فەردە ســـەوزە داپۆشـــی. لە ژێر فەردە سەوزەکاندا، بۆ خۆمان ڕاکشابووین و لە ترساندا دەستی یەکتریمان گرتبوو دەمانگووشی.

بە تاسەی ڕێگاکاندا دەمانزانی، ئەو ڕێگایەی ئێمەی بۆ دەچین،

ڕێگای خۆڵە. لە کوونەکانەوە تۆز و خۆڵێکی زۆر دەهاتە ژوورەوە، لە ژێر فەردەکاندا هەناسەمانی تەنگ دەکرد. لەترسی قسەکانی مامۆستاش نەماندەوێرا بکۆکین. توند دەستماندەگرت بە دەمانەوە و لەکاتی تاسەو تقەتەقی جێبەکە کۆکەیەکامان بۆ دەکرد. دەنگی کۆکەکەمان هێندە نزمبوو خۆشمان گوێمان لێینەدەبوو.

بیرم نییە چەند بەرێگاوە بووین. ئەوەندە ئەزانم لە شوێنێک وەستاین. کە فەردە سەوزەکانیان لەسەرمان هەڵگرت و چاومان بە ڕۆشنایی کەوتەوە، دوای چاو خوراندنێک ئەو پیاوەم بینی شەو لە ماڵیانبووین. تومەس شۆفێری جێبەکەیە. لە تەنیشت ئەوە نەنکم و باپیرم وەستابوون.

بەبینینی من چاویان پربوو لە فرمێسک و پەلاماریاندام باوەشیان پیاکردم. بۆ کاماشیش بە هەمان شێوە بوو.

تۆزێک سەرم دێشا و گێژبووم. سەرم هێندە کێشابووی بە ئاسنەکەی تەنیشتما، پشتە سەرم بە قەت گوێزێک ئاوسابوو. کە دەستم لێدەدا یەک زریکەی دەکرد. گێژیەکەم تاوێک بەرچاومی ڕەشکرد. لە باوەشی باپیرم بووم بەرچاو ڕەشییەکەم کەمە کەبە باشبوو. قاچەکانم هێزیان تیانەمابوو، بە دانانیان لەسەر ئەرزەکە دەلەرزین.

ئەو شوێنەی هاتین بۆی ئەم ئۆردوگا خۆڵاوی و گەرمەبوو کە ئێستا لێی دەژین. دوایی نەنکم بۆیگێرامەوە دوو مامۆستاکە، ماوەیەک بەشوێن خزم و کەسوکاری تەلەبەکاندا شارە و شار گەراون. لە هەر شارێک خزمی یەکێکیان دۆزیوەتەوە، هاتوون بۆیانگەڕاندونەتەوە. ماڵەکەی نەنکم لەوکاتەدا هێشتا حەوشەی نەبوو. دوو هۆدە و هەیوانێکی بە قور سواغدراو بوون. من لە هۆدەیەک بووم، نەنکم و باپیریشم لە هۆدەیەکی تر. هەیوانە

بچوکەکەی ئێستا لە بەینی هۆدەکان، کەلوپەلی ناندەی تیابوو.

دوای ئەوە تێگەیشتم جارێکی تر، دایک و باوکم نابینمەوە. ئەوانیان لە ئێمە دور خستوەتەوە و نابێت چاوەڕێیان بین. شانسی بینینی ئەوان بۆ ئێمە، تەنها ئەو چەند ساتەبوو لە بندارەکەوە لە دورەوە سەیرماندەکردن. تا نەنکم ورد و درشتی باسەکەی بۆ نەگێرامەوە، لە خۆشاردنەوەی ئێمە و ماڵە و ماڵکردنمان تێنەدەگەیشتم. ساتی گەیشتنیشمان بۆ ئۆردوگاکە زۆر ناخۆش و گەرم بوو. خانوەکانی وەک ئێستە گەورە و حەوشەدار نەبوون. خانوەکان لە تۆپەڵە قوردەچوون. گۆرەپانێکی خۆڵاوی یاریکردنی تێدابوو. گۆڵەکانی بەدار دروستکرابوون. ڕۆژانە لەو گۆرەپانە یاریماندەکرد و خۆمان خۆڵاوی دەکرد تا ئێوارە.

کە مەکتەب کرایەوە. دەستمانکرد بە خوێندن. بۆ کەس نەبوو بچێتە دەرەوە. تا میریی روخا ئەودیوی پەرژینی ئۆردوگاکەمان نەبینی. دایم لەبەردەم دەرگاکەشی کۆمەڵێک عەسکەری کڵاوسوور دەوەستان. ئەو رۆژەی وتیان میریی روخاوە و رایکردوە. کەوتینە شکاندنی پەرژینەکە و تەلمان بە پەرژینەکەوە نەهێشت. پیاوەکانیش بەربوونە قەڵابچوکەکانی دەوری و وێرانیانکرد. بازگەکەش تێک و مەکان درا.

ڕۆژی پەلاماردانەکە زۆر خۆشبوو. چی پیرەژن بوو هاتبوونە بەردەرگاکان و بە خۆشییەوە هەلهەلەیان لێدەدا. پیاوە پیرەکانیش لەگەڵ کوڕ و کچە جێماوەکان. کەوتبوونە سەر شکاندنی شتەکان. لەگەڵ کاماش شوێنا و شوێن ڕۆیشتین تا بزانین چیە. بازگەکە سەرتاپا بەسەر یەکدا شکێنرابوو. لەناو هۆدەکان پارچە تیانووسی لا سووتا و پێنووسی وردکراوو مێز و کورسی شکێنراو کەوتبوون بەسەر یەکدا. لەناو قەڵاکەش بە باوەش فیشەک و قەوانی فیشەک

لەو ناوە کەوتبوون.

خەڵکەکە لە خۆشییا هاواریاندەکرد و هەڵدەپەڕین. پەرژینەکان بەسەر یەکدا کەوتبوون. کاتێکت دەزانی لە کۆڵانێکدا دەبوو بە زرمە و تەقە. تومەس گەنجەکان ئاگرییانکردوەتەوە و فیشەک و باروتیان تێکردوە و دەیتەقێنن. یەک حەشرێک بوو مەپرسە.

# ۸

لەگـەڵ گێرانەوەی بەسـەرهاتەکانی ژیانی خۆیـدا، جگەرە لە دوای جگەرە دەیکێشا.

-ئۆقرەم لێ برا. بەغداد لەبەر چاوم، بەغدادەکەی جاران نەما. بە رۆژدا خۆم خەریکدەکرد بە خوێندن و کتێب و هاورێکانمەوە، هەرچۆنێـک بێت لە بیرخۆمـم دەبردەوە، کە ناتوانـم بەم زووییە بیبینمـەوە. بەڵام شـەوەکان تەواو هیلاکیانکردبووم. شـەوی وا هەبوو، تا بەیانی ئەمدیوو ئەودیوم دەکرد، نە زەردەخەنەکانی، نە لارولەنجەکەی، بەهیچ لەبەرچاوم ون نە دەبوون.

بە هیلاکییەکی زۆرەوە ئەو ماوەیەم بەرێکرد. باشبوو دوا ساڵی خوێندنـم بوو، گەرنا بەرگەی ئەو ئاگرەی ناخمم نە دەگرت وا لە دوورەوە بمسـوتێنێ. هەر ژنێکم دەبینی شـتێک لەو ژنە شتێکی ئـەوی دەهێنایەوە بیرم. گوێم لە هـەر گۆرانییەک دەگرت دەنگە ناسک و نەرمەکەی ئەو دەهاتەوە بیرم. لە گشت لاوە لێم ئاڵابوو. لەگەڵ کۆتایی هاتنی سـاڵدا، چاوەروانـم نەکرد بزانم ئەنجامەکە چییـە و چۆندەبێت. ئەوەندەم پێکـرا خۆم کۆبکەمەوە و بەرە و گاراج بکەومـە رێ تـا زوو بگەمەوە گوند. لـە رێگا خواخوامبوو ئۆتۆمبێلەکە باڵبگرێت و بە چەند خولەکێک لە بەردەرگای ماڵی خۆمان بم.

هاتمـەوە و بـە دیداری کەماو شـادبووم. چیتر پێویسـتی نە دەکرد بە دزییەوە بیبینم. داواکرابوو و دایکی مەبەسـتم سـێوان

خانمە، لاری نەبوو لە هاوسەرگیرییەکەمان و خۆشحاڵی خۆی دەربڕیبوو تا پێکەوە بژین. پاش چەند مانگێک لە گەڕان و هاتوو چۆکردن بڕیاری گواستنەوەیم دا. لە ماڵی باوکم هۆدەیەکی بچکۆلەمان بۆ جیاکرایەوە و لەو هۆدەیەدا، خەریکی چنینی ژیانی خۆمان بووین. فەرشێکی کۆنی دەقکراویی ماڵە باپیرانم بۆمان مابوویەوە، دایکم فەرشەکەی دا بە ئێمە. فەرشەکە زۆر نازداربوو، بە دەستی خانمانی کاشان چنرابوو. گوڵەکانی ناوی ورد و بە سەلیقە. گوڵی سوور، شین، مۆر، هەناریی. چ ڕەنگە گوڵێکت بویستایە تیایدا بوو. وێنەی سەر فەرشەکە باخچەیەک بوو، کەناری باخچەکە بە چناری درێژ دەورە درابوو، ناوەراستی باخچەکە بازنەیەک گوڵی ڕەنگاو ڕەنگ. من و کەماو لە ناوەراستی ئەو باخچەیە دادەنیشتین خۆشەویستیمان بەشدەکرد.

ساڵێک کەمتر لەوێ ماینەوە. بە پلەی باشە ئەنجامی زانکۆکەم وەرگرتەوە. لەو ساڵەدا لە گوندەکەمان سەرقاڵی کاری کشتوکاڵی بووم، لەگەڵ کشتوکاڵیشدا باخێکی ماڵی شێخم بە ئیجارگرتبوو. پێش وەرزی زستان دابێت، لە رادیۆوە میریی بڕیاریدا دەرچوانی ئەو ساڵی یاسا دادەمەزرێنن. منیش داوای دامەزراندنم پێشکەشکردو ناوم لە یەکێک لە بەڕێوبەرایەتیەکانی شارۆچکەیەک هاتەوە. بووم بە بەڕێوبەری شارۆچکەیەک لە نزیکی سەر سنوور. ماڵمان گواستەوە ئەوێ و دەستم کرد بە کارکردن. سەرەتا کە چوومە ناوچەکە، چونکە یەکەمجارمبوو کاری ئیداریی بگرەمە دەست، بۆم قورس بوو. خەڵکی ناوچەکە تا بڵێیت سادە و پاک و جوان بوون. ئاگایان لە زۆر شتی ئەو سەردەمە نەبوو. بیرم لەوە کردەوە ڕۆژنامەیەک دامەزرێنم بۆ شارۆچکەکە. لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستا و خوێندەواردا کۆبوومەوە و، ڕێککەوتیین لەسەر دامەزراندنی

ڕۆژنامەکە و هەر بەناوی شارۆچکەکەوە دەریبکەین و باسەکانیشی تایبەت بن بە خەڵکی ئەو ناوچەیە.

هەنگاوی یەکەم چ لە پیریدا بیهاویت، یان گەنجی ، دەبێ هەنگاوێکی بچکۆلەبێت. لە کۆتندا خۆڕا نەیانوتووە: بەردی گەورە نیشانەی نەهاویستنە. مەبەستیانبووە بۆمان رونبکەنەوە، هەنگاوی گەورە کەوتنی بە شوێندا دێت. نەمدەویست بە مەسەلەی گەورە دەست پێبکەم. بۆییە کارەکەم لە چوار چێوەیەکدا دانابوو. نیازبوو دوای چوار چێوەکە دووهەم هەنگاوم دەست پێبکەم، بەڵام ژیان ڕێگای نەدام.

لە دوو لاوە لە مەسەلەی نووسیندا قۆڵم لێ هەڵمالی. دەستیشمکرد بە تێکەڵبوون بەناو خەڵکدا. کەیفم بە حیکایەتە کۆنەکانی گوندەکان دەهات. بمزانیبایە لەو سەری سنوور پیرە پیاوێک، پیرە ژنێک، مەلایەک، حیکایەتێکی کۆنی لەلایە دەچوومە لایان و حیکایەتەکەم پێدەگێڕانەوە. لەو حیکایەتە کۆنانەدا حیکمەتی زۆرم دەستکەوت. حیکایەتێک نیە حیکمەتێکی تیانەبێت. حیکایەت وەک چیرۆک نیە کورەکان. حیکایەت شتێکی تایبەت و سەرنج راکێشە. منداڵی ئێمەمانان حیکایەتی زۆری تیابووە. جاران لەناو دیوەخان و ماڵاندا کەسە بەساڵاچووەکان حیکایەتیان بۆ نەوەکانیان دەگێڕایەوە. یەکێ لە هونەرەکانی حیکایەت ئەوەیە یەکجار بۆت بگێڕنەوە لەناو مێشکدا دەچەسپێت و شوێنی خۆی دەگرێت. سەرتان نەیەشێنم، کۆمەڵێک حیکایەتی باش و نایابم کۆکردنەوە. لەپاڵ ڕۆژنامەکەدا بەناوی (ڕۆحی رابردوو) بە چاپم گەیاندن.

بەڵام خەونەکانی من لە ڕۆژنامەیەکەوە دەستیپێکرد. لەیەککاتدا دووکارم دەکرد. کاری بەڕێوەبەری شارۆچکەکە و کاری

سەرپەرشتیکردنی ڕۆژنامەکە و حیکایەتە کۆنەکان. ڕاستە یەکەم ئەزموونم بوو، بەڵام وەک تاقیگەیەک سەیرم دەکرد تا شتی لێوە فێربم. تاقیگەیەکی خراپ نەبوو بۆمن. لە ڕووی زمانەوە زۆر شتم نە دەزانی، بە هاوکاری دۆستان فێریان بووم. لەڕووی دارشتنەوە تواناکەم باشنەبوون، ئەوەشم باشکرد.

هەر زوو تێگەیشتم، لەم کۆمەڵگەیەی ئێمە، بتەوێت خەڵکەکەی نزیک بخەیتەوە لە خوێندنەوە، سەرەتا دەبێت لە باسکردن و پیاهەڵدانی خۆیەوە دەست پێبکەیت. بڕواناکەم لەم سەرزەمینە کۆمەڵگەیەک هەبێت، هێندەی ئەم کۆمەڵگەیەی ئێمە حەزی لە پیاهەڵدان و گەورە کردنی بێت. بۆنموونە تەماشای هونەرەکەمان بکە، مەبەستم هونەری گۆرانی وتنە. لەناو میلەتێکی ئەم سەرزەمینە هونەری گۆرانی وتن، هونەری پیاهەڵدان نیە بەیەکتریدا. لێرە دووان دەبنە میوانی ئاغایەک، یا خاوەن دارایییەک، ئیتر تا نیوەی شەو بە قەد و باڵا و شکۆی کەسەکەدا هەڵدەدەن. ئەمە چ نەخۆشییەکە لەناو ئێمەدا مرۆڤ وا خۆی بە لاواز دەزانێت و پێویستی بە پیا هەڵدانە.

بیرم نایەت چکەسێک وتوویەتی. تا میلەتەکان بناسی، گوێ لە گۆرانییەکانیان بگرە. ئەم قسەیە بکەیتە بنەمایەک بۆ ناسینی کۆمەڵگەی ئێمە، وەی بە حاڵت. کەسێک بێت لێکۆڵینەوە لە هونەری گۆرانی ئێمە بکات، تێدەگات چ نەخۆشییەکی گەورە لەناوماندایە.

کە بۆم دەرکەوت پێویستیان بە ناساندن و خۆ بینینەوەیانە لە ڕۆژنامەکەدا، دەستمکرد بەو باسەو و دەمبینی زۆر شانازی بەخۆیانەوە دەکەن ناو وێنەی و ڕەچەڵەکیان لە ڕۆژنامەیەک بڵاودەبێتەوە. ڕۆژنامەکەش چەند بەشێک بوو، بەشی مێژوو،

بەشی هۆنراوە و دەردەدڵ، بەشی خۆناسین. بەشی میریی.

وردە وردە باس و خواستی ناو رۆژنامەکە، بوویە باس و خواستی خەڵک. بەیانیان تا ئێوارە لەسەر کاردەبووم. کە دەگەڕامەوە ماڵ و کەماو بە رووە شیرین و خۆشەکەیەوە بەخێرهاتنێکی دەکردم، ماندووبوونی ئەو رۆژەم لەبیر دەچوویەوە.

جگەرەکەی خستە سەر تەپڵەکەکەی بەردەمی و، بە هەموو هێزی بە پەنجەکانی پانیکردەوە. بە جۆرێک پشتی ملی جگەرەکەی گرتبوو، نەفەسی تیانەهێشت و ئاگرەکەی لەناو تەپڵەکەکەدا بە جگەرەکەوە پانکردەوە و هێزی لێبڕی.

لەگەڵ کوژاندنەوەی جگەرەکەی هەڵسایە سەرپێ و دەستی لە گێرانەوەی چیرۆکەکە هەڵگر و وتی دەڕۆم!

بە دانیشتنەوە سەیرێکم کرد و هیچم نەوت. نەمزانی بێزاربوو، یان شتێک هاتەوە بیری و بەرگەی نەگرت بیگێڕێتەوە. وەک رێزێک تالای چایچییەکە لەگەڵی رۆیشتم. پێشتر پێیانوتبووم، عادەتی وایە ناهێڵێت کەس پارەی چایەکانی بدات و، دەزانێت خەڵکی ئەم ئۆردوگاییە هەمووی هەژارە، بۆیە هەمیشە خۆی پارەی خۆیدەدا. بۆیە لەو بارەیەوە خولقم نەکرد و دوای دانی پارەکەی، تا بەردەرگاکە رۆیشتم و خواحافیزیم لێکرد.

لەگەڵ کاماش سەیرێکی یەکتریمانکرد. بە بێ ئەوەی یەک قسە بکەین، چایەکمان خوارد و هەڵساین هەریەکەمان ڕووبە ماڵی خۆی کەوتە رێ.

گەیشتمەوە ماڵ، هێشتا نەنکم نەخەتبوو. بەرماڵێکی بەرەو قیلەی راخستبوو، لەسەر بەرماڵەکەوە دەستی بەرزکردبوویەوە خەریکی دوعاکردن بوو. کە چاوی بەمن کەوت دوعاکانی بری و بانگی کردمە لای خۆیەوە و دەستیکرد بە ئامۆژگاری کردنم

خۆمانه خەمت بخۆین.

-رۆڵە عاجز مەبە، من و باپیرت حەقی خۆمانە خەمت بخۆین. پێویست راستە گەورەبوویت و پێش و پاشی خۆت دەبینیت. لەو قەوم و کەسە ناکات هیچت لێ بشارمەوە، دڵم باش ناڵێت. نابێت شەوان درەنگ هەمانبوو، تۆ بە تاقی تەنیا بۆمان ماویتەوە. نامانەوێت تۆشمان بگەڕێیتەوە و دەبێت زۆر ئاگات لە خۆت بێت. دڵپاک مەبە، لە دەست بچێت. ئەم دونیاییە پڕە لە گورگ. ناڵێم دڵپیس هەرکەسێک دوو قسەی لەگەڵکردیی بڕوای پێبکەیت. و خراپ بە. بەڵام دڵپاکیش لەم سەردەمەدا باش نیە.

تێگەیشتم خەمی چییەتی. دەستم کردە ملی و ماچێکم کرد. ئەما زۆر بەوە بێزار دەبووم، دەمبینی نەنەم و باپیرم، تەنانەت کاماش و کۆماکاردار کە بە کۆکسار ناسرابوو، هەندێکجار وەک گەمژەیەک سەیریاندەکردم. لەو گەمژانە نەبووم ئەوان دەیانبینی. خۆم زۆر تاقەتم نەبوو شت رونبکەمەوە، شتێک نەهاتایەت بەدەستمەوە لەسەری نە دەرۆیشتم. نەشمدەویست بیسەلمێنم گەمژەنیم و عاقڵم. دابومە بەریی و گوێم نەدەدایە. لەبەر خاتری دڵی نەنکم، ناچار بووم رونی بکەمەوە!

نەنە گیان خەمت نەبێت. دەزانم چی دەڵێیت. شتێک ناکەم خراپ بێت. ماوەیەکی تریش نەجاتم دەبێت لە خوێند و دەستدەکەم بە ئیشکردن. ئەو هەموو ساڵە ئێوە ماندوو بوون منتان بەخێوکردوە، ئیتر سەرەی منە ئێوە بە خێوبکەم و نەهڵێم ئیش بکەن. هەست بە شەرم دەکەم، من بخۆم و ئێوەش لەم تەمەنەدا ئیش بۆ من بکەن.

- نا کورە شیرینەکەم، مەبەستی من ئەوە نەبوو. مەبەستم ئەوەیە، چیدەکەی هەموو شەو لەسەر یەک دەچیت بۆ چایخانەیەک، تا نیوەی شەو نایەیتەوە. شەوێک دوو شەو،

نەبراییـــەوە. خوا مەگەر خۆی بزانێــت چەند پیاوخراپ رووبکەنە ئــەو چایخانەیــە و بەنیازبن ســـەری کێ بکەن بە قوڕا. شـــەوێک تووشــت ببێت بە تووشـــی خراپە کارێکەوە ئیتر مەگەر ئێمە هەر داد و ناڵیـــن بکەیـت. زەمانێکە و تێیکەوتووین، پیاو خراپی وای تیاییە، بۆ تێرکردنی ســکی خۆی، ئامادەیە ســـەری ســـەد کەس بخاتە ژێر خاک. سیقەم بە دەورو بەرم نەماوە. ئەمە ئۆردوگایە، لەم ئۆردوگاییە پیاوخراپیشی تێکەوتووە. وا سەیرمەکە هەمووومان بەدبەخت و چارە رەشـــەکانین. بەوخودایەی بەســـەر سەرمانەوە، بێ ئابرووی وای تیاییە، چیمان بەســـەر هاتووە لـــە بیری کردوە و خەریکـــی خراپەکارییە. خراپە کاران کارەســـاتەکان نایانگۆڕن. ترسیان لەوە نیە چی بەچاوی خۆیان دەبینین، بەس ئەوەیان بۆ مەبەستە چییان دەستدەکەوێت.

نا مەترســـە نەنە، تێکەڵی کەس ناکەم، جگە لە کاماش. ئەم ماوەیەش پێویستە بچمە ئەوێ، تا کارەکانم تەواو بکەم، کە تەواو بووموو دەستمکرد بە ئیشکردن، چیتر نارۆم. لەوانەیە پاش تەوا بوونی دواقۆناغم پێویستم بە ئیشێک هەبێت. خۆناتوانم بە دەست بەتاڵی دانیشم. دەبێ بناغەیەک دانێم بۆ خۆم. تا دونیا دونیاییە تۆ و باپیرم بۆم نامێنن.

- دە باشە قەزاو لە من. جێگاکەتم لە دەرەوە بۆ راخستوویی، گەرمە ژورەوە بەکەڵک نایەت. بەیانی هەڵتسێنم یان نا؟

بەڵێ، هەڵم ســێنە، لەگــەڵ کاماش دەچین بــۆ مۆنیمێنتەکە کتێبم پێویستە بیهێنم.

- باشە گیان. سوراحی ئاوەکەشم لە پاڵ سەرت داناوە.

چوومــە ســــەر جێگاکـــەم. پەراوەکەم لە تەنیشـــتی خۆم دانا، جامێ ئاوم خوارد و تاوێ لە ئاســـمانم روانی. گەلە ئەستێرەیەک

لە ئاسـتی سـەری من گرمۆڵەیانکردبوو. بە وردی چاوم تێبرین. دەبێ ئەو گەلە ئەستێرەیە لەچاو زەوی چەند گەورەبن. تۆ بڵێیت لەو ئاسمانە بەرینە کـە نازانرێت رۆژانە چەند گـەورە دەبێت و گەورەبییەکەی تاکوێ دەروات. چەند زەویی تر هەبێت. تۆ بڵێیت مرۆڤی وەک ئێمە لە یەکێک لەو ئەسـتێرانەدا بدۆزرێتەوە؟ باشە مـرۆڤ دۆزرایـەوە ئیتر ئایینـەکان چییان بەسـەر دێت. خۆ بە دۆزینەوەی مرۆڤێک لە ئەسـتێرەیەکی کە چی ئایینی سەر زەوی هەیە بەتاڵ دەبێتەوە و مرۆڤی سەر زەوی سەرگەردانەبێت بەبێ ئایین.

وازم لە چوونە ناوئەستێرەکان هەڵگرت و هاتمەوە سەر زەوی. بیرم لەوە کردەوە نەخشەی توێژینەوەکەم بە وردی لەناو پەراوەکەم بنووسـم. دەسـتمکرد بە نووسینی نەخشـەکە و تێبنییەکان. تا خـەوم لێکەوت بـەوەوە خەریک بووم، کە چۆن دەسـت پێبکەم و، سەرچاوەکانم چی بن و، چیرۆکەکە بناغەکەی لە کوێدابێت و کۆتاییەکەی چی بێت. بەدەم کارەکانەوە خەوم لێکەوتبوو، بەیانی بە دەنگی نەنکم خەبەرم بوویەوە.

رۆیشـتم بە دوای کاماشـدا، پێکەوە بەرەو گەراجەکە کەوتینە رێ. یـەک تاقـە جێب مابوو، سـوار بووین و بەرەو شـار لێماندا رۆیشتین.

لـە رێـگا پیاوێکی پیریـی جامانە بەسـەر لە تەنیشـتمانەوە دانیشتبوو. هێشتا لە ئۆردەگاکە دەرنەچووبیوون دەستیکرد بە با خەڵکیدا وێنەیەکی دەرهێنا.

وێنەکە، وێنەیەکی رەشـو سـپی کـۆن بوو. دایە دەسـتم و سـەیمکرد، کورێکی گەنجی قیت بە پێوە وەسـتابوو. پشتێنێکی گەورە تا نزیکەی سنگی بەستبوو. دەستێکی خستبوویە کەمەری

و بە دەستەکەی تریشی قورسایی خۆی دابوو بەسەر دارێکدا. بە چاوە زەقەکانی سەیری دەکردم. قژە لولەکانی هێندە سەریان گەورە کردبوو، سەری لە چاو لەشە باریک و درێژەکەی، زۆر گەورە دەینواند.

خەریکی وربوونەوە بووم لە وێنەکە. پیاوە پیرەکە پەنجە زبر و قلێشاوەکانی خستە سەر وێنەکە و وتی:

ئەمە کورمە. کورە بچوکەکەم. ئاوەدانی ماڵەکەم بوو. ئومێدی من بوو. لەگەڵ لە دایک بوونی، ئەوەندە پێی بە خێربوو، رزق و رۆزی رژان بەسەر ماڵەکەمدا. رۆژ بە رۆژ کە گەورە دەبوو، سەروەت و سامان و رزقەکەی منیشی لەگەڵ خۆی گەورە دەکرد. پێش ئەو چوار منداڵی ترم هەبووە، لێ، کەسیان وەک ئەم سەر بەرزق نەبوو. سەیری باڵا بەرز و شان و ملەکەی بکە. جا چ کورێکی بێدەنگ بوو. بوکێشایە بەسەریا سەری بەرز نە دەکردەوە.

لەوانەیە وا تێبگەن پیرێکی خەڵەفاویم. وا تێمەگەن. ئەزموون لە ژیاندا واتلێدەکات بروا بەشتانێک بکەیت، پێشتر بروات پێیان نەبووە و، بە تەماش نەبوویت بروات پێیان هەبێت. پێش لە دایک بوونی ئەو، زۆر جار لە مزگەوتەکاندا گوێم لێدەبوو مەلاکە دەیگووت: هەندێک کەس لەگەڵ لە دایک بوونیان سەروەت و سامانەکەشیان لە دایک دەبێ و رزقەکەیان دێتە سەرزەوی بۆیان. هەندێکی کەش، بەشەکەی خۆیان بۆ نایەتە سەرزەوی و بە برسیەتی دەمرن و دەچنەوە لای بەشە هەڵگیراوەکەیان. خودا نایەوێت هەموو کەس رزقەکەی خۆی لەگەڵ بنێرێت. تا زەوی نەبێتە شوێنێکی لێوان لێو لە رزق و مرۆڤ لە خۆشیدا خۆشی بیربچێت.

گاڵتەم بەم قسـانە دەهات، وامدەزانی مەلاکە بەتەواوی هۆشی خۆی لە دەستداوە. کەچی بەم چاوانەی خۆم بینیم، لە دایک بوونی ئاخر منداڵم، لەگەڵخۆیدا لە دایک بوونی سـەروەت و سـامانێکی زۆریش بوو. وای لێهات، تا ئەو رۆژەی ئەو لێمان دورنەخراییەوە، تەنانەت مەڕەکانم، دوو دوو و، سێ سێ، بەرخییان دەبوو.

تەنەکەیەک گەنمم دەچاند، سـەد تەنەکـەم دەدورییەوە. هەر تۆوێکم لەو ناوە فرێبدایە، باوەشێک بەرم دەچنییەوە. دەستم بۆ شتێک نە دەبرد بە دەستی پڕەوە نەگەڕێمەوە. تەنانەت گوڵەکانی حەوشەکەشمان بەرەکانیان زیاتربوو، بۆنەکەیان خۆشتر بوو.

ژیانمان گۆڕا. چیتر پیاوە ماندوو بەدبەختەکەی جاران نەمام. شـیری دایکـی وا زۆریکردبـوو، منداڵە لـە دایکبووەکانی گوند، لێیاندەخـواردەوە لەبری ئەوەی کەم بکات، زۆرتر دەبوو. سـەرم لە ئیشـی خودا دەرناچێت. نازانـم بۆچی هەندێک کەس لە گەڵ خۆیانـدا ژیـان دێنـن و، هەندێکیش مەرگ. تێناگـەم بۆ دەبێت یەکێک بە سامانەوە بێتە ناو ژیان و یەکێکیش بە روتورەجاڵی؟ دەبێ حیکمەت لەمەدا چیبێت؟

خەفـەت بـۆ رزقەکـەم ناخـۆم لە دەسـتم چـوو. خەفەت بۆ ئـەوە دەخـۆم، ئەو کوڕە نـازدارەی رزقی لەگـەڵ خۆی هێنا بۆ سەرزەویی، بۆچی دورخراییەوە؟! سەرم لەمە دەرناچێت، دەبایە خودا کەسـانێک بباتەوە سەری بێ رزقیان هەیە، نەک کەسانێک سـەریان پڕە لە رزق. کۆنیش وتویانە سـەری بێ سـامان بۆ ژێر خۆڵ باشە. ئەشهەدوو بۆ ژێر خۆڵ باشە.

کـە پێی گرت و کەوتە قسـەکردن، لەگەڵ خـۆم دەمگەڕاند و دەمبردە شوێنان. ناوبانگی سەرە پڕ لە رزقەکەی لەو دەورو بەرە بـڵاو بوویەوە. جوتیارەکان و خاوەن ئاژەڵەکان دەهاتن بۆماڵمان

لە من و دایکی دەپارانەوە،لەگەڵ خۆیان بیبەن تاوێک بەناو کێڵگەو مەڕەکانیاندا بیگەڕێنن، تا ڕزقەکەیان زیاتر بێت.

سەرەتا دەترسام چاوی پیس و بەخیلی شتێکی لێ بەسەر بهێنن. یان پیاو خراپێک ئازاری بدات. بەڵام بە هۆی سەرە پڕ لەرزقەکەیەوە خەڵکی ناوچەکە خۆشیاندەویست و لە ئێمە زیاتر ئاگایان لێی دەبوو. وەک بووکە شوشەیەک بەدەست منداڵانەوە بێت، هەر ڕۆژە و بەدەست جوتیارێک، خاوەن مەڕێکەوە بوو. لە خۆشی زیادبوونی سامانەکەشیان، یەکێک بەرخی بۆ دەهێنا، یەکێک تەغارە گەنمی دەهێنا، یەکێک فەردە پەمۆی لەبەر ماڵمان فرێدەدا. لە هەموو لایەکەوە بەسەرمندا ڕژابوو.

نەمهێشت زۆر گەورەبێت، لە تەمەنێک زۆر منداڵدا ناردمە لای مەلای گوندەکەمان فێری خوێنەواری بکات. پاشان کە تۆزێک گەورە بوو و تەمەنی بۆ خوێندن شیبیا، ناردمە بەر خوێندن و بەرێکو پێکی و زیرەکیەوە وانەکانی دەبڕی.

دەزانی کورم، ئەم منداڵەم یەکێک بوو لەو منداڵانەی، تا ئەو ڕۆژەی لێیان سەندم، شتێکی نەکرد دڵم گەرد بگرێت. خۆتدەزانی کوران تۆزێک هارو هاج و سەر بە گوێبەندن. بەتایبەت کاتی هەرزەکارییان سەرئێشەی زۆر بۆ دایک و باوکییان دروست دەکەن. وەکو کچان بێ کێشە و ناسک و نازادار نین گوێڕایەڵی دایک و باوکیان بن. کوڕەکان جۆرێکی بە کێشەن. کەچی ئەم بە پێچەوانەوە کاتی هەرزەکاری لە پیاوێکی عاقڵ و گوێڕایەڵ دەچوو. بموتایە ماست ڕەشە، نەیدەوت ڕەش نیە. دڵنیام گەرمابێت! هەرچەند نەماوە! لە شوێنێکە کەس ئازاری پێ ناگەیەنێت. گەر مردبێتیش خودا لەبەر خاتری دڵی من، وای لە بکوژەکەی کردووە ئازاری نەدات و بە خێرایی گولەیەک بنێت بەسەرییەوە و بەبێ

ئـازار بمرێـت، وەک چۆن خەوی لێدەکەوێت ئاوا بمرێـــت! لەبەر چاومــە بکوژەکـەی بینوییەتی هێمن و لەســەر خۆ و شــەرمنە، دڵی نەهاتووە لێیدبت و پێی وتوە پشـتت بکەرەوە و گولەیەکی ناوە بەسەرییەوە. ئەویش وەک بروسکەیەکی بەرکەوتبێت بەدەما کەوتووە و بەبێ ئازار خەوتووە!

خەریکی باسـی مەرگی کوڕەکەی بوو، لە ژێرمانەوە زرمەیەک هــات، هەموومان بە زرمەکە راچڵەکیـن. تومەس تایەی جێبەکە بـە هۆی کۆنی لاسـتیکەکانی و خراپی رێگاکــەوە تەقیووە. لە قەراغ رێگاکە لاماندا و دابەزیین. لەتەک پیاوەی پیر لە حەشمەت گەرمـای خۆر خۆمان خزاندە ژێر سـێبەری جێبەکەوە. لە سـەر چیچکان دانیشیتین و عارەق لە تەوقی سەرمانەوە، تا نوکە پێمان چک چک دەهاتە خوارەوە.

کابرای سـایەقیش بە توورەیی و بۆڵە بۆڵەوە دەسـتیکرد بە گۆڕینـی تاییەکەی. لەو گەرما پروکێنەرەدا خەیاڵی لە کوڕەکەی دانــە دەبــرا. نەیتوانی خۆی بگرێت تا تایەکــە چاک دەبێتەوە و ئەوسـا دەسـتبکاتەوە بە گێرانەوە. بەچیچکانەوە روی تێکردم و دەستی پێکردەوە:

لــە گوندەکـەی ئێمــە، تا پۆلی شەشـی سـەرەتایی تێدابوو. لەوێ سـەرەتاییەکەی تەواوکرد و ناردم بۆ شار تا ناوەندیەکەش تەواو بـکات. دایم وابووە، گوندییە بەسـتەزمانەکان رەنجیانداوە و شـارییەکان خواردوویانــە. لــەو رەنجـەش دەیکێشـن پێیـان رەوانابینیـن دوو مەکتەبی باشـیان بۆبکەنەوە تــا نەوەکانیان بە کوێری نەیەنە دونیاوە. هەر دەڵێن: میریی بە ملی شکاو ناتوانێت لە گشت شوێنێک مەکتەب بکاتەوە. ئەو مەکتەبە سەرەتاییەش بۆیانکردینەوە هەزار و یەک شەرە شەقیان پێکردین.

نایشارمەوە زیاد لە منداڵەکانی ترم پارەم بۆ دەنارد و مەسرەفیم دەکرد. رزقی خۆی بوو، حەقی خۆی بوو رزقەکەی خۆی بخوات. ئەو هەمووەی رژاندبوو بەسەرماندا، نە دەکرا بەشەکەی خۆی زیاد نەبێت. چۆن لەگەڵ خۆی سامانی هێنا، منیش ئاوا سامانەکەی خۆیم بە زیادەوە بۆ دەنارد. ئێمە لە پاڵ ئەودا ماوەیەکی زۆر حەساینەوە. باشیشمکرد رەزیلیمنەکرد لە بەخشینەوەی سامانەکەم. تاقە شتێ لێی پەشیمان نیم دەست بڵاوییەکەمە.

خودا کە رزقی دا ناپرسێت کوڕی کێیت! تۆش نابێت باوەشیی پیابکەیت و بیشارییتەوە. رزق ئەوەیە بەشی خۆت بخۆیت و چی لە خۆت زیادبوو بیدەی بە بەشخوراوەکان. کاولبێت ماڵێک پڕنەبێ لە میوان. لەم ئۆردوگاییە ماڵ نابینم. ماڵ بە میوانەوە ماڵە، جاران لەکوێ و ئێستا لە کوێ، تەحا چ سەردەمێکە!

دەستم بشکێت، رۆژێک زۆر غەریبیم دەکرد، خەبەرم بۆ نارد سەرێک لە ماڵەوە بداتەوە. تا ئێستاش هەموو شەوێک بە داخی ئەوەوە سەردەنێمەوە، بۆچی هەواڵم بۆی نارد بێتەوە. من نەبوومایە ئەو رۆژە لەوێ نە دەبوو تووشی ئەو بەڵایەش نە دەبوو، هیچ نەبێت لەم بێکەسیەدا ئێستا کەسێکم بۆ جێمابوو. تازە کار لە کار ترازا، دوای ماڵ وێرانبوون ئاخ و داخ سودی نیە.

کە هەواڵەکەی منی پێگەیشتبوو، یەکسەر هاتەوە. لە خۆشی هاتنەوەی کاورێکی جوانم سەر بری. بەشێکم دایە ماڵە دراوسێکان و بەشەکەی تریشی، باش باش ئەنجن ئەنجنم کرد و خۆمان حازرکرد ئێوارە دەست بکەین بە برژاندن و لە هەیوانەکە نانێکی خۆش بخۆین.

بەڵام نەیانهێشت ئەو ئێوارەیە ببینم.

کردیـان بـە دەردمان. هێشـتا مەلا بانگی عەسـری نە دابوو، دەوری گوندەکەمـان بە جەیش و جاش تەنرا. نەیانهێشـت یەک کەس بچێتە دەرەوە. دەستیانکرد بە تالانی. یەکەمجار لە مریشک و کەلوپەلی ناوماڵەوە دەسـتیان پێکرد. ئینجا گەڕان چ زەخیرە و ئاژەڵ هەبوو ئەوانیشـیان بارکـرد. بە دڵی خۆیان گوندەکەیان گسک دا.

تاقمێک جاش لە حەوشەکەی ئێمە بوون، زۆریان لێ پارامەوە چیان بوێت بیبەن، بەس بهێڵن کوڕەکەم بڕواتەوە بۆ شـار تازە هاتووەتـەوە و، مەکتەبـی هەیە. من وتم و ئەوان گوێیان نەگرت. سودی نەبوو.

هەرچەنـد پارەم خسـتە بەردەمیان و پارەکەشـیان وەرگرت، تاکـو ئەومان لێ جیابکەنـەوە و لەگەڵ ئێمە نەیبەن. کەچی ئەو نامەردانە بە گاڵتەو پێکەنینەوە وەڵامیاندەدامەوە.

لەگـەڵ کەلوپەل و مـەرو ماڵاتەکاندا بارکردیین. تا پێیانکرا کاتـی بارکردنـد، لێدان و سـوکایەتیان پێکردین. نـاو زیلەکەی ئێمە، جگە لە مریشـک و مەڕەکان، کۆمەڵێ خێزانیشـی لێبوو. سەری کوڕەکەمم خستبوویە باوەشمەوە. قسەی نە دەکرد، بەڵام دڵنیابووم دەترسـا. گەنج بوو، سەرەتای تەمەنی بوو، شتی وای نەبینیبـوو. لە باوەشـما دەلەرزیـی. لە دڵگرانیم بـۆ ئەو خۆمم بیرچووبوویـەوە. بەو هارەهاڕی ڕێگایە و بەو حاڵەوە بە چرپەوە قسـەم بۆ دەکرد و دەسـتم دەهێنا بەسـەریا تا بەشکوم تۆزێک بێتەوە سەرخۆی. خۆی گرمۆڵەکردبوو چاوی داخستبوو خەیلێ هەوڵم لەگەڵیدا تا چاویکردەوە و بەچوار مشقی دانیشت. روخساری منداڵەکانم لەناو زیلەکە ترسی لێدەباریی. بەرییز پاڵیاندابوویەوە و بە حەپەساوییەوە سەیری یەکتریان دەکرد. دیمەنی ئەو شەوە

لەبەر چاوم ناروات و ناروات.

شەو درەنگێک لە شوێنێک دایان بەزاندین. مانگە شەوێکی خۆشبوو هەموو شوێنەکە بە جوانی دەردەکەوت. بینایەکی گەورە، چەند قەڵایەک لە دەوری بیناکە بوون. حەوشەیەکی پان و بەرینی هەبوو. ئێمەیان لە حەوشەکە هەڵرشت. هێندە گەرم بوو لێوی زۆربەمان شەقی بردبوو. ئاویان پێنەداین کەمێ دەممان تەریکەین. حاڵم خراپ شربوو. بە دەستی بەتاڵی خەڵکەکەیان لەو حەوشەیە گرمۆڵەکردبوو. خێزان خێزان وەک بەچکە کەروێشک بەتۆپەڵ ئاڵابووین لەیەکتری.

کە ئێمەیان لەوێ داگرت، نازانم چییان لە سەروماڵات و کەلوپەلەکانمان کرد. تا دەهات خەڵکیان دەهێنا، تەنانەت نوقتی خوداچییە نەیاندا پێیمان. نە ئاو نەنانێک هیچی لێ نەبوو. توێشووەکەمان چوار موچە نانی تیابوو، بە وشکی منداڵەکان خواردییان.

بێ رەحمانە لەوێ فرێییانداین و دەستیان لێ بەرداین، پیرەکان خراپ شەکەت بوو بوون، هەر لەوێ یەک دوو منداڵ و پیر مردن. شەوێکی سەخت و قورسمان بردە سەر، بۆ رۆژی دوایی هاتن، کورە گەنج و کچە گەنجەکانیان جیاکردەوە.

کوڕەکەیان لێسەندمەوە. ئەم دەسماڵەی دەستم دەبینی ئێستا عارەقی پێدەسرم، ئەم دەسماڵە دەسماڵی لا ملی کوڕەکەم بوو. هێشتا بۆنی عارەقی ئەو دەدات. لەو کاتەوە تا ئەم ساتەی لێیان سەندووم و قسە بۆ تۆ دەکەم، دەسماڵەکەم نە شۆردووە نەکا بۆنی کوڕەکەمی لێ بڕوات. تەنها شتێ لەو رۆحەم جێمابێت، ئەم دەسماڵەیە. ماندوو بوونی ئەم تەمەنەی خۆم، بەم دەسماڵە دەسرم کە بۆم جێماوە.

وەختی جیابوونەوەمان، سەرییم ماچکرد و ئەویش دەستی ماچکردم. سەیرێکی نێوچاوانی کردم، بە سەیرکردنەکەی فرمێسکی هێنا بە چاوما. بەس داخەکەم نە من هیچم پێ وترا بیلێم، نە ئەویش هیچی وت. دوای ئەوە نەمینبیوە، وردە وردە وایان لێکردین بەس ئەوانە مانەوە بە کەڵکی هیچ نایەن.

تێنەدەگەیشتم بۆچی ئێمەیان هێشتەوە؟! بۆئەوە بوو عەزیەتمان بدەن و تا مردن بە داخی منداڵەکانمانەوە ژیان بەرێ بکەین. یان هۆکەی ئەوە بوو بە کەڵکی مردنیش نە دەهاتین. کەس نامرێ، مرۆڤ بە لە دەستدانی ئازیزەکانی بمرداییە، من هەزارجار مردبووم. دوای ماوەیەک ئێمەیان بارکرد و هێنانینیان بۆ ئەم ئۆردوگا وێرانەیە. ئەمە بوویە دوامەنزڵی ژیانمان.

گەرچی کاتێک رژێمەکەی پێشوو ڕوخا، دەمانتوانی بگەڕێینەوە گوندەکەمان. لێ، کەسمان دەست و دڵی نەهات بگەڕێتەوە، ئەو شوێنەی ئازیزەکانمانی لێبوو. نابینی هەموومان لەم دۆزەخەدا پێمان باشە خەم بمان کوژێت، بەس نەگەڕێینەوە زێدی باو باپیرانامان. زێدی باو پیران ئازیزە. بەڵام ئێمە بە جۆرێک دڵمان لێی تۆراوە نامانەوێت بیبینینەوە. دەی چۆن چاوم بەرایەدا بگەڕێمەوە ماڵەکەم و کوڕەکەم لەوێ نەبێت. چۆن چاوم بەرایەدا دەنگی کچەکانم لە ماڵەکەما نەبێت. چوار کچی نازداریان لێسەندومەتەوە، لە جوانی و میهرەبانی و دڵفراوانیدا نە کچی وام بینوە و نە دەیشبینیم. وانەبێت منداڵی خۆمن و وەسفیاندەکەم. ئەم ریشەم بە قورابچێت درۆبکەم. کچەکانم فریشتەیەک بوون هاتبوونە سەر زەوی. پاک و نازدار، قەشەنگ و ژیر، دڵگەورە و ئیشکەر. بردنیان... لێیان سەندم...

حەزدەکەم ئەم ئۆردوگایە ببێت بە گۆڕم، بەڵام نەگەڕێمەوە ئەو

ماڵەی کوڕەکەم تێیدا یاریی دەکرد. بەرگەی ئەوە ناگرم، لەتەک پیرە ژنێکی بەستەزمانی جەرگ سوتاودا، بچمەوە شوێنێک ڕۆژانی پێشوو بێتەوە بەرچاومان و چاوە کزەکانمان بە گریان کوێربکەین.

چ بڵێم کوڕم! دایمـەی خوا ئازار دەچەشـم، مـن نەبومایە کوڕەکەم وای بەسـەر نە دەهات. بەڵایەکم بەسـەردا هێناوە قەت خۆم نابەخشم. خۆ یەکێکیشان بۆم بمایە، روناکی بوو بۆم. کەچی ئەو بێ ڕەحمانە وا هاتبوون، تاقیان لە ناوماندا نەهێشـت. قاتێ و قوتێ من و پیرە ژنە بەستەزمانەکەیان هێشتەوە، تا بە دەردی چاوەروانییەوە ئاو سـکمان ڕەش بێتـەوە. ئێوار و بەیانی نیە بە گریانـی پیرەژنەکە گیانم دانەیەت. کـە گوێم لەو کوڕوزانەوەیەی دەبێت دونیا لەبەرچاوم ڕەش دەگەڕێت.

سەیری دەستەکانم بکە، هیچ دەبینی لەناو لەپی دەستما؟

- نا هیچ نابینم.

- دەی ژیانیشم ئاوای لێهاتووە. ڕێک وەک لەپی دەستم هیچی تیانییە.

کابـرای شـۆفێر تایەکەی گـۆڕی و داوای لێکردین سـواربین. سواربووین و بە ڕێگا خۆڵاوی و گەرمەکەدا کە لە جامی جێبەکەوە گڕە خۆی دەکرد بە ژورداو عارەقەکەی گیانمانی وشک دەکردەوە، کەوتینە ڕێ.

نەمدەتوانـی گوێ لەو چیرۆکە تاڵانە نەگرم لەم ڕێگایەدا لەناو جێبەکانەوە توشـمان دەبن. هەریــەک لەو پیرە پیاو پیرە ژنانە، برینێکـی گەورە لەسـەر دڵییان بوو. بە گێڕانــەوەی تاڵییەکانی ژیانیـان، کەمێ لەو برینە سـارێژ دەبوو. بەس بەد شانسـی من برینەکەی خۆیان ئارامدەبوویەوە و برینێکی تریان دەخستە سەر برینەکانـی مـن. دەبا خەریکی کۆکردنــەوەی برینەکانی وانبم لە

ناخی خۆمدا.

ڕێگاکە بۆ من بوو بوو بە ڕێگای گێرانەوەی چیرۆکە سەختەکان. خۆشم یەکێک بووم لەو چیرۆکانە، دەبایە سەردەمێک بێت، بۆ یەکێکی بگێڕمەوە.

دەستم کردە ملی و لا ملە توکاوییەکەیم ماچکرد و وتم: مامە گیان... واتێگەیشتووم ئێمەی کورد بۆ ئەوە لە دایک بووین، ڕووی ڕەشی مرۆڤیایەتی ئاشکرابکەین. ناتوانم بڵێم: گوێی مەدەرێ. ناشتوانم سوکنایی بەو ناخە سوتاوەت بدەم. دیارە بەشی ئێمە لەم ژیانە تەنها ئازارە. ناشوکرنیم، بەڵام خودا دەبایە چاوێکی لە ئێمەش بێت و، خۆی تەرخان نەکات بۆ تاقمێک و، تاقمێکی تریش بسوتێنێت. دەردەکەی من کەمتر نییە لە دەردەکەی تۆ. خۆم جێماوی ئافاتەکەم. خۆم بێکەسێکم لە بێ کەس بێکەسترم. پێتناخۆش نەبێت، کوردبوون خۆی یانی بێکەسی. یانی، کەوتنە خوارەوە لە بانێکی بەرزەوە بۆ چاڵێکی قوڵ. لەم گۆی زەوییە، یاساییەک دەربچێت مرۆڤێک زیادە فرێبدەنە دەرەوە، ئەو مرۆڤە کورد دەبێت. لە ڕۆژی ئاخیرەتیش کە باسیدەکەن، یەکەم کڵپەی ئاگرەکە بەر گیانی کوردێک دەکەوێت. یەکەم ساتی شەقبوونی زەوی کۆمەڵێک کورد قوتدەدات. نەگبەتین. مێژووەکەمان نەگبەتە، خۆمان نەگبەتین. زیادەین. بە زۆر هاتووین دەمانەوێت ببینە گیانەوەری سەرزەوی، زەویش قبوڵمان ناکات. چی ئایین هاتووەتە سەرزەوی، یەکەم ئیشی کوشتنی مرۆڤ بووە.

سەیری دواوەی خۆمان بکەین، پڕە لە کارەسات. ئەم گەرمیانەی من و تۆ، لەوەتەی خۆر لێیدەدا تا ئێستا کوردی تیا دەکوژرێت. سەردەمانێ بەناوی ئایینەوە قەتلو عامیان دەکردین، سەردەمانێکی کە بەناوی زیاد بوونمانەوە. سەردەمانێکی کە

بەناوی یاخی بوون و شاخاویی بوونمانەوە. سەردەمێکیش دێت بەناوی ئەوە لە ناومان دەبەن، زەویمان قورسکردووە.

- دەزانم کوڕم، باش دەزانم. ئەوە لەم کاولبووە بژیت، بەبێ دەرد نیە.

دەکەوایە چاوەڕێکە، لەوانەیە مردن هەموو جارێک خراپ نەبێت و هەندێکجار رزگارکردنی مرۆڤ بێت لەم سەختیانەی ژیان. لەوانەیە ئەوانەی پێش ئێمە مردوون ئاواتییان بەوە خواستبێت رۆژێک زووتر بگەیشتنایە بەو شوێنە خۆشە. جارێکیان لە رۆژنامەیەک خوێندمەوە، ژنێک دوای مردنی زیندوو بوویەوە. لێیان پرسیبوو مردن چیە؟ ئەویش لە وەلامدا دەڵێت: تونێلێکی زۆر روناک و خۆش بوو. هەستم بە خۆشییەکی زۆر دەکرد. لە خەوێک دەچوو. خەوەکەم ئارامی دەکردمەوە، هەرچوار دەورم روناکی بوو. قاچم نەبوو، باڵم هەبوو. بە باڵ دەفریم. نە تینوم بوو نە برسی نە ئازار. تەنها خۆشییەک رووی تێکردبووم نەمدەزانی خۆشییەکە چیە و لە کوێمدایە. مردن وایە مامە، پێموایە ئەوانەی دەمرن دڵیان نایەت بێنەوە سەرزەوی و عەزاب بچەشنەوە.

- خوا بکات زوو بمرم و چاوم بە رۆڵەکانم بکەوێتەوە. ئەوە ئەو پەری چاکەیە خودا لەگەڵمی بکات. خوابکات وابێت تۆدەیڵێت. ئێمە دایم ترسێنراوین لە مردن. باسی گووشینی قەبر و لێدان و ئاگر وای لێکردووین لە هەموو شت زیاتر لە مردن بترسین. جا گەر وابێت تۆ باسیدەکەیت، حەزەکەم ئێستا بکەوم بەلادا.

خوا نەکات، بمریت.

لەم قسانەدا بووین، شۆفێری جێبکە داوای لێکردین دابەزین و گەیشتووینەتە ناو شار. دابەزیین و هەر یەکەمان بە کۆڵێک خەمەوە، بەرەو مەینەتیەکانی خۆی چوو. لەتەک کاماش لەلای

خوارد و خۆمانکرد بە مۆنیمێنتەکەدا.

کچێکی رەشپۆشی رەنگ هەڵبزرکاو لە پشت دەرگای مۆنیمێنتەکەوە بە خێرهاتنی کردیین و، فەرمویکرد چاو بە شوێنەکەدا بگێرم.

لەلای دەستە راستەوە، بە هەزاران وێنەی رەش و سپی هەڵواسرابوون. لە ژێر هەریەک لە وێنەکان، ناوی کەسەکە و ساڵی لە دایک بوونی و، ساڵ و رۆژی ونبوونەکەی نووسرابوو. لەلای دەستە چەپ بەشوشە دەیان نامەی کۆن، تۆپەڵە قژ، کەلەسەر، کراسی خۆڵاوی و جامانەی خۆڵاوی داپۆشرابوون. بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی، باس و خواستی کەلوپەلە جێماوەکان شەرحکرابوو. تا کە میوانێک هات سەیری پاشماوەکانی کرد بزانێ، چیرۆکی پشت پاشماوەکان چییەو چۆن بووە. هاڵاویی بۆنێکی خاو، لە بۆنی مردوو شۆر سەرتاپای ڕارەوەکەی تەنیبوو.

بە بینینی ئەم دیمەنانە دڵتەنگیەک رووییتێکردم، خراپتر لە دڵتەنگی رێگاکە. بەبێ وەی خۆم هەستی پێبکەم، بە نەرمی فرمێسک لە چاومەوە هۆن هۆن، دەهاتنە خوارێ. کەچی کاماش لەبری دڵدانەوەم بۆخۆی لای هاورێکانی گاڵتە و گەپیاندەکرد. دەمێکە لێرەبوو. ئاشنابوو بوو بە دیمەنەکان. چوونە ژورەوە بۆ شوێنی لەم شێوەیە بۆ کەسێک سەختە یەکەمجاری بێت بچێت. مرۆڤ بە شوێنێک راهات شوێنەکە گۆریش بێت نە سەرنجی رادەکێشێت و نە بۆشی گرنگە. راهاتن یەکێکە لە خووە سەیرەکانی مرۆڤ. کاماش بە شوێنەکە راهاتبوو بۆیە لای ئاسایی بوو چی تێدایە و چی تێدا نیە. ئەوە من بووم دیمەنەکان نوێ بوون لە بەر چاو و دەروونم. چاوم بۆ هەرلایەک بگێراییە هەژموونی خەمێک بە

توندی رووی تێدەکردم.

لەناو دیمەنە خەماوییەکەدا کاس بوو بووم. هەستمدەکرد کەوتوومەتە ژێر ئاوێک خەریکە بخنکێم. هاتبووم دۆزەخەکەی دەستی مرۆڤ ببینم، یان هاتبووم بۆ کتێبخانە؟! لە جێی خۆم بوو بووم بە پەیکەرێک لەو پەیکەرانەی لە ناوەراستی دالانەکە دانرابوون.

مرۆڤ کە شوێن دەستەکانی مرۆڤ دەبینێت، چ کارەساتێکیان دروستکردوە، شەرم لە خۆی دەکات مرۆڤە. بڕواناکەم لەم دونیاییەدا هیچ شوێن دەستێک، هێندەی شوێن دەستی مرۆڤ کاولکەربێت. مرۆڤ تا ئەوکاتە جوانە، درندەکەی ناخی بەخەبەردێت. تا ئەوکاتەش هەست بە ترس ناکەی لە مرۆڤ، شوێن دەستە زبرەکانی نەبینی. دوو شوێنی کاولکرا و جێماوی مرۆڤ ببینە، جا دەزانی چ بوونەوەرێکی ترسناکە لەم سەرزەوییە. قسەیەکی بێمانایە دەڵێن: زەوی لەبەر مرۆڤ دروستکراوە و ئاوەدانکراوەتەوە. ئەسڵەنە بڕوام وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی هێندە پیسوپۆخڵە خودا لە خۆی دوریخستوەتەوە و فرێیداوەتە سەر ئەم ئەستێرەییە تا پیسی خۆی بنوێنێت. خودا بە باشی مرۆڤی فەرامۆشکردووە. ئەوە مرۆڤە خۆی هەڵدەواسێت بە خوداوە، ئەگینا خودا هیچ پێویستی بە مرۆڤ نیە و بە بوونەوەرێکی پیسو پۆخڵیشی دەزانێت. شتێکی باشبووایە لەلای خۆی دەیهێشتەوە.

سڕبوونەکەم خەیاڵی بردبووم. لەوانەیە پەیوەندی بەوە هەبێت خۆم کوڕی جێماوێکی کارەساتەکەم. نەمدەتوانی بەباشی بەرگەی بینینی دیمەنەکان بگرم. یەکەمجاریشم بوو ناوەوەی مۆنیمێنتەکە ببینم. قەت حەزم لێنەبوو بێمە ناوەوە، گەر ئیشەکەم نەبواییە ئەمجارەش نەدەهاتم. دڵنیام ئیشم نەکەوتایەتە ئێرە، لەو کەسانە

دەبووم تا کۆتایی تەمەنم نە دەهاتم و ڕێگەم نە دەدا ئەو هەموو کارەساتە کە بەشێکە لە خۆم، لێی وردببمەوە.

شـوێنی لەم جـۆرە بۆ ئەوانە باشـە، خۆیـان ئازارەکەیان نە دیووە و، بە بینینی دیمەنەکانی ناوەوەی مۆنیمێنتەکە شتێک لە ئازارەکە تێدەگەن. نەک بۆ منێک کە خۆم پاشماوەی تەپوتۆزی ئازارەکەم.

باشـبوو کاماش بانگی کردم. بەلای دەسـتە ڕاستی دالانەکەدا ڕۆیشتین و دەرگایەکی کردەوە چووینە ژوور. هۆدەیەکی گەورەبوو، لـە زەویەکـەوە تا بنمیچـەکان بە ڕەفـەی کتێـب هەڵچنرابوو. مێزێکـی درێژ لـە ناوەراسـتی هۆدەکە بوو، بە کورسـی دەوری مێزەکە چنرابوو. لەسەر کورسییەک دای نیشاندم و لە سوچێکدا کارتۆنێکـی دەرهێنـا و، کارتۆنێک کۆنە ڕۆژنامەی هێنا لەسـەر مێزەکە هەڵیرشتن.

- فەرموو... ئەمانە هەمووی میراسـی کۆماکارداره کە ناسراوە بە کۆکسـار. بـە دڵی خۆمان دەگەڕێین. چی بـە کەڵکمان هات هەڵیدەبژێرین. دەشتوانیت کارتۆنەکە ببیەتەوە ماڵ و بە تاقەت لـە ماڵەوە بۆ خـۆت، خەریکی گەڕانبیت، تـا بزانیت ئەم پیاوە پێشـتر چی کردوە و بۆچی کوڕەکانیشـی ویسـتیان لە باوکیان بچن؟! ئەم کابرایە دەمێکە بنەوانی جۆگەکەی بەسـتووە و لق و پۆپی زۆریشـی لێبووەتەوە. وا سەیری مەکە بە زمانێکی سادەی خۆمان ئاسا قسە دەکات. پیاوێکی تا بڵێیت خوێندەوار و وردە. دونیایی بینوە و دەزانێت دونیا چۆنە. بێبڕوایەکەشـی بە مرۆڤ هی ئەوەیە ئازاری زۆری بە دەسـت مرۆڤـەوە بینووە. هاوڕێکەم لێت ناشارمەوە کێشەی گەورەی منیش لەم سەر زەویەدا مرۆڤە. بەس مرۆڤ بە کێشە دەزان و بەس ئەویش بە موسیبەتی گەورە

دەبینم. لەوانەشە تا دەمرم لەگەڵ مرۆڤدا بەتەواوەتی دڵنیا نەبم و ئاشت نەبمەوە.

دەستمانکرد بە گەڕان بەناو ڕۆژنامەکان و خوێندنەوەی پەڕاو دوای پەڕاو. شتی سەیر سەیری تیا نووسرابوو. لە لایەک پێکەنینم دەهات و لە لایەکیش زۆر جوانبوون لەلام. لەو سەردەمەدا بیریان لە شتانێک کردوەتەوە، ئێستاش لەم سەردەمەدا ئێمە بیری لێناکەینەوە. بابەتە ئەدەبی و سیاسیەکانیش سەلیقەیەکی وردی زمانەوانی و ڕستە سازی تێدابوو. بۆ خوێنکارێک یا نووسەرێکی تازە دەستپێکردووە، ئەم جۆرە ڕۆژنامە و کتێب و بابەتە کۆنانە بنەرەتێکی باشە.

لە لاپەرەیەکدا، گۆشەیەک کەوتە بەرچاوم، دونیایەک شتی جوانی تێا نووسرابوو. بۆ نمونە: باسی ئەو ماڵانەی تێداکرابوو مێشولە پەرێشانی کردوون! بە وردی باس لەوە کرابوو چۆن مێشوولە لە ماڵەکەت دوردەخەیتەوە، بەبێ ئەوەی مێشوولەکان هیچیان بەسەر بێت.

یان بەسەر هاتی گاڵتەجاری تایبەتی تێدابوون. یەکێک بەسەر هاتەکان ئەوەبوو.

پیاوێک لە گوندێک دەبێت، زۆر دەوڵمەند، بەڵام ڕەزیل. هەر لەهەمان گوند پیاوێکی کە دەبێت، دەوڵمەند و سەخی تەبیعەت.

پیاوە سەخییەکە، دەزانێت پیاوە ڕەزیلەکە پارە بە کوڕەکەی نادات. بۆیە ڕۆژانە برێک پارە دەداتە کوڕی ڕەزیلەکە و پێدەڵێت: بۆ خۆت بچۆ یاری دۆمینە بکە و کەباب بخۆ.

تا ماوەیەکی زۆر هەموو ڕۆژێک پارە بە کوڕی ڕەزیلەکە دەدات، تا کوڕە فێری یاری قومار دەبێت. کە فێردەبێت ئیتر دەکەوێتە سەرو گیانی سەروەتەکەی باوکە ڕەزیلەکەی. نیوەی سەروەتی

باوکی بەقومار دەدۆڕێنێت.

کابـرای ڕەزیـل دێت بۆ لای هـاوڕێ سـەخیەکەی، دەڵێت بۆ واتکرد بە کوڕەکەم؟

ئەویش دەڵێـت: گەر من وامنەکردابیە، سـەروەتەکەت مشک دەیخوارد، مشک بیخوات باشترە یان کوڕەکەت بیدۆڕێنێت.پارەت بۆچییە گەر بۆ جەرگەکەی خۆتی خەرج نەکەیت؟

ئیتر کابرای ڕەزیل قسەی نامێنێت و دەزانێت هەڵەکە لەوەوەیە.

لـەو ڕۆژەوە دەسـت لـە ڕەزیلـی هەڵدەگرێت و لە پـاڵ پارەدان بـە کوڕەکەی، یارمەتی خەڵکیش دەدات. کوڕەکەشـی کە باوکی دەسـتی بۆ وڵادەکات دەست لە قومارکردن هەڵدەگرێت و کابرای سەخی تەبیعەت بەیەک بەرد چوارپێنج چۆلەکە پێکەوە دەکوژێت.

بەسەرهاتی لەم جۆرەی زۆر تێدابوو. لەم چاو گێڕانانەدا بووم، چاوم بە نووسـینێک کەوت، کۆکسار خۆی نووسیبووی و باسی ژیانی خۆی کردبوو. لە نووسینەکەدا هاتبوو:

" لە دایکمەوە بیسـتوومە، لە شـەوێکی مانگە شەودا لە دایک بووم. بە قسەی خۆم نا، دایکم وا دەڵێت. پێش لە دایک بوونم، خەونی بینیووە دەستم گەیشتوەتە مانگ و یاریم بە مانگ کردووە! لای مەلایەکی خەون زان بۆیان ڕونکردمەوە، مانگە شەو بۆ ژیانی من ئاشوب و خێر دەبێت. گەنجبووم گاڵتەم بەو تەفسیرانە دەهات مەلای خەون زان بۆی دەگێڕامەوە.

ژیانی منداڵی و گەنجیم دەردە سەری تیانەبوو. باوکم پیاوێکی کاسـپ و دارابـوو. لە پاڵ ئـەودا من بە کەیفی خـۆم دەمخوارد و دەم نۆشـی. تا زانکۆشـم تەواو کرد و ژنیشـم هێنا پشتم بە سـەروەتەکەی باوکم بەستبوو. زیادە ڕەویم نە دەکرد، ڕەزیلیشم نەدەکرد، بە پێی مافی خۆم لە سەروەتەکەیم دەخوارد. لەو کوڕانە

نەبووم مادام باوکم هەیەتی بکەومە تەخشان و پەخشانکردن. تا وام نەدەکرد. ئەما گیرفانیشم نە بەستبوو بۆم نەکرێتەوە.

دوای زانکۆ و سەرەتای ژنهێنانم، لەو دەستەیە بووم شانسی دامەزراندمان هەبوو. دامەزراندنەکەشمان بە پلەی باشبوو. گەرچی زۆر باش لە کاروباری ئیداریم نە دەزانی، بەڵام بە هۆی هاوکاری دۆست و یاران ئەو قۆناغەشم بڕی.

خەونی من لە پاڵ کارەکەم و ژیانەکەم، دروستکردنی ڕۆژنامەیەکی گەورەبوو لە سەرتاپای مەملەکەتەکە بڵاوبیبێتەوە. لەوانەیە ڕۆژێک بێ خەونەکەم بەدی بهێنم، گەرنەم توانی بەدی بهێنم، با پاش خۆم نەوەکانم خەونەکەم بەدی بهێنن. ڕۆژنامەیەکی باش و ڕێکوپێک لە مامۆستایەکی باش و پر زانیاری دەچێت. بەڵام ڕۆژنامەی خراپ و پر لە کێشە و ناراستی، لە پیاوێکی درۆزن دەچێت ببێتە هاورێت. ئامۆژگاری من بۆ نەوەکانی پاش خۆم ئەوەیە، گەر نەتوانن لە ڕۆژنامەیەکدا کۆڵەکەی پەروەردە، کلتور، زمان، گەشە پێبدەن و نەوەیەکی باش دوای خۆیان جێبهێڵن باشترە دەست بۆ کاری ڕۆژنامەگەری نەبەن. چونکە کاری ڕۆژنامەگەری واتای وەستان لەسەر ئەو سێ کۆڵەکەیە."

ئەم بابەتەم زۆر پێ باشبوو. دوو شتی تێدابوو بۆ من. یەکەمیان باسکردنی خەونەکەی، دووهەمیان ژیانە خۆشەکەی. دیارە بەشێکی زۆری نیگەرانی و وێرانیەکەی ئێستای، پەیوەندی بەوە هەیە، چۆن کورەکانی خۆی خستونەتە سەر ڕێچکەکەی خۆی، بۆیە مەرگی ئەوان بە مەرگێک دەبینێت خۆی دروستکەرییەتی. بابەتەکەشی تا ڕادەیەک روونە، ڕێگا خۆشدەکات پاشخۆی بە چ جۆرێک نەوەکان (ئیتر مەبەستی نەوەی خۆی یان نەوەی گشتی بێت) بجوڵێنەوە و چی بکەن و چی نەکەن.

رۆژنامەکانم خستە ناو کارتۆنەکە و بە کاماشم وت:

هەڵسە با بڕۆین. ئەمانە لای من دەبن و خەمت نەبێت، دەیانپارێزم و بە ئامانەتەوە بۆتدەگەڕێنمەوە.

- زوونییە بۆ ڕۆیشتن؟

نا، زوونییە. لێرە هەست بە خنکان دەکەم. حەزم لەم شوێنە نییە. باشترە لە ماڵەوە کارەکانم بکەم، وا ئاسودەترم.

- باشە، فەرموو پێشمکەوە.

گەڕاینەوە ماڵ. بە خۆم و کارتۆنێکی پڕ لە ڕۆژنامەوە خۆمکرد بە ژووردا. نەنکم سەیرێکی کردم و پرسی؟

- ڕۆڵە، ئەوە چییە؟

نەنە ڕۆژنامەیە. بۆ ئیشەکەم پێویستم پێیانە، ئەمانەتن، دەبێ لە شوێنێک دایان نێم، هیچیان لێنەیەت.

- دە باشە بیانخەرە هۆدەکەی خۆت. ناشوکری نەبێت نە منداڵمان هەیە و، نە کەسمان هەیە بێتە ماڵەکەمانەوە شتێک تێکدا. لەوێ خۆت چیان لێدەکەی بیکە. منیش حەقم بەسەریانەوە نییە. تا لەوێن بەیانیان خۆت جێگەکەی خۆت کۆبکەوە با نەیەمە هۆدەکەت. دوای کە ئامانەتەکەت گەڕاندەوە ئیتر کێشە نیە. مادام ئامانەتە بە باشی ئاگادارییان بە.

# سێ چرای ماڵەکە

# ٩

لە تەنیشـتییەوە دانیشـتم. جامانەکەی پێچابوو بە ملییەوە و کڵاوەکەی کردبوویە سەری. لێم پرسی:

- نووسـینێکتم بینی. بـاس لەوە دەکەی لە شـەوێکی مانگە شەودا لە دایک بوویت؟

- وایە... رێکەوتی سەیر لە ژیاندا روودەدەن. کات هەبوو بۆت باسـدەکەم. من و کەماو، دووسـاڵی رێک منداڵمان نەبوو. بۆ من کێشە نەبوو، منداڵمان ببێت، یا نەبێت. بەڵام بۆ ئەو کێشە بوو. ژنـەکان وان، بەبـێ منـداڵ نازانن بژین. پێیان وایـە کە منداڵت نەبوو، خۆشت نیت. کە دەچنە ناو ژیانی هاوسەرگیرییەوە یەکێک لـە خەونـە راسـتەقینەکانیان، نزیکایەتی نییە لە پیـاو، بەڵکو ئاشـنابوونە بە منداڵ. منـداڵ راسـتەقینەترین خەونی ژنەکانە. لەوانەیە زۆرمان لەسـەر برینداربوونی ژنانن بە دەسـت پیاوانەوە بیستبێت، بـەڵام بریندارترین ژن ئەو ژنەیـە، منداڵی نابێت. لە دەوروبەرەکەی خۆت وردبەرەوە، بزانە ژنێک دەبینیت برینەکەی لە برینی ئەو ژنە گەورەتربێت کە منداڵی نابێت. ئیتر فشارەکانی تا دەهات زۆرتر دەبوو لەسەرم، بۆ چارەسەرەکردنی بێ منداڵییەکە. چی پزیشک هەبوو گەراین، تا بزانین کێشەکە چییە. هەر یەکەیان و شتێکی دەوت. وای لێهات، دەچوویە لای شێخ و دوعاکەران.

- چی؟ بەراست دەچوویە لای شێخ و دوعا کەران؟

- بەڵێ، ژن بۆ بەدەسـت هێنانی منداڵ هەموو شتێک دەکات.

گوێـی لـەوە نیە بـڕوات بە مەسـەلەکە هەیە یان نـا. ژن تەنها ئەوەی بەلاوە گرنگە منداڵەکە بەدەسـت بهێنێت. ئیتر لە ڕێگەی زانستییەوە بێت، یا خورافییەوە بۆی مەسـەلە نیە. کامیان زۆر خـۆ ڕاگرە، دڵنیابێت بە چوونە ناو ئاگر منداڵی دەبێت، دەچێتە ناو ئاگرەکەوە. منداڵ زنجیرێکە ژن بە ژیانەوە دەسەتێتەوە. ئەو ئـازارەی لە کاتی منداڵبووندا بەر ژنەکان دەکەوێت، هیچ پیاوێک بەرگـەی ناگرێت. کەچی ژنـەکان هێندە غەریبن لە پێناو بینینی منداڵەکەی خۆیاندا سـەد قاتی ئەو ئـازارە قبوڵدەکەن. وانەزانن پیـاوەکان بەهێزن. ئازاری منداڵبوون نیوەی بەر پیاو بکەوتاییە، سـەرزەوی ئەوەندە خەڵکی لێنە دەبوو، چونکە پیاو نەیدەویست لەبەر هێنانە دونیای منداڵێکەوە ئازارەکە قبوڵ بکات.

ماندوو بووم بەدەسـت گەڕان بۆلای پزیشـک و شێخ و شوێنە پیرۆزەکان. لە بەرێوبەرایەتیەکەی خۆم دانیشتبووم، گەنجێکیان هێنا ئیشـێکی هەبوو. خەریکی تەواوکردنی ئیشەکەی بووم. لێم پرسی: چ کارەیت؟

ئەویش وتی: پزیشکی منداڵبوونم!

وەک بڵێیـت خودا بـۆ حەواندنەوەی مـن و ئاوەدانکردنەوەی ماڵەکەی ناردبێتی. حیکایەتی منداڵ نەبوونی خۆمم بۆ باسکرد. زۆر ژیرانـە وتـی: دەتوانـم خێزانەکەشـت بینـم. منیـش ناردم خێزانەکەم هات. سـەیرێکی ناو لەپی دەستی هەردووکمان و، ناو چاوی هەردووکامانی کرد و یەکسەر وتی: هەوکردنێک لە خانەکانی هەردووکتانـدا هەیـە، ڕێگا نادات منداڵتان ببێـت. گیایەک هەیە ئەو گیاییە هەفتەی چوارجار بکوڵێن و ئاوەکەی سـاردبکەنەوە و بیخۆن، چارەسەرێکی باشە بۆ هەوکردن و ڕێگیریکردن لە منداڵ. بۆ شانسی من لەو ناوچەکەیەی لێیدەژیاین، پڕبوو لەو گیاییە.

چۆن بڵێیت: پزیشکە گەنجەکە پەیامێهنەر بوو، پەیامەکەی هێناو ڕۆیشت. تا ئێستاش نەمدیوەتەوە سوپاسێکی بکەم. پەیامەکەی خۆی گەیاند و ونبوو.

گیاکانمـان پەیداکـرد و بـەو ڕەچەتەیـەی بـۆی داینابوویـن خواردمان. زۆری نەبرد کەماو سکی بوو.

بـە سـکپڕبوونەکەی نیگەرانـی و خەمەکـەی نەمـا. خۆش و ڕوخۆشـییەک رویتێکـردەوە، گەڕایینـەوە بۆ ئەو سـەرەتاییەی یەکمان تیاناسـیبوو. قسە خۆشەکانی، گاڵتە و گەپەکانی، ڕووە گەشـەکەی، هێمنـی و ئارامییەکەی، هەر هەمـووی گەڕاییەوە و ماڵەکەی کردەوە بە ماڵە جوانەکەی جاران بۆم.

لـەو کاتـەدا لە میرییـەوە فەرمانێـک هات، گواسـترامەوە بۆ بەڕێوبەرایەتیەک نزیک لە شار. لەوێ چیم کردبوو، هەروا بەجێم هێشـت. خراپییەکە لەوەدا بوو، چووبومەتە هەر شـارۆچکەیەک ڕۆژنامەیەکـم دەرکـردووە. بـە ڕۆیشـتنی مـن لەو شـارۆچکەیە ڕۆژنامەکـەش کۆتایـی هاتـووە. تاقـە بەڕێوبەربووم حـەزم لەو کارەبوو. بەڕێوبەرەکانی پێش من و پاش من، خۆیان تەرخاندەکرد بۆ کاروباری ئیداریی. نەیاندەویسـت ببن بە دووبەشەوە و خەمی کلتوری و ڕۆشنبیرییان نەبوو. تەنها لەو چوارچێوە قاڵبدراوە کە کاریاندەکرد بۆیان دیاریکرابوو.

حەزەکەی من، حەزێکی تایبەتی بوو. دەشمزانی لە ئایندە بەس ئەوەم بۆ دەمێنێتەوە. هەرچەندە مەزندەکەم هەڵەبوو، لە ئایندە لەباتی سوپاسـکردنم ماڵیان وێرانکردم. بەڵام من بۆ خۆم، لەوە نێدەگـەم ڕۆژێک دێ، یەکێک دێت ئەو دیوەی کەس نەیبینیووە، ببینێت و بۆ خەڵکی ڕوونبکاتەوە. ئیشکردن لە مەسەلەی کلتوری و ڕۆشـنبیری دوو دیـووە. دیوێکی بۆ هەمووکەس ئاشـکراییە و

دەبنیرێت. بەڵام دیوە راستەقینەکەی هەمووکەس نایبینێ، نوخبەیەک دەیبینین نوخبەکەی ئاستی رۆشنبیرییان بەرزە. تا نوخبەیە نەیەن دیوە نەبینراوەکە روونبکەنەوە بۆ هەموان، ئەو نوخبەیە نەیەن دیوە نەبینراوەکە روونبکەنەوە بۆ هەموان، پەیی بە گەورەی و باشی ئیشیەکە نابردرێت.

لە شارۆچکە نوێیەکە ماڵەکەمان گەورە تر و خۆشتربوو. حەوشەیەکی جوانی هەبوو، پڕ لە گوڵ و سەوزایی. بریاری ئەوسای میریی وابوو، بەڕێوبەرەکان بۆیان نەبوو خانوویان هەبێت، تا لەکارەکانی خۆیان خانەنشین دەبن. خانووەکان هی میریی بوون، خانووی بەڕێوبەرەکان و کارمەندەکانی میریی نەبوو. تا ئەوکاتە بۆت هەبوو لەو خانووەدا بیت، ئیشەکەت لەو شوێنە بوو. کە لەو شوێنە دەرۆیشتی خانووەکەت جێدەهێشت بۆ یەکێکی کە.

لەگەڵ ئاڵ وگۆرکردنماندا دەچووینە خانووی دیاریکراوی سەر بە بەڕێوبەرەوە. خانووە تازەکەمان سەلیقەی کابانی پێشوی بەڕێوبەری پێوە دیاربوو، کە چەند حەزی لە سەوزیی گوڵ و باخچە کردووە. باخچە و حەوشە جوانەکەی بوویە هۆکارێک بۆ ئارامی کەماو. دیواریی حەوشەکە بەرزبوو، لە دەرەوە حەوشەکەت لێ دیارنەبوو. دەرگایەکی گەراجی گەورەی تێدابوو. تا بەردەم هۆڵی یەکەم شوێنی ئۆتۆمبێل و رێرەوبوو. لەمدیوو ئەودیوی رێرەوەکەوە دوو باخچەی جوانی لێبوون. باخچەکان بە چیمەن و گوڵ و فنجانی پڕ لە گوڵ نەخشێنرابوو. ریزێک دار هەنار و پرتەقاڵیش تەواوی دیوارەکانی داپۆشیبوو. بە هاتنە ناو حەوشەکە دە نەوع بۆن و بەرامە دەچوو بەسەرتدا. جۆلانەیەکی بە تەختە دروستکراو لە ناوەراستی چیمەنەکەی دەستە راست دانرابوو. لە سوچی باخچەکەی دەستە چەپیشەوە، ئاگردانێک و مێزێکی دانیشتنی لێبوو. تەواو بە رێکوپێکی رازێنرابوویەوە.

هەر حەزت دەکرد دانیشــی تێیدا و ڕۆحت ئارام بکەیتەوە. کەماو ڕۆژانە ژەند کاتژمێرێک گوڵ و باخچەکەی ئاوپرژێن دەکرد و وردە گۆرانی دەوت.

خۆشــم بەردەوام یارمەتیم دەدا نەمدەهێشــت کارە قورسەکان بکات. چونکە باش لێمەوە دیاربوو، منداڵەکەی شــتێکی لێبێت، خۆشی لەدەست دەدەم. بۆیە بەردەوام خەمم بوو تا لەو حاڵەتە بە سەلامەتی دەرچێت.

شــارۆچکە تازەکەمان، ئاغایەکی بە لوتف و خۆش مەشــرەبی لێبوو. لەتەک دەســبەکاربوونم ســەیری لێدام و بوو بە ئاشــنام. وانەبێــت کاری پێــم بووبێ، نا ، تا ئەوکاتەی لەو شــارۆچکەییە ڕۆیشــتم، بچوکترین کار و بچوکترین داواکاری لە من نەبووە. لەو ئاغایانەش نەبوو جوتیارەکانی ژێر دەستی خۆی بچەوسێنێتەوە. لەو ئاغایانە بوو نانی قســە خۆشــەکان و گاڵتەو گەپەکانی خۆی دەخوارد.

کە ڕۆژنامەکەی شــارۆچکە نوێیەکەم دەرکرد، بەشێکم دانا بۆ گاڵتــەو گەپەکانی ئاغــا. کە بینی بوەتە پاڵەوانــی ڕۆژنامەیەک و وێنــە و قســەکانی بڵاودەکرێنەوە، هێندەی کە مەجلیســەکانی گەرمتــر کــردن. یەکێک لە کچەکانی خۆشــی نــاردە ماڵەکەم تا هاوکاری ئیشوکارەکانی خێزانەکەم بکات. ئاغا پیاوێکی خرەلانەی گوپ خربوو. بەزم و هاوین شــاڵی لەبەردەکرد. جگە لە کراســی سپیش هیچ نەوعە ڕەنگێکی تری نەدەکردە بەر. پاک و خاوێن و خنجیلانە. جامانەیەکی ڕەشی دەنایە سەر سەری، لەخۆی دەهات. خەڵکــی ناوچەکە زۆر ڕێزیاندەگــرت. خزمەکانی خۆی تۆزێک بە غرور و خۆ بەشت زانبوون. تەنانەت کچەکانی خۆشیان نەدەدایە بێگانە. بەس ئەم وانەبوو. کچە گەورەکەی خۆی دابوو بە یەکێک

لە کورە جوتیارەکان. بۆیە خزمانی خۆیان لۆمەیاندەکرد. ئەویش لە وەڵامدا دەیووت: تۆسەیری ئەمانە ناکەی جەنابی بەڕێوبەر؟ ئێمەی ئاغا کاتی خۆی بە دەستکیسەی عوسمانی و بەریتانییەکان دروست بووین. عوسمانییەکان بەگەکانیان دروستکرد، بەگەکانیش بریتی بوون لەوانەی جاشی عوسمانی بوون. بەریتانییەکانیش ئاغاکانیان دروستکرد، یانی ئێمەش لە ئەسڵا جاشی بەریتانی بووین.

زەمانە گۆڕا و ئەم جاشایەتیە بوو بە نازناو لەخۆمان گۆڕاین. وا لەخۆمان گۆڕاوین خۆمان لێبووە بە تەبەقەیەکی جیاواز و لە جنسی بەشەر نین! ئاخر باوکی باوکم، باو باپیرانی ئێمە بە جاشایەتی بۆ بێگانەکان ئەم نازناوەیان وەرگرتووە ئیتر بۆ لەخۆتان دەگۆڕێن. بۆ مەگەر جوتیارەکان باشتر وپاکترنین لە ئێمە؟ ئێمە لەوەتەی هەین لەسەر خوێنی خەڵک دەژین. بۆ دەبێت بەم حاڵەشەوە خۆمان لە چینەکانی تر جیابکەینەوە.

بەنازناوێکی ئاغا، بەگ، مامۆستا، چوزانم هەزار نازناوی بێتامی وا خۆمان لێدەبێتە شتێکی کە. مرۆڤ زۆر بچوکە جەنابی بەڕێوبەر. ئەوەندە بچوکە بە نازناوێک خۆی لێدەگۆڕێت و فوو دەکاتە خۆی وا دەزانێت سەر زەوی بەس ئەوی لێیە!

شەوێکی مانگە شەو بوو. کەماو، ژانگرتی. بە پەلە مامانمان بانگ کرد و پزیشکی شارۆچکەکەشم بانگکرد. کاتی وە نەبوو بیگەێنێمە نەخۆشخانەی شار.ماڵەکەی خۆمانم کرد بە نەخۆشخانە بۆی. کۆمەڵێک خەڵکیش هاتن و لە هۆڵی میوانەکە لەگەڵ پیاوەکان دانیشتبووم، تا بزانم چی روودەدا. خۆم لە هۆدەکە و دڵم لە هۆدەکەی تربوو.

لەم قەلەقیەدا سەرم ژاوەژای تێکەوتبوو. خواکردی پزیشکەکە

هاتــە هۆڵەکــە و خەبەری لە دایک بوونی ســێ منداڵی کوڕی بۆ هێنام!

لە خۆشییا نەمدەزانی چی بکەم.

سەیرکە کوڕم... خۆم لە شەوێکی مانگە شەودا لە دایک بووم. سێ کوڕکەشم بە هەمان شێوە. سەیر نیە بەلاتەوە؟!

- کاک کۆکسار شتێکت بۆ باسکەم؟

- فەرموو کوڕم...

دەزانــی یەکەم شــەوی وێرانکردنی گوندەکەمان، مانگە شــەو بــوو؟! ڕۆژەکــەی کە هاتن بــۆ وێرانکردنی ئێمە لــە دوورەوە لە بندارێک ســەیرماندەکرد. پاشان شــەوی هات بەسەردا. شەوێکی مانگە شــەوی خۆش. نازانم مانگ دەیەویست چاوی بەو وێرانە و کپییە بکەوێت، یان چی؟!

بە هەمان شــێوە، لە شــەوێکی مانگە شــەودا، رامانکرد و لە شەوێکی مانگە شەودا منیان گواستەوە بۆ ئەم نزیکانە. لە هەمووی سەیرتر، ئەو شەوەی تۆم بۆ یەکەمجار لێرە بینی، شەوێکی مانگە شەوبوو.

گەر خۆشــت لە بیرت مابێت. یەکەم ناسینمان لێرە بە هەمان شــێوە، شەوێکی مانگە شــەو بوو. ئەم هەموو ڕێککەوتە چییە و سەیرنیە بەلاتەوە؟!

- نا سەیرنیە!

ڕەنگە مانگ یەکێک بێت لەو ئەســتێرانەی، لە خەم و خۆشــی مرۆڤــەوە زۆر نزیکــە. دەیەوێت لە خۆشــی و ناخۆشــیەکانماندا لەگەڵمــان بێت و چاوی لێمانبێت بزانێت چیمان بەســەر دێــت. خۆ بە گاڵتە نەهاتووە شــاعیرەکان خۆر بەو هەموو سودەییەوە بدەرۆشێنەوە بۆ مان، ئەوان هەر باسی مانگ بکەن.

راستە خۆر بە سودترە بۆ ژیان، بەڵام مرۆڤ مانگی خۆشتردەوێت. چونکە مانگ نزیکترە لە ئازار و خۆشییەکانی مرۆڤەوە. جوانییەکەشی یەکێکە لە فریوەکانی. مرۆڤەکان بەردەوام جوانی رۆح و دڵیان دەبات. جوانییەکەی وایکردوە لە ئەستێرەکانی کە خۆشەویستربێت. نابینی ئەویندارەکان، ئەوینەکەی خۆیان بە مانگ دەچوێنن؟ جوانی وادەکات لە مرۆڤ بیفرێنێت. لەوەتەی مرۆڤی دوو رووبارەکە وشەیان دۆزیوەتەوە، یەکەم وشەیان بە باسکردنی جوانییەکانەوە دەست پێکردووە. سەیرنیە لای من مانگ لە ساتە خەمگین و ساتە خۆشەکان لە مرۆڤەوە نزیک بێت. ئەو لە شوێنی خۆیەتی و بۆ خۆی دەدرەوشێتەوە، ئەوە مرۆڤە لەبەر جوانییەکەی تێکەڵیدەکات بە ژیانی خۆیەوە.

ئیتر ئەمانە وایکردوە بوەتە جێی سەرنج. تۆ گەنجۆ، دانیشتویی بە باشی سەیری مانگ بکەیت، بزانی لە ژنێکی جوان دەچێت؟ بەباشی سەیرتکردوە تاریکترین ئەستێرەییە؟ بەڵام روناکی دزە؟ روناکی لە شوێنێکەوە دەدزێت و دەیدات بە شوێنێکی تر. ئەفسانەی مانگ لەوەدابیە، خۆی روناکە و بە روناکی شوێنێکی کە خۆی روناک دەکاتەوە و بەو روناکییەش وەریدەگرێت شوێنی کە روناک دەکاتەوە. بریا مرۆڤیش وابووابیە، بیتوانیبابیە لە شوێنێک روناکی وەربگرێت و شوێنێکی کەی پێ روناک بکاتەوە.

- من نا. هەرگیز وا سەیری مانگم نە کردووە. چونکە لەوەتەی مانگە شەوم دیووە، بەردەوام لە شەوانێکدا خۆی بۆمن دەرخستووە، شەوەکان پر بوون لە ترس و ئازار. لە شەوی پر ترس و ئازاردا ناتوانی ئەو شتە بناسیت کە سەرنجت رادەکێشێت. خۆشتاندەزانن، تۆزێک گەمژەم! ئەی ئەوەنیە دووسێجار بە منتان وت گەمژە؟! لەوانەیە گەمژەیەتیەکەم رێگای نە دابم بە وردی

سەیری جوانییەکان بکەم.

- بە پێکەنینەوە وتی: با لە مانگ بگەڕێین و بۆت باسکەم:

لە شەوێکی مانگە شەودا سێ کوڕی جوانمان بوو. من و کەماو بیرمان لەوە نەکردبوویەوە بە یەکجار سێ منداڵمان ببێت. تۆزێک پەشۆکابووم. ئاغاش لە پاڵما دانیشتبوو هەواڵەکەیان هێنا، کردبووی بە ڕۆژی خۆی. چی گاڵتە و گەپی هەبوو، لەو شەوەدا بەمنی ڕشت. دەیووت: ماڵت ئاوابێت بەرێوبەر، ئەمساڵ دەبێ جوتیارەکانم ئیش بۆ تۆ بکەن. پێکەنینم بە قسەکانی دەهاتوو، خەمی ئەوەشم بو چۆن بتوانم بەیەکجار سێ منداڵ بە باشی گەورە و پەروەردە بکەم. قورسبوو لام.

ئاغا دەستی خستە سەر شانم و خۆی ئاسا وتی:

خەمت نەبێت دۆستی ئازیز. کچەکەم لێرەییە و با هەر لێرەبێت ماڵی خۆیەتی. تا من دۆستت بم پەکت ناکەوێت. چی زۆرە خەرمانی پڕ لە دانەوێڵە. تا هەبوو پێکەوە دەیخۆین، نەشما خودا گەورەییە، هەمووکەس ڕزقی خۆی لەگەڵ خۆیەتی. ئەم سێ فریشتە جوانەش بە بێ ڕزقی خۆیان نەهاتوونەتە سەر زەوی. خەمی ئەوت بوو ماڵەکەت بێ منداڵبێت، ئەوەتا نەک یەک منداڵ، بە سێ منداڵ ئاوەدانیکردەوە .ڕزقی خۆشیان نەهێنابێت، خەزنەکەم زۆری تیاییە، تا خاڵی دەبێتەوە لێیدەخۆین.

پیاوێکی سەیر بوو. لە نائومێدیدا ئومێدی پێدەدام. یەکێک بوو لەو هاورێ باشانەی ناو ژیانم. خەسوشم سێوان خان، بە بیستنی هەواڵی لە دایک بوونی منداڵەکان، خۆی نەگرتبوو هات بۆ لامان. ئیتر من خەمم نەما. سێ ژن لە ماڵەکەدا بوون. بە جوانی ئاگایان لە کوڕەکان بوو. کەماویش بارەکەی سەرشانی ئاسانتر بوو.

- پێت نەوتم، چۆن ناویانت نا؟

- باشبوو بیرت خستمەوە. ئێمە تەنها بیرمان لەیەک منداڵ کردبووییەوە. بۆیە کە سێ دانەبوون، شتەکان بۆم قورسبوون. دوای ڕۆیشتنی میوانەکان، تا بانگی بەیانی بەناو شیعری کلاسیکی کوردییدا گەرام بۆ ناو. سێ ناوی جوانم هەڵبژراد و ناوم نان (کەیان، کالان، کاردان.)

ژیانمان گۆرانکاریی تەواوی بەسەردا هات. مرۆڤ هەتا منداڵی نەبێ هەست بە قورسایی ژیان ناکات. منداڵ قورسایی و هەوڵدان بۆ ژیانی باشترت فێردەکات. باوکەکان بۆیە بەردەوام ئیشدەکەن و ماندوو نابن، خەمێکی گەورەیان لە ناخدایە، خەمەکە بۆ خۆیان نییە، بۆ منداڵەکانیانە. کە بوویت بە باوک ئەو خەمە لەناوتدا سەوزدەبێت.

لە لایەکی کەوە، منداڵ چێژێک دەدات بە ژیانی مرۆڤ تامەکەی لەتامی چێژەکانی کە جیاییە. تامێکە تەواو نابێت. بیهێنە بەرچاوی خۆت بچیتەوەماڵەوە، سێ منداڵی جوان بەو ناوەدا خەریکی گاوگوڵکێ و یاریکردن و دەنگە دەنگ بن. دەبێ ئەو ماڵە چەند ئاوەدانوو خۆش بێت. دوای لە دایکبوونیان، بەردەوام ماڵەوەمان خەڵکی لێبوو. ماڵەکەی جاران نەما، تەنها من و کەماو خەریکی چیرۆک و بەسەرهاتەکانی خۆمان بین و دەردە دڵەکان بۆ یەکتر بکەین. فریا نە دەکەوتین ساتێک دانیشینەوە وەکجاران باسی خۆمان بکەین. هەر یەک لە منداڵەکان بەلایەکدا دەرۆیی. جاری وا هەبوو پێکەوە یاریاندەکرد و پێدەکەنین. جا چ پێکەنینێک، نەشئەی دەخستە ناو دڵ و دەرونەوە. جاری واش هەبوو هەر سێکیان پێکەوە دەگرییان و دەیانکردە ڕۆژی خۆیان.

خۆشترین ساتی منداڵ ساتی شۆردنیەتی. رووتی دەکەیتەوە بە دەستە نەرم و چەمۆڵە بچوکەکانیەوە لە ژێر دەستتدا لەناو

تەشتەکە خۆی رادەوەشێنێت. با شتێکت فێرکەم. گەر رۆژێک بوویت بە باوک، مندالت بوو. کاتێک بیشۆ تێر خەو بووبێت. دوای تێر خەو شیرێکی بدەرێ برسی نەبێت و بیبە بۆ شۆردن. یەک زەوق دەکات لەگەڵ ئاوەی ناو تەشتەکەدا دونیات لەبەر چاو جوان دەکات.

ساڵ بەساڵ گەورە تر و نازدارتر دەبوون. لە مانگێک دەچوون وردە وردە پڕببێتەوە. پێموابیە: مرۆڤ و مانگ لە تەمەندا کتومت لەیەک دەچن. سەرەتا تۆزێک پاشان وردە وردە پڕ دەبنەوە. مرۆڤیش وا. مانگ لە چواردەی تەمەنیدا پڕ و جوانە، مرۆڤیش بە هەمان شێوە. مانگ کاتی نزیک بوونەوەی لە ونبوون، روناکیەکەی بەرەو کزیی دەچێت و تارییکەکەی زیاتر دەبێت، مرۆڤیش وردە وردە هێزەکەی کەمتر دەبێت و لاوازییەکەی وەک تاریکی مانگ زۆرتر دەبێت.

کوڕەکانی من لە چواردەی تەمەنیاندا بوون، نەیانهێشت تامی جوانیەکەی خۆیان بکەن و لەم ژیانە دوریان خستنەوە. پڕ بوونەوەی ژیانی خۆیان نەبینی.

کاک کۆکسار، با پرسیارێکت لێبکەم. لەوانەیە نارەحەت ببیت، بەس باشترە بیکەم، لە یەکێک لە نووسینەکاندا دەڵێی: بە هیوام رۆژێک بێت نەوەکانم خەونەکەم بە دی بهێنن. مەبەستم رۆژنامەکەیە؟ لەوەش تێپەردەکات و ئامۆژگارییان دەکەیت کە چۆن ئەو کارە بکەن.

- راستە وایە. گوناهی ئەوان نەبوو ئەو رێگاییەیان هەڵبژارد. گوناهی من بوو. ماڵەکەم پرکردبوو لە کتێب و رۆژنامە. لە باتی کتێب و رۆژنامە، شتی کەی لێبواییە، لەوانەیە رێگای تریان بگرتایەتە بەر. هەرچەندە رێگایەکی تا بڵێی جوانە،

ئەما سەختیشە. لەوانەیە لای خەڵک زۆر ستایشی ڕێگاکەیان بکەن. لێ بۆ باوکێکی وەک من، ستایشکردن چ کەڵکی هەیە؟! کوڕەکانی خۆم دەوێن نەک ستایشکردن. بە نەوعێکی کە، دڵیشم خۆشە، پیاو کوژ و کەسی خراپ نەبوون، بە جوانی هاتن و بە جوانی ڕۆیشتن. خوانەکا، خراپ بوونایە ئێستا چیمکردایە. ها چیمکردایە؟

بەس خۆم نابوورم. خەتای من بوو، هەر هەمووی خەتای من بوو. لە سەرەتاوە ڕێگاکەم بۆ دیاریکردن، لەبری ئەوەی لێگەڕێم خۆیان هەریەکە و ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە، فریووم دان و ڕێگایەکی کەم پیشاندان. باوکەکان خۆیان بە ڕێگا پیشاندەر دەزانن. ئامۆژگاریی باوکەکان هەمووجارێک باشەی بە دوادا نایەت. هەندێکجار خراپەی بە دوادا دێت. دەیان نموونەمان هەیە، کوڕێکی باش هی باوکێکی خراپە، بە پێچەوانەشەوە باوکێکی باش کوڕێکی خراپی دەبێت. ئەمە واتای ئەوەیە ئامۆژگاریی نابێتە بینینی ئایندەی کەسەکە. بیرم لەوە نە دەکردەوە، لەناو ئەم جەنگەڵەدا خەڵکی وا بێرەحم هەبێت، بتوانێت دەست بۆ پەپولەکانم ببات.

تۆ حەقتە سەرکۆنەی من بکەیت. حەقیشتە پرسیاری وام لێ بکەیت. لە جێی من بویتایە چیتدەکرد؟ وەڵامەکەت چی دەبوو؟ کێ بروا بەوە دەهێنێت کە ترسناکترین ڕێگا ڕێگای بە هۆش هێنانەوەی خەڵکە. دیارە خەڵک گەمژەیەتی پێخۆشە بۆیە بێزارە لەوەی یەکێک بێت بە هۆش خۆی بهێنێتەوە.

– لە جێی تۆبوومایە، شانازیم پێوە دەکردن. نامەوێت بەراوردی کوڕەکانت بکەم بە کەس، چونکە بەراورد ناکرێن. بەڵام خۆیان جوان بوون، ئیشەکەشیان جوانبوو. مەرگەکەشیان جوان بوو. ئەمە

ئەو پەری خۆشبەختییە لای من. پاشان مەرگ و دورکەوتنەوە لەم ژیانە، کەی ئەوە دەهێنێت سەرکۆنەی ڕێگای جوانی پێبکرێت. لەمەیاندا بمبورە گەرچی لە تۆمندالّترم و بە کورت دەشێم، زۆر دورم لە بۆچوونەکانتەوە. بریا لە تەمەنی تۆدا بوومایەوە سێ کوڕی وام هەبایە، بۆئەوەی تا هەتایە ببنە جێی شانازی بۆخۆم و بۆ ژیانیش.

جوابی نەداوە. داوایکرد سەرو چایەکی کە بخۆین. بانگی چایچییەکەم کرد سێ چایی ترمان بۆ بهێنێت. کاماش کتێبێکی مێژوویی بە دەستەوە بوو دەیخوێندەوە. دەستێکی لە کتێبەکەی داو سەیرێکی بەرگی کتێبەکەی کرد ناونیشانەکەی ببینێت. لێی پرسی: کوڕە بۆ کتێبی مێژوویی دەخوێنیتەوە؟

لە وەلامدا وتی: حەزم لە مێژووە. حەزم لەوەیە بزانم بەسەرهاتەکان و ڕووداوەکانی ڕابردوو چۆن ڕوویانداوە. تا مێژووەکەش نەخوێنینەوە نازانین لەم قۆناغەدا چی ڕوودەدات. مێژوو شوێنێکە ئایندەمان بۆ دەردەخات.

- یانی، لەبەر ئەوە مێژوو دەخوێنیتەوە؟!

کاماش بە بەڵێ وەلامی دایەوە.

زەردەخەنەیەکی کرد و وتی:

لە تەمەنی تۆدا بووم. سێ جۆر کتێبم دەخوێندنەوە. شیعرم دەخوێندەوە تا زمانەکەم باش ببێت. شیعر شارێگایە بۆ تۆکمەکردنی زمان. شارێگاشە بۆ خۆناسین و یاخی بوون لەو کۆسپ و تەگەرانەی دەبنە تەوق بەسەر مرۆڤەوە. چیرۆک و ئەفسانەکانم دەخوێندنەوە تا خەیالّم فراوان بێت. مێژووشم دەخوێندەوە تا عەقلّ و بیرکردنەوەم گەورەبێت. هاوڕێکانم فەلسەفەیان دەخوێنەوە بۆ تێرکردنی عەقلّیان. بە پێچەوانەی

ئەوانـەوە مێـژووم دەخوێندەوە. بە ئێستاشـەوە یـەک لاپەڕەی فەلسـەفەم نەخوێندەوە، چونکە بڕوام وایە، بنەڕەتی عەقڵ لەناو مێژوودایە. مێژوو بیرکردنەوە و عەقڵ و فەلسەفەی دروستکردوە. مێـژوو بوو وای لە فەیلەسـووبەکان کرد بیـر لە ڕووداوەکان و لە مرۆڤ و گەوردوون بکەنەوە.

- کەوایە خراپ ناکەم مێژوو دەخوێنمەوە؟

- با خراپ دەکەیت. لەبەر وەی خراپ دەکەیت، نازانیت بۆ مێژوو دەخوێنیتەوە. کەسـی خوێندەروار بەر لەوەی کتێبەکە بگرێت بە دەستییەوە، دەبێ بزانێت بۆچی دەخوێنێتەوە. خوێندنەوە تەنها بۆ شت زانین و حەز نیە، خوێندنەوە بۆ ئەوە نەبێت دونیا جۆرێکی کە ببینیت و قسەی کەت هەبێت بۆ دونیا، کەوایە خوێندنەوەیەکی بـاش نەبـووە. ئەکرێ زانیاریـی بخاتە سـەر زانیارییەکانت و لە قسەکردندا سودی لێ ببنیت. بەڵام ئیشی کتێب بۆ فێربوونی قسە نیە، بۆ قوڵکردنەوەی بیرکردنەوە و ناسینی نادیارییەکان. هی وا هەیـە پرە لە زانیاریی، چ زانیارییەک ئەو زانیارییەی وەریگرتووە و دەیلێتەوە. زانیارییەکان وایان لێنەکردوە بیرکردنەوەی بگۆڕێت. تەنها وەک مەخزەنێک زانیاریی کۆکردەوەتەوە تا دووبارە بیلێتەوە.

- ئەوەیان تەواوە. دەمێکە دەخوێنمەوە، بەڵام نەمزانیبوو مێژوو بۆ بیکردنەوە بخوێنمەوە.

- نـێ، کێشـەکە لەوەدایـە. بـا نمونەیەکـت بۆ باسـکەم بۆ ئاسانکردنی مەبەسـتەکەم. ڕووداوێک لە مێژوودا ڕوودەدات. ئەو ڕووداوە باشبێ یان خراپ، نابێ سەیری ڕووداوەکە بکەیت. دەبێ سەیری عەقڵی پشـت ڕووداوەکە بکەیت. خوێنەری مێژوو، وێڵی دوای عەقڵی پشت ڕووداوەکانە، نەک وێڵی ناو ڕووداوەکان. بۆیە دەڵێـم عەقڵ لە مێژوودایە، چونکە لە پشـت هـەر ڕووداوێکەوە

عەقڵێک وەستاوە. پێویستە عەقڵەکە بدۆزیتەوە. کە دۆزیتەوە، بیرکردنەوەی خۆشت دەدۆزیتەوە. بەبێ دۆزینەوەی عەقڵەکە، دەبیتە کەرەستەیەک لەناو رووداوەکەدا دێیت و دەچیت. کەبوویتە کەرەستەی ناو رووداو، تۆش دەبیتە بەشێک لەو وتنەوەیە کە بیرکردنەوەی لە پشتەوە نییە.

قسەکەی بری و قومێکی لە چایەکە دا. پاشان رویکردەوە من و پرسی: تۆ چی دەخوێنیتەوە؟

شەرمم لە خۆمکرد! تا ئەم چرکەساتە شتێکی وا گرنگم نەخوێنبوویەوە شایەنی باسکردنبێت. بۆ خۆشاردنەوە لە پرسیارەکەی، پێچپێکم بەخۆم داو وتم: خوێندنی زانکۆ کاتی زۆرم دەکوژێت، بۆیە نەمتوانیوە بخوێنمەوە.

بە گاڵتە پێکردنێکەوە سەرێکی راوەشناد و هەناسەیەکی هەڵکێشا. ئینجا بە دەنگێکی گری هێمنەوە وتی:

بە گەنجی جامەکەی خۆت پرنەکەیت، بە پیری نەک بۆت پرنابێت، بەڵکو شەرم لە خاڵی بوونەوەی دەکەیت بەسەر شانتەوە. کاتیخۆی ئێمە لە زانکۆ، نیوەی ژیانمان بە کتێب بردە سەر. لەم نەوییە نە دەچووین. شەرمانبوو لەسەر ئەوەی کێ زۆتر بخوێنێتەوە و زۆرتر فێریی زمانببێت. ئەوەی کردیشمان بە هۆی کتێبەکانەوە بوو. کتێب هیچت لێنەکات وات لێدەکات روناکیەکەی ناخت داگیرسێنێت. ئەمانەی ئێستا سەد بیانوو دەهێننەوە تا خۆیان لە کتێب دوربخەنەوە. کەباسیش دێتە سەر باسی رۆشنبیری خۆیان بە رۆشنبیردەزانن. نازانم رۆشنبیری معەلەباتە بیخۆی رۆشنبیر دەبیت، دەرزییەکە لە خۆتی بدەیت، چییە. باوکی باوکم رۆشنبیری یەک رێگایی هەیە، بەس یەک رێگا، ئەویش کتێب خوێندنەوە و شەونخونی کردن لەگەڵ کتێبدا.

مێشکی مرۆڤ سندوقێکە، شتی باشی تێکەیت، دەبێتە خەزێنەی باش بۆ خۆت و بۆ ئەوانەی سەری سندووقەکە هەڵدەدەنەوە. شتی خراپیشی تێکەیت، ئازار بە خۆت دەگەیەنێت و هەرکەسێکیش سەری سندوقەکە هەڵداتەوە، بۆنێکی ناخۆش دێت بەسەریدا و بە جۆرێک دایدەخات جارێکی کە سەری بەرزنەکاتەوە. ها تۆ کامەیانی کورم؟

دەزانی هەموو کەس لە دایک دەبێت، بەشی خۆشی دەژی. بەڵام هەندێک بە بەتاڵی دەژین و دوای خۆیان جێ پێیک جێناهێڵن. ئەوانەی شوێن پێ لەم دونیاییە جێ ناهێڵن، ئەوانەن دورن لە کتێبەکانەوە. ئەوانەشی شوێن پێ جێدەهێڵن و دەبنە روناکی بۆ کەسانی کە، ئەوانەن هاورێی کتێبن.

کورم نامەوێت ئامۆژگاریت بکەم. بروا بەم ریشە سپیەم بکە. کەس وەک کتێب بۆت کەس نیە. وا تێمەگە بمەوێت بوخەمە سەر رێگای کورەکانم و تۆش لەناو بچیت. مەبەستم لەوە نییە. مەبەستەکەی من لەوەیە، کتێب هەزاران رێگات بۆ دەردەخات. تۆ یەکێک لەو هەزاران رێگایە بۆ خۆت هەڵبژێرە. بزانە کامەیان بۆت باشە، بەسەر ئەوەیاندا برۆ. با نەبیتە جۆرە کەسانێک دەژین و ناشزانن ژیان چییە! با وەک وانت لێنەیەت، بەناو لەم سەرزەمینەن و لە رۆژی مردنیانەوە ناوەکە و خۆشیان دەکوژێتەوە و ئاسەواریان نامێنێت.

مردو ئەوانە نین لە گۆرستانەکانن. گۆرستانەکان پرن لەو کەسانەی جێ دەستەکانیان بەسەر دونیاوە ماوەتەوە و رۆژانە ئێمەی بە حساب زیندوو، باسی شوێندەستە جوانەکانیان دەکەین. مردوو کەسێکی بێ ئاسەوارە. بیریشت نەچێت دوو شوێن دەست هەیە، شوێندەستێک هەیە وێرانکەرە، ئامانن ئێوە لەوانە نەبن.

شوێن دەستێکی کە هەیە بۆ زیندووەکان ئاوەدانکردنەوەی رۆح و عەقڵیانە، با لەمانەیان بن. کتێب هونەرێکە پرە لە نهێنی. وات لێدەکات سەردەمەکان نەتوانن ناوەکەت بکوژێننەوە. مەهێڵە ناوت بکوژێتەوە. مەهێڵە مردووێکی زیندوو بیت. شتێک لە خۆت بکە. تۆش جیاوازییەکت لەگەڵ ئەوانە نیە دەیانساڵە مردوون و باسیاندەکەین.

- قسەکانی تۆ راستن. تەمەڵیم کردوە و ویستم رونیکەمەوە، خراپییەکە من لەوەداییە، نەمتوانیوە باشبم لەو رووەوە.کاماش لەولاوە قسەکەی پێ بریم و وتی:

- بوەستە. لەوەتەی هەین پێکەوەین، لەوەتەی هەین من بە تۆ دەڵێم بخوێنەوە و تۆ گاڵتەم پێدەکەیت. لە خۆرانییە بە گەمژە ناوت دەهێنم. گەمژەیەتی نەبێت، دەستبەتاڵترین کەسی ئەم ناوەیت. خەیرە بەم دەست بە تاڵیەتەوە لە باتی دووشت بخەیتە ناو مێشکت خەریکی خاڵیکردنەوەی مێشکتی. یان پێتخۆشە بە گەمژەیەتی بژیت و بچیت. وانیە. دە بڵێ وانیە؟

قسەکەیم پێ ناخۆشبوو. بۆیە بە فرسەتم زانی تۆزێک بیخەمەوە ناو دەقەکەی خۆی. وەڵامێکی باشم دایەوە:

حاڵی خۆت زۆر جوانە. تا ئێستاش نەتزانیووە بۆ چی مێژوو دەخوێنیتەوە. نانێک بخۆ و لەتێکی بکە ساقە سەری من.بە هۆی منەوە کاک کۆکسار بۆی رونکردیتەوە کە دەبێت چۆن بخوێنیتەوە. بەس نیە من ناخوێنمەوە. تۆ بە گەمژەیی خوێندوتەتەوە. مێشکت پڕ کردوە لەو شتانەی بە کەڵکت نایەن. دامە قاقا پێکەنین و زانیم قسەکەم زۆر تێکیداوە. نەشئەم پێدەکرد و نەشیدەتوانی وەڵامم بداتەوە. لە داخا لێوی خۆی دەگەست.

- باشە مەیکەن بە رۆژی خۆتان. حەزتان لە شەڕە دوایی کە

من رۆیشتم، میراسەکەی خۆتان بەشبکەن. ئەوەندە ناهێنێ دڵی یەکتری بئێشێنن. ناشکری هەموومان لەیەک بچین. کەسانێکمان دەخوێنینەوە و کەسانێکیشمان ئەزموون دەکەین.

بەڵام لای من، کۆمەڵگەی زیندوو لەگەڵ کارو ئەزموونەکەیدا، دەشخوێنێتەوە. کۆمەڵگەی جەنگەڵیش کارەکەی دەکات و ئەزموونی ناکات و ناشخوێنێتەوە. لە هەر کۆمەڵگەیەک ژیان تەنها بۆ تێرکردنی ورگ بێت، عەقڵ تێیدا ونبدەبێت. هەر کۆمەڵگەیەکیش بۆ ئەوە ژیا، بیربکاتەوە و بخوێنێتەوە تا ژیان ورتر ببینێت. ئەو کۆمەڵگە بە زیندوویی دەمێنێتەوە. کورەکان زیندوو مانەوە، پەیوەندی بە هۆشەوەیە نەک بە بوونی کەسەکە لەسەر زەویی. ئەم چایخانەیەی ئێمەی تێدا دادەنیشت کەسی زۆری لێیە. بە بڕوای من کەسیان زیندوونین. مردوە راستەقینەکان ئەمانەن. پێتان ناخۆش نەبێت دۆست و ناسراوی ئێوەشی تیایە وایان پێدەڵێم. بەس بەراستی مردون. گۆڕستانی راستەقینە ئەمەیە، بەڵێ ئەمەیە.

ئەم کۆمەڵگەیە گۆڕستان و جەنگەڵ نەبواییە، سێ خونچەی جوان بەو ئاسانییە هەڵنەدەوەران.

بکوژی هەر سێ کوڕەکەم دەناسم. بێ هێز نیم نامەوێت تۆڵە بکەمەوە. لاوازیش نیم نەتوانم بجوڵێم و بترسم. پیاوێکی پیری بە تەمەنی وەک من لەم ئاخریی تەمەنەوە لە چی بترسێت؟ تاقە شتێک وام لێ بکات بیر لە تۆڵە نەکەمەوە، ئەوەیە چەندین ساڵ هۆشی خۆمم پەروەردە کردوە تا مرۆڤێکی باشبم. ئێستا چۆندەبێت لە بەر خاتری تۆڵەیەک منیش ببم بەوانەی، خۆم سەرکۆنەیان دەکەم. جیاوازییەکەی من و ئەوان هەر ئەوەیە، کە ڕێگا بە خۆم نادەم وەک ئەوانم لێبێت. لە ناخی خۆمدا زۆر

دەجەنگم تا نەبمە ئەوانەی شوێن دەستەکانیان پیسە. ناشهێڵم هێزی تۆڵە کردنەوە بەسەرمدا زاڵببێت و شوێن دەستەکانی منیش پیس ببن.

کاک کۆکسار وتت بکوژەکان دەناسی؟

- بەڵێ، دەیانناسم. دوایی بە وردی بۆت باسدەکەم. پەلەم لێمەکە. مادام رازی بووم قسەت بۆ بکەم، وردو درشتی بکوژەکانیشت بۆ باسدەکەم. باسی ئەوانەش دەکەم خۆیان بە وێنەی هاورێ پیشاندا و، دوای بوونە رێپیشاندەر بۆ بکوژەکان و رێگایان پیشانی بکوژەکان دا.

-مەبستت چیە لەمە؟

- مەبەستەکەم ئاشکراییە کورم. هاورێکان زۆر جار لە دوژمنەکان دوژمنترن. چۆن لام روونە دەچمە گۆرەوە، واش لام روونە دوو لە کورەکانم هاورێکانیان بوونە هۆکاری کوشتنەکەیان. جگە لەوە هۆکار بوون، هاوکاری بکوژەکانیش بوون. ئێستاش لە رۆژنامە و میدیاکانەوە خۆیان بادەدەن و شیوەن دەگێرن. حەزدەکەم کوێربم نەیانبینم. دووروویی جۆرە کەسێک سنووری نیە. چاڵەکەت بۆ هەڵدەکەنن تا تێیکەویت، کە تێیکەوتیت دێنە سەر چاڵەکەت شیوەنت بۆ دەگێرن. دونیا جۆرە کەسانێک پیسیدەکەن، بە دۆستایەتی لێت نزیک دەبنەوە و بە دوژمنایەتی لەگەڵت دەجوڵێنەوە.

ئێ کەوایە بۆ پێشتر باست نەکرد تا خەڵک بیانناسێت و چیتر لەو جۆرە کەسانە نەتوانن لە پشتەوە خەنجەر بوەشێنن و، لە پێشیشەوە شیوەن بگێرن؟

- لەو جۆرە پیاوانە نیم، گۆڕ بۆ کەس هەڵبکەنم. ناشمەوێت لەسەر هەستی تۆڵەکردنەوە دەست بکەم بە قسەکردن.ماڵی

من کاولکرا. با ماڵی کەسیکە کاول نەکرێت. کاتێکیش بۆ ئێوەی باسدەکەم لەبەر خاتری ئەوەیە، نامەوێت چیرۆکەکان بەو جۆرە برۆن کە ئێستا دەڕۆن. لە پشت ئەو جۆرەی ئێستاوە دیمەنی جیاوازهەیە. بیرتان چوو پیمۆتن: لە پشت ڕووداوە مێژووییەکانەوە تارمایی بیرکردنەوەیەک هەیە. ڕووداوی کوشتنی سێ کوڕەکەی منیش تارمایی بیرکردنەوەی خەڵکی نزیک لە خۆیانی تێدابوو.

کاک کۆکسار هەرچەندە قسەکانیشت دەبرم. سەیرکە ئەم شە و چ مانگە شەوێکی خۆشە. ئەها بەناو گەڵای کەپرەکەدا تیشکەکانی خۆی هێناوەتە ژورەوە و ڕژاوە بەسەر شان و ملمان و مێزەکانی بەردەماندا. تەماشای دیمەنی تیشکە روناکەکەی سەر روخساری گەنجەکەی ئەوبەرمان بکە. لەناو گەڵاکاندا هاتووەتە خوارەوە و کەوتوەتە سەر تەوێڵی. باسی مانگە شەوەکەم دەکرد، کوڕی ماڵە دراوسێکەمان بە هانکە هانک و سەرتاپا عارەق، خۆیکرد بە چایخانەکەدا و بە بینینی دڵم خورپەیەکی کرد. بەرەو ڕووی من هات و وتی:

-هەڵسە با بڕۆینەوە!

چی بووە؟

- خێراکە با بڕۆین پێتەڵێم.

باشە دێم، بەس بزانم چی بووە؟

- دەتۆ هەڵسە پێتەڵێم.

پەراوەکەم و پێنووسەکەم لەسەر مێزەکە جێهێشت و بێ خواحافیزی شوێنی کەوتم. هەر لە بیریشم چوو پارەی چاییەکان بدەم. لە دەرگای کەپری چایخانەکە هاتینە دەرەوە و مانگەکەم بە روناکی بینی بە سەر شانی ئاسمانەوە، زانیم شەوێکی باش نابێت بۆمن و خەمێکی کە لەبەردەممدایە. شانسی من لەگەڵ مانگەشەودا

شـومییەكی بەدواوەیە. ئەوەندە لێی ترساوم كە دەیبینم خەیاڵی هاتنی هەواڵی ناخۆش و راكە راكە دەكەوێتە سەرم.

هەڵهاتنـــی مانگ لە ژیانی مندا، هاتنی هەواڵێكی ناخۆشـبوو. ناخۆشییەكانی ژیانم تێكەلبوون بەو شەوانەی مانگ بە ئاسمانەوە دەدرەوشاییەوە. كەسێک بیویستایە نهێنی و خەمەكانم بزانێت لە مانگی بپرسیبایە هەمووی پێدەوت. چونكە مانگ لەو ئاسمانەوە چاوی لە ژیانە تاڵەكەی من بوو.

# ١٠

بەردەرگای ماڵمان سیخناخ بوو لە خەڵک. لە دوورەوە گوێم لە دەنگی گریانەکەی نەنکم بوو. لە دەرگاوە سەیرمکرد، حەوشەکەمان جمەی دەهات لە منداڵ و پیرە ژن و پیرە پیاو. لەبەردەم هەیوانەکە جەنازەیەک دانرابوو، چەند پیاوێکی پیرو و مەلای ئۆردوگاکە لەسەری دانیشتبوون. پرسیم چی بووە؟

کوڕەی دراوسێکەمان شانی بە شانمەوە بوو وتی: باپیرت مردووە!

لە جێی خۆم ئەژنۆکانم وشک بوون و چەقیم. شەپۆلی گریانێک لە دڵمەوە بەرزبووییەوە و بە بێدەنگ لە چاومەوە بە خووڕ فرمێسک هاتنە خوارێ. دوری نێوان من و جەنازەکەی باپیرم چەند هەنگاوێک بوو، بەڵام ئەژنۆکانم بە جۆرێک بێ هێز بووبوون، زۆرم پێ چوو تا گەیشتمە لای جەنازەکە. نەنکم کە منی بینی، دەنگی گریانەکەی بەرزتربووییەوە و بە دەنگە خەمگین و سوتاوەکەی بێ کەسبوونی خۆی و منی دەلاواندەوە. چاوم تەنها نەنکم و جەنازەکەی بەروونی دەبینی. گوێم لە گریانی زۆر بووە، بەڵام قەت گوێم لە گریانێکی وا بەکوڵ نەبووە ناخم وردوخاش بکات. گریانەکەی نەنکم لەو گریانەبوو ناخمی وردکرد.

لە بەردەم جەنازەکەدا چۆکم داد و، بۆنێکی تەرمەکەم کرد. بۆنی بێدەنگی و هێمنی جەنازەکە، لە بۆنی بێدەنگی وهێمنییەکەی خۆی دەچوو. باپیرم پیاوێکی سەیربوو، قسەکانی بە شێوەیەک

کەم بوون، کە قسەیەکی دەکرد تا ماوەیەک لە مێشکما قسەکەی دەنگی دەدایەوە. تاقانەترین کەسبوو لەم سەرزەوییە دیبێتم بەو شێوە کەمە قسە بکات. پێش ئەو دوای ئەو کەسم نەدی وا کەمدووبێت.

هەمووکات دەیووت:

"کورِم قسەکان وەک بەردی دیوار وان. چۆن دیوارێک هەڵدەچنی پێویستت بە بەردی باشە و گرنگە هەر بەردێک لە شوێنی خۆی دابنێیت، قسەش وایە. ناکرێ بەردێکی خراپ لە شوێنێکی باش دابنێیت و دیوارەکە لاربکەیت. بە دانانی یەک بەردی خراپ دیوارێک خراپ دەبێت. بە کردنی قسەیەکی ناجۆریش، ژیانیش خوار دەبێت."

باپیرم لە ئەسڵدا خەڵکی گوندێکی دورە دەستی لای سنوورە. بە هۆی سەرماو سۆڵە و خراپی گوزەرانی گوندەکەیان، چۆڵی دەکەن و هەرماڵێک لەو گوندە روو لە مەملەکەتێک دەکات. ئەمیش لە کاتی چۆڵکردنەکەدا گەنجێکی چوستووچالاک دەبێت، رێگای خۆی دەگرێت و روو لەم گەرمیانە دەکات. خۆی وتەنی: سەرمای کوێستانان دەردێکیان بەسەر هێنابووم، وەختێک بریارمدا بکەومە رێ، شوێن هەتاودا کەوتم. یانی، هەتاو بوو بە رێ پیشاندەرم و کەوتمە دوای تا هێنامی بۆ ئەم گەرمییانە. هەتاو بەرەو هەرجێگایەکی ببردمایە دەرۆیشتم. قەرارەکەم قەرارێکی یەکجاریی بوو. قەرارمدابوو جارێکی کە نە گەرێمەوە کێوەکان و کوێستانەکان. بەرگەی تەنیایی ناو تاشە بەردەکانی و سەرمای کوێستانەکانم نەدەگرت. لەوێ بازۆڵەکانم بە هێز بوو بوون، عەقڵیشم بەستبووی. هەتاوەکە هۆشیکردمەوە و بازۆڵەکانی لاوازکردم. دوو شوێنم لە ژیانم بینی، دوو شوێنەکە

عەزابیاندام. چ کوێستانەکان و چ گەرمیان، بۆمن خەنجەرێک بوون چەقین لە گیانم.

لێرە تووشی دەبێت بە تووشی گۆزەکەرێکەوە. کابرای گۆزەکەر دەبینێ گەنجێکی قشتی ماندوو غەریب لەبن سێبەری دیوارێک کز کز دانیشتووە. بەزەیی پێدادێتەوە و لەگەڵخۆی دەیباتەوە بۆ ماڵ.

نانێکی باشی دەداتێ و لە پارچە جلە کۆنەکانی خۆشی، دەستێک جای دەداتی بیکاتە بەری. هێمنییەکەی و بێدەنگییەکەی سەرنجی رادەکێشێت، بۆیە بریاردەدات لای خۆی بیکات بە شاگرد و فێری گۆزەکردنی بکات.

دوای فێربوونی پیشەکەی و پاکی دەست و دەروونی، وەستاکە دڵی دەچێتە کردەوەکانی و یەکێک لە کچەکانی خۆی دەداتێ. نەنکم کە لە هەموو ژیانیدا ساتێک لە باپیرم دورنەکەوتووەتەوە، کچی کابرای گۆزەکەرە. کە حەزم لە گاڵتەکردن بواییە لەگەڵیان، سەرم دەخستە سەر سەریان و بانگم دەکردن، گۆزە کەرەکان، دونیاتان چەرخاند و گۆزەیەکتان دروستنەکرد گەنجیەتی خۆتانی تیا بشارنەوە. ئەم دوو گۆزە پیرە چیدەکەن لەم ماڵەدا بەردەوام، خۆشەویستیان لێدەرژێت.

لە ماڵەکەی خۆیان بەردەوام دەبن لە کارکردن. تا باوکی نەنکم دەمرێت و سەردەمەکە دەگۆرێت و خەڵک پێویستی بە گۆزە نامێنێت بۆ ناوماڵ. بە ناچاری دەست لە گۆزە دروستکردن هەڵدەگرن و دەچن بۆ گوندێک لەو ناوە.

باپیرم چەند ساڵێک دەبێت بە زاریعی زەوییەکی کشتووکاڵی ئاغایەک. لە ناوەراستی سەدەی بیستدا میریی بریاردەدات زەوییە کشتوکاڵییەکان لە ئاغاکان بسەنرێتەوە و بیانداتە ئەو جوتیارانەی لەسەریی کاردەکەن.

لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

بریارەکەی میریی ئاژاوەیەکی گەورە لەگەڵ خۆی دەهێنێت. لە نێوان ئاغاکان و جوتیارەکاندا لە چەندین شوێن شەر دروست دەبێت. بەڵام باپیرم نایەوێت بەژداری ئاژاوەکە بکات. دەچێتە لای ئاغاکە و سوپاسگوزاری خۆی پێدەگەیەنێت کە ئەو ساڵانە بووەتە هۆی باشکردنی ژیانی لە ڕێگای زەوییەکانی ئەوەوە. نایەوێت لەبەر خاتری زەوییەک بێ وەفایی خۆی بەرامبەری بنوێنێت. بە پێچەوانەی جوتیارەکانەوە ڕێزی دەگرێت و مەمنونی دەبێت هێشتوویەتی لەسەر زەوییەکەی کشتوکاڵ بکات و ڕۆژگارێکی خۆشی بەسەر بردووە لە سەر زەویەکانی ئەو.

ئاغا کە گوێی لە قسەکانی دەبێت، داوای لێدەکات لەسەر زەوییەکەی خۆی بمێنێتەوە و پێشکەشی بێت. لە ڕووداوێکی کتوپری نەزانراودا لە شەوێکی مانگە شەودا، کە کەس نازانێک کێ بووە، تەرمی ئاغا لە تەنیشت خەرمانێک گەنم دەدۆزرێتەوە. دەستەی میریی بۆ لێکۆڵینەوە دێنە ناوچەکە و کۆمەڵێک جوتیاری گومانلاوی دەستگیر دەکەن. پاش بێنەو بەردەیەکی زۆر بۆیان نادۆزرێتەوە کێ بووە و هەروا خورت و خۆرایی مەرگی ئاغا ئاوە و ئاو دەچێت.

لەوکاتەوە باپیرم دەبێتە خاوەن زەوی وزاری خۆی. بە بۆنەی زەوییەکەیەوە، لە هەمان گوند خانوێک دروستدەکات و، سەر لە نوێ ژیانێکی کە دەست پێدەکاتەوە. جارێک لێم پرسی: باپیرە بۆچی بەردەوام بێدەنگی؟ ئاخێکی هەڵکێشا و چیلکەدارێکی بە دەستەوەبوو، وەریدابیە خۆڵەکەی بەردەمی و لەوەڵامدا وتی:

ژیانم تاڵی و ماندووبوون بووە. لە هەرەتی لاوییەتیمدا زانیم ژیان زۆر لەوە زەحمەترە بە زەیی بە جوانی و گەنجی کەسدا بێتەوە. لە باتی دەمم، دەبا شوێنێکی کەم کاولبکەم. خودا نەیکرد

منیش وەک ئەو هەموو خەڵکە لە حوجرەیەک بخوێنم و دووکەلیمە خوێنـدەواری فێربم، تا نانی دەمم بخۆم. کـورم خوێندەوارەکان نانی دەمیـان دەخۆن و نەخوێندەوارەکانیـش نانی بازووەکانیان. هەژارێکـت بینیوە نانی دەمی خـۆی بخوات؟ نا نایبینی. چونکە هـەژارەکان نانـی بازوو و ماندوو بوونـی خۆیاندەخۆن. ئەوانەش نانی دەمیان دەخۆن، نانەکە نانێکی پاک و پوخت نیە. نانێکە لە ڕێگەی زمانە لوسـەکەیانەوە پیدایدەکەن. پڕە لە فێڵ و تەڵەکە. نامی دەمم بۆ ناخورێت! نانێک بە عارەقی نێوچاوان نەخوسابێت و بە ماندوویەتی نەبرژابێت نە بۆنی هەیە، نە تام.

بە کەڵکی چیدێ قسـەی زۆر بکەم؟! قسـە دادی من نادات. نانەکەی من لە بێدەنگیدابوو، نەک لە قسەکردندا. جاری واهەبووە بـە دیار دروسـتکردنی گۆزەیەکـەوە، یان هێنانـەوەی تەغارێک گەنمەوە، ڕۆژێکم بە بێدەنگی بەرێکردووە. ژیان گۆزەیەکە سەرنجی دەوێـت و وردبوونەوەی دەوێت دروسـتی بکەیت. گۆزەکەی ژیان بە دەست و پەنجە و وردبوونەوە و بێدەنگی دروستدەکرێت، نەک قسە. لە گۆزە کردندا یەک تۆز پەنجەت خواردانێیت، گۆزەکە تا سـەرەوە بە خواری دروسـت دەبێت، لە ژیانیشیدا یەک تۆز زیاد لە خۆت قسـە بکەیت، گۆزەکەی ژیانت تا سـەرەوە بە بێ کەڵک دروسـت دەبێـت. ئێنجا منیش پیاوێک نیم حـەز بەو ژیانە بکەم بـە خوارو خێچی بروات. لە جێهێشـتنی گوندەکـەی خۆمانەوە، ئێستاشـی لەگـەڵ بێـت، نانێکم نە خـواردوە بـە ماندوویەتی و بێدەنگی پەیدام نەکردبێت. لە تەنانەکەی خۆم نادەم بە سفرەی ڕازاوی دەمکراوەکان.

پیاوێکی ناشوکور نەبوو، ڕازیبوو بە بەشی خۆی.لە ماڵ بووایە یان نا، هەستت پێنە دەکرد. گوێت لە دەنگی نەدەبوو تا بزانی لە

و مالّە یان نا. لە نوێژی بەیانی هەڵدەستا و ناشتچایی بۆ خۆی و ئێمە دروستدەکرد و خۆی لێیدەخوارد و دەرۆیشتە دەرەوە، دوای نوێژی مەغریب دەگەڕاییەوە. نەنکم بۆی باسکردووم بە درێژایی ژیانی وابووە. یەکەم ڕۆژی ژن هێنانی دەچێتە گۆزەخانەکەوە، دوای عیشا دەگەڕێتەوە. باپیرم واتە باوکی نەکم، پێیدەڵێت: کوڕم ئەمڕۆ ڕۆژی ژن هێنانت بوو، چ پێویستی دەکرد بچیتە ئیشکردن. ئەویش لەوەڵامی باپیرمدا دەڵێت: نامەوێت ژیان بوەستێت.

هاوینان لەلای گوڵە باخەکانەوە قەرەوێڵەیەکی دادەنا بۆ خۆی. بالیفێکی خڕی بە پەڕیی مریشک دروستکردبوو. لە هەرجێک پاڵکەوتابیە، بالیفەکەی دەخستە ژێر شانەکانی. رادیۆیەکی کۆنە هەبوو. دەچووە سەر جێگاکەی و میلی ڕادیۆکەی دەخستە سەر گۆرانییەک و ڕادەکشا بە دەم گوێگرتن لە گۆرانییەکەوە خەو دەیبردەوە. لەوەتەی بیرم بێت، نەمدیوە جارێک بە بێ گوێگرتن لە گۆرانییەک بخەوێت.

نەنکم بەردەوام گلەیی لێدەکرد بۆچی پێش خەوتن ڕادیۆکەی ناکوژێنێتەوە و دەبێت ئەم بیکوژێنێتەوە.

لەسەر سوچی کۆڵانەکەمان دوکانێکی بچکۆلەی دانابوو. لەناو دوکانەکەی تەڕیانەیەک سەوزەی تەڕ و، سوزگێک میوە و چەند نوقڵ و چوکلێتیشی تێدابوو. لەسەر تەختەیەک دامەیەکیی دروستکردبوو هاوتەمەنەکانی دەهاتن بۆلای بەدەم دامەکردنەوە ڕۆژگارەکەیان تەواو دەکرد. ئێواران دەگەڕامەوە ماڵ، لە دوکانەکەی سڵاوێکم لێدەکرد، زەوقی هەبوایە بانگی دەکردم: وەرە کوڕم با دامەیەکت لێ بیمەوە. خەڵکی ژیان دەباتەوە، منیش دامە. خەڵکی لە ژیان دەزانێت، منیش لە دامە! زەوقیشی نەبوایە دەستێکی بەرزدەکردەوە و لێوەکانی دەجوڵاندەوە و

جوابی سڵاوەکەی دەدامەوە.

سەروەختی پەلاماردانی گوندەکەمان. کتوپڕ لەگەڵ ئەنکم ئەو ڕۆژە لەوی نابن و بۆ تازەکردنەوەی تاپۆییەکی کۆنی زەوی و زار، لە شاردەبن. لەوێ لە ماڵی ناسراوێک دەمێننەوە، هەواڵی وێرانکردنی گوندەکە و بردنی قەوم و کەس و کارەکەیان و منداڵەکانیان دەبیستن. لە ترسی بردنی خۆشیان، ناسراوەکەیان ناهێڵێت روو بکەنەوە گوندەکە.

لە شار دەمێننەوە، تا میریی بریاردەدات چی خەڵکی گوندە وێرانەکان هەیە، لەناو شارەکانن دەبێ ناونووسی خۆیان بکەن و رایاندەگوزازنەوە بۆ ئەم ئۆردوگاییە. ناسیاوەکەیان نایەوێت ناونووسی خۆیان بکەن. لێ ئەمان رازی نابن و خەمیانە شتێک بەسەر ناسیاوەکەیان بێت. بە دزی وانەوە، دەچن ناوی خۆیان دەنووسن و ناونیشانەکەش دەنووسن. بەبێ ئاگاداری ناسیاوەکەیان بەیانیەک ئۆتۆمبێلێکی میریی دەچێتە بەردەرگای ماڵەکەیان و باریاندەکات و لێرە دایاندەنێت.

داوی روخانی میریی. دەست و دڵییان نایگرێت جارێکی کە بگەڕێنەوە گوندەکە. هەفتەیەک پێش مردنەکەی بانگی کردم و لەناو سندوقچەیەکی قاوەیی کۆندا، قەباڵەیەکی تیانووسی دەرهێنا. یەک یەک تیانووسەکانی بۆ شەرحکردم کە تاپۆی زەوی و زاری گوندەکەن و رۆژێک دێ پێویستم پێیان دەبێت. بەکورتییەکەی پێی وتم:

گەر ویستم بگەڕێمەوە زادگەی خۆمان، زەوی و خانووی خۆم بە تاپۆوە هەیە. دەتوانم سەر لەنوێ دەست بکەوە بە ئاوەدانکردنەوەیان. لێم نەپرسی بۆ خۆی نەگەرایییەوە. چونکە دەمزانی هیچ لەو پیرە پیاو پیرە ژنانەی لەم ئۆردوگاییە دەژین،

نایانەوێت چاویان بە ماڵ و حاڵەکەی رابردوویان بکەوێت. بەرگەی یادەوەرییەکان ناگرن و بە باشی دەزانن لەم دورەوە بژین باشترە تا لەناو عەزابێکی قورستر لەوەی ئێرە.

سەرم خستبوویە سەر جەنازەکەوە و بە بێدەنگ لە ناوەوەی خۆمدا دەگرییام. نەنکم هاتە لامەوە و بە دەم گریانەوە دەستی بۆ جەنازەکە درێژکر و هاواریکرد:

"سەیرکە کورم... سەیرکە...

چۆن بەشمان بووە بە ئازار. دەورو بەرم خاڵــی بوویەوە. بۆچی خودا نامکوژێت و وەک دارێکی وشــکی تەنیا لەم بیابانەدا جێهێشتووم. ئیتر کێ رادیۆکە داگیرسێنێ، کێ بەیانیان بە کۆکە کۆک خەبەرم بکاتەوە. کێ لە گیرفانەکانیا نوقڵی ترش و شیرینم بــۆ بهێنێتەوە. کێ دەبێتە سێبەرم. کێ وەک قــوڕی گۆزەیەک بمخاتە باوەشی و بمچەرخێنێت تا بەخەمەکانم گۆزەی شادییەکم لێ دورست بکات.

سەیرکە کورم.. سەیرکە...

چیمان بەسەر هات. چۆن بێکەس کەوتین."

بە قسە پڕ لە گرییانەکانی، ئاگر لە دڵم بەربوو. ئەوان بۆ من دایک و باوک بوون و باپیر و نەنکیشــم بوون .مەرگی باپیری من لە مەرگی باپیری کەس ناچێت. مەرگی باوکێک و باپیرێکیش بوو بۆم. گەورەیکردم، خستمییە بەر خوێندن. پشــت و پەنام بوو. ئارامیم بوو. سێبەر و خەمخۆرم بوو. هەموو شتێکم بوو.

لەســەر داوای مەلای گوندەکە و دەرو دراوســێ، نەیانهێشــت شــەوەکەی بینێژین. کە نوێژی بەیانی تــەواو بوو، جەنازەکەمان هەڵگــرت و بــەرەو گۆڕســتان بردمــان. دڵم بەوە خۆشــبوو، بە جەنازەیش بێت شەوێکی کە لە ماڵەکەدا بمێنێتەوە.

لە گۆرستانەکەی سەرەوە، گۆڕێکی حازری هەڵکەنراوە هەبوو، خستمانە ناوی. گۆڕستانەکە لەسەر تەپۆڵکەیەکی وشکی پڕ لە پوش و پەڵاش بوو. کێلی گۆڕەکان بە بەردی قنج قنج دیاریی کرابوون. گۆڕەکان بە تەواوەتی لەیەک دەچوون.

دوای بارانێک نەتدەتوانی گۆڕی کەسە نزیکەکانی خۆت بناسیتەوە. شتێک نەبوو لەوانی کەی جیابکاتەوە. مردن رووداوێکی سەیرە، تا خستیانە ناو گۆڕەکەوە و خۆڵیانکرد بە سەریدا، هەستمدەکرد هەڵدەستێتەوە و لەگەڵمان دێتەوە بۆ ماڵ. خەیاڵم رێگەی پێنەدەدام جێمان بهێڵێت. لە خەیاڵما تەنها پاڵکەوتبوو، کەمێکی کە هەڵدەستایەوە و دەستمدەگرێت و لەگەڵ خۆی دەمباتەوە. بەڵام ئەوانە تەنها خەیاڵ بوون. ئەو مردبوو.

سێ رۆژی رەبەق لە ماڵ و لە تاقە مزگەوتەکەی گوندەکە پرسەمان بۆ دانا. لەو سێ رۆژە نەمتوانی کارەکانی خۆم بکەم. دەستێکم کەوتبوویە ئەملام و دەستێکیشم ئەولام. تاقەتی هیچم نەمابوو. دەشترسام کارەکەم ئەنجامی نەبێت و رەنجی چەند ساڵەی خۆم و باپیرو نەنکم بەبا بچێت. لە مێشکم نە دەهاتە دەرەوە. جوڵەکانی، نوێژ و بێدەنگییەکانی. هێمنی و لەسەر خۆیەکەی، لەبەرچاوم دەهاتن و دەچوون.

دوکانە خنجیلان و کەم دەرامەتەکەی، دەڕابە چڵکن و لۆچ لۆچەکەی دادرابوویيەوە و بێ ناز کەوتبوو. پاش پرسەکەی، نەنکم سندوقچەکە و رادیۆکەی بۆ هێنام و، وتی: با بۆ تۆبن.

لەسەر قەرەوێڵەکەی پاڵم دابووییەوە و میلی رادیۆکەم بە یادی ئەوەوە خستبوویە سەر گۆرانیەکی کۆنی گەرمیان. گۆرانی بێژەکە پڕ بە گەرووی پڕەوە گۆرانی ئای، ئای دەوت. بە پاڵکەوتنەنەوە رۆچوبوومە ناو گۆرانیەکە و سەیرکردنی ئەستێرەکان.

تەقـەی دەرگا هـات. کـە دەرگاکەم کـردەوە لـە جێی خۆم دۆشدامام. کاماش و کۆماکاردار کە بە کۆکسار ناسرابوو هاتبوونە لام! بە فەرموو فەرموو تا سەر قەرەوێڵەکەی باپیرم هێنامن. بە پەلـە لەناو تەرمۆزەکـە، دووجام ئاوم بۆ هێنان و داوام لە نەنکم کـرد، بکرێـت چایەکمان بۆ لێ بنێت. لـە رووم نە دەهات بڵێم خەیرە وا هاتوون.

کاماش هەڵیدایە و وتی: کاک کۆکسار داوایکرد بیهێنم بۆ ماڵ بۆ لات. ئەویش لە جێی خۆی سەرێکی راوەشاند و قسەکەی لەو وەرگرتەوە و باسی هاتنەکەی خۆیکرد.

- هاتنەکـەی مـن هەم بـۆ کەمکردنەوەی خەمەکانـی تۆییە، هەم بۆ ئەوەیە پێتبڵێم، دەسـت لە ئیشـەکانت هەڵمەگرە. لەوە تێدەگەم مردنی باپیرت قورسە بۆت. بەڵام لەوەش تێدەگەم نابێت مەرگـی ئەو، لە ئامانجە چەند ساڵیەکەی خۆتـت دووربخاتەوە. باپیرت بەیەک شـت دڵخۆشدەبێت، شـتەکە سەرکەوتنی تۆییە. باشگوێبگرە کورم، دوای مەرگی سێ کوڕەکەم یەکەمجارە روو لە ماڵێک بکەم. هاتنەکەم بۆ ئەوە نەبوو درێژە بە چیرۆکەکەی خۆم بدەم. زیاتر بۆ مەبەستە هاتووم تۆ دەست پێت نەشکێت و کارێک بکەیت، با پیرت لە گۆڕەکە ئاسودەبێـت. نە خۆت بە تێکشاوی ببینە، نە دەورووبەریشت تێک بشکێنە. لەوانەیە کەسانێک هیوایان پێت هەبێت، بێ هیوایان مەکە.

قسەکەم لێوەرگرتەوە و بە رێزەوە جوابم دایەوە، زۆر سوپاس. گەورەتکـردم بـە هاتنت. دڵنیابە دەسـت لـە ئامانجەکەی خۆم هەڵناگرم. گەرچی زۆر نیگەران و دڵشکاوم. لێ، ناوەستم. خەمی تۆ بۆ من پڕکردنەوەی شوێنەکەی باپیرمە.

کاماش پەراو پێنووسەکەی کە لەسەر مێزەکە بیرم چوو بوو،

بۆی هێنابوومەوە و دایە دەستم. لێم وەرگرت و چاوێکم خشاند بەسەر تێبینی و سەرنج و وردە نووسینەکانی خۆمدا. گوێم لێبوو، ئەنکم بانگی کردم بچم چایەکە بێنم بۆ میوانەکان. تا هاتمەوە رادیۆکەیان خامۆشکردبوو. چایەکەم دانا و کاک کۆکسار داویکرد لە تەنیشتی دانیشم، منیش وامکرد. دەستی خستە سەر شانم و بە دەستە باریک و رەقەکانی، شانمی گووشی. تۆزێک سەری لە گوێچکەم نزیکردەوە و بە ئاوازێکی کزەوە دەستیکرد بە گێرانەوە.

میریی ڕوخا. ڕوخانی میریی واتای بێ ئیشبوونی من. هەرچەند منداڵەکان لە شیربرابوونەوە، بەڵام بێ ئیشی رووی لە منکرد. ئەو تاقمەی لە شاخ هاتنەوە، تاقمێک بوون حەزییان لە چارەی ئێمە مانان نەبوو. نەک حەزیان نەبوو، بەڵکو نەفرەتیشیان لێدەکردیین. حەزیان لە چارەی کەس نەبوو جگە لە خۆیان. رێزی کەسیان نەگرت و کەوتنە فەرامۆشکرد و نەفرەت کردن لەوانەی لەگەڵ خۆیان نەبوون.

ڕۆژ بەرۆژ ژیانمان خراپتر دەبوو. تا وای لێهات نەمتوانی لەو شارۆچکەیە بمێنمەوە پێشوتر بەرێوەبەری بووم. ئاغای دۆستم هاتە لام و داوای لێکردم بێمە گوندێک لەم ناوە. گوندەکە بەشێکی زەوی و زارەکانی هی دۆستێکی باشی خۆی بوو. هاتم بۆ گوندەکە، گوندێکی تا بڵێیت بچوک بوو. نزیکەی دەماڵێکی لێبوو سەرقاڵی مەڕ و ماڵات و کوشتوکاڵبوون. خەڵکەکەی سەریانکردبوویە ناوی ژیانی خۆیان و ئاگایان لە جیهانی دەرەوەی ژیانی خۆیان نەبوو. میریی ڕوخابوو یا نە ڕوخابوولایان ئاسایی بوو! دەستەیەکی کە هاتبوون یان نەهاتبوون لای خەڵکی گوندەکە قروشێکی نە دەهێنا.

لە وێ گەورێکی بچوکیان پێداین. هەفتەیەک خەریکبووین تا

گەورەکەمان پاککردەوە و رایەخمان تیا راخست و کردمانە هۆدەی، خەوتن و دانیشتن و، میوانداری و هەموو شتێک. خۆشییەکانی جاران لێم دورکەوتنەوە و کەوتمە ژێر مەینەتیەکانەوە.

دەستمکرد بە کشتوکاڵکردن. کەچی گرانییەکەشی هاتە سەر. کۆڵم نەدا. سێ چرای خنجیلانە لە ماڵەکەمدا بوون.لە خۆشی ئەوان چی رەنج و کەسەر هەبوو دەمدا بەسەر شانی خۆما. لەوێ مابنەوە تا کوڕەکان وەختی چوونە مەکتەبیان هات.

لە بەر خاتری وان هاتینە ئەم ئۆردوگاییە. ئەو ماڵەی ئێستا تێیدا دەژیم، بە قەرز و تۆڵە و کرێکاری و پاسەوانی شەوان دروستمکرد. تا ئەو ماڵەم دروستکرد نیوەی گیانم دەرهات. خوا هەڵناگرێت ئاغای دۆستم رۆحی شاد بێت، دەستی لێبەرنەدام تا لەم دونیا سەفەریکرد.

بە کرێکاری و سەوزە فرۆشتن و پاسەوانی شەوان، کوڕەکانمم گەورەکرد. خوێندنیانم پێ تەواوکردن. هەرسێکیان حەزییان لەو پیشەیەک بوو باوکە بەدبەختەکەیان کاتی خۆی حەزی لێبوو. منیش نەمویست رێگرییان لێبکەم، لەلایەکیشەوە پێمخۆشبوو. دووانیان بە ئیشکردن و فێربوونی زمان چوون بۆ دووشاری تر و یەکێکیشان لای خۆم مایەوە.

کورەکانم هەرسێکی لەیەک کاتتدا لە دایک بوون، خۆ بۆم باسکردویت. بەڵام ئەوەی یەکەمیان لە دایک بوو بە گەورەکەیانمان دەزانی و دووهەمیشیان بە ناوەنجییەکە و سێهەمیشیان بە بچوکەکە. یەکی چەند ساتێکی کەم بەینیان بوو، بەڵام لای من و دایکی ئەو ساتە بوو بوو بە نیشانەیەک بۆ جیاکردنەوەی تەمەنیان.

لەو سەرو بەندەدا کەماوەکەی ناو ژیانی من، لە شەوێکی مانگە

شەودا لە سەر جێخەوەکەی خۆی، تەمەنی بۆ ئێوە جێهێشت. بە ڕۆیشتنی کەماو لایەک لە دیواری تەمەنی منیش ڕوخا. کوڕە بچوکەکەم لام نەبابییە و ئەویش وەک ئەوان دوربکەوتایەتەوە، شێت دەبووم.

خواکردنی ڕژێمە تازەکەی لای خۆمان بڕیاری دا، خانەنشینی کەسانی وەک من بگەڕێتەوە. کە خانەنشینیەکەم گەرابیەوە دەستم لە ئیشکردن هەڵگرت. زۆر بێهێزیش بوو بووم کەم کەس دەیبردم بۆ کرێکاری. بە پارەی خانەنشینیەکە ژیانێکی مەمرە و مەژیم بەرێکرد تا گەیشتمە ئێرە.

بە هەرحاڵ کوڕم...

ژیان وایە، پڕە لە هەوراز و نشێو. دەمێک لە لوتکەدا خۆت دەبینی و، دەمێک لەناو دۆڵێکی تاریکی وشکدا. مرۆڤ گیانەوەرێکی چڵێسە، دەست لە ژیان بەرنادات.

ئەم ژیانە هێندە بەلەزەتە لە خراپترین دۆخدا ناتوانی دەستی لێهەڵگریت. من بڕوام بەو سوونەتە نیە دەڵێن: خۆکوشتن گوناهبارییە. چونکە خۆشت خۆت نەکوژیت، مرۆڤێک، یان فریشتەیەک دەتکوژێت. بەڵام خۆشەویستی و چڵێسی بۆ مانەوە لەم ژیانە وات لێدەکات حەز نەکەیت جێی بهێڵێت. چاوی مرۆڤ چاوێکی برسییە، تا ساتی هاتنی فریشتەی مەرگ دەیەوێت باشتر سەیری دونیا بکات و چاوەڕێشە نەمرێت و تۆزێکی کە بمێنێتەوە، تا دیسانەوە تامی ژیانە چڵێسەکەی خۆی بکات.

با زۆر نەڵێم، ئێستا ئێمە دەڕۆین. بیرت نەچێت سبەی شەو وەرە بۆ چایخانەکە. با هەندێک شتی تایبەت و سەیرت بۆ بگێڕمەوە. لەم کاتانەدا لە باتی ئەوەی لەسەر ئەم قەرەوێڵەیە پاڵکەویت و خەفەت بخۆیت و گوێ لە گۆرانی بگریت، کتێبێک

بگرە بە دەستتەوە و دێرێک بخوێنەوە .گۆرانییەکان ئیشیان ئەوەیە مرۆڤ بگەڕێننەوە بۆ دواوە، کتێبیش ئیشی ئەوەیە ئایندەت بۆ روونبکاتەوە.

هێشتا زۆرت بە بەرەوە ماوە. خەم زۆر دەبێت و کاتیشت دەبێت بۆ خەمخواردن. دڵنیابە ئەم ژیانە پرە لە خەم. بەشی تۆش و بەشی ئەوانەی دوای تۆش دەمێنێت. چاوەڕێ مەکە بەم خەمخواردنە ژیان بەزەیی پێتدا بێتەوە و لە ئاسمانەوە بۆت ببارێت. بۆت نابارێت کاکی خۆم بۆت نابارێت. خۆت هەڵنەسیتەوە و دەست نەکەیت بە ڕنینی بەری باخەکە، نە کەس بۆت دەڕنێت و نە کەس بەشی خۆشی دەدا بە تۆ.

وەڵامدایەوە و پێم وت: تۆ راستەکەیت و قسەکانت پراوپڕن. بەڵام سەیری من بکە، لە منداڵییەوە تا ئەم تەمەنەم، لەناو زنجیرەیەک خەمی یەک لە دوا یەکدام. ئەمە تاقیکردنەوەبێت جارێک و دوان بەسە. تاقیکردنەوەش نەبێت، گوناهی من چییە دەبێت لە ئاوێنەکەی ژیانم بەس خەم ببینم!

– وانییە کورم، هەمووومان دەمرین. بریا وا ڕێکبکەوتاییە هەمووومان وەک باپیرت تەمەنەکەی خۆمان بژیابانایە جا بمردینایە. بەس نیە تەمەنی خۆی کرد و زوو لێیان نەساندەوە. بەشی خۆی ژیا. ئیتر بە باشی بێت یان سەختی، بەشی ئەو لەم سەرزەوینە ئەوەندەبووە. تۆش بەشی خۆت بژی.

دەستێکی دا بەسەرشانمدا و هەڵسایەوە سەر پێ.

دەی ئێمە دەڕۆین. تا سبەی شەو دیدار خۆش.

دوای ڕۆیشتنیان رادیۆکەم دانەگیرساندەوە. بە هەوای قسەکانی کەوتمە بیرکردنەوە. قسەکانی زۆر تەواو بوون. گلەیکردنی ناوێت. خۆ گرمۆڵەکردنی ناوێت. کە گەمژەم، باشە خۆ باپیرم

بە بێدەنگی ئەو شتانەی پیشاندام. خەمەکانی خۆی لەناویدا هەڵدەگرت و نەیدەدایە دەرەوە. ئامادە نەبوو ئازارەکانی برژێنێتە بەردەمی ئێمە و هەست بە ئازارەکانی بکەیین. ئازارەکان بۆ خۆی هەڵدەگرت و خۆشییەکانی بەشدەکرد لەگەڵماندا. بۆ من چاوەڕێ بم. چاوەروانیکرد و داخ هەڵگرتن و دەرهێنانی داخەکانی ناوەوەم و پیشاندانی بە دەوروبەرەکەم. لاوازییە. نا بێت وابم.

کەس بەشەکەی خۆی نادات بەمن. منیش ناتوانم بەم حاڵەوە ژیانەکە بەڕێ بکەم. ژیان کەسی بەهێز و بێ منەتی دەوێت. کەسێکی ناوێت لە شوێنی خۆی پاڵکەوتبێت و دەمی کردبێتەوە بیکەن بە دەمییەوە. گەر نەتوانم لەم باخە بەری خۆم بڕنم کەس نایەت بۆم بڕنێت.

# کاتێك مردن بانگمان دەکات

# ١١

پەراوەکەم بە کراوەی لە بەردەممدا دانا. پێنووسەکەشم بە دەستمەوە گرت. قورگی بە جگەرە گیرابوو، چەنجارێک کۆکی جا دەنگی هاتەوە سەر خۆی. کە دەنگی ساف بوو، وەک بڵێیت: گوتارێکدەدا دەستیکرد بە گێڕانەوە.

- با لە گەورەکەیانەوە کەیان دەست پێبکەم. کوڕێکی باریکەلەی چاورەش بوو. دڵنیام خۆتان وێنەکانتان بینیووە. دەست و پەنجەیەکی باریکی درێژی پێوەبوو. جارجارەش هۆنراوەی دەنووسی. هۆنراوەکانی باسی خەم و ئازارەکانی خۆیدەکرد. دوای خۆی بە نامیلکەیەکی بچکۆلە هۆنراوەکانیان چاپکرد. هێمن و لەسەر خۆبوو. کە قسەشی دەکرد بە نەرمی دانی بە وشەکاندا دەنا.

لەو کاتەدا ئەوان دەستیانپێکرد، بەشێکی گەنجەکان لە رژێمەکە نارازیی بوون، گروپ گروپ کۆدەبوونەوە گۆڤار و رۆژنامەیان دەردەکرد و رەخنەیان لە جموجوڵەکانی رژێمەکە دەگرت. رژێمە نوێیەکە هەڵسوکەوتەکانی چەتەیی بوون. لە بەرێوەبردنیان نەدەزانی. وا دەهاتە بەرچاوم. هاوینان کاتی دروێنە جوتیارەکان پەلاماری مڵوە گەنمەکان دەدەن. پیاوەکانی رژێمیش بەو جۆرە پەلاماری مەملەکەتەکەیان دەدا.

گەنجانیش بە زمانە تیژ و جموجوڵە گەنجانەکەیاندا دیاربوو، کۆتاییەکەی باش نابێت. گەنجبوون وا تێگەیشتبوون لە جیهانێکی

جوان و ئـازاددان. واسـەیری دیمەنەکەیان دەکـرد، دەتوانن بە پێنووسـەکانی خۆیان ڕەنگە ڕەشـەکانی ناو دیمەنەکە بگۆڕن بە ڕەنگی سپی!

نەیاندەزانی ئەوانەی لە شـاخ هاتوونەتەوە، لەوانەی پێشـوتر خراپتر و مەترسیدارترن. فریبویانخواردبوو بەو بەڵێن و قسانەی لە بارەی ئازادییەوە بۆ خەڵکیانکردبوو. فریوویانخواردبوو بە هاوزمانی بوونیان. دووسـێ جار ئامۆژگاریـم کرد. پێموت: واناب‌یێت کوڕم، وامەکەن ئەمانە بێ ڕەحمیەکەیان لە خەونەکانی ئێوە گەورەترە. سـودی نەبوو. نیگـەران دەبوو لـە قسـەکانم. وا تێدەگەیی من دەترسم. ئەزموونەکەی منی پێ ئەزموونێکی خراپ بوو. بۆڵەبۆڵی دەکرد بەسەرما. نەدەبا لە رابردوودا وابوومابیە و دەباییە شتێکی باشترم بکردایە. لەبری گوێگرتن لێم، سەرکۆنەشی دەکردم.

دەسـتی لـە بڕواکانی خۆی هەڵنەگرت. ماڵی لە شـارێکی بێ ئامان بوو. نەشمدەتوانی رازیبکەم بێتەوە لای خۆمبێت. هەرچەندە ئامینترین شوێن لەم مەملەکەتە، لە نائامینترین شوێن خراپترە. لـێ لـە دەوری خۆم بوایـە لەوانەیە تیژییەکەیـم تۆزێک هێواش بکردایەتەوە. دەزانم لێشم دەپرسی خۆ کوڕە بچوکەکە لای خۆت بـوو. لە وەڵامی ئەوەدا دەڵێم: وایـە. هەرگیز چاوەڕێم نە دەکرد ئەوەی بەسەر دوو کوڕەکەی تردا هات، بەسەر ئەودابێت.

چیبکەین، لەمسـەری مەملەکەتەکە تا ئەو سـەری سەیربکە، یەک شـوێنم پێ بڵێ پیاوکوژ تێـدا فەرمانڕەوانەبێت؟! حەتمەن بە ووردیش بگەڕێیت ناتوانی شـوێنێک بدۆزیتەوە بە بێ پیاوکوژ. تا چەندین سـاڵی کەش، ئەم مەملەکەتە مەملەکەتی پیاوکوژانە. پیاوکـوژەکان بەنیاز نین تەنها خۆیـان تێربکەن و خەڵکی لەناو ببـەن. بـە نیازن پـاش خۆیان بەچکەکانیان لە سـەر میراسـە

خوێنەوابییەکەی ئەوان دانیشن و چیتر ماوە تەوا بکرێت، تەواوی بکەن.

بۆئەوە لە شاخ نەهاتوونەتەوە حورمەتی مرۆڤ بگرن، بۆئەوە هاتوونەتەوە مرۆڤ تێک بشکێنن و خۆیان لە پاڵ شکاندنی مرۆڤەکاندا گەورە بکەن. نە هاتونەتەوە دەرگا بەرویی دۆزەخەکەدا داخەن، هاتوونەتەوە دەرگای دووهەمی دۆزەخەکە بکەنەوە.

سەرکەشی لەگەڵ گیانەوەری بێ عەقڵدا ناکرێت. کوڕەکانم و هاورێکانی خەریکی سەرکەشی بوون لەگەڵ ئەو گیانەورانەی عەقڵ لەسەریاندا نەبوو. بە خودا ئەمانە عەقڵ لەسەریاندا نییە. عەقڵیان لە بەینی دوورانەکەیاندایە. لەناو سکیاندایە. سەریان بەتاڵ بەتاڵە. نەوەیەکی خۆش باوەریش هاتووە، بەرامبەر سەریەتاڵەکان باسی دونیای تازە و ژیانی تازە و ئومێدی تازە دەکات! شتی وا دەبێت؟! ناچێتە مێشکمەوە.

دایم دڵم لە مشتما بوو.

لە رێگای دۆستەکانمەوە، ژمارەی گۆڤار و رۆژنامەکانم بۆ دەهات. بە خوێندنەوەی بابەتەکانیان گیانم دەهاتە لەرزیین. لە خۆمم دەپرسی: باشە لەم جەنگەڵەدا ئەم پێنووسە بە هێز و تیژانە چۆن جێگایان دەبێتەوە؟! بێگومان جێگایان نابێتەوە. جەنگەڵەکەی ئێرە هی سەرکەشی نییە بۆ وتنی راستییەکان. هەزاران وشەی جوان راستی بڵێیت، هێندەی ستایشێک لای پیاوانی رژێمەکە بە بایەخ نییە. کۆمەڵگە کۆمەڵگەیەک نیە راستییەکانی خۆشبووێن. کۆمەڵگەیەکە پشتی لە راستییەکان کردوە و ژیانی خۆشدەوێت. ژیانەکە بە هەر جۆرێ بێ پرسیار لە جۆرەکەی ناکات. بەس بەشەکەی خۆی دەوێت. خەتای کۆمەڵگەیە، بە دڵنیاییەوە خەتای کۆمەڵگەیە. کۆمەڵگە هوشیار

بووایيە مرۆڤی هوشـيار بەڕێوەی دەبرد، کۆمەڵگەش گەمژە بوو، گەمژە بەڕێوەی دەبات.

ئامۆژگاريی و تکاو پارانەوەکانی من سـودی نەبوو. دەسـتيان بۆ بابەتی پڕنهێنی و مەترسـيداريی وادەبرد، لەو بڕوايە نەبووم ڕژێمەکە بەرگەی بگرێت و بهێڵێت وا درێژە بکێشێت.

گەنجـەکان لەبـەردەم ئاوێنـەدا خۆيان دەبينـی. ئاوێنەکە بۆ ئـەوان، ئاوێنەيەکی پاکبوو کەسـی خاوەن هەڵوێسـت و پاک و جوان پيشـاندەدات. ديوە تاريکەکەی ئاوێنەکەيان لێ ديارنەبوو. قبوڵيشيان نەبوو کەس ديوە تەڵخ و ژەنگياوييەکەيان پيشانبدات. بـەس ديوێکـی ئاوێنەکەيان لێدياربوو. ديوێـک خۆيان و جيهانە پاکەکەی خۆيانی پيشاندەدا. ديوە مەترسيدارەکەيان لێ نادياربوو.

پياوەکانی ڕژێميش باوەشـيان بەم خەرمانەی مەملەکەتەکەدا کردبوو. چييان دەسـتکەوتاييە بێ ڕەحمانە دەيانبرد بۆ خۆيان. شـەوان بە سـەر سـکە برسـييەکەی خەڵکەوە مێـزی درێژيان دەرازاندەوە و دەستياندەکرد بە خواردنی مەی و بەشی خەڵکی. کە مەست دەبوون نەخشەيان دادەنا چۆن ماڵی يەکێک کاولبکەن. چۆن بەشێکی زياتريان دەستکەوێت. چۆن لە باوەشی سۆزانييەکدا شەهوەتی خۆيان بڕژێنن و بە بۆنە ناخۆشەکەيانەوە مەملەکەتەکە پيس بکەن.

دەوروبەری هەريەکيان دەيان پياوکوژی لێبوو. پياوکوژەکانيان بـۆ خۆشـی و ڕازيکردنـی گەورەکانيـان خەڵکيـان دەکوشـت. گەنجەکانيش وايانزانی جيهانە پيسـەکەی پياوانی ڕژێمەکە، بە فشاری و بە عەقڵ و بە نووسين پاکدەکرێتەوە. کە فشارەکانيان گەيشتە شوێنێک ترسی دروستکرد، کەوتنە وێزەيان. جارێکيان هاتەوە ماڵ. حەزم لێبوو ديسانەوە ئامۆژگاری بکەم.

بەڵام لەوە تێپەڕی کردبوو ئامۆژگارییەکانی من و خەمەکانی من، کاری تێبکەن. پێمووت: کەیان گیان... پەلە مەکەن. پەلەمەکەن. ئەمانەی ئێوە دەستتان بۆ بردون لەوە مەترسیدارترن ئێوە دەیبینن. لەوانەیە هێشتا بە باشی دەرکییان بە مەترسی نەکردبێت. لێ کاتێک بە تەواوەتی دەرکییان بە مەترسی ئێوە کرد، چی خراپە لە دەستیانبێت بەرامبەرتان دەیکەن. ئەما، کەیان زۆر بێ منەتانە سەیری مەسەلەکەی دەکرد و وەڵامێکی دامەوە، وەڵامەکەشی قایلکەر و مەترسیداریش بوو. لە وەڵامدا باسی لەوەکرد.

مرۆڤ بە بڕواکانیەوە دەژی. هەرکەسێک بڕواکانی لە دەستدا و لە پێناو چێژە بچوکەکانی ژیاندا پشتی لە بڕواکانی کرد، زیندوش بێت، بە مردوو حیساب دەکرێت. بە شێوەکەی خۆی کەمێ دەنگی بەرزکردەوە و وتی:

نامەوێت یەکێک لەو مەڕانەبم لە دەوری کێڵگەکەی ڕژێمەکەن و، سەریانداخستووە بۆ خۆیان دەلەوەڕێن. ناشمەوێت ببمە گورگەکان و پەلاماری مەڕەکان بدەم. نە گورگ و نە مەڕ. مرۆڤێکم دەوێت لە پێناو بڕواکانی و جوانکردنی دونیا هەوڵبدات. ئەمە خراپە باوکە؟

دەمی بەستم. لە هەوڵدابووم مەترسییەکەی پیشانبدەم، ڤەلێ ئەو دەیەویست قەناعەت بە من بکات ژیان واش گرنگ نیە، مرۆڤ لە پێناویدا بەهاکانی خۆی لە دەست بدات.

لە سێ لاوە گەمارۆ درابووم. کوڕە گەورەکەم کەیان. چیدەکرد، کوڕە ناوەنجییەکەشم کالان، لە شارێکی کە هەمان شتی دەکرد. کوڕە بچوکەکەشم کاردان، کە پێش هەردووکیان ژنم بۆ هێنا. هەمان شتی دەکرد.

ئەویان لای خۆم بوو. بەڵام وەک براکانی دەستیپێکرد. لە بەردەمیاندا بێ هێزبوو بووم. دەستیشم کورتبوو نەمدەتوانی

دەرزێک بدۆزمەوە تا لەو درزەوە دیمەنێکی تری ژیانیان پیشانبدەم. بۆم بلوایە ئیشێک، کارێک، شوێنێکم هەبوایە، رووم لەوێ دەکرد و دورم دەخستنەوە لەو ئاگرەی لە سێ لاوە روویان تێکردبوو.

بـاوک بـووم. بـاوک وەک هـاورێ و کەسـەکانی کـە نیە بۆ منداڵەکانی خۆی. نەمدەویسـت لە دەستم بچن. سووریش بوولام رێگاکەیان سەختە و بە سادەیی و دڵپاکیەکەی خۆیان رووبەرووی ئەشـکەوتێکی تاریک بوونەتەوە. ئەشـکەوتێک هێنـدە تاریک و ترسدار، بەتاریکیەکەی مرۆڤی دەخنکاند.

کاک کۆکسـار، قسەکانت شـەکربێت لە دەمت و گێڕانەوەکەن نەپچڕێنم. باشە تۆ لە شوێنی ئەوان بوویتایە چیتدەکرد؟

- دانـی پێدا دەنیـم. ئەوەمدەکرد ئەوانکردییـان. گەنج بوون رازی نەبوون بەو دونیا پیسەی تێیکەوتبوون. بەشوێن دونیایەکی جوانتـر و باشـتردا دەگـەران. بـەڵام باوکایەتییەکـە زاڵتربـوو بەسەرما. بۆیە حەزم لە رێگاکەیان نەبوو. ئەگینا لەم جەنگەڵەدا نەبواییـە، رێگایەکی دروسـت و باشـیان هەڵبژاردبوو. کێشـەی مـن لە هەڵبژاردنەکەدا نەبوو، کێشـەی مـن لەوەدابوو مرۆڤ بە چیلکەیەکەوە رووبەرووی درندەیەک ناوەستێتەوە.

ناشکرێت سـەردانەوێنیت و ببیت بە تاقمێک خەریکی هاڕینی دونیاکەی ئەوانی ترن. بە درێژایی مێژوو وابووە، کۆمەڵێک گەنجی جسور و پاک و جوان دێن، دەسکاری جیهانە پیسەکە دەکەن و روناکییـەک هەڵدەکەن بۆ دۆزینەوەی شـوێنە تاریکەکان. لە ژێر ئەو روناکییەدا هەزاران کەس دەحەوێنەوە. دەزانم سێ کوڕەکەی مـن روناکـی چراکە بوون. خۆیان سـوتان، بەڵام زۆر شـوێنیان روناککـردەوە. بـەس گوناهـی من چییە پڕبکرێم لـە برین. ئەی باوکی چیم.

من ناڵێم تۆ خراپتکردووە. تۆ باوکایەتیت کردوە. باوکایەتی دەبێ وابێت. بەڵام کوڕەکانت هیچ کارێکی هەڵەیان نەکردووە. نەک هەڵەیاننەکردووە، بەڵکو خۆت وتەنی: بوونە روناکی بۆ کەسانی دوای خۆیان. بریا لە پێشەوە بمناسیبانایە. گوێم لە دەنگیان بواییە. بریا هاوکار و هاورێیان بوومایە. تا ئەمرۆ بە شانازییەوە قسەم لەسەر بکردنایە. تۆ دڵخۆش نابیت بەوە؟ بۆ دڵخۆش نابێت بەوە؟ ئەوە کەم نیە بۆتۆ.

ئەی کورە ناوەنجییەکەت چیدەکرد؟

- ئەویان زۆر سەرەتای بوو. سەرەتایەکی قورس. بەردی سەرشانی ئەو قورستربوو لە بەردی سەر شانی دووانەکەی ترم. لە شارێکی کە خەریکی خوێندنبوو. لەو شارەی ئەوی لێبوو، گەنجێکی هاروهاج دروستت بوو بوو. گەنجەکە دەستیدەکرد بەناو ئاگرەکەدا. خەڵک شتی خراپ و باشیان لەسەر گەنجەکە دەوت. وەلێ، هەمووی کۆکبوون لەسەر ئەوەی، ئەو گەنجە دەست بە ئاگرەکەدا دەکات. چی بابەتی بڵاودەکردەوە دەبوویە هەڵا. شەری گەورە گەورەی دەکرد. یەک یەک یەخەی پیاوە گەورەکانی رژێمەکەی دەگرت و شەڕی لەگەڵ دەکردن. شەڕی وایدەکرد لەمسەری مەملەکتەوە بۆ ئەو سەری مەملەکەت، چەندین کەس پێیەوە دەتلا.

دیاربوو کورەکەی منیش سەرسامی گەنجەکە بوو بوو. دەیەویست وەک ئەو بەتەواوەتی ئاگرەکە بکوژێنێتەوە و خەڵک لەوە زیاتر نەسوتێنێت. زۆری نەبرد گەنجەکە پەلاماریياندا. پەلاماردانەکەی بۆ تەمێکردنی بوو. کەچی تا دەهات رەقتردەبوو. لەبری وانە وەرگرتن لە لێدانەکانی، بڕواکانی تیژترو بەهێزتردەبوون. بە لێدان لێی، لەباتی لاواز بوون بەهێزتر

دەبوو. ئەو بەهێزییەی کردییە حیکایەتی ناو ماڵە ترسنۆکەکان. ترسێکیشی خستە ناو پیاوەکانی رژێمەوە.

ئەوەندە گرتیان و لێیاندا شارەکەی بەجێهێشت و رۆیشت لە گوندێکی دورە دەست دانیشت. گوندەکەیان لەسەر سنوور بوو، دەستی کەسی نە دەگەیشتێ. وانەبێ لەوێ دانیشتبێت و بێدەنگی هەڵبژاردبێت. نا، لەوێوە تیرەکانی خۆی دەگرتە پیاوان و رژێمەکەیان.

هاور هاجی و بەهێزییەکەی کردییە خۆشەویستی کوڕەکەی من. بۆیە لەگەڵ دەستپێکردنی لە کلپەی ئاگرەکەوە دەستیپێکرد. زانییان خەریکە لە شارەکە گەنجی کە دروستدەبێت. دەستیان لێ نەپاراستن. چی خودا پێی ناخۆشبوو کردییان. شاخاوی بوون، چاوەڕێ کاری درندانەیان لێدەکرات. چاوەڕێی کاری مەردانەیان لێنەدەکرا. سەردەمی شاخیشیان بەم جۆرەبوون. نە گۆرابوون. تەنها ئەوەبوو خەڵک وەک خۆیان نەیناسیی بوون. تا نەهاتنەوە دەستیان نەگەیشتە خەرمانەکە دەمامکەکەی سەرییان لانەبرد. بە دەست گەیشتنیان بۆ خەرمانەکە، دەمامکەکانیان لادا و بوونەوە خۆیان. چ خۆیەک. خۆیەکی دەست وەشێنی بێ باکی و مێشک خاڵی. چۆن بووکەڵەیەک دەناسێنیت بە منداڵێک، ئاواش ئەمانە بە کردەوە بەدەکانیان خۆیان ناساند.

یانی چۆن؟

-پرسیاری ناوێت. خەڵک چاوەڕێیان نەدەکرد بەو جۆرە درندەبن. بەس من چاوەڕێمدەکرد.ناڵێم یەک نەوەبووین. ئێمە چووینە شارەکان و شەری ناسنامەمان بە وشەکرد و ئەوان چوونە شاخ و شەڕی ناسنامەیان بە لولەی تفەنگ کرد. یەکتری باش دەناسین. دەمار و جیهانەکەی یەکتریمان لا روونە.

ڕێگەم بدە بپرسم ئەی کورە بچوکەکەت؟ خۆ ئەویان لای خۆت بوو.

-ڕاستە لای خۆمبوو. لەو ماڵە چۆڵەی ئێستام کە خۆت بنیوتە لە هۆدەیەک دەژیا. کە زانکۆی تەواوکرد، حەزی چوویە سەر کچە ئەسمەرێکی تاقانەی ئەنفال. داوای لێکردم بۆی بخوازم. گەرچی باری گوزەرانمان خراپبوو. نەمتوانی دڵی بشکێنم. ماندووش بووبووم لە ئیشوکاری ناوماڵ، پێمخۆشبوو هاودەمێکی کوڕەکەم بێتە ماڵەکە، لە پاڵ ئەواندا منیش نانێکی گەرم بخۆم.

کچەم بۆ هێنا. لەناو هۆدەکەی خۆیاندا، ئەوەندەمان پێکرا فەرشێکی سووری کاڵەوەبوو، لەگەڵ قاپ و قاچاخ و بۆفییەکی کۆنیان بۆ دانێم. خۆشیان کتێب و ڕۆژنامەیان تا بندیوارەکە هەڵچنیبوو. ژیانیان لەناو کەلوپەلەکاندا دەبردە سەر.

دەستیکرد بە دەرکردنی گۆڤارێک. خۆشی جاربەجار کاری بۆ ڕۆژنامەیەکی شارێکی کە دەکرد. شارەکە نزیک بوو لە شارەکەی خۆمان، لەگەڵ دەرچوونی گۆڤارەکەی بوو بە حیکایەت و مقۆ مقۆ. دەستی بردبوو بۆ شوێنێک دەستبردن بۆی ئازاری بەدواوە بوو. ناکرێت نادیدەی بگرم، قۆناغی دەستپێکردنی ئەوان، قۆناغێک بوو ژیانیان تەرخانکردبوو بۆ بەرگریکردن لە مافی خەڵک. ژیانی خۆیان بیرچووبوویەوە. گەنج کائینێکی غەریبە. تا لەو قۆناغەی خۆی تێنەپەڕێت بێباکترین گیانەوەرە لەبارەی ژیانی خۆیەوە. شتێک بۆی گرنگ نەبێت و باکی پێیە نەبێت ژیانی خۆیەتی. کە قۆناغەکەشی بڕی و گەڕایەوە بەرەو ژیان، یا درەنگ کەوتووە و سینییەکە هیچی تیانەماوە، یان نۆری بەردەکەوێت و کاتێ بە خۆی دەزانێت هەموو شتێکی بووە بە لەزەتەکان.

سەیری ئەم دیمەنە بکە. پیاوانی ڕژێمەکە بە چەکەوە

بەرامبەریان بوون و ئەمانیش بە پێنووســەوە. ئەوانەی تا دوێنێ لەنـاو شـاخ و دۆڵـەکان هاوارییان بۆ ئازادی دەکـرد، کە خۆیان چوونە سەرکورسییەکە یەکەم کاریان کوشتنی ئازادییەکەی ناو هاوارەکـەی خۆیان بوو! نە دەچـوو بە عەقڵما نەوەیەک بتوانێت بـە پێنووس رووبـەرووی ئەو هەموو گیانەوەرەی ناو شـاخەکان ببێتەوە. ژمارە دوای ژمارە ئەمان ژیانیان دەنووسییەوە و ئەوانیش رق ئەستورتر دەبوون بەرامبەریان.

خەبەرم بۆهات کورە گەورەکەم بە ژمارە تەلەفۆنێک هەرەشەی لێکـراوە. تـازە تەلەفـۆن هاتبوویـیـە نـاو خەڵکـەوە. پیاوانـی رژێمەکە سودیان لە تەلەفۆنەکان دەبینی بۆ هەرەشەکردن و خۆ سـوورکردنەوە لە یاخی بووەکان. هەرەشەکان ترسی لە دڵی من گەورەتر کرد. کەچی کورەکەم بۆی گرنگ نەبوو.

هەوڵمـدا ماوەیەک بگەرێتەوە ماڵ و لای خۆمان بمێنێتەوە، تا بزانین هەرەشەکان چیان لێدێت. قبوڵی نەکرد و بەردەوام بوو.

ناچار نامەیەکم بۆ نارد. نامەیەک باوکێک بۆ کورەکەی بنێرێت لـە دۆخـی وادا، بێگومان نامەیەک دەبێت لە تکا و ئامۆژگاریی و پارانەوە و هێمن بوونەوە. بیرمە لە نامەکەدا نووسیبووم:

" سڵاو کورم کەیان...

لێرەو لەوێ هەواڵی ناخۆش و دڵ راچڵەکێنەر دەبیسـتم. ئەو هەرەشانە بەگاڵتەوە وەر مەگرە. ناڵێم بترسە، لێ ئاگات لە خۆت بێت. پیاوانێک بتوانن هەرەشەی مەرگ لە خەڵک بکەن. دەشتوانن کارە چەپەڵەکانـی خۆشیان ئەنجامبدەن. ئـەم رژێمە رژێمێکی نەخۆشـە. ئەوانەش بەرێوەی دەبەن نەخۆشترین کەسەکانی ناو ئـەم کۆمەڵگەیەن. دڵنیام دەیانەوێت بە خۆیانەوە کۆمەڵگەکەش نەخۆش بخەن.

لـە هەموو حالـەتێکدا دڵـم دەڵێت، شـتێک ڕوودەدات. تکات لێدەکـەم قسـەکانم وەک باوکێک لێ وەرمەگرە. وەک کەسـێکی بـە ئەزمـوون لێم وەربگـرە. نە ژیان ئەوە دێنی بـۆی بچیتە ناو ئاگـرەوە، نە ئـەوەش دێنێت دورە پەرێز بیت. لەو نێوانەدا بژی، خۆ تێدەگەیت کوڕم.

تکایە ئاگات لە خۆت بێت. دڵم ئەڵێ، شتێک ڕوودەدات."

وەڵامـی ناکـەی دابوومەوە. ڕسـتە بە ڕسـتەی نامەکەی منی هەڵتەکاندبووییەوە. من بۆ شـوێنێکم دەڕوانی، ئەو بۆ شوێنێکی کـە. بە پێچەوانەی منەوە دەڕۆیشـت. ئەو کارەسـاتەی لەمنەوە دیاربوو، لەوەوە نادیار بوو. ئەو خۆشباوەڕییەی لەوە دیار بوو لە منەوە نادیار.

دەستیکرد بە باخەڵیدا پارچە تیانووسێکی دەقکراوی دەرهێنا. سـوچە دەقکراوەکانی زەرد و کاڵ بوو بوونەوە. دایە دەسـتم و وتـی: ئەمە وەڵامەکانی ئەو بوو. ها خـۆت بیخوێنەوە بزانە چی دەڵێت.

نامەکـەم لـێ وەرگرت و بە هێواشـی نەکا سـوچەکانی بدڕێن کردمەوە. تیایدا نووسیبووی:

" سڵاو باوکە..

دەست و چاوت ماچدەکەم.

نامەکەتم بە دەست گەیشت. لە خەمەکەشت تێدەگەم.

بروام وایە هیچ چەکێک بە وێنەی پێنووس برین لەسەر پیاوانی ڕژێم دروست ناکات. تازە چ ئێمە و چ خەڵک پاشەکشێش بکەین سودی نیە. ئەوان خۆیان ناساندوە، دەبێت ئێمەش خۆمان بەوان بناسین.

سەیرکە باوکە...

تا دوێنێ خۆیانکردبوو بە هەڵگری مەشخەڵی ئازادی. ئەمڕۆش لەبەرچاوی گشتمانەوە کردەوەکانیان دیارن. کردەوەکانیان ڕونکردنەوەی ناوێت. هەرکەسێک پێی وابێت ئەمانە لە بنەڕەتەوە کەسی باشن، هەڵەی کردووە. کەسی باش خراپە تێکی نادات. خۆی لە بنەوانەوە خراپ بوون بۆیە لە نیوەدا خراپەکەیان دەرکەوت.

نابێت لێیان بترسین. نابێ لە مەرگ بترسین. تۆ وەک باوکێک حەقی خۆتە خەمی ئێمە بخۆیت. منیش وەک گەنجێک حەقی خۆمە ژیانێکی سوکی بێ ئەرەزشم قبوڵ نەبێت.

باوکە مەمنێرە بۆناو مێگەلەکە. ئەوێ شوێنی من نیە.

ژیان ئەوە ناهێنێ خۆتی بۆ لەدەست بدەیت. مردنیش کارەساتێکی ترسناک نیە مرۆڤ لە ترسیدا خۆی لێ بپارێزێت. شاعیرێک دەڵێت:

گەرمن نەسوتێم، گەر تۆ نەسوتێیت. گەر ئێمە نەسوتێین. ئەی کێ روناکییەکە داگیرسێنێت؟!

کەوایە باوکە پێم بڵێ، کێ روناکییەکە داگیرسێنێت؟

بۆچی خۆمان پەنابدەین. بۆچی بەس خۆمان ببینین. بەیانیان لەبەردەم ئاوێنەکەما لەباتی خۆم ئازاری میلەتێک دەبینم. بۆ خۆمی لێ لابدەم. ژیانم چ ئەرزشێکی هەیە خۆم لەو ئازارانە دوربخەمەوە. تاکەی دەبێت باوکەکان بە کوڕەکانیان بڵێن: بەس تۆ لە ئاگرەکە دورکەوە، با یەکێکی کە دایگیرسێنێت. ئیتر دوای ئەوە چیدەبێت بابێت. بۆ باوکێک نابینم جەسارەت بکات کوڕەکەی هانبدات خۆی ببێت بە هەڵگیرسێنەری چرای راستییەکان؟.

باوکە نامەوێت لەگەڵ مەڕەکان بم.

نامەوێت وەک کەسبم، بروام بەچیە وادەکەم.

ڕێزم بۆت. چاوەکانت ماچدەکەم."

نامەکەی تەزوێکی بەگیـنما هێنا. شەرمم لە خۆمکرد بە من بڵێن گەنج و بەویش بڵێن گەنج! گەنجبوون یاخی بوونێکی تێدانەبێ، پیرێکە لەبەرگی تازەدا. داخی گەنجە گوێرایەڵ و دیوەخان نیشینەکان دەموکوژێت، خۆیان بە گەنج بزانن. داخی قات لەبەر و قژ چەورەکان دەمکوژێت نیوەی گەنجیەتیان لەبەردەم ئاوێنە دەبەنە سەر و خۆیان بە گەنج دەزانن. داخی بۆینباخ لە مل و بێدەنگکراوەکانم لێدێت خۆیان بە گەنج بزانن. گەنج یانی ئەوە. یانی یاخی بوونێک لە ناوتدا سەر هەڵدەدات بە لەشکرەکانی دونیشا خامۆشناکرێت.

پێمخۆشدەبوو نامەکەی لای خۆم هەڵگرم. بەڵام داوایکرد دەقی بکەمەوە وبیدەمەوە دەستی. بەنا بە دڵیەوە دەقمکردەوە و دامە دەستی. هێواشێک چۆن بڵێیت دوعایەک هەڵدەگرێت، خستییەوە باخەڵی و پرسی باشە لەگەڵ ئەم سەرکەشیەدا چیم بکردایە؟ ئێوە جواب بدەن؟

من قسەیەکم نەکرد. دەمم وەک دەرگای زیندانێک داخرابوو. کاماش وەڵامی پرسارەکەی دایەوە و بۆی رونکردەوە وتی:

گەنجی زۆر دەناسم. خۆشت زەمانێک گەنج بوویت. گەنج بوون جیهانێکی تایبەتە. بەیانیان لەبەردەم ئاوێنەدا سەیری خۆمدەکەم، واهەستدەکەم دونیا بریتیە لە منی بەردەم ئاوێنەکە. لەوانەیە گەنج دونیا بە ئاوێنەکەی بەردەمی خۆی بزانێت. رووەدات کەسی بە تەمەن قبوڵ بکات بە ژیانێکی خاوی بێ سودی دووبارە. بەڵام گەنج ئەمە قبوڵ ناکات. مافی خۆیەتی قبوڵی نەبێت.

بۆیە هاتووتە دونیانەوە تا شتی نوێ ببینێت، نەک شتە کۆنەکان

دەرگیر دەبیّ هەمان شتە کۆنەکان دەدریّنەوە
ببینیّتەوە. کاتیّ دەرگیر دەبیّ هەمان شتە کۆنەکان دەدریّنەوە
بەرووییدا، بەرگەیان ناگریّت و دەستدەکات بە شکاندنی بتەکان.
شکاندنەکەشی بۆ بینینی ئاسۆییەکی رونە. یەک رووداوی میّژوویم
پیّ بلّیّ: بتی تیا شکابیّت، چ بتەکە بەردبیّت، یا پیرۆزکراو،
یا پەیوەندی بە بیروباوەرەوەبیّت. ئەو بتە بە دەستی گەنجان
نەشکابیّت. گەنج بت شکیّنە.

قوربان گیان...

گوناهی تۆ نیە، گوناهی ئیّمەش نیە وابیت و بە دلّی گەورەکانی
خۆمان نەجولّیّینەوە. سروشتی ژیان وایە. خۆم بروام بەوەیە لە
بنەوانەوە بە خراپی هیّناومانە، ئیّستا بۆمان چاکناکریّتەوە.

رژیمەکەی ئیّمە پیاوانیّک بەریّوەی دەبن، لە ناو تاشە بەرد
و شاخەکانەوە هاتونەتەوە ناو شارەکان. نابیّ چاوەریّی شتی
باش لەمانە بکەین. دەمیّکە دەخویّنمەوە. دەمەویّت هیچ نەبیّت
جولّەیەک کاریّکی باش لەمانە ببینم، کەچی بۆ بەدبەختی من
جگە لە خراپە هیچ جولّەیەکی باشیان نەکردووە. کاتی خۆشی کە
خۆشەویستی خەلّک بوون، خەلّکیان فریوداوە و هەلّەیەکی گەورە
هەبووە نەبنیراوە. باشبوو هاتنەوە خۆیان ناساند.

کورەکانی تۆ مەرد بوون. نەیانوویست لەناو ئەم چلّکاوە پیسەدا
بە بیّدەنگی بژین. فەرموو ئەوەتا من و تۆ و هەزارانی تر ماون.
بزانم جگە لە خۆپیسکردن لەم چلّکاوەدا چیمان بەردەکەویّت.
هیچ. نە ژیان ئەمەیە، نە مرۆڤیایەتی ئەمەیە، نە بەردەوام بوون
ئەمەیە. چلّکاویّکی پیسان دروستکردوە خۆیان وەک میّش و
مەگەز بە دەوریا دەسوریّنەوە و بە کەیفی خۆیان لیّیدەخۆنەوە.
ئیّمەشیان خستوەتە ناو ئەو چلّکاوە. سەر دەربیّنین پیّوەمانەوە
دەدەن. سەرمان دەخەینە ناوەوە دەخنکیّین. بتەویّت بچیتە

دەرەوە هێرشـت دەکەنە سـەرو پارچە پارچەت دەکەن. ناتەوێت بچیتە دەرەوە ناژیت. هیچ و پوچ لەمە زیاتر چییە؟!

لە قسەکانی خۆی بوویەوە و هەرسێکمان تاوێ بێدەنگ بووین. چایچییەکە هات بە تەقە تەقی پیاڵەکانی دەسـتی بێدەنگییەکەی شکاندین. ویسـتم داوای چایەک بکەم. کاک کۆکسار هەڵسایییە سـەرپێ و داوای لێبوردنی کرد کە دەڕوات. بە شـوێنیدا منیش کاماشم جێهێشتوو ڕۆشتمەوە بۆ ماڵ.

# ١٢

لەناو هۆدەکەم رۆژنامەکانم بڵاوکردبوونەوە.

لەو ماوەیەدا چی سەرنج و تێبینم نووسیبوو، لە بەردەم خۆمدا دامنابوون. پاش وردبوونەوە لە سەرنجەکان و رۆژنامەکان، دەستمکرد بە نووسینەوەی توێژینەوەکەم. پێشەکیەکەی بەم جۆرە دەستم پێکرد:

پیاوێکم لەناو تەپو تۆزی رۆژگاردا دۆزییەوە. کە چوومە ناو ژیانیەوە بۆم دەرکەوت، سەرەتا خۆی چرایەکی بەدەستەوە بووە و پاشان سێ چرای دیکەی داگیرساندووە. بە خۆی و چراکانی ناوماڵەکەیەوە خەریکی روناککردنەوەی کۆڵان و شەقام و شارەکان و مەملەکەتەکە بووە. ئەما بە داخەوە، لەشکرە تاریکەکە، لە ترسی روناککردنەوەی دونیاکە، هەوڵی خامۆشکردنی چراکانی ناو ماڵەکەیاندا.

ئەوان پێیان وابوو دەتوانن چراکان بکوژێنەوە، بەڵام هەڵەبوون.

دوای نووسینی ئەم چەند دێرە، سەیرێکی دارشتنەکەی خۆممکرد، زیاتر لە چیرۆک دەچوو، یان لە بابەتێکی ئەدەبی دەچوو نەک توێژینەوە. بێمانایییەکە لەوەدایە توێژینەوە بریتیە لە هەنگاوێک و دووهەنگاو، دەکاتە سێ هەنگاو. عەینی نەخشەی بیرکاریی، دوو دوو دەکاتە چوار. لەو ناوەندەدا هەوڵی دیکە و شێوەی دیکە نیە.

دارشتنەکە بەدەستمەوە بوو، بیرم لەوە کردەوە شتێکی نوێ

بکەم. دڵنیاش نەبووم بە دڵی مامۆستاکان دەبێ. ئەوان وافێربوو بوون رستەی رەقی پشت بە ستوو بە سەرچاوە بەشوێن یەکدیدا ریز بکە. ئەنجامەکەی چیدەبێت لایان مەبەست نیە، مەبەستەکە ئەوەیــە چوارچێــوە عەقڵییەکــەی خۆیــان چی تێدایــە، دەبێ بەو شــێوەیە بێت. لــە کۆنەوە بناغەکە چــۆن دانرابوو یەک دوو گۆرانکاری روکەشی تیاکرابوو، لەسەر بناغە کۆنەکە دەرۆیشتن.

من دەســتم لەوە هەڵگــرت. لەناو رۆژنامەکان گەرام بەشــوێن ژیانیدا، پوختەیەک لە ژیاننامەکەیەم بە شێوازی خۆم نووسییەوە. هاتمە سەر کورەکانی. لەو بەشەی پەیوەندی بە کورەکانەوە بوو، بە تەواوەتی دەستم لە ئەکادیمی بوون و سەرچاوەکان هەڵگرت و پشتم بە گێرانەوەی بەسەرهاتەکان بەست.

پوختەی بەشی کورەکان بەم جۆرە بوو.

سێ کورەکە...

هەر یەکێکیان لە شــارێک بوو. لەو نەوەیە بوون نەیاندەتوانی رژێمەکــە قبوڵ بکەن. رژێمەکەش خۆی وا دروســتکرابوو جێگای هەموو کەســی تێدا نەبێتەوە. وا دەردەکەوێت خەڵکی ئەم وڵاتە، لەســەردەمی ســێ کورەکەدا، ســەر بە دوو رەنگ بوون. رەنگی سێهەم ئەوانە بوون نەیانهێشتووە ببن بە یەکێک لەو دوو رەنگە.

بــە پێــی گێرانــەوە و ســەرچاوەکان دەردەکەوێــت. ســاڵی دووهــەزارەکان لــە یەکێــک لــە شــارەکاندا رۆژنامەیەکــی یاخی دەردەچێــت. رۆژنامەکــە بەنــاوی خەڵکــی مەملەکەتەکەوەیــە. یەکەم ژمارەی لە شــەوێکی مانگە شەودا، لە یەکێک لە چاپخانە بچوکەکانی گەرەکە کۆنەکانی شارێک چاپ دەبێت و بەیانییەکەی بەناو خەڵکدا بڵاوی دەکەنەوە. ئەم رۆژنامەیە کۆمەڵێک کەس لە رەنگی ســێهەم دەوری لێدەدەن. لــە یەکەم ژمارەیانەوە دەکەونە

بەر نەفرەتی دوو ڕەنگە تۆخەکەوە. دەرچوونی ڕۆژنامەکە دەبێتە دەنگ و ڕەنگێکی جیاواز و، کۆمەڵێک گەنج لە نەوەی نوێ وردە وردە لە دەوری کۆدەبنەوە.

دوو ڕەنگە باوەکە بیریان لەوە کردوەتەوە، سەرتاپای کۆمەڵگە بکەن بە دوو بەشەوە. بۆیە بە دەیان ڕۆژنامە و گۆڤار و مەکینەی گەورەی پروپاگەندە دادەنێن بۆ بە هێزکردنی ڕەنگەکانی خۆیان. ئەم ڕۆژنامەیەش لەم نێوانەدا سەر دەردەهێنێت و دەستدەکات بە کاڵکردنەوەی دوو ڕەنگە باوەکە.

ئەوان دەیانەوێت ناشـیرینیەکانیان بە جوانی پیشـانی خەڵک بدەن، ڕۆژنامەکەش چاوی دەخاتە سەر ناشیرینییەکان و جارێکی کە بە ناشـیرینی پیشـانی خەڵکی دەداتەوە. ئـەوان دەیانەوێت فریوی خەڵک بدەن، ڕۆژنامەکەش فریوەکان هەڵدەوەشـێنێتەوە و ریسـەکەیان بۆ دەکاتەوە بە خووری. ئەوان دەیانەوێت خەڵک دەمی دابخات و گوێ بگرێت، ڕۆژنامەکەش دەمی خەڵک دەکاتەوە و پێیاندەڵێت: دەبێت ئێوە گوێ بگرن نەک خەڵک.

ڕۆژنامەی خەڵکەکە دەبێتە کۆسپێک لە بەردەمیان و چاوێک بۆ بینینی شتە نەبینراوەکان .ئەم کارانەی ڕۆژنامەکە پیاوانی ڕژێمەکە بێزاردەکات و هاواریان لێهەڵدەسـتێت و دەستدەکەن بە جنێودان و تۆمەت دروسـتکردن بۆ گەنجانـی دەوری ڕۆژنامەکە. ئەوانیش زۆر خوێنساردانە وەڵامیان دەدەنەوە و دەیانکەنە گاڵتەجاری ناو خەڵـک. بەزمانێکـی تیژ، بە زمانێکی گاڵتەجارییەوە، لەمسـەرو لەوسەرەوە وێنەیان دەکێشن و چیرۆکیان لەسەر بڵاو دەکەنەوە، تـا دەبنـە نوکتەی ناو چایخانە و کـۆڕ و کۆبوونەوەکانی خەڵکە نیگەرانەکە.

سێ کوڕەکەی کۆکسـار، سـێ گەنج دەبن لەو گەنجانەی بەو

سیحری ڕۆژنامەکە ڕۆژنامەیە سەرسامن و لە دەوری کۆدەبنەوە. مۆدێلێک لە قسەکردن دەیان کەس لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە. بۆیە سێ کوڕەکەی و دەربڕین و نارەزاییەتی بوون دروستدەکات. کۆکسار، لەگەڵ کۆمەڵێک گەنج بیر لەوە دەکەنەوە ئەوانیش لە شوێنێکی کە هەناسەیەکی تازە دروست بکەن.

ئەو جۆگە ئاوەی ڕۆژنامەکە هەڵیدەکات، دەیان لق و پۆپی لێدەبێتەوە. دەستە دەستە گەنجان کۆدەبنەوە ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەکەن و دەیانەوێت بازبدەن بەسەر ڕۆژنامەکەی خەڵکدا و شتی زیاتر ڕونبکەنەوە.

خاڵێک دەبایە بە باشی لەسەری بووەستم، ڕووبەڕوو بوونەوەی نەوەیەکە لەگەڵ ڕژێمەکە. تێرامانەکە لەوەدایە، ڕوو بەڕوو بوونەوەکە لە ڕۆژنامەیەکەوە دەستپێدەکات. جیاواز لە نەوەکانی پێشوو، لەبری چەک بیر لە هەڵگرتنی پێنووس دەکەنەوە. ئەمەش جیاوازییەکی گەورەی نێوان دوو نەوە دەردەخات، نەوەی شار و نەوەی شاخ. جیاوازییەکە قەت لە هەڵسوکەوتیاندا نییە، لە بیرکردنەوەشیاندایە. ڕژێمەکان هەمیشە پێویستیان بە توندوتیژییە تا بوونی خۆیان بسەلمێنن. دیارە نەوە نوێیەکە ڕژێمەکەیان ناسیووە بۆییە بە توندو تیژی دەستیان پێنەکردووە. سەرباری ئەوەش هێشتا لێیان ڕازی نەبووە و بە توتندوتیژییەوە ڕووبەڕوویان بووەتەوە.

سەرەتا لە ڕێگای مەکینەی ڕاگەیاندنەکانیانەوە هێرشدەکەنە سەریان و تۆمەتیان بۆ دروست دەکەن. ئینجا هەرەشەو گرتن دەست پێدەکات. لە قۆناغی دواتردا دەست دەکەن بە کوشتنیان. بە نەخشەیەکی جەهەنەمی لە هەرشارێک و یەک دووانێکیان دەست نیشان دەکەن بۆ لێدات و کوشتن.

کوڕە گەورەکەیان کە ناویی کەیانە، لە یەکێک لە شارە کۆنەکان لە گەڕەکێکی هەژار نشین خانوویێک بە کرێ دەگرێت و نیشووکارەکانی خۆیدەکات. لەو خانوەدا ژیانێکی هەژارانەی بێ منەت بەسەردەبات و ڕۆژانە بەناو کوچە و کۆڵان و بازارەکانی شارەکەدا دەگەڕێ، چیرۆکی نهێنی دەستدەکەوێت و دەیکاتە بابەتی ڕۆژنامەکان. هێندەش دەستکورتدەبێت زۆربەی کات لە چایخانەی سەرسوچی بازارێک، کە بە حەسیر دروستکراوە نان و نۆکاوێک دەخوات و ئاوێکی سارد دەکا بەشوێنیدا و سوپاسی ناخی خۆیدەکات کە لەبەر چێژەکانی ئامادەنییە سەری دانەوێنێت.

ئێواران بە ماندووبوونەوە دەگەڕێتەوە ماڵە چۆڵەکەی خۆی و دەستدەکات بە نووسینەوەی ئەو چیرۆک و نهێنیانەی دەستیکەوتوون. لە پاڵ نووسینەوەی نهێنی و مەینەتیەکانی خەڵکی شارەکەدا، بە وردی سەرنج لە هەڵسوکەوتی پیاوانی ڕژێمەکە دەدات و، دەستە پیسەکانیان ئاشکرادەکا.

کوڕە ناوەنجییەکەیان کە ناوی کالانە. لە شارێکی کە دەبێ شارێک قەڵایەکی خڕ وەک تەپڵەکی جگەرە لە ناوەراستی شارەکە دانراوە و خەڵکەکەی بە دەوری ئەو قەڵایەدا خانوویانکردوە و کۆبوونەتەوە و خەریکی ژیانی خۆیانن. شارەکە تا بڵێیت بێدەنگ و میواندۆستن. لە کەنار شارەکە ئۆردوگاییەکی کۆنی دروستکراوی سەردەمی دەسەڵاتەکەی میریی پێشووی لێدەبێت. لەناو ئۆردوگاکە خانوچکەیەکی بچوک دەبێتە جێ مەنزڵگەی کالان.

نیوەی ڕۆژەکانی بە خوێندنەوە بەسەر دەبات و نیوەکەی کەشی بە خوێندن و نووسینەوە. لە سەرەوەختی خوێندنەکەیدا چاوی بە کچێکی ئەسمەری چاورەش دەکەوێت. کچەکە خۆی نەوەی یەکێکە لە پیاوەکانی ڕژێمەکە. باوکی لە یەکێک لە دەستگا

سەرکوتکەرەکاندا ئیشدەکات .کچەکەش لەیەک ساتدا دەخوێنێت و لە دەزگایەکی چاپەمەنی حیزبەکەیدا لەگەڵ هاورێکانی هەواڵە پێتام و بێ لەزەتەکان دەدات بە گوێی بینەرە بێدەنگکراوەکاندا.

یەک دووجار لە حەوشەی زانکۆ یەکتری دەبینن و دڵیان دەچێت بەیەکدا. نەرم نەرم لەیەک نزیک دەبینەوە و خۆشەویستییەک لە نێوانیاندا دروستدەبێ. تا وای لێدێت هۆگری یەکتری دەبن و کچەی چاورەش، بە نەرمی و نیانییەکەی دڵی کالان دەبات و دەیکاتە ئەویندارێکی راستەقینەی خۆی.

شەوان لە هۆدە بچوکەکەی خۆی، دڵی لای کچە دەبێت و دەستدەکات بەنامە نووسین بۆی. لە نامەیەکدا دوای مەرگی بڵاو بوویەوە دەڵێت:

"رۆژێک دێت ئیتر نامەیەک بۆ ئازیزەکانمان بنێرین و بڵێین: بمبوورە سبەی لەخەو هەڵسیت لێرە نەبم و نەمبینیتەوە. بمبورە نەمتوانی بەتەواوەتی ئومێدەکانت بۆ بهێنم. بمبورە بەباشی دەسکاری دونیاکەم نەکرد و بە ناتەواوەتی جێم هێشت. بمبورە بەڵێنی زۆرمدابێت و کەمیم جێبەجێکردبێت. بمبورە کتوپڕ لە شوێنێکدا بکوژێمەوە و هەواڵی مردنی منت لە رۆژنامەیەکەوە پێ بگات. لە هەمووشت بمبورە. چونکە لەناو جەنگەڵێکدام ئیشیان کوشتنی جوانییەکانە.

خۆم نابوورم. دەبا زووتر دەست بکەم بە پاککردنەوەی ئەم ژیانە پیسکراوە. دەبا زۆرتر خۆشەویستی بچێنم. دەبا زیاتر باس لە فرین بکەم. دەبا زیاتر گۆرانی بۆ دڵە شکاوەکان بڵێم.. بەڵام تۆ دەبوورم. بمبورە گەر کتوپڕ دیار نەمام و تەرمەکەم لە شوێنێکدا شیین بچێتەوە وەک برینێک."

نامەنووسینش دادی دڵە وێرانەکەی نادات و دەستدەکات

بە نووسینی هۆنـراوەی دڵدانەوە. کتوپڕ لـەو ماوەیەدا کتێبێک بڵاودەبێتەوە. کتێبەکە هی کوڕە گەنجە سەرکێشـەکەیە. باسـی ئەویـنداری نێوان خـۆی و یارە لە دەسـتچووەکەی دەکات. ئەم کتێبـە دەبێتـە هەوێنی خۆشەویسـتی نێـوان گەنجـەکان و لە ناویشیاندا کالان.

دوای خوێندنـەوەی کتێبەکە بـە خەیاڵ، هەمان ئەوین دەکاتە نامـەو هۆنراوە و دەیانێرێت بۆ کچەی چاورەش. کچەی چاورەش و ئەسمەرەکەش داوای لێدەکات لەگەڵ کۆتایی هاتنی خوێندنەکە زەماوەندێک سازبکەن و ژیانێک بۆ خۆیان دروستبکەن. کۆمەڵێک نامەی جوانی بۆ دەنێرێت. ئەما نامەکانی ئەو ئاسـتی ئەدەبیان لـە چاو نامەکانی کالان لاوازترە و تەنها نووسـینەوەی کۆمەڵێک رستەی سادەی ناخی خۆی و ئەو شیعرە جوانانەیە لە کتێبەکانەوە دەری هێنـاون و ناوی نووسـەرەکانیانی لێکردوونەتەوە و بەناوی خۆیەوە ناردونی.

گەنجە تازە پێگەیشـتووەکان. بۆ ڕازییکردنی یارەکانیان و خۆ دەرخستنیان. یا دەسکاری شیعری شاعیرە بەناوبانگەکان دەکەن، یان سەر تاپای شیعرەکە دەکەن بەناوی خۆیانەوە. ئەمە خووێکی بەردەوامی گەنجەکانە.

کالان بە ئومێدی تەواوکردنی خوێندن و گەیشتن بە ئەوینەکەی. بەردەوام لە ناو خەیاڵ و نووسینەکاندا دەژیت. لە تەنیشت هۆنراوە و خەمەکانی خۆیەوە، خەمی خەڵک دەخوات و دەسـتدەکات بە نووسین لەسەر خراپی رژێمەکە.

بە دەستپێکردنی ئەم هەنگاوەی ژیانی دەکەوێتە ژێر هەرەشەوە. لێ هەرەشـکان نابنە خەمی و بۆشـایی دەدۆزێتەوە تا لە ڕێگای ئەو بۆشـاییانەوە بیروراکانی خۆی بنووسێت. جارجارەش شەوان

دەچێت بۆ ئەو چایخانەیەی کوڕە سەرکەشەکەی لێدادەنیشێت و ئەم خۆشیدەوێت و حەز بە دانیشتن و گفتوگۆ دەکات لەگەڵی.

ئەو چایخانەیەی لێیدادەنیشن، یەکێک بوو لە چایخانەی گەنجەکانی شارەکەی کۆدەکردەوە. کەوتبوویە سەر سوچی شەقامێکی قەرەباڵغەوە. لە مبەرو ئەوبەری ڕێبوارەکانەوە کورسییان ریزدەکرد و لە تەنیشت یەک دادەنیشتن باسی سەردەمی خۆیان دەکرد. ڕێبوارەکانیش بە ناوەراستیاندا دەڕۆیشتن و هەردوولا سەیری یەکتریاندەکرد بەبێ وەی، کەسیان شتێک بەیەک بڵێت. نە ڕێبوارەکانی قسەیەکیان لەگەڵ دانیشتوانی ناو چایخانەکە دەکرد، نە دانیشتوانی چایخانەکەش هیچیان بە ڕێبوارەکان دەوت. پەیوەندی نێوان ڕێبوار و کوڕانی چایخانەکە نیگا خێراکانیان بوو بەسەر یەکترییەوە.

سەردەمەکە وایلێدێت ترسی پیاوانی ڕژێمەکە لە پێنووسە تیژەکان زیاتر دەبێت. لەوە تێدەپەڕێت تەنها لە ڕێگای دادگاو نووسینەوە رووبەروویان ببنەوە. نەخشەی کوتەک وەشاندن دەست پێدەکات و لەیەک کاتدا لە سێ شاری جیاوازدا سێ کەس هەڵدەبژێرن و دەیانرفێن و کوتەکارییەکی باشیان دەکەن.

دوای نوێژی عیشا، کوڕەی هاروهاج لەتەک کۆمەڵێک لە هاوڕێکانی لە مەیخانەیەکی بەناوبانگی شارەکە دەبێت. ئەو میخانەیە مەیخانەی هەموو نووسەرەکان و راپۆرت نووسەکان دەبێ. دیارە لەوێ لە ڕێگەی ڕاپۆرت نووسەکانەوە پیاوەکانی ڕژێم ئاگادارکراونەتەوە کوڕەکە لەوێیە. بۆیە کاتی ڕۆیشتنی و ماڵئاوایکردن لە هاوڕێکانی. چەند هەنگاوێ لەولای مەیخانەکەوە. بۆی دەوەستن.

ئەویش بە خۆیی و کتێبێک و ڕۆژنامەیەکی لولکراوە ملی ڕێ

دەگرێت و بەرەو ماڵ دەچێتەوە. دەگاتە لای پیاوەکانی ڕژێم بۆی دادەبەزن و بە هەڕەپێنجیانەوە لێیدەدەن و دەست و قاچی و چاوی دەبەستن و بەرەو دەرەوەی شـار دەیبەن. لە ڕێگادا چی پارە و کەرەستەی پێدەبێت لێیدەسەنن و بەناو گیرفانەکانی دەگەڕێن. پارەکان دەخەنەوە گیرفانی و شتەکانی تری دەبەن.

لـە شـار دوری دەخەنەوە و لە دەشـتێکی چـۆڵ دایدەبەزێن و بـە دڵی خۆیان دەسـتدەکەن بە لێدان لێـی. هەتا دەبورێتەوە لێیدەدەن و کە دەزانن بوراوەتەوە لەودەشـتـە چۆڵـە جێیدەهێڵن. نیوەشەوێکی درەنگی مانگەشەو خەبەری دەبێتەوە، گشت گیانی بـەدەم ئـازارەوە دەزریکێنێت. هەرچۆنێک بێت دەسـت و چاوی دەکاتەوە و دەبینێ خوێن بەسەرو چاویی و دەستەکانییەوە دێتە خوار. ددانێک و دەستێکی دەشکێت. قاچی ئازاری زۆری دەبێت و پشتیش شوێنی لێدانەکە قەتماغە دەبەستێت. پاش هەوڵێکی زۆر لە شـوێنی خۆی هەڵدەسـتێتەوە و بەرەو جادە دورەکە کە ئۆتۆمبێلـەکان بەسـەریدا دەڕۆن دەکەوێتە ڕێ. تا دەگاتە سـەر جادەکە زۆری پێدەچێت.

لەوێ دەست لە ئۆتۆمبێلێک رادەگرێت دوو گەنجی تییادەبێت. گەنجەکان دەوەسـتن و سـەریان لەم کەسە سـوردەمێنێت بۆ وا خوێناویـی بـووە. چیرۆکەکەیان بۆ باسـدەکات و لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ یەکێک لە نەخۆشـخانەکان و لەوێ لە نەخۆشـخانەکە جێیدەهێڵن.

پیاوەکانـی ڕژێم کاتی لێدانەکان پێی دەڵێن: ئەوەی لەگەڵمان نەبێت دوژمنمانـە، دوژمنیش دەبێت پەلامـاری بدەیت و پێش ئەوەی بێتە سەرت بیکوژیت.

هەرچۆن ڕۆژنامەی خەڵکەکە دەبێتە دەستپێکی مۆدێلێکی نوێ

لە قسەکردن و بینینی شتەکان. لێدانی کوڕە گەنجەکەش دەبێتە زەنگێکی مەترسیدار بۆ سەر یاخی بووەکان. دوای ئەو لێدانە لێدانی کە و هەرەشەی کەو کوشتن بە دوایدا دێت.

گەرچی ڕۆژنامەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە ناوەوە دەرەوەی وڵات، پەلامارەکەیان سەرکۆنە کرد و بە کارێکی درندانەیان چێواند. بەڵام بۆ ڕژێمەکە ئەم هاوارو دەنگ بەرزکردنەوەیە، سودی نابێت و لە ڕێگای چەتەکانی خۆیانەوە دەستدەکەن بە پەلاماردان.

کالان ڕوداوەکە نیگەران و پەرێشانی دەکات. بەناوێکی کەوە لە دوو شوێنی خوێنراو و جیاواز بابەت لەسەر ڕووداوەکە و بەسەرهاتەکە دەنووسێت. لە ناواخنی بابەتەکانیدا باسی هەڵکردنی چرای دیکە دەکات لەناو شارەکەدا. بە بابەتەکانی کێچ دەکەوێتە کۆڵی پیاوانی ڕژێمەکە و وێڵدەبەن بە دوای دۆزینەوەی خاوەنی راستەقینەیدا تا ئەویش تووشی دەردێکی خراپ بکەن.

سەرە رای گەمارۆدانی خەونی نەوە نوێیەکە. چەندین نەخشەی کە دادەنێن بۆ فشار خستنە سەریان. دێن پیاوەکانی خۆیان بە ناوی جیاجیاوە دەنێرنە ناویان و دەستدەکەن بەچاودێریکردنی ژیانە سادەکەیان.

ئیشی ئەوانەی نانی گوێیان دەخۆن و دەچنە ناویان، راپۆرت دانە لەسەریان و دروستکردنی تۆمەتی گەورە گەورەیە بۆیان. چایخانە و چایخانە و کۆڵانە و کۆڵان دەگەڕێن، تۆمەتیان لەسەر بڵاودەکەنەوە تا بڕوا بە خەڵک بهێنن یاخی بووەکان دوژمنی راستەقینەی ژیانن.

لە بڵاوکراوەکانی خۆشیاندا پەڵە خوێنی شەهیدەکانیان بەرز دەکەنەوە و هاواردەکەن، یاخی بووەکان هاتوون ئەم پەڵە خوێنانە

بسرنەوە و مێژووەکەمان بسوتێنن. بەم کردەوەیان هانی بنەماڵەی شەهیدەکان و دایک و باوک و سۆزی خەڵکە دەدەن، تا دژی گەنجە قسەکەرەکان بێنە دەنگ و بە نەفرەتیان بکەن.

لەناو بارەگاو شوێنە رەسمییەکاندا قەدەغەی دەکەن هیچ کەس بابەتەکانیان بخوێنێتەوە. وێنەی یاخی بووەکان دەسکاری دەکەن و دەیکەنە وێنەی شەیتانی و لە بڵاوکراوەکانی خۆیان بڵاوی دەکەنەوە و لە ژێر وێنەکاندا دەنووسن، شەیتانەکانی ناو بەهەشتەکەمان.

دادگاکان و پۆلیسە کوتەک بە دەستەکان رادەسپێرن، زوو زوو بانگیان بکەنە بنکەکانی پۆلیس و هۆڵەکانی دادگا و دەستەکانیان بە زنجیر ببەستن و جەستەییەن و رۆحییەن هیلاکیان بکەن تا هەڵبێن لە دەستتیان. کاتێکیش میوانێکی بێگانە دێتە ناو رژێمەکەوە، سەرۆک و دەستەو تاقمەکەی رۆژنامەی یاخی بووەکان دەهێنن و دەیخەنە بەردەم میوانە بێگانەکان و، باسی ئەوە دەکەن رژێمەکە ئەوەندە دیموکراسییە پرە لە رۆژنامەی ئازاد و پرە لە گەنجی رەخنەگر. لە ژێریشەوە لەناویان دەبەن و لەسەریشەوە دەیکەنە دەستکەوتی خۆیان.

کوڕە بچوکەکەیان کاردان...

لە شاری چەک بەدەستەکان، شاری گەرماو جەهەنەم دەژیا. لە تەنیشت شارەکە، ئاوێکی شینی قورس بە هێواشی تێدەپەڕی. خەڵکی شارەکە سێ دەستەبوون. دەستەیەکییان کاری قاچاخچیەتیاندەکرد لە نێوان سنووری دوو وڵاتدا.

دەستەیەکی کەیان بوو بوون بە چەک بە دەستی رژێمەکە. هێندە ئازا و گورز وەشێن بوون، کاتی شەڕی ناوخۆی هێزەکان، لە هەر شوێنێکەوە هێزێک توشی شکست ببوایە دەهاتن چەک

بەدەستەکانی ئەو شارەیان بە کرێ دەبرد تا شوێنەکەیان بۆ بگرنەوە.

چۆن بەڵێندەرێک پرۆژەیەک بە کرێ دەگرێت و پرۆژەکەی لەسەر بونیاد دەنێت. چەک بە دەستەکانی ئەو شارەش بۆ شەڕەکان وابوون. شاخ و دۆڵەکانیان بەکرێ دەگرت و لە ماوەیەکی کەمدا هێزەکەی ناویان هەڵدەفراند و دەیانگرت. زۆریان لێدەکوژرا و کوژرانەکانیان لەبری بوونە هەوێنی دورکەوتنەوە لەچەک، دەبوویە هەوێنی زۆر بوونی چەک و زیاتر بوونی چەکدار لە شارەکە.

دەستەی سێهەم گەنجە بەدبەختەکان بوون. بەدبەختیەکەیان لە رادەیەکی بەرزدابوو. دەرەتانێک نەمابوو بۆ ژیانیان. هەندێکیان هەڵهاتن و لە رێگای غەریبی کەوتنە ناو دەریاکان و بوونە خۆراکی ماسییەکان. هەندێکی کەیان بوونە چەکداری رژێمەکە و کردنیانە سوتەمەنی ناو شەڕەکان. ئەوانەشیان مانەوە، دەستیانکرد بە یاخی بوون. کاردان، یەکێک بوو لە یاخی بووەکان. دایم لە پێشی پێشەوەی خۆپیشاندانەکانەوە دەستەکانی بەرزدەکردەوە و هاواری دەکرد، نەفرەت لەم رژێمە. نەفرەت لە شۆرشەکەتان.

بە خۆپیشاندان ناخە ئاگراوییەکەیان دانەمرکایەوە و هەڵسان دەستە دەستە، دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامە و گۆڤار و توورەبوونەکانی ناخیان لە رێگای نووسینەکانیانەوە دەخستە روو.

کاردان و هاورێکانی لە شەوێکی مانگە شەودا، لە یەکێک لە چایخانەکاندا بریاری دەرکردنی گۆڤارێکیان دا بۆ شارەکە. گۆڤارەکەیان لەیەکەم ژمارەیەوە ئەوەندە نهێنی سەرنجراکێشی پیاوانی رژێمەکەی تێدابوو بوو بە هەڵا و سەوزە فرۆشەکان کە هەرگیز رۆژنامەیان نە دەخوێندەوە، پێش هەموو کەس گۆڤارەکەیان دەکڕی.

لێرەدا لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەم وردبوومەوە هەستم بە ناتەواوی دەکرد. وەستام و سەر لە نوێ تەماشایەکی دیکەم کرد. نە دەچوو بە عەقڵمدا ئەم چیرۆکە تاڵانە بە توێژینەوە وەربگیرێت. قسەکانی کاماشم بیردەهاتەوە و خۆشم گێل دەکرد و دەمووت هەر دەبێت ئاوابێت. یا ئەمەیە یا شتێکی کە نییە.

نەخشەی مامۆستای سەر پەرشتکارەکەم هێنا کە بۆی دانابووم. بەراوردم کرد لەگەڵ نووسینەکەی خۆمدا، ئاسمان و ڕێسمان جیاواز بوون.

شێوازەکەی خۆمم کردبووییە بنەمای نووسینەکە. پێمخۆشبوو وابێت. نازانم چی وایلێکردم سووربم لەسەر ئەم شێوازە و خۆم نەدەمە دەست نەخشە بۆ دانراوەکە.

گەرمای هۆدەکەم تەنگی پێ هەڵچنیبووم. پانکەی بنمیچەکە لەگەڵ سورانەوەیدا، یاری بە تیانووسەکانی بەردەمم دەکرد و گەرمای هۆدەکەشی لەگەڵ خۆی دەهێناو دەبرد. دەستێکم برد پەنجەرەکەم کردەوە. لەباتی فێنک بوونەوە تینی گەرماکە زیاتر بوو. خۆم نەگرت و چووم بۆ لای تەنکی حەوشەکە. هەر بە پێوە هەشت نۆ جام ئاوم بە خۆمداکرد و سەرتاپای خۆمم بە جلەکانەوە تەرکرد.

کە گەرمای گرەکە لێیدەدام تەرایی سەر جلەکانمی دەکرد بە هەوایەکی فێنک و گیانمی گورج دەکردەوە. لەسەر قەرەوێڵەکەی باپیرم پاڵکەوتم و بیرم لەوە دەکردەوە، گەر توێژینەوەکەم قبوڵبکرێت چی بە باپیرم بڵێم؟! تۆبڵێی ئاگای لەوەبێ ئێستا خەریکی چیم؟! ئەی گەر قبوڵ نەکرا چی؟!

بۆچی مرۆڤ هەمیشە بۆ ڕازیکردنی ئەوانی کە دەژیت؟! بۆ جارێک بۆ ڕازیکردنی خۆی ناژیت؟!

دڵنیابوون ژیانیان لە نێوان مەرگ
ئەوەتا لە بەرچاوم سێ گەنج
و رازی بووندا بوو. مەرگەکەیان پێخۆشتربوو لە رازی بوون. دوای ململانێیکی زۆر و فشـارێکی زۆر دەستیان هەڵنەگرت لە بڕواکانی خۆیان و بەردەوام بوون. منێک کە هیچ هەرەشەیەک و فشارێکم لەسەر نییە، بۆ دەبێ دەست لە بڕواکانی خۆم هەڵبگرم و خەریکی رازیکردنی خەڵکی تربم؟! چیم لەوانە کەمترە. چیم لەوانە زیاترە. هەیە لەبـەردەم مەرگا هاواردەکات، هەشـە لەناو پێخەفی ژیاندا پاڵکەوتـوە و جەسـارەتی دەنگ بـەرز کردنەوەیەکـی نییە. بۆ لەوانەبم لە پێناو پێخەفێکی گەرمدا شکۆی خۆم لەدەست بدەم. ژیان لەوە هیچ و پوچترە شکۆی خۆتی بۆ لە دەست بدەیت.

لە خەیاڵی خۆمدا شەرم بوو لەگەڵ خۆمدا، کە کامیان هەڵبژێرم رازیکردنی مامۆسـتاکان و دەورو بەرەکەم، یان رێچکەی بڕواکەی خۆم و شێوازی گێرانەوەکە. بۆچی دەبێت لە هاوپۆلەکانم بچم و لەسـەر شـێوازە کۆنەکە بڕۆم، بۆ شتێکی جیاوازتر نەکەم و کێ ناڵێت جێگای قبوڵنابێت.

لەم کەین و بەینەدا بە جلە تەرەکانەوە لەسـەر قەرەوێڵەکەی باپیرم خەوم لێکەوتبوو.

# چراکان بە هەڵکراوی جێدەهڵن

# ١٣

گوێبگرن کوڕەکان...

ئەمڕۆ تۆزێک دڵم خۆشە! شـەوی پێشـو کەماو هاتە خەوم. کراسێکی سپی ناسـکی لەبەردابوو. قژە خاو قورسەکانی بەسەر شـانەکانییەوە بەرداوبووییەوە. پێـڵاوی لە پێدانەبوو، لە دورەوە قاچە سـپیەکانی دیاربوون. بـە پێکەنینەوە بە پێی پەتی نەرم نەرم بەرەو رووم هات و پێی وتم:

کوڕەکان لای خۆمن. خەمی ئەوانت نەبێت، لێرە کەس ئازاریان نادات. بە دڵی خۆیان چییان پێخۆشبێت دەیکەن و دەیڵێن. ئێرە زۆر خۆشە و بریا هەر بە گەنجی پێکەوە دەهاتین بۆ ئێرە. بەس تۆمان کەمە، سـات بە سات چاوەروانییت دەکەین بێیت بۆلامان. هەرکاتێ دادەنیشـین بیری تۆ دەکەین. باسی تۆ دەکەیت. تورە بوونەکانت، پێکەنینەکانت، گۆرانی وتنەکەت، قسـە خۆشەکانت دەبێتە باس و خواستی دانیشتەکانمان. خەفەت بۆ ئەوە دەخۆین تۆمان بە تەنیا جێهێشـت. تاقە موشـکیلەیەک هەمان بێت تەنها تۆیت بێیت بۆلامان.

هەستدەکەم خەوەکەم راستە. ئەوان لە شوێنی خۆیانن، منم لە شـوێنی خۆم نیم. بێتاقەتی تەنیا جێهێشتنی منن. چاوەروانم بـە زوترین کات بچم بۆ لایان. بەڵێ چاوەروانم بەیەک بگەینەوە. خودا شانسـی زوو گەیشـتن بەوانم پێ بدات. با زۆر سەرتان بەم باسەوە نەیەشێنم. ببوورن دوێنی ناساغ بووم بۆیە زوو رۆیشتم.

سەرمایەک لە ناخما هەڵیکردبوو توانای دانیشتنیشم نەمابوو.

دەمێکە توشی ئەو دەردە بووم.

لێم پرسی کاک کۆکسار بیرت بخەمەوە لە کویدا بوویت؟

– تا بیرم مەخەوە حەزدەکەم لەو شوێنەوە دەستپێبکەم خۆم دەمەوێت.

کوڕە گەورەکەم کەیان...

لە ڕێگەی ناسراوێکەوە نهێنی شەوە سوورەکانی بەرپرسەکانی دەستکەوتبوو. ڕۆیشتبوو کۆمەڵێک لەو سۆزانیانەی دوانبدوو شەوان بەرپرسەکانیان تێردەکرد و گیرفانیان خاڵی دەکردنەوە. پوخت و پاک چیرۆکەکەی تۆکمە کردبوو بڵاوی کردبووییەوە. بە بڵاوبوونەوەی بەرچاوی بەرپرسەکانی شارەکە تاریک هەڵگەرابوو. بەشوێن هەمان بابەتدا، بابەتێکی لەسەر دەستە کورتەکانی سەرۆکە کورتە باڵاکە نووسیبوو.

پاش بڵاوبوونەوەی دوو بابەتەکە، بە ژمارەیەکی ڕەسمی نەک ژمارەیەکی پێچوپەنا، هەرەشەی کوشتنیان لێکردبوو. دیاربوو هەرەشەکانی ئەمجارەیان تەنها هەرەشە نەبوون، کردەشیان لەگەڵدابوو. ئەو پیاوکوژەی هەرەشی لێکردبوو، خۆی پیاوی یەکێک لە پیاوە دەسەڵاتدارەکانی ڕژێمەکە بوو. تا گێرانەوەی ئەم چیرۆکەش، پیاو کوژەکە بەر پرسی پاسەوانەکانی گەورەکەیەتی. هەڵبەتە گەورەکەی فەرمانی بەسەردا کردبوو بچێت بیکوژێت.

ئەتوانم بزانم کێ بوو؟

– قەیچیەکا بۆ نا. پیاوە دەسەڵاتدارەکە کە فەرمانی کوشتنەکەی دابوو، ئێستا شەوان جار بەجار دێتە سەرشاشەی تەفەلەفزیۆنەکان و باسی کوردایەتی و برایەتی و پێکەوە ژیان دەکات. خۆی کوڕی یەکێک لە کۆنە جاشەکانی ڕژێمەکەی پێشووە. کاتی خۆی

باوکی ئەو کۆمەڵێک لە خزمانی ناو بنەماڵەکەیان، لە دەستی دەستەیەکی تر لە خزمانیان هەڵهاتن و پشتیان لە شۆڕشەکەیان کرد و چوونە ناو میرییەوە. دوایی بەهۆی ڕێککەوتنی میریی و تاقمەکەی شاخەوە، ئەوانەی چووبونە ناو دەسەڵاتەکەی میرییەوە بران و لە سێدارە دران. ئیتر ماڵ ومناڵەکانیان نێدرانەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان. ئەوەی ئێستا خۆی بادەدات کوڕی یەکێکە لەوانە.

لە شەڕی ناوخۆدا بەهاوکاری ئێرانییەکان هێزێکی ئاینی دامەزراند و پاڵی دا بە لای هێزەی خێڵەکیەکەی خزمانی خۆییەوە و، لەو ڕێگایەوە بە بیانوی داوەتکردن چەندین سەرکردەی هێزەکەی ئەملای کوشتن.

لەم ساڵانەی دوایدا، یەکێک لە خوشکەکانی خۆشی کوشت، بە بیانوی ئەوەی پەیوەندی سۆزداری هەبووە لەگەڵ کوڕە هەژارێکدا. ڕێکخراو ڕۆژنامەکانیش نە باسی کوشتنی خوشکەکەیان کرد و نە ڕۆژێک لە ڕۆژان ناوی هات و نە بۆشیان گرنگ بوو. کەچی ئەو ڕێکخراوانەی بە نەفرەت بن ناویان ڕێکخراوی ژنە فیمینیستەکانە. لە باخەڵی پیاوەکانیان مات دەکەن تا ژنێک بکوژرێت. کە ژنێک دەکوژرێت دەبێتە ئاهەنگ بۆیان. چونکە بەبۆنەی ئەو ژنە کوژراوە دەچنە ناو میدیاکان و دەستدەکەن بە چەقە چەق و، خۆیان لەسەر جادەکان بادەدەن و دەیان دەوەت و موشوملۆشی لەسەر دەخۆن. بەڵام ئەو کابرایە خوشکەکەی خۆی کوشت، چونکی خۆی نزیکبوو لە حەجەکەوە و پارە و دەسەڵاتەکە لای خۆی و بنەماڵەکەی بوو، ژنە فیمینیستە بێکەڵکەکان جوکەیەکیان لێوە نەهات.

جا بە لەتێک زمانەوە. جامانەیەک دەکاتە سەری و ماڵەکەی

پرکـردوە لەو گیاندارە بەسـتەزمانانەی لە شـاخەکاندا گیراون و وشککراونەتەوە، تا میوانێک بێت وەک مۆزەخانەی وشککردنەوەی گیانەوەرەکان پیشـانی بدات. باسی پاراستنی ژنیگەش دەکات و خۆی پیسترین گیانەوەرە بۆ تێکدانی ژینگە.

کە قسـە دەکات خۆی بە پیاوێکی چاک و پوخت دەردەخات. کەچی لەبەر نووسینێک پیاوەکانی خۆی ناردبووییە سەر کەیان و لەناو ماڵەکەی خۆیدا لە شەوێکی مانگە شەودا گولەبارانیانکرد.

سـەرەتا تەقەیان لە دەرگا دابوو. کاتێ دەرگاکەی کردبوویەوە بۆ دڵنیابوون لێی، لێیان پرسیبوو تۆ کەیانی؟

ئەویش بە دڵێکی پاکەوە وایزانیبوو ئیشـیان پێیەتی، وتبووی بەڵێ منم.

هەرکـە وتبـووی منـم، لولـەی تفەنگەکانیـان روتێکردبوو و، یـەک دەسـترێژ گولەیان پێوە نابوو. لەتێکـی کەتبوو ئەم دیوی دەرگاکـەو لەتێکی کەشـی کەتبـوو بەو دیوی دەرگاکە. پاشـان لەسەری وەستابوون و رایان وەشانبدوو تا بزانن مردوە یان نا. کە زانیبوویان مردووە جێیان هێشتبوو.

بـۆ بەیانیەکەی من بە رووداوەکـەم زانی. چیم چاوەرواندەکرد روویـدا. هیچم پێنـە دەکرا. جگە لە ئازار چەشـتن لەناو خۆما، نەمدەتوانی دەنگیشم بەرز بکەمەوە. ئەوکات هاورێکانی لە رێگای دادگاوە داوایان لەسـەر دەسـەڵاتدارەکە تۆمارکردبوو. ئەو ژمارە تەلەفۆنەی هەرەشـەکەی کردبـوو درابوویـە دادوەرەکە و ناوی بکوژەکەشی پێدرابوو. بەڵام دادگاکان نەیانوێرا هیچ بکەن.

کابـرای بکوژ وەک بەرزەکی بانان بـۆی دەرچوو. لە هەمووی ناخۆشـتر وێنەی خـۆی بڵاودەکاتەوە، لنگی هێنـاوە بە دەوری بەردێکدا و خەریکی کونکردنی بەردەکەیە. گوایە زۆر لە سادەیی و

سروشتەوە نزیکە و ناتوانێت دەست لە سادەیی و سروشتی بوونی خۆی هەڵبگرێت. تۆسەیری ئەم پیاوکوژانە، چۆن دەمووچاوی خۆیان دەگۆڕن و خۆیان دەکەنە فریشتەکانی سەر زەوی.

کەس نەزانێت هاوڕێ و نزیکەکانی کەیانی کوڕم دەزانن بکوژەکەی ئەوە. داخەکەم لەناو میلەتێکداین هێشتا روخساری پیاوکوژەکان و قوربانییەکان لەیەک جیاناکاتەوە. نەمدەویست پەلی بگرن و بیخەنە زیندانەوە. تەنها دەمەویست بە خەڵک بڵێن: خەڵکینە ئەم جامانە بەسەرە سمێڵ تاشراوە بکوژی کەیانی کوڕمە.

سەختە بۆ باوکێک قسە لەگەڵ بکوژەکەی بکات. بەڵام بروابکەن خۆم نەگرتوو قسەم لەگەڵ کرد!

پێم وت:

گوناهی کوڕەکەم چی بوو پیاوکوژەکانی خۆت ناردە سەریی؟ چۆن دەتوانی شەوان بخەویت، پەپولەیەکت کوشت لە پەپولە پەپولە تربوو. یارەبی ئەوەی چوو بە جەرگی مندا، بچێتەوە بە جەرگتدا. زۆر بێ منەتانە باسی تەمێ بوونی کرد. ئیتر کەلەیی بووم و تورەیی تەنگی پێ هەڵچنیم. نەمکردە نامەردی و پێم وت: تۆ باوکت بە جاشایەتی تۆپی. خۆشت تا دوێنێ جاشی ئێرانبووی. خەیرە ئێستا هاتوویت باسی کوردایەتی و تەمێ بوون وپاکی و پیسی خەڵک دەکەیت. هێندە بێ ئابروبوو بە پێکەنینەوە وەڵامیدایەوە و باسی پاراستنی کەرامەتی خێڵەکەیانی بۆ کردم.

خۆشتاندەزانن خێڵەکەیان کێن. ئەمە کاتی خۆی کە ئینگلیزەکان هاتن. باپیرە گەورەیان لەگەڵ خێڵێکی تر شەریانبوو لەسەر زەوی و زار. ئینگلیزەکانیش قبوڵیاننەدەکرد لەژێر دەسەڵاتەکەیان خێڵەکان کێشە بنێنەوە، هەڵسان هەردوو سەرۆک

خێڵەکەیـان دەسـتگیرکردن. دەسـتگیرکردنەکەیان لای خەڵکی بەسـتەزمانی ئەو سـەردەمە بوو بە حیکایەت. دوایی بە باجێکی زۆر بەرەڵایانکـردن. لەنـاو خۆیانـدا بوو بەشـەریان و یەکێکیان یەکێکیانی کوشـت. کابرای بکوژ رایکرد بۆ شـارێکی تر و لەوێ ماوەیەک خۆی شاردەوە. دەستەیەک لە خوێندەوارەکان هەڵسان لە شـارەکە دزییان و بردیان لەو دیوی سـنوورەوە ناردیانەوە بۆ ناوچەکەی خۆیان. دیسانەوە دەستیانکردەوە بەشەڕی خێڵەکی.

کتوپـڕ لـەو کاتـەدا لـە وڵاتـە دراوسـێکانمان کـوردەکان کۆبوونەوەیەکیان کردو کیانێکی بچوکیان بۆ خۆیان دروسـتکرد. ئەمیش ئەوەی بە هەلزانی و چوو بۆ ناویان. لەوێش هەزار و یەک کێشـە و تەڵەکـەی نابیەوە و کاتی روخاندنـی کیانەکە خۆیی و بنەماڵەکەی هاتنەوە بۆ سەر سنوورەکان. دەستەیەکیان گەرانەوە شوێنی خۆیان و دەستەکەی تریشیان رویان لە غەریبی کرد.

دوای نەمانـی پاشـایەتی و هاتنی میریـی. بریاری لێبوردنیان بـۆ دەرچوو و گەرانەوە. لە پایتەختدا دانیشـتن و دەسـتیانکرد بە خوردانی بەشـی خۆیان. دراوسـێکان ئەمەیان پێخۆش نەبوو هانیاندان و ئاگرێکی گەورەیان پێهەڵگیرسـاندن. کە ئیشیشـیان پێیـان نەمـا ماڵی خەڵکیان کاولکـرد و ئاگرەکەیـان کوژاندەوە و دەیان خەڵکی بەسـتەزمان پێوەبوون. خۆشـیان رۆیشـتن لە کەنار شـارێک دانیشـتن و چییان لەو ماوەیەدا کۆکردبوویەوە بە خۆشییەوە خواردیان.

لەوەتـەی هەن کارەکانیان بەم جـۆرە بووە. وەڵا چی هات بە دەمدا پێموت و زوخاوەکەی خۆمم پێ هەڵرشت.

کورە ناوەنجیەکەم کالان...

خەوێکی خۆی بڵاوکردبوویەوە. خەوەکەی باسی لەوە کردبوو

چۆن لـە خـەودا دەبێتە زاوای سـەرۆک و کە بوو بـە زاوا چیی بەسەردێت و ژیانی بەرە و کوێ دەروات. بەڵام خەوەکەی بەناوی خۆیەوە بڵاونەکردبوویەوە. بە بڵاو بوونەوەی عەقڵی لەسـەری منداڵەکانی سـەرۆکی خێڵەکەدا نەهێشـتبوو. تیمێکیان دانابوو، ئیشی ئەو تیمە دۆزینەوەی خەون نووسەکەیە.

له شـارەکەیان گۆڤارێکی گەرو گوڵ، بە دەستکیسەی پیاوانی رژێم دەردەچێت. ئیشی بەشێکی کەسەکانی ناو ئەو گۆڤارە گەرانە بەشـوێن نهێنی رۆژنامەنووسە یاخییەکاندا. یەکێک لە پیاوەکانی خۆیـان، گەنجێکـی رەشـتاڵەی زمان لـوس دەبێ. ئـەو گەنجە رادەسپێرن لە رێگەی گۆڤارەکەوە لە کالان نزیک ببێتەوە. ئەویش لێـی نزیک دەبێتەوە و بەناوی هاورێیەتی خۆی پێدەناسـێنێت و باسی نووسین و بڵاوکراوە و نارەزایەتی بۆ دەکات دژی رژێمەکە.

کورەکـەی منیش بروای پێـدەکات. لەم تێکەڵبوونەدا باسـی نووسـینی خەونەکەی خۆی بۆ دەگێرێتەوە و ئەویش راسـتەوخۆ دەیکاتـە راپۆرتێـک و رەوانـەی سـەروی خـۆی دەکات، وەک دەسـتکەوتێک کە خەون نووسـەکەیان دۆزیوەتـەوە. راپۆرتەکە دەگاتە دەسـتی کورە کورتە بنەکەی سەرۆکە کورتە بنەکە و لە خۆشیا ئەو رۆژە قاقا پێدەکەنێت.

تیمێـک لـە پیاوکوژەکانی خۆی رادەسـپێرێت بە زوترین کات خەون نووسەکەی بۆ بهێنن. ئەوانیش ئۆتۆمبێلێکی سپی شوشە تاریک ئامادە دەکەن و لە رێگەی راپۆرتنووسەکانەوە شوێنی هاتوو چۆکەی دیاری دەکەن. بەیانیەکی هەتاو لەسەر رێگاکەی دەوەستن تابێت. دادەبەزن بە لێدان و شەر دەیخەنە ناو ئۆتۆمبێلەکە و چاو دەستی دەبەستن و دەستدەکەن بە لێدانی. بە لێدان تا لای کورە کورتە بنەکەی سەرۆکە کورتە بنەکەی دەبەن.

ئەویش لەبەرامبەر خۆی دایدەنێت و بۆ دڵنیابوون لێدەپرسێت:
تۆ خەون نووسەکەیت؟

کالانیش بەبێ ترس بە بەڵێ وەڵامیدەداتەوە؟ قسە لەم و قسە لەو، لەوێ کەمێکی لێدەدەن و هەرەشەی پەشیمانبوونەوەی لێدەکەن، ئەما ئەو قبوڵناکات و بێ منەتیان دەکات چییان لە دەست دێت بیکەن. وا دەگێرنەوە قسەی سوکی بە کور کورتە بنەکەی سەرۆکە کورتە بنەکە وتووە.

کوڕە کورتە بنەکەی، سەرۆکە کورتە بنەکە کەلەیی دەبێت و فەرمانی کوشتنی بۆ دەردەکات.

لە شەوێکی مانگە شەودا سواری ئۆتۆمبێلێکی دەکەن و دەیبەن بۆ شارێکی دور. لەو شارە لە قەراغ ڕێگایەک دایدەبەزێنن و تاوێک لێیدەدەن تا بێهێز دەبێت. پاشان بە زۆر دەمی دەکەنەوە و لولەی تفەنگەکەیان دەخەنە ناو دەمی و پەنجە بە ماشەکەدا دەنێن و گولەیەک دەنێن بە دەمیەوە و لە تەوقی سەرییەوە گولەکە دەردەچێت.

ئەوەندە نامەرد دەبن، دەست و پێی ناکەنەوە و هەر بە کابۆ شین و کراسە شینەکەیەوە کە خوێنێکی تۆخ لاچاوەکانیەوە دێتە خوار لە قەراغ ڕێگاکە جێیدەهێڵن. بۆ بەیانیەکەی کرێکارێک لەوێوە تێدەپەڕێت دەبینێت گەنجێکی تازە پێگەیشتوو کەوتووە. دەچێتە سەری و خەڵک ئاگاداردەکاتەوە تەرمێک لە قەراغ ڕێگاکەیە. بە دەما و دەم و دەستاو دەست تەرمەکەی هێنرایەوە و زانرا کە کالانە.

لە ڕۆژنامە و میدیاکان کرا بە هەڵا. کوڕە کورتە بنکە لە ترسی ئاشکرابوون. ئەوکەسەی رایسپاردبوو بە کوشتنی کالان،ماڵیان لە یەکێک لە هاوینە هەوارەکان دەبێت. بەیانیەکی زوو لە

ماڵەکەی خۆی دەیرفێن و لە هەمان ئەو شارەی کوڕەکەی منیان نیاکوشت. بۆمبێک دەبەستن بە ئۆتۆمبێلەکەی ئەوە و ئەویش دەکوژن و بکوژی راستەقینەی کالان وندەبێت.

بەڵام ئەو کوڕە رەشتاڵەی خۆی بە هاوڕێی کوڕەکەم دابوویە قەڵەم و بوویە هۆی ئاشکراکردنی نهێنی خەون نووسەکە. ئێستا لە یەکێک لە رۆژنامەکانی رژێمەکە کاردەکات و خەریکی راپۆرت نووسینە لەسەر دەوروبەرەکەی. چی بەرامبەر کورەکەی من کرد، هەمان شت بەرامبەر نزیکەکانی ئێستای دەکات.

کوڕە بچوکەکەم کاردان...

چیرۆکەکەی ئاڵۆزە. ئاڵۆزییەکەی پەیوەندی بە هاورێکانییەوە هەیە. هاورێکانی فێڵیان لێکرد. یەکێ لە هاورێکانی پیاوی یەکێک لە پیاوکوژەکانی ناوچەکە بوو. پیاوکوژەکانی ناوچەکەش لە نێوان خۆیاندا ململانێیان بوو بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵاتی زۆر. دەیان رێگایان دەگرتە بەر بۆ ملشکاندنی یەکتری. کێشەشیان نەبوو لە ملشکاندنەکەدا چەند کەسی بەستەزمان پێوە دەبن. گرنگ ئەوەبوو یەکیان شتێکی ئەوی کەیان ئاشکرابکات و ئابروی ببات.

هاورێکەی سەر بە یەکێکیان دەبێت. بە هاندانی ئەویکەیان، هەڵدەستێت بابەتێک لە دژی پیاوکوژەکەی بەرامبەریان بڵاو دەکاتەوە. لە کاتی کەوتنە بازاری گۆڤارەکە، هێشتا هیچی لێ نەفرۆشراوە و خەڵک نەیبینووە. راستەو خۆ تەلەفۆن بۆ ئەو پیاوکوژە دەکات شتەکەی لەسەر بڵاو بووەتەوە. خۆشی شتەکەی نووسیووە، بەڵام بەناوی خۆیەوە. نیە و باسی بۆ دەکات یەکێک کە نازانرێت کێیە شتێکی خراپی لەبارەوە نووسیووە.

پیاوکوژەکە تێدەگەیەنێت نووسینێکی زۆر خراپی لەکەدارکردن دژی بڵاو بووەتەوە! ژمارە تەلەفۆنی کاردان دەداتە پیاو کوژەکە

و پێیدەڵێت: ئەوە بەرپرسـی گۆڤارەکەیە و قسـەی لەگەڵدابکە.
کە قسـەکانی لەتەک ئەودا دەبڕێتەوە، تەلەفۆن بۆ کاردانی کوڕم
دەکات و تێدەگەیەنێت، فڵانە پیاو کوژ بە نووسینەکە زۆر تێکچوە
و لەوانەیە تەلەفۆنت بۆبکات، تۆش دەنگەکەی لای خۆت تۆماربکە.
کوڕەی منیش دڵپاکانە ناپرسێت تۆ چۆن ئەم شتانە دەزانی.
بێ هیچ گومانێک چی پێدەڵێت وادەکات و دەکەوێتە ناو چاڵێکەوە
کە چاڵەکە زۆر لەوە قوڵترە بتوانێت تیایدا بێتە دەرەوە. پێشوتر
نهێنی و بابەتی زۆر مەترسـیداری لە گۆڤارەکەی بڵاو دەکردەوە.
ئەمەشـی هاتبوویە سـەر. بەڵام ئەمەیان فێڵـی هاورێکەی خۆی
بوو. بە فێڵ شـتەکەی نووسیبوو بۆ یەکلایی کردنەوەی کێشەی
نێـوان دوو پیاو کوژ. ئەم فێڵە و بابەتە کۆنەکانی ناو رۆژنامەکە
و سەرکەشـییەکانی کاردان بەسـەر یەکـەوە بـوون بـە هەوێنی
پەلاماردانەکەی.

کابرای پیاوکوژ تەلەفۆن بۆ کاردان دەکات. هێندە نەخوێندەوار
و نە شـارەزاییە، نە بەباشـی نـاوی کوڕەکەی مـن دەزانێت، نە
بەباشـی ناوی گۆڤارەکـەی دەزانێت. هەرچـۆن کاردان پرکرابوو
پیاوکوژەکەش ئاوا پرکرابوو.

قسـەیەک لـەم و قسـەیەک لـەو، دەبێتە شـەڕە قسـەیان و
دەنگەکـەی تۆمـاردەکات. دوای لە میدیاکانەوە دەنگە هەرەشـە
کەرەکانی بڵاو بوونەوە. دەسـتەی سـێهەم ئەمە بە هەڵدەزانن و
نەخشـەی کوشتی کاردان دادەنێن. بە کوشـتنەکەی دوو ئامانج
دەپێکـن. یەکیان بێدەنگکردنی گەنجانی ناوچەکە و گۆڤارەکەیە،
دووهەم توشکردنی پیاوکوژە نەخوێندەوارەکە و خستنیە ناو ئەو
چاڵەی بۆیان هەڵکەنبدوو.

شەوێکی مانگە شەو بوو. لە هۆدەکەی خۆم دانیشتبووم گوێم

لە هەواڵی رادیۆکە دەگرت. دەنگی تەقەی دەرگاکە هات. ڕادیۆکەم کزکرد و لە هۆدەکەی خۆمەوە هاوارم کرد..

کاردان... کاردان... کوڕم هەڵسە ئەو دەرگاییە بکەرەوە.

لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەمکرد. دوو کەسی رەشتاڵەی سمێڵ رەش، لەسەر دیواری حەوشەکەوە سەیری ناو حەوشەکە و هەیوانەکەیان دەکرد. سەرەتا هیچم نەدی بە دەستیانەوە و وامزانی هاوڕێی خۆین.

کە کاردان لە هۆدەکەی خۆی هاتە دەرەوە و ناعلەکانی لەپێکرد و لە هەیوانکە هەنگاوێکی نا بەرەو حەوشەکە. لولەی تفەنگێک لەسەر دیوارەکەوە روو بە ئەو دەستیکرد بە قەتەکردن. ئاگری تفەنگەکە و شکانی شوشەی پەنجەرەکە بەسەرمدا و کەوتنی کوڕەکەم لە یەک چرکە ساتدا بوو.

جامی پەنجەرەکە بە شکاوی هاتنە خوارەوە. لە حەشمەتدا دەستم بەسەرمەوە نەگرت و شوشەکان کەوتن بەسەرو چاوما و لە دوو شوێنەوە چەقینە گۆشتی سەرمەوە. دونیا لەبەر چاوم بوو بە ئاگر. ئەژنۆکانم شکابوون. نەمدەتوانی هەڵسمەوە بکەومە شوێنیان بزانم کێن. بەڵام نیوەی ئۆتۆمبێلەکەیانم بینی. ئۆتۆمبیلێکی رەشی چام رەش بوو. لە تارمایی دەچوو. لەگەڵ کەوتنی کوڕەکەم و وەستانی گرپی تفەنگەکەی دەستیان، سوار بوون و لێیاندا و رۆیشتن.

هەڵسام هاتمە هەیوانەکە. کوڕەکەم بەدەمدا کەتبوو. گولەکان بەر سەرنگی کەوتبوون. خوێنێکی ئاڵ بەهێواشی بەناو هەیوانەکەدا بڵاو دەبووییەوە. مێشکم بە دەنگی گولەکان و شکانی پەنجەرەکان کاس بوو بوو. چاوم پڕبوو بوو لە فرمێسک و نەشمدەتوانی بگریم. سەریم بەرزکردەوە و سەریم خستە باوەشم. شل کەوتبوو. سەری

له باوەشمدا بوو چاوە زەقەکانی سەیری مانگە شەوەکەیاندەکرد.
دڵم نەهات دەستم بخەمە سەر پێڵوی چاوەکانی و دایانخەم.
لێگەڕام تێر بە دڵی خۆی سەیری مانگە شەوەکە بکات.

دراوسێکان بە دەنگی گولەکان و ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکە بە خێراییەکی زۆر هاتبوونە دەرەوە. دوای کەمێک هاتن کوڕەکەیان لە باوەشم هەڵگرت و بوو بە هات و هاوار. من دەنگم لێوە نە دەهات. حەپەساو سەیری هاتوو هاواری دراوسێکانم دەکرد. حەوشەکە پڕ بوو لە خەڵک. بەڵام نەمهێشت یەک کەس پێ بنێت بە خوێنە ڕژاوەکەیدا. لێگەڕام خوێنەکە جۆگەلە بکات و لە شوێنی خۆی بمەیەت. هێشتا خوێنەکەم پاک نەکردەوتەوە. زۆر کاڵیش نەبووتەوە.

کە تەرمەکەیان بردە دەرەوە. هێزی چوونە دەرەوەم نەمابوو. چۆن ئەو بە چاوی کراوەوە دونیای جێهێشت، منیش ئاوا بە دڵێکی شکاو و چاوێکی حەپەساوەوە، ئەوم جێهێشت.

سەیرکەن کوڕەکانم...

بۆیە ویستم ئەم بەسەرهاتانەتان بۆ بگێڕمەوە، تا دوو شتتان بۆ ڕونبکەمەوە. یەکەم: دایم ئاگاتان لە هاوڕێکانتان بێ. کەسانێک هەن بەناوی هاوڕێیەتیەوە خۆیان نزیک دەکەنەوە، مەبەستیان هاوڕێیەتی نیە، ئیشی تریان هەیە.

هەرکەسێک هاوڕێی کەمی هەبێت، ئازاری کەمتری هەیە. مرۆڤەکان بە ڕوخسار جوانن، لێ لە ناخەوە لە گشت گیاندارێک ترسناکترن. پێویست ناکات بڕوا بە هەمووکەس بکەن. دڵپاکی شتێکی جوانە بۆ مرۆڤ، بەڵام دڵپاکی لە هەموو شوێنێک و لەگەڵ هەموو کەس، نە جوانە و نە ژیرییە. گێلییەتیە. کوڕەکانی من دوونیان هاوڕێکیانیان چاڵیان بۆ هەڵکەندن، کەچی ئێستا

ئەوەندە بێ ئابروون شیوەنیان بۆ دەگێرن.
دووهەم: پێویستە بیکەنە زنارێک و بیخەنە گوێتان. ئەم رژێمە رژێمێکی ترسناکە. رژێمێکــە رەحم بە نەوەکانــی خۆی ناکات. چی لەدەســت پێت دەیکات. رەنگە تا تورە دەبێ درەندەیەکەی دەرنەکەوێت، ڤەلێ کە تورەبوو، دەبێتە دەســت وەشــێنێک جێ دەستەکانی دەبن بە برینێک تا دونیا ماوە چارە ناکرێن. هێشتا بە تەواوەتی درندەکەی ناخی لەخەو هەڵنەستاوە. بە تەواوەتی لەخەو هەڵبسێت، ماڵەو ماڵ دەگەرێت خوێن دەرژێنێت. شاخاوییەکانی نــەوەی خوێنن. بەخوێن دەســتیانپێکردوە و بەخوێنیش کۆتایی پێدەهێنن.
لەبەر چاوی دونیا ســێ گەنجی بێ گوناهیان کوشت. کەسانی ترش دەکوژن. رێگای ململانێکە خوێنی زۆری دەوێت. داخ بۆ لە دەســتدانی کورەکانم ناخۆم. داخ بــۆ هاورێکیانیان دەخۆم چۆن توانیان وا بە ئاســانی ببنە رێ پیشــاندەری پیاوکوژەکان، چۆن دەتوانن شەوان خەویان لێبکەوێت؟ چۆن دەتوانن ئاسودەبن.
وەک پێشــتر بــۆم باســکردن، هــەر چۆن لە شــەوێکی مانگە شەودا سێ کورەکەم لە دایک بوون و ماڵەکەمیان ئاوەدانکردەوە و خۆشــیان هێنایە ناو دڵ و دەرونمەوە. ئاواش لە ســێ شــەوی مانگە شــەودا هەرســێکیان لێ سەندمەوە. ئێســتا هەموو رۆژێک دەمەو ئێوارە، کورسییەکەم دەبەمە دەرەوە. رێک هەمان شوێنی بکوژی کورەکەم. لەوێ دادیدەنێم و دادەنیشم. تاکاتی دەستڕێژی گولەکانــی بیر لــە بکوژەکە دەکەمەوە. لەبــەر خۆمەوە بەردەوام دەپرسم. دەبێ لەوکاتەدا هەستی چۆن بوو بێت. کاتێ کورەکەمی بینی گولەی بەردەکەوت دڵ و ناخی چی لێ هاتبێت. ئەی ئێستا هەستی چۆنە. خۆزگە بۆم دەکرا لەیەک کاتدا لە شوێنی هەرسێ

بکوژەکە دانیشم و بیر لەو ناخە پیس و تاریکەیان بکەمەوە.

خۆتان بینیتان هەڵای زۆر بۆ مەرگی کورەکان کرا. کەرنەڤاڵی گەورە گەورەی بەشـوێندا هات. چونکە مەملەکەتەکە مەملەکەتی پیاوکوژەکانە، نە هاوارەکان شوێنی خۆیانگرت. نە کەرنەڤاڵەکان بکوژە راستەقینەکانی دۆزییەوە. بکوژە راستەقینەکان کەسانێکن لەسەری سەرەوەی رژێمەکە دادەنیشن. رێنیشاندەری بکوژەکانیش هاورێی کورەکان بوون.

پێشتر حەزم نە دەکرد قسە بکەم. قسە نەکردنەکەم لە ترسدا نەبوو. لەوەدا بوو هەرکەسێکی کە لە شوێنی مندابێت، بە بێدەنگ دادەنیشت.

کورەم...

مانــدووم، زۆر ماندووم. دەمەوێت بـرۆم. بچۆ بۆخۆت چیم بۆ باسکردویت شەنووکەوییکە. هەر پرسیارێکت هەبوو وەرە بۆلام با بۆت باسکەم. جارێ لای ئێوە خۆش.

# ١٤

چوار ڕۆژ لە ماڵ نەهاتمە دەرەوە.

بە بڕوای خۆم، باسەکەم پوخت و ورد و سەرنج ڕاکێشە. دەبایە شەممە بچمە زانکۆ و بیخەمە بەردەم مامۆستای سەرپەرشتکارم. دەست و قاچم بەهۆی دانیشتنی زۆری ئەو چوار ڕۆژەوە، ئازارییان دەهات. چوومە حەوشەکە تا کەمێک وەرزش بکەم. دەرگاکە کرایەوە و کاماش خۆی کرد بە ژووردا.

بە هەڵم زانی نەهێڵم بڕوا و چاوێک بە چیرۆکەکەمدا کە ناوم نابوو توێژینەوە بخشێنێت. چووم بۆم هێناو دامە دەستییەوە. داوام لێکرد تا من چایەکی بۆ لێدەنێم ئەویش بە پێی تاقەتی خۆی سەیرێکی بکات.

تا چاییەکە کوڵا و بۆم هێنا، خۆی خەریکرد بە خوێندنەوەییەوە. چایەکم بۆ هێنا و لەبەرامبەری دانیشتم. لێم پرسی چی بوو؟

- خراپ نییە. بەس عاجز مەبە ئەمە توێژینەوە نییە، چیرۆکە. زەحمەتە مامۆستاکان قبوڵی بکەن. وای بۆ دەچم یا هەموویت پێ دەگۆڕن، یان ڕەدی دەکەنەوە. شێوەی گێڕانەوەکەشت خراپ نییە. گەمژەیەتیەکەت نەما. بڕیاربێت ئیتر وات پێنەڵێم.

خۆشم وای دەبینم! بەڵام بیانوێکم هەیە. لە ڕۆژنامە و گۆڤارە نوێیەکانی ئێستا، بەم شێوە چیرۆکە بابەت دەنووسن. لەوانەیە بتوانم ئەوە بکەمە بیانوێک بۆ بەرگریکردن لە خۆم.

- ناتوانیت. چونکە ئەمە توێژینەوەییە چیرۆکی ناو ڕۆژنامەیەک

نییە. خۆشت باشتردەزانیت. ڕەنگە بڕیارتدابێت سەرکەوتوونەبیت. بە شێوەی چیرۆک سەرنجراکێشە. بەڵام توێژینەوە بنەما و ڕێسای خۆی هەیە. بنەما و ڕێساکانی توێژینەوەی تیانیە. تێناگەم بۆ دەتەوێت وابکەیت؟!

هاوڕێ نامەوێت بە شێوە سونەتیەکە کار بکەم. با تاقیان بکەمەوە، کێ نالێت یەکێکیان نابێتە بەرگریکارم و سەرکەوتوو دەبم. بۆشم گرنگ نیە قبوڵ دەکرێیت یان نا. چیرۆکەکەم لا مەبەستە. شەممە دەڕۆم، بزانم مامۆستای سەرپەرشتکارم چی دەڵێت. تۆ بزانی چیم لەبیر چوە لەناو چیرۆکەکە؟

- ئەنجامەکەت بیرچووە! بابچین بۆماڵیان بزانین ئەنجامی چیرۆکەکە لە دادگاکان و ڕۆژنامەکان چی بەسەر هاتووە؟!

جا بۆ بچین. خۆی کەمێکی باسکرد. پاشان ئەوە ڕۆژنامەکان لەبەردەستن دەتوانین سەیرییانبکەین. ڕاستی ئەنجامەکانیش لێرە وندەبێت. مەملەکەتی ئەنجام نیە. دەیان چیرۆکمان هەیە ئەنجامی نیە. ئەم ماوەیە لەوە حاڵیبووم مرۆڤ نابێت لەم مەملەکەتەدا بەشوێن ئەنجامدا بگەڕێیت. نابێت خۆی خەریکبکات بە مەسەلەیەکەوە، مەسەلەکە لە بنەڕەتەوە بۆ ئەوە کراوە ونبێت.

- خۆراستیش دەکەیت. ئەمجارەیان تۆ گەمژە نەبوویت، من گەمژەبووم! پێکەوە کەمێک بە قسەکەی پێکەنین. دایم دەبێت لە نیوەدا یان لە کۆتایدا بیکات بە گاڵتە و گەپ.

شەممە بەیانی زوو چووم بۆ گاراجی جێبەکان. بەدەم چاوەڕانیمەوە بۆ شار، چاوەڕێشبووم لە ڕێگا چیرۆکێکی تاڵی ژیانی کەسێکی کە ببیستم. بۆ شانسی من تاکاتی دەرچوونی جێبەکان کەس نەهات.

لەگەڵ شۆفێرەکە دووبە دوو کەوتینە ڕێ. پیاوێکی ڕەشتاڵەی

سمێڵ ماش و برینجی. دەستەسرێکی وەنەوشەی ئاڵاندبوو لە ملی. بە دەستەسـرەکە عارەقەکەی نێوچاوانی دەسـڕی. لە گەراجەکە دورکەوتینەوە و کەوتینە سەر ڕێگا راستە خۆڵاوییەکە، دەستیکرد بە گێرانەوەی بەسەرهاتی خۆی و جێبەکەی. سەرەتا پرسی:

گەنجە ناوت چییە؟

ناوم کۆژان…

زۆر باشـە کاکـە کـۆژان. چەنجارێک لەگەڵ من سـواربوویت. خۆتدەزانـی ئـەم ڕێگاییە ڕێگایەکی خۆڵاوی و ناخۆشـە. نیوەی ژیانـم لەم ڕێگاییە بەسـەر بـردووە. تەنانەت چاوەکانم ببەسـتە دەزانـم لـە کوێیدا بەرد هەیـە و لە کوێدا چاڵـی و بەرز و نزمی هەیە. وا شارەزای بووم، زیاتر لە ڕێگاکە شارەزاترم تا لە ژیانم.

چیرۆکی نەفەرەکانیشم داخێکە بەسەر دڵمەوە. تەنها دڵی من نـا، دڵی هەموو شـۆفێرەکانی ئەم ڕێگاییـە. چیرۆکەکانیان زۆر تاڵن. هەسـتناکەی ئێمەی شـۆفێرانی ئەم ڕێگاییە خەریکین لە نێـوان ژیان و مـەرگا هاتووچۆ دەکەیت؟ کاتێ لـە ئۆردوگاکەوە دەکەومە رێ بۆ شارەکە، وادەزانم لە بەشی مردنەوە بەرەو بەشی ژیان ئەرۆم. بە پێچەوانەشـەوە وادەزانم لە بەشـی ژیانەوە بەرەو بەشی مردن دەڕۆم. روخساری خەڵکەکەی ناویشی دەمترسێنێت!

بۆچی دەتترسێنێت؟ بۆ مەگەر ئێمە ترسناکین؟

- هەڵـە لێم تێمەگە کـوڕی باش. بـەو خوایـەی رزقی منی خسـتوەتە سەر ئەم ڕێگا خۆڵە، لەسەر نێوچاوانی هەریەکێکتان گۆڕێـک دەردەکەوێت. بە ئاواتەوە بووم دوو کەس سـواریکەم لە نیوەی بەسەرهاتەکاندا دەست نەکەن بە گریان. ئاخر بابە گیان عەزابەکەتان ئەوەندە قورسـە بە باسکردنی ژیانی خۆتان، کەس خۆی ناگرێت و گریانی بەدوادادێت. ئەمە شـوێنی کاسپی نییە،

نەبەخوا شوێنی گریان و قوڕپێوانە.

وا ئێمەگە بێزاربم لێتان. ناهەرگیز بێزارنیم. دڵم ژانەکات بۆتان. ئەوەنــدە چیرۆکی تاڵ و ناخۆش چوون بەم گوێیانەمدا، ئەوەندە خەڵـکی بێ گوناهم بینی دەکوروزێتەوە، ژیانی خۆشــم تاڵ بوو. خۆم خەڵکی گوندێکم لەم دەورو بەرە.

کاتی هەڵمەتی ئەنفالکردنی ئێوە، دەستیانکرد بە راگواستنەوەی گوندەکمان و زەوی و زارەکانیان کردین بە زەویی رێگە پێنەدراو. یانی، کەس بۆی نیە لەو ناوچەیە نزیک بکەوێتەوە.

هاتینــە ئەم شــارەی بــۆی دەچین. بــە خۆمــان و کۆڵەکەی پشتمانەوە وێڵی ناو شارەکە بووین. باوکم رۆحم بە قوربانی بێت، پیاوێکی بە دەست و بردبوو. بە زوویی دەستیکرد بە ئیشکردن و خانوێکمان بەکرێ گرت.

بــە کرێکاری و دەردە ســەری رامانکێشــا تــا بووینە خاوەن خانــوی خۆمان. مــن و چوار براکەی ترم دەســتمان لە مەکتەب هەڵگرت و لەبەر پەیداکردنی بژێویمان دەســتماندابیە ئیشکردن. هەریەکەمان ئیشێکی دەکرد.

کاکە مەکتەب بەکەڵکی ئێمەمانان نایەت. دەڵێن گوایە زۆرێک لە کوڕە هەژارەکان زیرەک دەردەچن و دەبنە شتی گەورە. رویی بابی ئەوە رەشبێت ئەو قسەیەی کردووە. ئاخر بەچی دەبنە شتی گــەورە؟! تا نانێکمان پەیدا دەکرد، گیانمان دەهاتە لای لوتمان. تۆســەیری دەستەکانم بکە بەســەر ئەم سوکانەوە. ئەوەندە خۆر لێیداون توکەکانیشی پێیەوە سوتاندووە.

دەســتی خۆی لەسەر ســوکانەکە لابرد و درێژیکردن بۆم. من دەڵێم ســەد خاڵ، تۆ بڵێ زیاتر بەســەر مەچەکەکانیەوە نەخش و نیــگاری و دڵ و تیــری کێشــابوو. پەنجەی لــە خەیاری کۆنی

سیسبووەوە دەچوون. پێستی دەستی بەجۆرێک رەش هەڵگەرابوو بە عارەقەکەوە بریسکەی دەهات. توکە رەق و رەشەکانی دەستی، بەسەر یەکدا کەتبوون و سەری توکەکانی بۆر بوو بوون.

لێم پرسی ئەرێ کاکی شۆفێر ئەو هەمووخاڵ و ماڵە چییە بە دەستەوە؟ سەرێکی راوەشاند و سەیرێکی ئاوێنەکەی لای سەری خۆی کرد و دەستێکی هێنا بەسەرو چاوی خوێدا و وەڵامیدامەوە:

- دور لە ئێستا سەردەمانێ جحێلبووم. خراپ عاشق بووم. ئەو سەردەمانە لە ئێستا نە دەچوو. عەشقەکەی ئێمە پاک و پوخت بوو. پێنج ساڵی رەبەق کچێکم خۆشویست نەمدەوێرا پێی بڵێم!

هەرکە قسەکە لە دەمی کەوتە خوارەوە و چوو بە گوێمدا. خۆم نەگرت و تا هێزم تیابوو دامە قاقای پێکەنین. بە قاقاکەم تێکچوو. بەدەم پێکەنینەوە پێموت: ئاخر براکەم عەشقی چی و حاڵی چی؟! تۆ نەت وێراوە بە کچە بڵێیت خۆشم دەوێیت. بە تەنیا لە دورەوە بە خەیاڵێ خۆت بۆ خۆت سوتاویت. ئەوە کەی عەشقە؟!

- چی بڵێم! ڕووی زەمانە رەشبێت بووین بە گاڵتەجاری منداڵێکی وەک تۆ. کورم تۆ هێشتا منداڵی چووزانی عەشق چییە. عەشق ئەوە نیە کچە بگریتە باوەشت و بیکەیتە ژنی خۆت. عەشق ئەوەیە ئاگرێک لە ناختدا هەڵگیرسێت، بەبێ ئەوەی بەرامبەرەکەت هەستی پێبکات. ئاگرێک بەرامبەرەکەت هەستی پێکرد دەکوژێتەوە و ئاسەواری نامێنێت. تا ئێستاش ئەو ئاگرە لە مندایە. عەشق ئەوەیە بەدەوری قیبلەکەتدا بسورێیتەوە و حەی بۆ بکەیت. قیبلەکەشت با هەر نووستبێت و بە ئاگا نەبێت لە حاڵی تۆ.

خاڵەکانی دەستم چیرۆکی ئەوکاتانەیە نەمدەتوانی ناخەکەی

خۆم بۆ کچەکە دەربرم. بۆیە دەهاتم لەسەر مەچەکم ناخی خۆم دەکوتی. چی خاڵ دەبینی بە دەست و پلمەوە، جێی خەم و ئازاری کەسێکە کە تا ئێستاش نازانێت چۆن سوتاوم بۆی!

عەرەبانەیەکی سەوزە فرۆشیم هەبوو. کۆڵانە و کۆڵان دەگەرام سەوزمەم دەفرۆشت. رۆژێک لەبەردەم پەنجەرەیەک ئەو کچەم بینی. بە بینینی رۆحم چوو. لەو رۆژەوە هۆگری بینینی بووم. بە خۆشی ئەوەوە رۆژی چەندینجار بە ناو کۆلانەکەیاندا تێدەپەریم.

رۆژێک نەچوومایەتە کۆلانەکەیان و، هەوای لای ماڵی ئەوانم هەڵنەمژیباییە پەرێشان حاڵدەبووم. هەرەتی لاویم بوو. قژێکی نەخاو نەلولم هەبوو. قژم گیف دەکردەوە بەسەر سەرمەوە دەبوویە تۆپەڵەیەک. دەستەسرێکی ئاوریشمم دەکردە ملم و یەک کراسی سپی تەنکم لەبەر دەکرد. تاک شەرواڵێکی رەشیش لەگەڵی و جوتێ کلاشی هەورامیم دەخستە سەر پێم، شام بە سەپان دەزانی!

شتەکانی جاران چێژی خۆیان هەبوو. ئێستا چی دەکەم و چی دەخۆم، تاموچێژی نیە. ژیان زۆر بێتام بووە. لە سەر عەرەبانەکەم لە ژێر سێبەری دیواری ماڵێک دادەنیشتم خەیار و تەماتەیەکم قاژدەکرد و بە نانی گەرمەوە دەمخوارد، خۆشتربوو لە باشترین خواردنی ئێستا.

کاکە کۆڕان ئێمە مانان حەرامزادە نین. لە خراپەکان نین. بەرەنجی سەرشانی خۆمان ژیانمان بۆ خۆمان پچراندووە. وەک ئەو جۆرە کەسانەی ئێستا نین، تا دوێنی ئەسپێ لە گیرفانیان سەوزەڵە خانمی بوو، لە پرێکدا بوون بە خاوەنی هەمووشتێک. بەهەر لایەک لێکی بدەیتەوە نازانی چۆن پارەیان دەسدەکەوێت.

چاوم لە ماڵی کەس نیە. بەس باوکم دەرهات تا جێبە شرێکم

کـڕی و ڕزگارمبوو لە عەرەبانە ڕاکێشـان. ئـەو خەڵکە لە کوێی بـوو لە چاوتروکانێـکدا دەبێتە خاوەنی هەمووشـت. برا قورئان بکاتە ملی بە دزیی پەیدای دەکات. لەم مەملەکەتە تەنها بە دزی سەروەت و سامانی زۆر کۆدەکرێتەوە.

گەیشتینە ناو شار. سەیرمکرد بەو ڕێگایەدا ناروات دەمانباتەوە ناو گەراجەکە. بەو ڕێگایەدا دەڕۆیشت بەرە و زانکۆ دەیبردین. لێم پرسی بۆکوێ دەڕۆیت؟

- دەوبەم تا بەردەرگای زانکۆ. ئەمڕۆ میوانی منی.

هەرچەنـد دەمەویسـت قبوڵـی نەکەم و کرێکـەی خۆم بدەم. ڕازی نەبـوو. تـا بـەردەرگای زانکۆ بردمی. بە دەسـتە بەهێز و پڕەکانی تەوقەیەکی لەگەڵ کردم، بە شێوەیەک دەستی گوشیم، ئێسقانەکانی دەسـتم گرمۆڵە بوون. خەریکبـوو هاوارێک بکەم. خۆمگرت و دەموچاوم دابەیەکدا و خواحافیزم لێکرد. یەکەمجارمبوو لە و ڕێگاییە لە پێشـی جێبەوە دانیشـم. تەپوتۆزی زۆرم پێوە نەبوو. بە دەست راوەشاندێک لە پانتۆڵەکانم پاک کردنەوە. چووم بۆ بەشی ئیدارە تا مامۆستای سەرپەرشتکار ببینم.

لە ژورەکەی خۆی لە پشت مێزێکەوە دانیشتبوو. وەک ئەدەبێت تەقـەم لە دەرگا داو سـڵاوێکم لێکرد. فەرموی لێکردم دانیشـم. بـە دوو پەنجـەی یـاری بە غەبغەبەکـەی ژێر ملی دەکـرد. تازە ریشـی تاشـیبوو دەموچاوی بریسـکەی دەهات. بۆنی عەترێکی توند ژورەکەی تەنی بوو. کراسـێکی شین و بۆینباخێکی سووری کردبووییە ملی. گۆشـتەکەی لامی بەسـەر یەخەی کراسـەکەیدا شۆربوو بوویەوە. بە غرورێکەوە لێی پرسیم:

شێری یان ڕێووی؟! بە ڕێزێکەوە فایلەکەی بەردەستم کردەوە و بـە کراوەیـی لەبەردەمـی دامنـا و گەرامەوە لە شـوێنی خۆم

دانیشتمەوە.

دەستیکرد بە خوێندنەوە. دووسێ جار برۆکانی هێنایەوە یەک و خۆی خست بە پشتا. لە نیوەی بابەتەکەدا سەیرێکی کردم و دەستیکرد بە قسەکردن.

- کوڕم ئەمە توێژینەوە نیە! ئەمە چیرۆکە. تۆ بە داوداچوونت بۆ ژیانی چەند کەسێک کردووە، نەک توێژینەوە.

ئەوە ئەو قسەیە بوو چاوەڕێبووم بیکات. بە بەڵێ وەڵامدایەوە و پیموت: پێمباشتربوو بەم جۆرەبێت.

دیسانەوە وەڵامیدامەوەوە:

- کوڕم من تۆم ناردووە توێژینەوە بکەیت لەسەر بابەتێک، نەک چیرۆک بگێڕیتەوە. چی لە چیرۆک بکەم. هیچ بنەمایەکی ئەکادیمی تێدانییە! ئەمە بۆ بەشی ئەدەب باشە، نە بۆ بەشەکەی ئێمە.

ڕێگەم بدە روونی بکەمەوە. خۆتدەزانی ڕۆژنامەکان و گۆڤارەکانی ئێستا گۆرانکارییان بەسەردا هاتووە. بەشێکی زۆریان بە شێوەی گێڕانەوە شت بڵاو دەکەنەوە. گێڕانەوە بووە بە مۆدێلی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان، ئەمەم بەسەرەتایەک زانی بۆ چوونە ناو مۆدێلە نوێیەکەوە.

- ئەو شتانە دەزانم کوڕم. من داوای توێژینەوەم کردوە داوای چیرۆکی ناو ڕۆژنامەکانم نەکردووە. ڕێزم بۆ ماندوو بوونت. بەڵام ناچێتە عەقڵمەوە قبوڵبکرێت. هەوڵێکی زۆریشت بۆ دەدەم. بزانم چۆندەبێت.

لە من قسە و لەو قسە، قەناعەتم پێکرد لێم وەربگرێت. ئەما بەڵێنی نەدا قبوڵ دەکرێت یان نا. لە ژورەکەی هاتمە دەرەوە و کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی زانکۆم بینی. هەریەکەیان توێژینەوەی

خۆی بە دەستەوەبوو. مامۆستاکان چییان پێوتبوون بە بێ پەراندنی خالێک بۆیان جێبەجێکردبوون. تەنها من بووم جیاوازتر کارمکردبوو.

دەمزانی تووشی سەرئێشە دەبم. بۆم ئاسایی بوو قبولیش نەکرێت. لەم سەرکەشییەدا کوڕەکانی کۆکسارم بیردەهاتنەوە. چۆن لەو فاشارانەی دەوروبەریان سڵیان نەکردەوە و بەردەوام بوون لە بڕواکانی خۆیان. ئەمەم بە تاقیکردنەوەیەک دەزانی لەسەر سووربوونی خۆم لەسەر بڕواکانم.

بەهەرحاڵ... رۆژەکەم لە زانکۆ بەسەر برد و ئێوارەکەی گەڕامەوە ماڵ.

# دونیا وەك گۆڕەی باپیرم تاریك بوو

# ١٥

لەبەردەم ئاوێنەکەدا سەیری خۆمم دەکرد.

دەمووچاوم تەپی بوو. ماندوو بووم. ڕۆحم ماندوو بوو. تا دەهات ژیان زیاتر بە خەم و ئازار گەمارۆی دەدام. لەناو خەڵکانێکی چاوەڕوانکراودا دەژیام. کەس بۆ ژیان نە دەژیا، هەمووان لەبەر چاوەڕوانیکردن دەژیان. ڕۆحم بەدەست دەورو بەرەکەمەوە خەریکبوو دەڕزا.

بە جۆرێک خەم لە دەوروبەرم دەکەوتە بەرچاو، خۆمم بۆ دەنەهێنرایەوە شوێنی خۆم. هەوڵم دەدا بێمە دەرەوە و بە جۆرێکی کە سەیری ژیان بکەم، نەمدەتوانی.

ساتە خۆشەکانیشم لێدەبوونە ژەهرێک و بە گەروما دەچوونە خوارەوە. بە خۆمی ناو ئاوێنەکەم وت:

کۆژان...

بەرەو کوێ دەچی؟ چارەنووسی تۆ لە چارەنووسی دەورو بەرەکەت باشتر نییە. بە نیازی چیت بەدبەخت، ئەوەتا بەشێکی ژیانت ڕۆیی، ساتێکی خۆشی تیانەبوو شایەنی گێرانەوەبێت. بۆ دەبێت چارەنووسی تۆش وەک چارەنووسی دەوروبەرەکەت بێت و، یادەوەرییەکانت پڕین لە تاڵی. بۆ دەبێت یادەوەرییەکی خۆشت نەبێت ڕۆژێک لە ڕۆژان بیگێڕیتەوە.

ڕونیکەوە بۆم خۆشبەختی لە کوێیە؟ خۆشبەختی هەیە؟ گەر هەیە بۆ جارێک تووشی نابێت بە تووشی منەوە؟ با وا دانێین

هەیە و لەم سەرزەمینەیە. لە چ شوێنێکە بەس شوێنەکەم پێ بڵێ، با بۆ جارێکیش بێت بە نیازیی سەیرکردنی ببینم؟ حەزم لە بینینی خۆشبەختییە، بەڵام نابیبینم؟

من رازی نیم لەم ژیانە. ئەوانەی بە گەمژەم دەزانن، گەمژە نیم. بەڵام دەبێ گەمژەیەتیەکەی ناخم بەخەبەربێنم، تا ئەم ژیانە نەفرەتییە نەم هاڕێیت. ژیان حەقی بەسەر گەمژەکانەوەنیە. ژیان تەنها ئەوانە ئازاردەدات بەئاگان و هوشیارن. گەمژەکان شتێک نیە ئازاریان بدات، بۆیە ژیان فەرامۆشیکردوون.

سەیری خۆتکە وا دەمووچاوت داتەپییووە. رۆحت پارچە پارچە بووە. ئەم دیودەکەی و ئەو دیودەکەی خەونێکی خۆش نابینی. گلەیی لە چارەنووس ناکەم. گلەیی لەم پارچە زەوییە دەکەم ناوی نیشتیمانە و چارەنووسی هەمووومانی سوتاند. چی دەبوو لە پارچە زەوییەکی تر لە دایک بوومایە؟ گوناهی من چییە لە سەرزەمینێکم گرگر هێنراوم بۆ شوێنێک جگە لە ژیان هەموو شتێکی تێدایە. بە دەنگی بەرز لەبەردەم ئاوێنەکەدا قسەم بۆ خۆمدەکرد. هۆشم لای ئەوە نەبوو نەنکم هاتوەتە ژوورەوە. کاتێک راچڵەکیم لەبەردەمم وەستابوو بە سەرسامییەوە سەیری دەکردم. دەستی خستبوویە کەلەکەی و پێی وتم:

- قوربەسەری من. شێتیش بوویت! قسە بۆ خۆت دەکەیت. هەزارجار پێم وتی لەگەڵ ئەو کوڕە سەرشینە مەگەڕێ با عاقیبەتت خراپ نەبێت. بە قسەت نەکردم و بە قسەت نەکردم. دەی فەرموو بە قسەم ناکەیت ئەوە حاڵت بێت. چیتە؟ بۆ وات لێهاتووە؟

دەستێکم کردە ملی و بۆنی مێخەکەکەی ملی چوو بەسەرما. دڵم دایەوە و تێمگەیاند شتێک نەبووە. ماوەیەکە زۆر ماندووم. تۆزێک وردە گلەییم لە خۆمکرد. نە شێت بووم و نە خەتایەکم

کردوە. بە زەیم پێدا دەهاتەوە. کە شتێکی دەبینی خەمباری دەکرد، بە بێدەنگ فرمێسک لە چاوی دەهاتە خوارەوە. ئەو فرمێسکە بێدەنگانەی منیان کوشتبوو.

پێکەوە لە هەیوانەکە دانیشتین، نان و ماست و چایەکی خۆشمان خوارد. سەرینە خرەکەی باپیرم هێنا و خستمە ژێر شانم و پاڵم دایەوە. رادیۆکەش لە تەنیشتمدا بوو. دامگیرساند و میلی رادیۆکەم بادا تا گەیشتمە سەر گۆرانیەکی خۆش. بە دەم گوێگرتن لە گۆرانیەکەوە سەری حەوشە و دەرگاکەم دەکرد. شنەبایەک یاری بە دەرگای حەوشەکە دەکرد.

مانگە شەوێکی خۆشبوو. تارماییەک لە دەرگاکەوە دەرکەوت. تارماییەکە نزیک بوویەوە کاماش بوو.

لە شوێنی خۆمەوە دەنگم بەرزکردەوە: رۆڵە هیچ نەبێت لەدەرگا بدە. بێ ئسوڵ!

- بۆ خۆت وتت. جارێ گەر مژدەیەکم نە دەیتێ هیچت پێ ناڵێم. هەواڵێکی خۆشم پێبێت چ مژدەیەکم دەدەیتێ؟

ماچێک و گوپێک!

- چییە خاڵە فێری گاڵتەکردن بوویت پێمان. دەستتخۆش. ئاخر من کەرم لێمداوە بە دڵی خۆشەوە هاتووم تا مژدەت بدەمێ.

فەرموو ئەوە ئەنجامی کۆتایی ساڵەکەت.

ئەو رۆژەی چیرۆکەکەم جێهێشت پێم وت: من خۆم تاقەتم نیە بچمەوە شار ئەنجامەکان وەربگرمەوە.هەرکاتێک ئەنجامەکان درانەوە عەزیەتێک بکێشە بۆم بهێنەوە. بۆی هێنابوومەوە. بەرگی نامەکەم هەڵپچڕی و لە ناویدا تیانووسەکەم دەرهێنا لەسەری نووسرابوو:

خوێندکار کۆژان ی کوڕی......

بەهۆی دەوامی ڕێک وپێک و ئەنجامی باش لە تاقیکردنەوەکانی و پشتگیریی مامۆستای سەرپەرشتکار لەسەر ڕاستی چیرۆکەکەی، ئەگەرچی توێژینەوە نەبوو. بەڵام بڕیارماندا، بە پلەی باشە چوارەم قۆناغی خوێندنی ببڕێت. ئیمزای بەڕێوبەری بەشی لەسەر بوو. خستمەوە ناو بەرگی نامەکە و لە ژێر سەرینەکەی باپیرم دامنا.

دەرچوونەکە لام سەیربوو! بەڵام نەیجوڵاندم. یانی کاردانەوەیەکی خۆشـی نەخستە ناخمەوە. کاماش بە سەر سورمانەوە سەیرێکی کردم و پرسی:

- ئەوە چیتە؟ بۆت گرنگ نیە؟ ئێ کوڕی باش پیرۆزە. نەجاتت بوو! لانیکەم لەبەر خاتری من و نەنکت شتێک بڵێ.

کـە نەنکم گوێی لەم قسـانەبوو، پرسـی چی بـووە؟ کاماش وەڵامیدایەوە کە دەرچووم و بەسەرکەوتوویی کۆتایی بە دواقۆناغی زانکۆم هێناوە. نەنکم لە خۆشیدا نەیدەزانی چیبکات. خۆی ئاسا بە دەستە باریکەکانی کراسەکەی پێچایەوە و چوویە دەرەوە.

لە شـوێنی خۆم سەیرێکی تیانووسـەکەم کردەوە. هەستم بە هیـچ نە دەکـرد. نەنکم بە خۆی و سـوزگێک سـێو پرتەقاڵەوە هاتەوە. دیسـانەوە ڕۆیشـت و بە کارتۆنە ڕۆژنامەکانەوە هات. لە بەردەم ڕێرەوەکە داینان و بە کاماشـی وت: ئەوە ئامانەتیەکەتە بیرت نەچێت.

سـوزگەکەی میوەکـەی تنۆکـە ئاوی لێدەچـۆرا. فەرمووی لێکردین بە خۆشی دەرچوونەکەمەوە بخۆین.

بیرم لەوە دەکردەوە سـەرێک لە گۆڕەکەی باپیرم بدەم. خۆم گورجکردەوە و بە کاماشـم وت لێرە بە دەچم تا سـەر گۆڕەکەی باپیرم و دێمەوە. نامەکەم خستە باخەڵم و کەوتمە ڕێ.

مانگە شـەوێکی خۆش بوو. هێندە ڕوناک بوو زیخەکانی سـەر

ڕێگاکە یەک لە یەک جیادەکرانەوە.

لەسەر گۆڕەکەی دانیشتم و نامەکەم لە باخەڵم دەرهێنا و خستمە سەر گۆڕەکەی و پێم وت:

باپیرە سڵاو....

نازانم گوێت لێمە یان نا. ئەوە نامەی دەرچوونەکەمە. لەوانەیە دڵی تۆ خۆشبکات. بەڵام من هەست بە دڵخۆشی ناکەم. گوێ بەوە نادەم خۆم چۆنم. بە هیوام تۆ دڵخۆشبیت. لێرەبوویتایە جۆرێکی کە دەبوو بۆ من. بە داخەوە لێرەنیت. هەرچۆنێک بێت ئەوەمکرد کە تۆ پێتخۆشبوو بیکەم.

تۆ ژیانت کردە پردێک تا من بەسەریدا بپەڕمەوە. بەس من هیچم بۆ تۆ نەکرد. بمبورە لە هەموو شتێک. بمبورە نەمتوانی قەرەبووی بکەمەوە. تازە هەرچی بڵێم بێ سودە. تەمەنا دەکەم بمبەخشیت. پیاوی جوان و بێدەنگ. ڕزگارت بوو لەم دۆزەخە.

شوێنەکەی خۆت خۆشترە لەو شوێنەی جێت هێشت. قەت پەشیمان نەبیتەوە و بیری گەڕانەوە نەکەیتەوە.

هێشتا قسەکانم تەواو نەکردبوو مانگە شەوەکە لەو دیو کێوەکانەوە خۆی ونکرد و

تاریک تاریک بوو...

سوپاس..
بـۆ گەنجەکانی قاوەخانەی (قۆرییە شـکاو) لەگەڵ چایخانەی (نەهـرۆ) لە سـهۆڵەکە. ئەم کتێبە دوو بەرگی یـە، واتە چ ئەم ڕۆمانە، چ شیعرەکان، لەو قاوەخانە و چایخانەیە نووسراون.
ڕێزم بۆیان ئەو ماوەییە، هەمیشـە سوچێکی بێدەنگییان دەدا بە من، بۆ خۆم تێیدا دادەنیشتم و سەرقاڵی کارەکانم دەبووم.
دیسانەوە سوپاس...